*نووسینی: بیار بیون*

# لەکۆشکی ئالیزییەوە

## شیراک و سارکۆزی و روایال ...

**وەرگێڕانی**

**شێرزاد هەینی**

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی ڕۆشنبیری

بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران

xaneywergeran@hotmail.com

- ناوی کتێب: لەکۆشکی ئالیزییەوە شیراک و سارکۆزی و روایال
- نووسەر: : بیار بیون
- وەرگێرانی لە عەرەبییەوە : شێرزاد هەینی
- پیتچنین: شێرزاد هەینی
- دیزاینی ناوەرۆک : زانا کەمال
- بەرگ : ئارام عەلی
- تیراژ: ٧٥٠
- زنجیرە: ٢٠٧
- چاپخانە: ڕوون
- چاپ: چاپی یەکەم
- ژمارەی سپاردن: (٦٤٠) ساڵی (٢٠٠٨)

جاك شيراك

نەناسراوەکەی کۆشکی ئالیزی.

پێشەكی:

كتێبی ( نەناسراوەكەی ئالیزی ) لاپەرەی زۆر نهێنی ژیانی سەرۆكی فەرەنسی جاك شیراكی ئاشكراكردووە، ئەوەی بەنیازە لەو رۆژانەدا كۆشكەی ئالیزی جێبهێڵێت، بڕیاریداوە وازی لە سیاسەت بهێنێت، بەڵام هێشتا بەرنامەی ئایندەی خزمەتی وڵاتەكەی دیارنەكردووە، بەڵام ئەو لەومەودوا وەك خۆی وتویەتی: بەنیازە لە بوارێكی تردا خزمەتی وڵاتەكەی بكات.

جاك شیراك لە دوا وتاری پێش هەڵبژاردنەكانا، دڵسۆزی بۆ بنماكانی كۆماری فەرەنسی و دادی كۆمەڵایەتی دەربریبوو. شیراك لە ١٢ دیدارەكەی لەگەڵ ( بیار دیۆن ) ی نووسەری كتێبەكە زۆر رووی شاراوەی سیاسەتی فەرەنسی روونكردیتەوە، ئەو دیدارانە ٣٠ سەعاتی خایاندووە. نوسەرەكە لە ناردن و بڵاوكردنەوەی وێنەی كاریكاتێری سەرۆكەوە بۆ دیدارێك كاریكردووە، زۆر لایەنی تایبەتی سەرۆكی باسكردووە، نووسیویەتی ئەو سەرسامی سەدام حوسین بووە، لە شێستەكانەوە پشتیوانی نیلسۆن ماندیلای كردووە، دژایەتی سیاسەتی نەژادپەرستی لە وڵاتی خوارووی ئەفریقیای كردووە، زۆریش بە زیرەكی و رۆشنبیری و هەڵوێستە سیاسیەكانی سەرۆكی پێشووی فەرەنسی فرانسوا میتران سەرسام بووە، ساركۆزی كاندیدكراوی حزبەكەیان بۆ سەرۆكایەتی بە كەسێكی لیبرال ناو هێناوە.

لە كتێبەكەدا هیمای ئەوەی پێوەیە ئەو زوو بایەخی بە عەرەب داوە تا دەستەڵاتەكەی زۆرتر فراوانتر بكات، زۆریش شەیداو سەرسامە بە جوولەكەو رەخنەشی لە ئەمریكا هەیە، چونكە ئەوان زوو هەڵوێست و بۆچوونی خۆیان دەچەسپێنن.

ئەو كتێبە ئاوێتەی ژیاننامەو بیرەوەرییە، بەو نووسینە كەسایەتی سەرۆكی پێناسەكردووە، ئەگەرچی ئەو دەیان ساڵ





حكومی ئەو وڵاتەی كردووە، بەڵام هێشتا زۆر لایەنی تایبەتی ئەو سەركردەیە لەلایەن فەرەنسییەكانەوە شاراوەیە، بۆیە نووسەرەكە ئەو پەردەیەی لەسەر لاداوە.

جاك شیراك لە تەمەنی ٤٢ ساڵییەوە بوویتە سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا، بەو پلەیەش زۆر رازی بووە، چونكە بەو پۆستە توانیویەتی خواست و ویستەكانی تێربكات، ئەو رای وابووە بەو پلەیە دەتوانێ كارنامەی ( یەكێتی دیموكراسیخوازەكان لە پێناوی كۆمار ) بگرێتە دەست. لەبەر ئەو رۆشناییەوە كاریكردووە تا ببێتە كوڕی روحی جۆرج بومبیدۆ، ئەو قسەیەی ئەومان لەبیرماوە، كە ئەو پلەیەی وەرگرتبوو وتبووی:

من رازی دەبم .. بەڵام رۆژێ دێ پەشیمان دەبنەوە!

لەلایەكی تریشەوە سەرۆكی كۆمار فالیری جیسكار دیستان بەكەمی تەماشای سەرۆك وەزیرانەكەی كردووە، كە حزبە دیگۆلییەكەی ئەوی لەسەر سینیەكی زێر پێشكەش كردبوو، ئەوەندە بە سووكی تەماشای كردووە تا رۆژێك بە سكرتێری گشتی حزبەكەی وتبوو، من وەك منالێك تەماشای شیراك دەكەم، ئەو كەسێكی دووربین نییە. پاش حەوت مانگ شتەكان بەپێچەوانە بوونەتەوە، شیراك لە لوتكەی دەستەڵاتی حزبە دیگۆلییەكەیان خۆی دۆزییەوە، ئەگەرچی هەموو بالۆنەكانیش دژی بوون، هەموو ئەستەنگ و دیوارەكانی پێشی بڕی و توانی پۆترێتی كەسێكی سیاسی خاوەن ئەزموون و شارەزا بۆ خۆی دروست بكات، تا گەیشتە ئەو ئەنجامە هەموو شتێكی كرد.

سەرەتا بە ناخۆشی دەستی پێكردووە، جیسكار دیستان دەستەڵاتەكەی لەگەڵ وەزیرە یەكەمەكی بەش نەكرد، زۆربەی ئەندامانی حكومەتەكەی لەسەركردە ماڵ، زۆر بە رووحێكی گەورەوە مامەلەی لەگەڵ كردووە، بە چاوی سووك و نزمەوە تەماشای كردووە، زۆریش وەفاداریەكەشی تاقیدەكردەوە.

# بەشی یەکەم

## سەرەتاکانی پەراوێزکردنەکەی

## بەشی یەکەم:

### سەرەتاکانی پەراوێزکردنەکەی:

رۆژێکیان جاك شیراك پێشوازی راوێژکاری ئەلمانی هیلمۆت شمیدت کردبوو، لە فرۆکەخانەوە گەیاندبووە نووسینگەی جیسکار دیستان، کە سەرۆك مێوانەکەی لە نووسینگەی تایبەتیەکەی خۆی وەرگرت، دەرگای بەرووی شیراك داخستبوو، بواری بەشداری مێوانداریيەکەی نەکردووە، لە خوانەکەی ئێوارەی سەرۆکایەتی بەشداری پێنەکردووە، لە هەفتەکانی یەکەمی دەستبەکاربوونەکەی دووجار شیراك لە تووڕەیی پەراوێزکردنەکانی دەست لەکارکێشانەوەی پێشکەشی سەرۆك کردبوو، جاری یەکەم کە مەڵبەندی جۆرج بومبیدۆی سازکردبوو، جاری دووەمیش کە تاقیکردنەوەی ناوەکییان لە ئوقیانووسی ئارام ئەنجامدابوو، زۆریش بڕیارو بەیان لە سەرۆکایەتی کۆشکی ئالیزی دەردەچوو بەبێ ئەوەی سەرۆك وەزیران پرسیشی پێبکرێت.

### کۆشش بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی فرە مرۆڤدۆستانە:

شیراك لەگەڵ هەموو ئەستەنگەکانیش وەك سەرکردەی باڵای حکومەت کاری بۆ گۆڕینی کۆمەڵایەتی کردووە، بەیارمەتی خاتوو ( سیمۆن فیل ) وەزیری راسپێردراوی کاروباری کۆمەڵایەتی، هاوکاری بووە، بۆ دەرچوونی یاسای تایبەت لە بەرژەوەندی ژنانی دووگیان و ئاوسبوون. ئەو هەڵوێستەی بە وتارێك راگەیاند، لە رۆژانی قەیرانەکانی پترۆڵدا هاوشانی فەرمانبەران بووە،





یارمەتی زۆری پێشکەشکردوون، بە زۆرکردنی کرێ رۆژانەی مووچەخۆران و مووچەی خانەنیشینان و کۆمەکی خێزان، ئەو دامەزراوانەی کۆمەکیان بەخشیوەتەوەو لاری ئابووریان هاتووتە پێش بەرنامەی یارمەتی بۆ داناوون، ژێرخانی پێشەسازی گەشەدارکردووە، چارەسەری بەرنامەی یارمەتی دارشتووە، هەمووش بۆ یارمەتی و پشتیوانی رێکخراوە گچکەکان و دامەزراوە ناوەندییەکان بووە.

شیراك کاری زۆری کردە تا فەرمانبەران واز لە کارکردن نەهێنن و سستەمی قەرەبووی داناو سەعاتەکاتی کاری کەمکردیتەوە، پاداشتێکی زۆری داوە بەو کەسانە لە بواری ئابووری وازیانهێناوەو لە ماوەی یەك ساڵ ٩٠% مووچەکانیان وەرگرتووە.

### سیاسەتی دەرەوەی شیراك لە دەروازەی عیراقەوە:

لە دیمانەیەکی گۆڤاری ( لونوفیل ئاوبسارفاتور ) دا، شیراك دووپاتی کردیتەوە ئەوە زۆر بایەخی بە گۆڕانی ئابووری و رەوشی کۆمەڵایەتی هاوولاتیانی داوە، کۆششیکردەوە جیاوازی و نایەکسانیەکانی ناو کۆمەڵگە نەهێڵێت. کاری بۆ ئەوەکردووە بوارو بەرنامەی وا بدۆزێتەوە کۆمەڵگاکە رێکبخات و رەوشی مرۆڤانە زۆرترو باشتر بەرقراربێت. شیراك لەو دەروازانەی پابەندی بە زۆرینەی خەڵکەوە هەبووە، چویتە ناو کێشەو رۆژانەی کاری سیاسی.

سەرەتا بەو بەرنامەیە کاریکردووە، پاشان لە دەرگای دەرەوەی داوە، بەو بەرنامەیە ویستویەتی سەرۆکایەتی وەزیران بەرەو ئاستی بەرزترو پایەدارتر بەرێت، پێشوازی ( دینگ هیساو بینگ ) ی وەزیری یەکەمی چینی کردووە، پەیوەندی تایبەتی بەو پەیداکردووە. سەردانی لیبیاو رووسیاو هیندو عیراقی کردووە، لە

عیراقا دۆستایەتی بە سەرۆکی عیراق سەدام حوسین خۆش و باش کردووە، لەبەر بوونی ئەو پەیوەندییەی، ئەمریکییەکان بە وەکالەتی هەواڵگری سی ئی ئای زۆر دژیبوون و بەرووی وەستاون، بەتایبەتی پاش ئەوەی رازی نەبوو بەشداری و پشتیوانی بۆمبارانی و هێرشی بەغدا بکات.

شارل دیگۆل بناغەی سیاسەتی پەیوەندی و هاوکاری وڵاتانی عەرەبی لە رۆژانی شەڕە شەش رۆژەکەی عەرەب ئیسرائیل دارشتبوو، شیراك بۆ تەواوکردنی ئەو بەرنامەیەو لە دەروازەی بەغداوە ئەو پەیوەندییەی خۆشترکرد. لە پاش شەڕی دووەمی جیهانەوە فەرەنسا بایەخی بە پترۆلی عیراقی دابوو، کاری بۆ ئەوە کردبوو، توانی ٢٣,٧٥ % نەوتی عیراقی وەرگرێت کە ئەمریکاو بەریتانیا کۆمپانیە تورکیەیان لەسەرخۆیان دابەشکردبوو. عیراقییەکان بە سەرۆکایەتی سەرۆك قاسم کاری زۆری کردبوو، تا بەشی بێگانەکان لە پترۆلی عیراقی وەرگرێتەوە، بەتایبەتی بەشی کۆمپانیای ( تۆتال ) ی فەرەنسی، تا لە دیسمبەری ساڵی ١٩٦١ توانی رێژەی ٩٩,٥% وەرگرێتەوە، بەڵام عیراق پاش کۆتایی شەڕی شەش رۆژەکەو هەڵوێستی روونی فەرەنسا سەبارەت بە ئیسرائیل، ویستی پەیوەندی لەگەڵ فەرەنسا نۆژەن بکاتەوە، ئەوەش بۆ پتەوکردنی پێگەی خۆی بوو لە جەمسەری خۆرئاواوە.

کۆمپانیای نیشتیمانی عیراقی گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیای ئالف لە ٢٣ ی دیسمبەری ساڵی ١٩٦٧ بەستبوو، ئەوەش پەیوەندی عیراقی فەرەنسی بەرەو ئاقارێکیتر بردووە، بۆیە ژەنرال دیگۆل سەردانەکە بەغدای لە مانگی دیسمبەرا قبوولکردووە، هەروەها مارشال عبدالسلام عارفی سەرۆکی دەوڵەتی عیراق، دوا سەفەری فەرەنسای لە فبرایری ساڵی ١٩٦٨ کردووە، لە سەردانەکەیدا بۆ یەکەمجار داوای کڕینی فڕۆکەی میراجی لە فەرەنساکردووە،





ئەوەش وڵاتی عیراقی لەناو بازنەی تەنیایی دەرهێناوە، پاریس بەرەو قووڵایی پەیوەندی عەرەبی فەرەنسی بردووە، بۆیە توانیویەتی بەتەنهاو بەبێ چاوێردی و ئاگاداری واشنتۆن و لەندەن پەیوەندی دەرەوەی بە جیهانی عەرەبیەوە گرێداوە.

لە کودەتایە سەربازییەکەی سپتمبەری ساڵی ١٩٦٨ ژەنرال ئەحمەد حسن بکر دەستەڵاتی لە عیراق وەرگرتووە، بەڵام زۆری نەخایاندووە لوتکەی دەستەڵاتەکە زوو گەیشتۆتە دەست یاریدەرکەی سەدام حوسین، ئەویش وەك کەسێکی بەهێز لەناو وڵات و حزبەکەیان ناوی هەبوو. لە یەکی یونیۆی ساڵی ١٩٧٢ عیراقییەکان نەوتەکەیان خۆماڵی کردەوە، چارەنووسی کۆمپانیە سەرەکییە بێگانەکەش کۆمپانیای تۆتالیش تووشی سەرلێشێوان بوو، بەڵام زوو سەفارەتی فەرەنسی لە عیراق ئاگادارکراوەتەوە کەوا بەرژەوەندییە فەرەنسیەکان پارێزراو دەبێت، ئەوەش بۆ فەرەنسا زەمانەتێکی زۆر گرنگ بوو، چونکە چارێگی هاتووی کۆمپانیا نیشتیمانی فەرەنسی سەرچاوەکەی پترۆلی عیراقی بووە، کە دەکاتە ١٥% پترۆلی فەرەنسا.

### سەدام بۆ یەکەمجار سەردانی پاریس دەکات:

بەرەسمی لە ١٤ تا ١٧ی یونیۆ سەدام سەردانی پاریسی کردووە، لە خوانێکی ئێوارەی کاردا لەگەڵ سەرۆك وەزیران ( جاك شابان دلماس ) سەدام وتبووی:

دەرگامان بەرووی ئەمریکییەکان و ئینگلیزەکان داخستووە، ئەوانەو ئەوانەی کە رێزی کەرامەتمان ناگرن، ئێمە ئەوە باش دەزانین کەوا فەرەنسییەکان و مێژووەکەیان گەواهی دەدەن رێزی کەرامەتی ئێمەیان گرتووە. ئێمەش پێشنیار دەکەین یارمەتی ئێمە بدەن و هاوکارمان بن، بەهەمان ئەو مەرجانەی یەکێتی سۆڤیەتی وەك هەڤاڵبەندێك لەگەڵ ئێمە هەیەتی.

پاش ئەو لێدوانەو پاش ٤٨ سەعات سەرۆكی فەرەنسی جۆرج بۆمبیدۆ سەدام حوسینی بینیووە، لەوێ سەرۆك فەرەنسی رازی بوو فڕۆكە هیلكۆپتریان پێبفرۆشێت، لەو دانیشتنەدا سەرۆكی فەرەنسی پشتیوانی تەقەمەنی وشكایی پێداوون، بەڵام رازی نەبووە فڕۆكەی میراجیان پێبفرۆشێت.

بۆ رۆژی دوایی هەردوو سەرۆك كۆماری فەرەنسی و عیراقی رێكەوتنامەیەكیان مۆركردووە، بەپێی ئەو رێكەوتنامەیە بەرژەوەندی پترۆلیەكانی فەرەنسی تا دە ساڵ پارێزراو دەبێت، پاش ئەو رێكەوتنامەیە پەیوەندی نێوان ئەو دوو وڵاتە لەسەردەمی فالیری جیسكار دیستان زۆرتر گەشەی كردوووە، لە مانگی ئوگسستی ساڵی ١٩٧٤ وەفدێكی عیراقی سەردانی پاریسی كردووە، تا بواری سەردانی سەرۆك وەزیران جاك شیراك خۆش بكات.

لە یەكی دیسمبەری ساڵی ١٩٧٣ كە سەدام حوسین سەردانی پاریسی كردبوو، چاودێران هەستیان بەوەكردبوو، كەوا سەدام بە كەسایەتی شیراك سەرسامە، كە بینی شیراك سەرنجراكێشانە مامەلە لەگەڵ كات دەكات، بە خۆشییەوە بۆ یاریكردنی مناڵانیش دادەبەزێتە خوارەوە. لەلایەن خۆشیەوە سەرۆك شیراك بەو پێشوازییە گەرمەی لەلایەن سەدام حوسینەوە لێیكرابوو، شادومانی دەبڕیبوو، بۆیە بریاری دابوو رێكەوتنامەیەك لەگەڵ دامەزراوە فەرەنسیەكان بە بەهای ١٥ ملێون فەرەنگی فەرەنسی بكەن، ئەو ژمارە قەبەیەش لە بوارەكانی پەیوەندی سەربازی و پیشەسازی نێوان ئەو دوو وڵاتەوە بێت.

تا پەیوەندییەكە بەرەو باشترو گەرمتر ببەن، وەفدێكی تری فەرەنسی لە ١٢ ی مارسی ساڵی ١٩٧٥ گەیشتوونەتە عیراق، لەو سەردانەدا باسی نمونەی فڕۆكەی میراجی جۆری ئێف ١ كرا، كە سەدامیش سەردانی پاریسی كرد سەرۆك شیراك لە





پێشوازییەكەیدا وتبووی:

تۆ برادەرێكی تایبەتی منی، منیش رێزت دەگرم و پایەدارت دەكەم..!

سەرسامبوونی دووسەرە:

ئەو دوو پیاوە چەند رۆژ سەردانی دامەزراوە سەربازییەكانیان كردبوو، لە پشووی كۆتایی هەفتەش تا زۆرتر یەكتری بناسن و قوولتر شارەزای یەكتربن، ئەو رۆژانەش بەیەكەوە مانەوە. دانیشتووانی شاری ( بۆ دۆ بروفانس ) ئەو رۆژانەیان لەبیرە كە سەدام و شیراك لەو شارە بەیەكەوە مانەوە، ئەوەشیان لەبیرماوە كەوا سەدام بە خوانی چێشتخانەكەی ( ئوستان دۆ بومانیار ) زۆر سەرسامبووە. شیراك سەدامی وەك پێشەوایەكی گەورەی عەرەبی سیكۆلار ( علمانی ) بینیبوو، ئەوەی دەخوازێت وڵاتەكەی بەرەو شارەستانی ببات و داوای پشتیوانی فەرەنساش لەو بوارەدا دەكات.

سەبارەت بەو پێشهاتەش سەفیری فەرەنسی لە بەغدا وتویەتی:

هەردووكیان كەوتنە باوەشی یەكتری، شیراك لە بوارێكدا دەگەڕا لە پێگەی سیاسەتی دەرەوەی جێگایەك بۆ خۆی بكاتەوە، ئەوەی جیسكار نەیتوانیبوو بیگاتێ، سەدامیش دەیویست لە وسایەتی یەكێتی سۆڤیەت دەربازی بێت و بكەوێتە ناو لایەنێكی ئەوروپی كە لە تەكنەلۆژی نوێ جێگەی دیاری هەبێت، شیراكیش دەیزانی عیراق وڵاتێكی گرنگەو ئەو هەلەی باش قۆستەوە..!

لە دانیشتنەكەی كۆشكی فرسای لەكاتی خوانی ئێوارەدا، كە لەسەر شەرەفی سەدام حوسین سازكرابوو، وەزیری یەكەمی فەرەنسی پابەندبوونی وڵاتەكەی بە راسپاردەو ئیلتیزامەكان

دووپاتكردیتەوەو وتبووی:

فەرەنسا ئامادەیی هەیە لە بواری كەسایەتی و تەكنەلۆژیی و زانیاریی و شارەزایی پێشكەشی ولاتەكەت بكات. دیارە كەوا (مارسیل داسولت ) یەكێك بوو لە ئامادەبووانی دانیشتنەكە، بۆیەش سەرۆك شیراك پشتیوانی لە بەڵێنەكانی سەبارەت بە یارمەتی و كۆمەكی عیراق راگەیاندبوو، هەمووی بە رەواو راست زانیبوو، وەك چۆن ژەنرال گالۆ گێراویەتەوە.

داسولت زۆر شانازی و شۆخی بە شیراك هاتووەو وتویەتی:

ئەو پیاوە گچكەیە زۆر دوور دەڕوات!

پێش هاتنیشی بۆ كۆشكی سەرۆكایەتی حكومەتیش، ئەو بۆچوونەی لەسەر ئەو پیاوە هەبوو، كۆك بووینە لەسەرئەوەی هاوبەش بن لە هاندانی سەربەخۆیی عیراق و كۆشش بكەن ئەو ولاتە لە ئامێزی سۆڤیەت دەربهێنن.

مارسیل داسولت خاوەن بیرۆكەی پیشەسازی فڕۆكەوانی جەنگی گەیشتە ئەو راستییەی پێویستە فەرەنسا پەیوەندی بە ولاتانی عەرەبی چاك بكات، كە عیراق چەند بارە چەكی فەرەنسی كڕی، ئەو زۆر شانازی بەو پێشهاتە هاتبوو، پاش فرۆشتنی یەكەم بارەكە، چەند بارە چەكی تریش فرۆشرا. لە نۆڤمبەری ساڵی ١٩٧٥ەوە یەكەم دەستەی ئەفسەرانی هێزەكانی فڕۆكەوانی عیراقی هاتنە پاریس و سەردانی یەكە پیشەسازییەكانی فڕۆكەی ئێف ١ یان كرد، ئەو فڕۆكەیەی خەونیان پێوە دەبینی، ئەنجامەكەی پاش مانگێك رێكەوتنی هاوكاری ناوەكی لێكەوتەوە. دوو مانگ پاش ئەو رێكەوتنامەیە سەرۆك شیراك لە رێگای گەڕانەوەی لە ولاتی هیند سەردانی بەغدای كردووە، لەو سەردانیەیدا وەزیری بازرگانی

( ریمۆند بار ) ی هاوشانبووە، مەبەستیش پێشوەچوونی دانووستانە بازرگانیەكانی نێوان هەردوو ولاتەكەبووە.

# بەشی دووەم

## بەخشینی فرۆکە بە عیراق پشتیوانیەك بوو بۆ دیموکراسییەکانی فەرەنسا

## بەشی دووەم:

### بەخشینی فڕۆکە بە عیراق پشتیوانیەك بوو بۆ دیموکراسییەکانی فەرەنسا:

لە کۆتایی وەرزی هاوینا، جاك شیراك دەستی لەکارکێشایەوەو ریمۆند بار پۆستەکەی وەرگرت، ئەویش لە ٢٥ ی یولێوی ساڵی ١٩٧٧ سەردانی بەغدای کردو رێکەوتنی فرۆشتنی ٣٦ فڕۆکەی میراجی ئێف ١ ی کردبوو. رێکەوتنەکانی نێوان فەرەنساو عیراق بۆ حزبە دیگۆلییەکەو حزبەکانی تر باش بوو، ئەوەشمان لەو دیدارەوە بۆ ئاشکرابوو کە لەگەڵ مارسیل داسولتی سازمانکردبوو. ژەنرال گالوای یاریدەری نزیکی داسولت گلەیی لە یارمەتی و بەخشینی زۆری پارە بە حزبەکان کردووە، بۆیە وڵامی گالوای داوەتەوەو وتویەتی:

هاوڕێم گالوا، تۆ سەرت لە هیچ دەرناچێت، من پشتیوانی دیموکراسیەت دەکەم، یارمەتی هەموو حزبە سیاسییەکان دەدەم، ئەوەش دەبێ بکرێت، ئێمە بە ناردنی کالا بۆ دەرەوە پارەی زۆرمان دەستدەکەوێت، ئەوە پارەیەی لە رەوشە سیاسییەکان سەرف دەکرێت، ئەوەی حزبەکان وەریدەگرن لە دەرەوە بۆمان دێت، ئەوانە هەمووی پارەی دەرەوەیە، هیچ نی یە، ئەو پارەیە تەنها بەزیادکردنی نرخی کالا ناردراوەکان تێدەهێنینەوە.

ڕاستیەکەیەش وابوو، ئەو پارەی لەو رەوشە سەرفکراوە بەزیادکردنی نرخی شتەکان قەرەبووکراوەتەوە، ئەوەی ئێمە بە وڵاتانی عەرەبی فرۆشتوومانە، بەبێ پارەدان بە پێناوەکان نەبووە، هەموو سەودایەك و فرۆشتنێك پارەی ویستووە تا پرۆسەکە جێبەجێ بووە، مەسەلەکە ئاسان و روونە، بۆ نمونە کە





٥٠ ملێونمان داوە، بەو کەسانەی یارمەتیان داوین، لەو پارەیە ٢٥ ملێون لەلایەن کڕیارەکانەوە بردراوەتەوە، ٢٥ ملێونەکەی تریش وەك
( سیولە ) لە بانکەکانەوە بۆ حزبە سیاسییەکانەوە رۆیشتووە.

ئەوە پرۆسەیەش تەنها لە فەرەنسا نەبووە، لە ئەمریکاش وابووە، ئەوانیش پارەیان داوە تا لە سویسراوە پرۆژەکان وەرگیراوە، ئەو شەرمەزارییەی هۆلەنداشی هەژاندبوو، پاش ئەوەی ئاشکرابوو ئەمیر برنهارد خۆی پارەی وەرگرتووە، بەو شێوەیە داسولت پرۆسەی دیموکراسی لە پارەی فرۆشتنی فڕۆکەکان بە عیراق گەشەپێداوەو پارەی بۆ داناون، چەند پارەیان ویستووە ئەوان ئەوەندە نرخی فڕۆکەکانیش بەرزتر کردیتەوە.

### دەرزی نێوان شیراك و دیستان بەرینتر دەبێت:

کە سەرۆك کۆمار فالیری جیسکار داوای گۆڕینی چەند وەزیرێکی لە حکومەت کردبوو، نێوان سەرۆك وەزیران و سەرۆك کۆمار دەرزی ناکۆکی نێوانیان زۆرتربوو، جیسکار دوو کەسی کردبووە وەزیر، هەردووکیان بە دوژمنایەتی و رکابەرایەتی شیراکیان کردبوو، ئەوانیش بونیا و جۆن لوکانوبی بوون، هەردووکیان وەك وەزیری دەوڵەت دامەزرێندرابوون. بۆیە شیراك بەپەلە داوای لە سەرۆك کۆمارکردبوو، بە زووترین کات یەکێك بۆ جێگرتنەوەی ئەو بدۆزێتەوە. لە رۆژانی هەڵبژاردنە لۆکالییەکانی ساڵی ١٩٧٦ دا رەوشی سەرۆك خراپ بوو، لە هەموو لایەك توانج و رەخنە ئاراستەی سەرۆك کۆمار دەکرا، زۆرینەکە رەوشی ئاڵۆزبوو، بەڵام کەمتر ناوی سەرۆك حکومەت دەهات. لە کۆتایی مانگی مارسا بە فشاری بیار جوبیە سەرۆك جیسکار، جاك شیراکی راسپارد چالاکی و رێکخراویی حزبەکانی زۆرینەکە گەرمتر بکاتەوە، بەوەش شیراك بووە سەرۆکی زۆرینەکەو ئەرك و

دەستەڵاتی زۆرتری کەوتە بندەست، بەڵام دووبارەو لەناکاو ڕەوشی نێوان سەرۆك و سەرۆك حکومەتەکە ئاڵۆزبۆوە، بەوەش قۆناخێکی تری دابڕان و دوورکەوتنەوە لەیەکتری هاتە پێشیان، بۆیە بەراشکاوی پێی وتبووو بەرێز، ئەگەر دەتەوێت وەزیری یەکەمەکەت بهێنیتە شوێنەکەم، ئەوا بە راشکاوی داوا بکە.

شیراك کە ویستی پۆستی سەرۆك وەزیران جێبهێڵێت، لە باشترین ڕەوشییدابوو، چونکە لەلایەن جۆن لوکانوی و جاك دوهامل و بونیا بەئاشکرا شەڕیان دەکردو بەیەکەوە دامەزراندنی (یەکێتی بۆ دیموکراسی فەرەنسا) یان ڕاگەیاند.

### هەڵویستێکی نامۆ:

لەو دەمانەدا جیسکار دیستان داوای لە شیراك و برنادیتی ژنی کردبوو، بەیەکەوە پشوودانی کۆتایی هەفتەیان لە بریگونسۆن ببەنە سەر، پاش پێنج مانگ لەلای برنار بیو ئەوەی ئاشکراکردبوو، کەوا جیسکار نەیویستوە کوڕەکانی وەك وەزیرە یەکەمەکەی لە بەردەمی بڕۆن و نەمینێن، ئەگەر دیدارێکیتر هەبووایە ئەوە من بووم دەڕۆیشتم و پاشان برنادیتی و دواییش سەگەکەم.

منیش لەلایەن خۆمەوە پرسیاری ئەوەم لە شیراککرد، ئەوان چەند لە مێوانخانەکەی سەرۆکایەتی لە بریگونسۆن مانەوە، ئەویش دانی بەوەدانا کەوا ئەو لەبەر مانەوەی لە مێوانخانەکەو پێشهاتەکانی ئەو دانیشتنە نەبوو کە دەستی لەکارکێشاوەتەوە، لە کۆتایی هەفتەکە راستی ڕەوشی تایبەتی و پەیوەندی ئەو دوو کەسە بەیەکتری ئاشکرابووە. ئەوەی سەرسام و نیگەرانی کردم، ئێمە تا نیوەڕۆیەکەی لە ژوورەکەی خۆمانەوە ماینەوە، هیچ رووی نەدا، ڕەوشەکە ئاسایی بوو تا کاتژمێر حەوت و نیوی ئێوارە، بۆ بەیانیش جیسکار ڕاهێنەرەکەی خلیسکانی سەربەفرو





ڕاهێنەرەکەی مەلەوانەییەکەی و ژنەکەی داوەت کردبوو، مێوانەکان کەسی بەزەوق و بەرێزبوون، بەڵام کە هەموو گەیشتن ڕەوشێکی ناشیرین روویدا، ئانیمۆن جیسکار دیستان تەلەفۆنی بۆ برنادیت کردبوو لە کاتی هاتنەکەی فستانێکی درێژ لەبەر بکات، بەڵام ژنە مێوانەکەی تریش فستانێکی کورتی لەبەربوو، پۆشینی پیاوەکەشی ئاسایی بوو، ئەو نەخۆش بوو، بۆیە کیژەکە زۆر خەریکی هەڵوەشانەوەی خوارەوەی فستانەکەبوو، تا چەند سانتیمەترێك درێژی بکاتەوە. کە ئەو دیمەنە بینرا مێوانەکان زۆر نارەحەت ببوون، چونکە ئەوان خەمباربوون. ئەوەش کرابوو تا بەراستی مێوانەکان باش لە ئاستی داوەتەکە بگەن و ڕاستی ڕەوشەکە بزانن. هەموو پێشهاتەکان ناشیرینی و بەدرەوشتی پێوەدیاربوو، ئەوەش بە هیچ شێوەیەك قبوول نەدەکرا. ئەوانەی لەو دانیشتنەدا ئامادەبوون هەستیان بەنیگەرانی و بێزاری کردبوو، ئەوان کەوتنە پێش ڕەوشێکی نادروست، ژنی سەرۆك کۆمارو وەزیری یەکەمی بە فستانی درێژەوە هاتنە ژوورەوە، خۆت بهێنە جێگەی ئەو گەنجەی هەرگیز نەماندیووەو قسەمان لەگەڵی نەکردووە، ئەگەرچی من زۆر ویستم لەگەڵ ژنەکەی قسە بکەم، بەڵام ئەو رازی نەبوو وڵامم بداتەوە. ئەو لە شوێنی خۆی ڕەشهەڵگەڕاو ئێمەش ئەوەمان لا قبوول نەبوو، ئاشکرایە دەبێ هەموو کەس بە ڕەوشتێکی بەرزەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و ڕەچاوی دابونەریتەکان بکرێت، چونکە ئەوەی کراوە دوورن لە ڕەوشتی بەرزو شایستە. دوو کەرویتە بۆ سەرۆك و ژنەکەی و دوو شوێنی دانیشتنیش بۆ من و برنادیت دانرابوو، ئەوانی تریش شوێنی دانیشتینیان بۆ دانەندرابوو.

بەکورتی دیمەنەکەو رووداوەکە زۆر بێ ڕێزی پێوەبوو.

<u>تووڕەبوونەکەی وایکرد شیراك دەست لەکاربکێشێتەوە:</u>

بە کورتی شیراك وتی:

من تووڕەبووم بۆیە پاش کەمتر لە مانگێك لە ٤ ی یولیۆی ساڵی ١٩٧٦ دەست لە کار کێشانەوەکەم پێشکەشی سەرۆك کۆمارکرد، بەڵام دیستان داوای کرد دەست لەکارکێشانەوەکەم راگرم، بۆیە شیراك لە ٢٥ ی ئوگسستی و پێش هاتنی سەرۆك بۆ کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بە بیانۆی نەبوونی بوارو ئیمکانیاتی پێویست بۆ رووبەرووبونەوەی رەوشە ئاڵۆزو زەحمەتەکان پەیامی دەست لەکارکێشانەوەکەی ئامادەکردبوو.

لەسەر ئەو رەوشە وتبووی:

من ئازادی و ئیمکانیاتم لەبەردەست نەمابوو، ئەوانەی داوام کردوون، هیچیان فەراهەم نەکراوون. هەروەها لەلای بونیاو لاکانوییش وتبووی:

هەندێك لە ئێوە راسپێردرابوون یەکێتیەکەمان لاوازبکەن و پەیوەندییە پتەوەکەی حکومەتەکەمان شل بکەنەوە، ئەوانەش لە لاوازکردنی زۆرینەکە سەرکەوتن.

کە سەرۆك گەیشتە دانیشتنەکەی ئەنجومەنی وەزیران، شیراك چەند بڕگەیەکی دەست لەکارکێشانەوەکی گۆڕیبوو، پاش رامانێك سەرۆك قبوولی کردبوو، ماوەیەکی کورتیش بەیەکەوە دانیشتن، ئەو بوارە کورتەش باش بوو، تا بە جیسکار رابگەێنت نایەوێت گۆڕەپانی سیاسی ناوی بهێنن و باسی بکەن. پاش چەند ساتێك لە بارەگای سەرۆکایەتی حکومەتەوە شیراك لەبەر چاوی کامیراکانی میدیاو تەلڤزێونەکانەوە وتبووی:

لەو رۆژەدا من هێچ وەسیلەیەکم لە پێشدا نەماوە، تا ئەرکەکانم راپەرێنم، کارو فەرمانم وەك وەزیری یەکەم بکەم، لەبەر ئەو رەوشانەدا، من هێڵی کۆتاییم لەژێر پۆستەکەم دانا،





ئەوەش ئاگری شەڕی نێوان جاك شیراك و جیسکار دیستان هەڵگیرساندبوو.

سەرۆك وەزیرانی دەست لەکارکێشراوەکە ئێوارەکەی، کۆبونەوەیەکی لەگەڵ ئەندامانی دیوانەکەی کردبوو، لەو دانیشتنەدا وتبووی:

من کە لە ساڵی ١٩٧٤ جیسکار دیستانم بۆ بەیەکەوە کارکردن هەڵبژاردبوو، لەبەر نەبوونی ئەگەرو بژاری تربووە، هیچ ئیمکانیاتی دەستەڵاتم نەبوو، بۆیە ئیمڕۆ دوودڵ نەبووم، لە پێش سەرۆك کۆمارو بە ئامادەبوونی ئەو وەزیرانەی هاوکاربوون لە ناکۆکی و ململانێیەکەی نێوانمان دەست لەکار بکێشمەوە، لە پاش ئەو رۆژەوە خەباتی سیاسی خۆم، لەناو قەوارەی زۆرینەی سەرۆکایەتی بۆ پاراستنی فەرەنسا، لە کاتی روودانی نیگەرانیەك لەو رەوشەی تێیکەوتووە درێژە پێدەدەم، دیارە کەوا هەڤاڵبەندی بە سەرپەرشتی شیوعیەکانەوە گەیشتوونەتە دەستەڵات، من لەگەڵ وەرگرتن و گۆڕینەوەی دەستەڵاتم، بەڵام ئەو رەوشە شیوعیەکانی ناو هەڤاڵبەندییە چەپرەوییەکە دەیرووخێنن، ئێمە ئەوەمان لەبیرە ئەوانە، هەرگیز بە ئارەزووی خۆیان وازیان لە دەستەڵات نەهێناوە، ئەگەر ئەوان لە هەڵبژاردنە لۆکالییەکانی ساڵی ١٩٧٧ و هەڵبژاردنەکانی یاسادانانی ساڵی ١٩٧٨ زۆرینە وەرگرن، ئەوە دەرئەنجامی ئازادی و دیموکراسی وڵاتەکەمان رەوشەکەی دیاردەبێت چی بەسەردێت، بۆیە هەمووتان گوێم بۆ راگرن، ئەگەر چەپرەوەکان دەستەڵاتیان وەرگرت، لە داهاتوو هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ناکرێتەوە.

بەڵام ئەوەی جاك شیراك مەزندەی کرد راست دەرچوو ..؟

ریمۆند بار ئەوەی پاش شیراك پۆستی سەرۆکی حکومەتی وەرگرتبوو وتیبووی:

ئەو رەوشەکەی زۆر بە شپرزەیی بینیبوو، کارەسات بوو، هەروەها سەندووقەکانیش بەتاڵ بوون.

پاش دە ساڵ رۆژنامەنووس فیلی کسبۆنسیون لەرۆژنامەی کریستین میتال نووسیبووی:

رێژەی هەڵاوسانەکە زۆر روو لە کزی کردووە، تا گەیشتە ١٠ تا ١٥% و بەرهەمیش باش بوو، بەڵام بێکاری زۆر زیادیکردو کەرتی بازرگانی سستی کەوتێ، ئەویش بە کەمی وزەی پترۆلەوە پەیدابوو.

<u>بوینا پەیوەندی نێوان شیراك و جیسکاری تێکدابوو:</u>

ئەگەرچی زۆر لایەنی شاراوەیی پەیوەندی و ئاڵۆزییەکەی نێوان شیراك و جیسکار هەبووە، ئەوەی یەکەمیان زەبری توندی لێوەشاندبوو، ئەویش بە هەموو هێزێکەوە وڵامی دەدایەوە، بەڵام ئیمرۆ شیراك رای وابووە، ئەگەر ( بونیا ) نەبووایە بەئاسانی نێوانیان چاك دەکرایەوەو رەوشەکە ئاسایی دەبۆوە، بۆیە ئەو وتویەتی:

پەیوەندی نێوانمان لەلایەن بونیاوە تێکچووە، ئەو هۆکاربووە، هەموو شتی کرد پەیوەندییەکەی گەیاندە ئەو رەوشەی تێیکەوتین، ئەو نەبووایە ئێمە هیچمان لە نێواندا نەبوو. وا دەزانم ئەو شرۆڤەکردنە بەشێکە لە گێرانەوەی رابردوو، دەیەوێت چاکەی جیسکار بگێرێتەوە، ئەوەی بواری سازکرد تا شیراك بەهاوشانی ئەو بگاتە کۆشکی ئالیزی، ماوەیەکی زۆریش بە کەسایەتی جیسکار سەرسام بووە. لە ساڵی ١٩٧٤ تا بگاتە ئەو پلەیە وتبووی، من زۆر دوورم تا بگەمە بەشێکی زیرەکی و دەستەڵاتی هزری و هۆشیاری سەرۆك کۆمار ...؟

لە ماوەی دیمانەکانا زۆرجار بە باشەو بە خراپە ناوی سەرۆك کۆماری هێناوە، بەڵام





بێگومان بووە، لەوەی دەوری هەبووە لە گەیشتنی بۆ کۆشکی سەرۆکایەتی، باشتربوو پاشان بۆچوونەکەم گۆڕی، منیش پرسیم باشتربوو، چونکە دژایەتی چەپەکانی کردووە، یان خۆی باش بوو ..؟؟ نەخێر زیرەکیەکەی ئەو سەرنجی راکێشابووم، پیاوێکی دیاربوو، بەلام هەلەی کردووەو زۆریش نوێنەرایەتی فەرەنسای نەدەکرد، ئەو بە پێچەوانەی بابە دیگۆل بوو، پێچەوانەی بۆمبیدۆبوو، رەنگە سەرسام بن ئەگەر بڵێم پێچەوانەی میترانیش بوو.

# بەشی سێیەم

## شیراك پاریسی کردە بەهێزترین سەرچاوەی فشار لە فەرەنسا

بەشی سێیەم:

<u>شیراك پاریسی كردە بەهێزترین سەرچاوەی فشار لە فەرەنسا:</u>

شیراك نەیدەتوانی كەسێكی سست و خاو بمێنێتەوە، كە لە لوتكەی دەستەڵاتی حكومەت بووە، سەرەرای زۆری كارەكانی و چالاكی بەردەوامی رێزی زۆری بۆ رووحی كۆماری پێنجەم هەبووە، بڕواشی وابووە سەرۆك كلیلی سستەمەكەش بووە، بەڵام كە لە پۆستەكەی نەما توانی ئازادانەترو باشتر كاربكات و هەستی بە نەمانی كۆتەكان كرد، بەربەستەكانی پێشی لاچوون و سەربەستانەتر كەوتە كاركردن.

ئامادەكاری بۆ راگەیاندنی ( كۆبەند لە پێناوی كۆماریيدا ) لە قۆناخی دواییەكانیدا بوو كە جیسكار دیستان ( میشال دورنانو ) ی سەرۆكی شارەوانی دوفیل و وەزیری پیشەسازی كردە یەكەم سەرۆك شارەوانی هەڵبژێردراوی پاریس، بەپێی یاسایە نوێیەكەی پایتەخت، ئەو پۆستە لە ئاستی كلیلێكە بۆ كردنەوەی كۆماری فەرەنسی.

<u>روونكردنەوە:</u>

سەرۆك دەیزانی ئەو هەڵبژاردنە بە شێوەیەكی رووكەش دەبێت و هیچی تر، بەڵام لە ١٢ ی نۆقمبەری ساڵی ١٩٧٦ میشال جورنارو خۆی بۆ ئەو پۆستە كاندیدكرد، ئەوەش بۆ دیگۆلییەكان هەڵگیرسانی شەڕی دەگەیاند.





<u>لەدایكبوونی كۆبەند لە پێناوی كۆماریيدا:</u>

پاش ٤٨ سەعات شیراك لە هەرێمی كوریز بە پەرلەمانتار هەڵبژێردرا، پاش چەند رۆژێك راوێژكارەكەی (ماری فرانس گارۆ) بیرۆكەی خۆكاندیدكردنی بۆ سەرۆكی شارەوانی پاریسی بۆ پێشنیاركرد، بەڵام ئەو پێشنیارەكەی بە دوودڵی وڵامدایەوە.

لە ٥ ی دیسمبەر كۆبەند لە پێناوی كۆماریيدا هاتە دامەزراندن، لە كۆبوونەوەیەك بە ئامادەبوونی ٥٠ هەزار خەباتگێرانی خۆیان لە سەرەتای ینایری ساڵی ١٩٧٧ شیراكیان كاندیدكرد بۆ سەرۆكی شارەوانی پاریس، كۆبوونەوەی یەكەمیان لە بارەگای سەرەكی حزبەكەیان لە نهۆمی ٣٢ ی تاوەری مونبرناس بەست، كێشەی سەرەكیان ئەوەبوو نەیاندەویست شیراك وەك كەسی یەكەمی زۆرینەكە سوێند بخوات. شیراك لە ٨ ی ینایر بە ریمۆند باری سەرۆك وەزیرانی راگەیاند، وا ئەو بەرەو پاریس بەرێدەكەوێت و قبوولی نییە ئەو شارەی كە پایتەختی وڵاتی فەرەنسایە بكەوێتە ژێردەستی ئیشتراكییەكان و شیوعیەكان، كاندیدكردنەكەشی بۆ ئەوەبوو تا پاریس نەرووخێت، چونكە مێژوو سەڵماندوویەتی هەر لە شۆرشەكەی ساڵی ١٧٨٩ ەوە فەرەنسا بە رووخانی پایتەختەكەی دەرووخێت.

<u>شیراك بەبیری دێتەوە:</u>

شیراك ئیمرۆ زەبرەكانی لەلایەن لایەنگیرانی دیستانەوە بەریكەوتبوون بەبیردێتەوە:

من بیرم لەوە نەكردبۆوە خۆم بۆ سەرۆك شارەوانی پاریس كاندیدبكەم، بەڵام كە هەستمكرد چە ئاژاوەیەك بەرێوەیەوە، ئەو بریارەمدا، زۆر لە دیگۆلییەكانی وەك كریستیان دۆلامالان و گبریل كاسبریت و بییربا خۆیان كاندیدكردبوو، ویستم واز لە بیرۆكەكە بهێنم، بەڵام لەگەڵ ماری فرانس گارۆو بیار جۆی مەسەلەكەمان

باسکرد، گەیشتینە ئەو بریارەی بوار نەماوە گۆرەپانەکە چۆل بکەین، بۆیە بریارمداو داوامکرد ئەوەی لەگەڵمە با هاوکارم بێت و پشتیوانم بکات، جیسکار پشتیوانی دورنانۆی کردبوو، منیش رەخنەم هەبوو پێمووت دانانی سەرۆك شارەوانی بەو شێوەیە نابێت، بۆیە ویستی ئادگار فۆر رازی بکات خۆی بۆ ئەو پۆستە کاندیدبکات، منیش هاورێیەکی نزیکی ئادگارو لۆسی فۆربووم، لەبیرمە ئەو کاتەی بە تەلەفۆن داوای کردم سەعات یازدەی شەو لە هوتێلی لاسای سەردانیان بکەم ئەو ژن و مێردە ببینم، لە قسەکانیانەوە دیاربوو مەسەلەکە گرنگ بوو، من ئەو دەمە وەزیربووم.

کە گەیشتمە هوتێلەکە لۆسی بەپێوە وەستابوو، مێردەکەشی لەسەر کورسیەك دانیشتبوو، سەری لەناو دەستەکانی نابوو، من بەشەرەف سوێندم دا، خۆی بۆ سەرۆکایەتی شارەوانی پاریس کاندید نەکات.

ئادگار فۆر لەسەر پێشنیاری جیسکار دیستان خۆی کاندیدکردبوو، بەڵام کە لۆسی مەرجی لەسەردانا بەرەسمی سوێند بە شەرەفی خوارد، بەراستی ئادگار پیاوێکی چاك و زۆر مەردانەبوو. من بیرم لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی شارەوانی پاریس نەکردبوۆوە، نیازی شتی لەم جۆرەشم نەبوو، بەڵام کارەساتەکە لەوە هات کە جیسکار سەفقەیەکی بۆ پێشنیارکردم، منیش وڵامم دایەوەو وتم:

ئەوە چۆن دەبێت، ئەوە موستحیلە.!

وتارەکانی شیراك ئەو سەردەمە شیرین بوون، هەموو لایەك بۆچوونی باشیان بەرامبەر ئەو هەبوو، پەیوەندی باشی بە خەڵکەوە هەبوو، تام و ئارەزووی زۆری لەو پەیوەندییە هەبوو، بەبێ ئەو وتارانەش هەست بەوە دەکرا، کەوا خۆشەویستی خەڵکی زۆری بەدەست هێناوە.





<u>لە گەشتی دورینەوەی دەنگەکانی هەڵبژاردن:</u>

لەو دەمانەدا جۆن فرانسوا بروبست بە کاروباری راگەیاندنی شیراکەوە راسپاردبوو، ئەو رووداوێکی گێرایەوە، کە لە کۆتایی مانگی ینایری ساڵی ١٩٧٧ روویدابوو، لەوەوە بوارو شێوەکانی بەشداریکردنی شیراکی لە پرۆسەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی تێدابوو، کات نیوەرۆبوو، دەستەیەکی بەرێوەبەرانی گەڕەکێك و بازاڕێکی هەرێمی ١٥ هاتنەوە، چاوەڕوان بوون شیراك ئەوانەی لەوێ بوون بەیەکەوە بچنە داوەتێکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی ناوچەکە بۆ نانخواردن. کاروانەکە بەرێکەوت، کە گەیشتە پێش تاوەری ئیڤل ئوتومبێلەکەی پێشەوە راوەستا، هەموو تەماشای شیراکیان کرد هاتە خوارەوە چووە لای فرۆشیارێکی دەستگێری کەستنا، کە لە پشت عارەبانە شڕەکەی لە ترسی سەرما خۆی شاردبۆوە، شیراك بۆ راوی دەنگەکان چووە لای ئەو ژنە فرۆشیارە، هەموو گوێیان لە ئاخاوتنەکەیان بوو:

- بەیانی باش، خاتوونەکەم، من جاك شیراکم، خۆم بۆ سەرۆکی شارەزانی پاریس کاندید کردووە.!

- بەیانی باشتر، گەورەم من هاووڵاتییەکی ناوچەی کوریزم..

- گەورەت کردین، خاتوونەکەم، ئیشەکان باش دەڕوات؟

- نەخێر .. هیچ باش نی یە..

- چی بووە .. بۆ ..؟؟

- ئەوانە بێزارم دەکەن...

- کێن . ئەوانەی بێزارت دەکەن..؟

– گەورەم پۆلیس، بەردەوام بەبیانوی ئەوەی پسولەم نییە، بێزارم دەکەن..

– چاوەروان بە، من ئێستا تەلەفۆن بۆ سەرۆکی دائیرەکە دەکەم..

زوو یەكسەر شیراك لەناو ئۆتومبێلەكەیەوە ئاگاداری كاربەدەستانی كردەوە، هاووڵاتیەكی ناوچەكەی ئەو، لەلایەن پۆلیسەوە هەراسان و بێزاركراوە، ئەو ژنە دەستفرۆشە لەژێر تاوەری ئیڤل گلەیی هەیە. پاش یەك چارەگە سەعات پارێزگاری پۆلیس پەیوەندی بە شیراك كردەوەو داوای لێبووردنی خواست، بەرپرسەكەی پۆلیس وەعدی دا، چیتر ئەو ژنە كەستنا فرۆشە بێزار ناكەین و پۆلیس لێ دووردەكەوێتەوە، ئەویش سوپاسی كردەوە، دیارە بێگومان ئەو ژنە دەنگ بە لیستی كۆبەند لە پێناوی كۆمارییدا دەدا. ئەو رووداوە وەك بروسك لەناوچەی كوریز بڵاوبۆوە، شیراك ماوەی بیست دەقە لەلای ئەو ژنە كەستنا فرۆشە مایەوەو لە جیاتی هێنانی برێك كەستناش ٥٠ فرەنگی فەرەنسی پێدا.

لە ٢٢ ی مارسی ساڵی ١٩٧٧ شیراك بە سەرۆك شارەوانی پاریس هەڵبژێردرا، لەو پۆستە نوێیەدا بودجەیەكی زۆری وەك ١٥ ملیار فرەنگی فەرەنسی كەوتە دەست و ٣٦ هەزار فەرمانبەریشی كەوتە بندەستی. ریمۆن بار وتبووی بەو دەستەڵاتەی شیراك لە شارەوانی هەبوو، هەروەها بە زیرەكی و لێهاتوویی و خواستە زۆرەكانی توانی فشارێكی سیاسی بەهێز لە فەرەنسا وەرگرێت.

با بیرەوەرییەكانی سەرۆك لەو سەردەمەدا بگێرینەوە:

من حزبە دیگۆلییەكەم زیندوو كردەوە، توانم ئەو پۆستەی پاریس دەستەبەر بكەم، من دەزانم ئەو دەمانە ئێوە بیرتان لە پۆستی سەرۆكایەتی نەكردبۆوە.!! نازانم چۆنت وڵامم بدەمەوە .. رەنگە ببێت .. دەبێت ..! بەپێچەوانەی هەموو زانیاری و پێشبینیەكان راسترەوەكان بەئازایی كۆبەند لە پێناوی كۆمارییدا لە هەڵبژاردنەكانی یاسادانانە سەركەوتن، بەو سەركەوتنە كۆبەند بەسەر یەكێتی بۆ دیموكراسی سەركەوت، خەونی جیسكار





دیستان و بونیاش بۆ رووخاندنی حزبەكەیان نەهاتەدی، حزبەكەی ( برادەران و چەتەكان )! لەو رۆژەوە سەرۆكی شارەوانی پایتەخت بووە پێشەوای زۆرینە، بەرنامەكەشی لەو رۆژەوە پشتیوانی پێشكەوتنی كۆمەڵایەتی و دژایەتی لیبراڵەكان و سەرچاوەو ژێدەرەكەشی بۆ چەسپاندنی ئەوروپایەكی دامەزراو لەسەر نیشتیمانپەروەری بوو.

# بەشی چوارەم

## پاش شەڕێکی درێژ شیراك توانی پۆستەکەی میتران وەربگرێت

## بەشی چوارەم:

### پاش شەڕێكی درێژ شیراك توانی پۆستەكەی میتران وەربگرێت:

كە شیراك هەستیكرد رەوشی لەناو حزبەكەی باش نییە، پلان لە دوای پلانی دەگێرا، ئەو جارەش پاڵەوانی ناپاكیەكەی ئەو جارە ( نیكۆلا ساركۆزی ) بوو، لەبەرئەوەی لە كیژەكەی نزیك بوو، بۆیە یارمەتی دا تا پۆستی سەرۆك شارەوانی ( نیویلی ) وەرگرت،

ئیمرۆش وەزیری ناوخۆیەو كاندیدی سەرۆكایەتیە، شیراك دەیزانی ساركۆزی زۆر زیرەكەو وزەی زۆرەو چەندین دۆسیەی گرنگی بەدەست بووە، تێدا سەركەوتنی بەدەستهێناوە، هەر لە سەرەتای حەفتاكانەوە رێكوپێكی و بەرنامەرێژییەكەی باش بووە، بۆیە شیراك بەچاوی كوڕی خۆی تەماشای كردووە. سەرەتای ناپاكییەكەش لە رۆژی ٢٤ ی ئوكتۆبەر سەریهەڵداوە، كە بەرێز ساركۆزی لە وڵامی پرسیاری ئێوە بۆ بەشداری كۆبوونەوەكانی راوێژكارانی جاك شیراك بەشداری ناكەن ..؟؟ وەزیری میزانیەی ئەو كات، لە وڵامدا وتبووی:

لەبەرئەوەی سەرۆك وەزیران ( شیراك ) داوای لە وەزیرەكان كردبوو، بە كاروباری كەرتەكانی خۆتان سەرقاڵ بن، كاری لاوەكی مەكەن وەك هەڵبژاردنەكانی سەرۆكایەتی، ئەوەش من و هەموو وەزیرەكانی تر دەیكەین، بۆیە حكومەت لە ململانێ و پارچەپارچەبوون و ناكۆكی دوور راگرت! ساركۆزی لە پایزی ساڵی ١٩٩٣ لە شیراك دووركەوتەوە، بەو شێوەیەش باسی دەكات:

سەرەتا ئەوم وەك دبلۆماتێكی ساوە لە نویلی ناسی، پەیوەندی





سیاسیمان بەیەكەوەبوو، بوار هاتە پێش بتوانم خزمەتێك بەو دبلۆماتە گەرمە بكەم، ئەویش بە مردنی سەرۆكی شارەوانی نویلی ( ئەشیل بیریتی ) بوو، كە ئەو مرد، ساركۆزی حەزی دەكرد پۆستەكەی ئەو وەرگرێت، پرۆسەكە ئاسان نەبوو، بەڵام لەبەرئەوەی زیرەك و ئامادەبوو، بۆیە نازی لەسەر هەموولایەك هەبوو، من ئەو دەمە سەرۆك شارەوانی پاریس بووم، لەو ئیشەدا بە

( باسك ) م وت، تۆ مەچوو بواری ئەو گەنجە بدە، ساركۆزی گەنجەو پشتیوانیكردنی ئەوانە پێویستە. ئەو لەو كاروانە چووە پێشەوە، زۆریش وتویەتی من هیچ نەبووم، ئەو زۆر پشتیوانی منی كردووە، بەردەوام هاوكارم بووە".!

### چیرۆكی سەرۆك و ساركۆزی:

### دووبارە سەرۆك باسی ساركۆزی دەكاتەوە:

ئەوەی دەیگێرێتەوە مێژووەكەی دەگەرێتەوە بۆ رۆژی ٢٤ ی نۆڤمبەری ساڵی ١٩٩٣، سەرۆك وتبووی: كۆبوونەوەی بیرۆی سیاسی كۆبەند لە پێناوی كۆمارییمان لە بارەگاكەی شەقامی لیل لە پاریسدا هەبوو، كۆبوونەوەكە تەواوبوو، هەموولایەك هەڵسانەوە بۆ رۆیشتن ساركۆزی نەرویێشت مایەوە، هاتە تەنیشتم و وتی، هەندێ قسە هەیە ئارەزوومە بەتەنها بیكەین، منیش لەسەر داوای ئەو مامەوە، لەناو هۆڵێكی سی كورسی بەتاڵدا دانیشتین!

من پشتیوانی ( بالادور ) دەكەم، گوێ راگرە، بزانە من بۆ ئەو كارە دەكەم، من سیاسەت دەكەم، من سیاسییم بۆیە دەبێ بالادور دەربچێت.

منیش وڵامم دایەوە:

باشە چیت پێ باشە بیكە.

شیراك وتبووی:

ئەو ئیشە بۆ من زۆر لەناكاوو سەرسوڕهێنەربوو، سەیربوو ئەو كوڕی بەردەوامی پشتی من بووە، ئێستا رووبەروو پێم دەڵێت بالادور كەسێكی سیاسیەو من پشتیوانی دەكەم!

بەڵام نیكۆلای ساركۆزی مەسەلەكەی بەشێوەیەكیتر گێرایەوە، گوایە شیراك داوای لێكردبوو، ئەو هێلكە نەهاوێتە ناو هەمان سەبەتە، تۆش بەشداری هەڵبژاردن بكە، خۆت كاندیدبكە، بۆیەش بەو شێوەیە وڵامی شیراكی داوەتەوە، من تەنها قسەكەری تایبەتی بالادور دەبم، هەرچی رووی دابێت، بە قسەی فرانسوا باراون، شیراك داوای لە ساركۆزی كردووە بگەرێتەوەو هاوشانی ئەو كاربكاتەوە. لەو قۆناخە ناسكەدا كە شیراك سەرۆكی شارەوانی پاریس بووە، لە كۆتایی نوڤمبەری ساڵی ١٩٩٣ كە لە كاتی كردنەوەی مۆزەخانەی لۆڤەر سەرۆك كۆمار، بە ئیشارەتێكی گچكەوە بانگی كردووە، هەموو بینوویانە، هەردووكیان بەیەكەوە كەتوونەتە قسەكردن و بە دەنگێكی بەرز پێدەكەنن.

( سیمۆن فای ) وەزیری كاروباری كۆمەڵایەتی و ( فرانسوا لیوتار ) وەزیری بەرگری لە ١٩ ی دیسمبەرا هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆكایەتیان راگەیاند، سەرۆك وەزیرانیش هەموو مەرجەكانی خۆكاندیدكردنی هەبوو، بەڵام فرانسوا میتران دەستپێكردنی هەڵمەتەكەی بە وادەی باش و گونجاو نەزانیبوو، بە ( جۆن بییر خباش ) ی وتبووی:

دەستپكردنی هەڵمەتەكە لەو رۆژەوە دەستیپێكردووە، واتە دانانی پردێكە بەرەو كێشەكانی بەیانی.

<u>دەستێك لەسەر زامەكە:</u>

سەرۆك میتران تا دەهات سەری زۆرتر لە سەرۆك حكومەتەكەی ئەستوورتردەبوو، بەڵام لە كۆتایی ساردبۆوەو لە ٤





ی ینایری ساڵی ١٩٩٤ كەوتە پێش سەرۆكی شارەوانی پاریس، كە بەدرێژی باسی برسیەتی و زۆری بێنەواكانی ناو پایتەختی بۆ كردبوو. سێ مانگ پێشتر سەرۆكی شارەوانی كارێكی ئەنجام دابوو، هەرگیز ئەو كارە كاری ئەو نەبووەو بیریش لەوە نەكراوەتەوە، ئەو رۆژێك لە رۆژان خۆی بەو جۆرە كارانە سەرقاڵ بكات، پرسیشی بە راوێژكاران و یاریدەرەكانیشی نەكردبوو، ئەو ئەنجامەكەی لە گەڕان و سۆراخی راستەوخۆی مەیدانی خۆیەوە بۆ دەركەوتبوو، سەردانی گەڕەكە گوزەران شێواوو خراپەكانی كردبوو.

شیراك ئەو كارەی لەو ڤیلایەوە كردبوو، كە لە ( مونتفۆرد لامورای ) بەناوێكی خواستراو بۆ ئەو مەبەستە بەكرێی گرتبوو، بەبەردەوامی كاریكردبوو دەستی بە نووسینەوەی تێبینیەكانی كردبوو، تەنها سێ كەس ئاگاداری بوون و دەیزانی شیراك لەكێیەو خەریكی چییە، ئەوانیش كلۆدی كیژی و مۆریس ئولریخ و جۆن بییر دونیس بوون. كە شیراك لە نووسینی كتێبەكەی بوویتەوە، كتێبەكەی بە ناوی ( ژنە نوێیەكە ) پاشان ناوەكەی بوویتە ( فەرەنسای نوێ ) داوەتە ( نیكۆل لاتناس ) كە دەزگایەكی تایبەتی پەخشی هەبووە، كتێبەكە بەناوی جوستین بڵاوكراوەتەوە، واتە ناوی شیراكی لەسەر نەبووە. كتێبەكە لە ٢١ ی یونیۆی ساڵی ١٩٩٤ لە دەزگای پەخشی ریفلكسیون بڵاوكراوەتەوە، سوودیشی لە دعایە گەورەكەی راگەیاندن وەرگرتبوو، بەتایبەتی سوودشی لە پرۆسەی كاندیدكردن وەرگرتبوو كە واقیعی فەرەنسی بۆی رەخساندبوو، شیراك كتێبەكەی كردبوو دیاری ئەوانەی پاش ساڵی ١٩٦٨ لەدایكببوون، بۆ ئەو نەوەیەی نووسیبوو، كە پێی وتبوون:

ئێوە لە كۆمەڵگایەكی ساردا دەژین و رەخنەو گلەییتان لە بنیات و پرنسیپەكانی نییە.! ئەگەرچی ئێمە باسی بێكاریمان

کردووە، بەڵام خۆمان لەقەرەی هەندێ گەڕەك نەداوە، لەوانەی هاووڵاتی فرەرەگەزی تێدایە، بۆیە دەكرێ باسی ئەوە بكرێت، رەوشێكی ئاڵۆز هەیە لە ئاوێتەنەبوونی رەگەزەكان، وەك چۆن( ئالان تۆرین ) یش ئاماژەی پێداوە، ئەو نمونەیەش لە پایتەختی ئەو وڵاتانەی برسیەتی تێدایە زۆرە.

شیراك بەشێكی كتێبەكەی بۆ باسی بێكاری و نەبوونی كردووە، بەشەكەی ناوناوە ( كار پێش هەموو شتێك )، لە برگەی یەكەمی باسەكەیدا نووسیویەتی:

(بێكاری كێشەو كارەساتەكەی ئێمەیە)

نووسەرەكەی پێشنیاری كۆبوونەوەیەكی نوێ دەكات، زۆرتر باس لە كۆمارەكەو هاوسەنگی بوارەكەی كردووە، بەڵام ئەو بۆچوونێكی بەژانی خستۆتە روو، وەك ( ئەو بیست ساڵەی دوایی وا فەرەنسیەكان هێدی هێدی فەرەنسا تەڵاق دەدەن، ئەو تەنگژەیە ئابوورییەی رووبەروویان بوویتەوە پەیوەندی و بڕوابونەكەی نەهێشتووە، هەموو لایەك خنكاون، چونكە بێكاری دووركەوتنەوەو پەراوێزكردن دەگەێنێت ).

لە كتێبە قەوارە ١٤١ لاپەرەییەكەیدا، شیراك هەڵویستەكانی خۆی دیاركردووە، زۆربەی بەشەكانی كتێبەكەی بابەتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەكانیەتی، خەڵكە پێشەنگەكەش چاوەروانی كەسایەتی بالادوربوون، ئەویش سەرقاڵی خەملاندنی بۆچوونەكان بوو. كە بۆ جاری دووەم سەرۆك لە ١٩ ی یولیۆی ١٩٩٤ نەشتەرگەری بۆ كرا، زۆر مەسەلە ستراتیژەكان لە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران تێكەڵبوون، یاریدەرەكانی هەستی ئەوەیان كرد كەوا كانسەرەكی سەرۆك تەشەنەی كردووە، ئەوەندەی لە ژیانیدا ماوە، بەو نەخۆشیەوە دەناڵێنێت. لە كۆبوونەوەكەی رۆژی ٣ ی ئوگسستیدا ئەنجومەنی وەزیرانەدا، سەرۆك هەستی بە ماندووبون دەكرد، بۆیە توانی تەنها چەند رستەیەك دەرببرێت، وەزیرەكان هەموو





هەستیان بەو رەوشەی سەرۆك كردبوو، لە پاش كۆبوونەوەكەش هەستیان بەوەكرد.

من ماوەی ٥٠ دەقە لەگەڵی مامەوە. هەر لەو ماوەیەدا لە رۆژی ٢ ی ئوگسستی وتارێك لە رۆژنامەی لۆمۆند بڵاوكرایەوە، لە وتارەكە ئاماژە بەوە درابوو، دەستەكەی بالادور ئامادەباشی تەواویان بۆ هەڵبژاردنەكەی سەرۆكایەتی هەیە، ئەوانیش هێزێكی ئامادەییان بە هاوكاری نیكۆلا بازیرو نیكۆلا ساركۆزی سازكردووە، پاش ئەوە بالادورییەكی ( ئەو ناوە پەیوەستە بەناوی بالادور ) چەند بارەگایەكیان لە شەقامی گرونال دۆزیبۆوە.

سەرۆك بروای بەنزیكبوونەوەی مردنەی نەدەكرد، بۆیە جاك شیراك رازی نەبوو زووتر ئەفیشەكانی هەڵمەتی هەڵبژاردنەكان، بە یاوەرەكانی نیشان بدات بیانۆكەشی بۆ بەدبەختی گەڕاندەوە.

<u>بالادور رووبەرووی میترانی سەرۆكی دەبێتەوە:</u>

زۆر رووداو هاتە پێش و ئەوانەش رەوشی فرانسوا میتران دەشێواند، یەكێك لەوانە لێدوانەكەی بالادوربوو، بۆ رۆژنامەی لوفیگارۆ بەناوی

( سیاسەتی دەرەوەم ) بوو، لەو دیمانەدا وەك سەرۆك میتران، یان لەجیاتی میتران قسەی كردبوو، مردن و نەمانی دانابوو، دیارە لە مردنەكەی بەپەلەیە، بە قسەی نیكۆلا باریز فرانسوا میتران بە دیدارەكە تووشی شۆك هاتبوو. پاش ئەو رووداوە

( بیلهان ) چرای كەسكی لە میتران وەرگرت تا پشتیوانی سەرۆك شارەوانی پاریس بكات و لایەنگیری وەزیرە یەكەمەكەیان نەكەن، ئەوەش كردنەوەی پەنجەرەی دەنگدانی پێشوەخت بوو، لە یادی ٥٠ ساڵەی رزگاركردنی پاریس كە لە هوتێلی شاراكرا.

هەموو شتەكان ئامادەكرا، لە پێش چوار هەزار مێوان سەرۆك میتران پێشوازی لە ئاداورد بالادورو جاك شیراك دەكات، دیمەنی

یەكەم لەلایەن ئەوەوە دەستپێدەكات، نەك لەبەرئەوەی سەرۆك كۆمارە، بەڵكو لەبەرئەوەی ئەو وەك ئەندامی حكومەتە كاتیەكەی بووەو بەشداری رزگاركردنی پاریسی كردووە. بەرنامەكە وابوو، سەرەتا جاك شیراك وتارێكی بەكورتی پێشكەشكردبوو، پاشان سەرۆك فرانسوا میتران، باسی رۆڵی جوانی سەرۆكی شارەوانی كرد، بۆ سازدانی ئەو ئاهەنگە جوانە، ئەوەی سەرۆك حكومەت نەیدەزانی و ئاگاداری نەبوو، سەرۆك كۆمارو سەرۆك شارەوانی لە دیوانی سەرۆكایەتی شارەوانیدا هەردووكیان، كتێبی زێرینی پاریس مۆردەكەن، ئەوەش پاش وتارەكەی سەرۆك كۆمار دەبێت، كە وتارەكەی تەواوكرد یەكسەر هەموو لایەك هەڵسان بۆ مۆركردنی كتێبەكەو بوار نەدرا سەرۆك وەزیران بالادور وتارێكی هەبێت، بەو رووداوە سەرۆك وەزیران شێت و هاربوو لە پێش چاوی كامیراكان و تەلەڤزیۆنەكانی فەرەنسا لە وتارو یادكرنەوەكەدا بێبەشكرا.

<u>جاك شیراك ئەو رووداوەی باش لەبیرەو دەگێڕێتەوە:</u>

سەرۆك هاتە نووسینگەكەم، هاتە ژوورەوەو بەنیازی وەرگرتنی دەرمانەكانی بوو، بەڵام مەبەستی تەنها خواردنی دەرمانەكانی نەبوو، مەبەستی هاتنە ژوورەوەی و دیداری من تەنها بۆ نارەحەتكردنی بالادوربوو، ئەو ماوە كورتەی لەناو نووسینگەكەی من مایەوە تەندروستی زۆر باش دیاربوو، لەوێ بەمنی وت:

( تۆ دەردەچیت )!

نازانم هەمان شتیشی بە بالادرو وتبوو، ئەوەیان نازانم .؟ ئەوەم نەزانی..!

لە شیراكم پرسی:

دیاربوو فرانسوا میتران زۆری كردووە، تا هانی تر بدات و پشتیوانیت بكات، تا سەركەوتن وا دەزانم دەیویست تۆ رۆڵی خۆت





ببینیت، چونكە دەیزانی میللەت تۆی خۆشدەوێت.

لە وڵامدا وتی:

پەیوەندی من و ئەو زۆر باش بوو، چونكە كەسێكی ئاسایی نەبوو.!

فرانسوا میتران پێویستی بە بوارێك هەبوو بۆ چالاكی، ئەگەرنا بەزیندووی چاوی دەیبینی سەرۆك وەزیران بۆ پۆستەكەی ئەو دەخشێت، ئەوە نۆ مانگە ئەو هەست بەوە دەكات، باشترین چارەش هاندانی شیراك و پشتیوانی ئەوبوو، شیراك پاڵێكی نوێی دەوێت. نیكۆلا باریز ئەوەی كەسی زۆر بە سەرۆك پێشووتر سەرسام بوو گێراویەتەوە:

ئەو پێویستی بە ئامۆژگاری وەزیری بەرگری و سەرۆك وەزیران نەبوو، ئەو پیاوێكی پرشنگداربوو، زۆر لە پێشەواو سەركردەكانی جیهانی لەو نزیك دەبوونەوە، دەهاتنە لای، كەسیان بەقەد ئەو زیرەك و بەتوانا نەبوون..!

<u>جاك شیراك لە ساڵی ١٩٩٤ بەبیری دێتەوە:</u>

ئەو ساتانە بیرم لەوە نەدەكردەوە، من لەو پرۆسەیە دەرناچم و لە هەڵبژاردنەكانا دەرناچم، چەند رۆژێك مابوو بۆ ساڵی نوێ لە راپرسییەكدا دەركەوت، دەركەوت من رێژەكەم كەمترە، بەیەكەوە لەگەڵ ئالان جوبیە بۆ نانخواردنی ئێوارە چووینە چێشتخانەیەكی گچكە، ئەو لەوێ پێی وتم، (ئەوانە چەپەڵن )، منیش وڵامم دایەوە من لەو هەڵبژاردنەدا دەردەچم..!

جارێكی تر پرسیاری ئەوەم لێكردووە، ئەو سەردەمە زۆر هێرشت كراوەتە سەر، زۆر ناپاكیت بەروودا كراوە، تەنیایی و خیانەتت رووبەروو كرایەوە.

لە وڵامدا وتی:

چی بكەم !؟ تولەیان لێبكەمەوە.؟؟

منیش وتم:

تۆو سارکۆزی و فیلیبان و .. رافییش دەڵێن تۆ بەنیازبوویت لە نێوان کۆتایی ساڵی ١٩٩٤و سەرەتای ساڵی ١٩٩٥ ەوە لە هەڵبژاردنەکە بکێشیتەوە، واز بهێنیت.

لە وەلامدا وتی:

هەرگیز بەرنامەی وام نەبووە.

هەتا لەوە ساتانەی راپرسییەکانی دەرئەنجامی باشیان بە تۆ نەدەگەیاند، ئەو دەمانەش. ئەو وتبووی، من نەدەرووخام، دانەدەوەشام، من هەرگیز بڕوام بەو ئەنجامانەی راپرسییەکان نەبوو، هیچ رۆژێك بڕوام نەکردووە، بڕوام بەباش و بەخراپەکەشی نەکردووە، یەکێکە لە ناکۆکییەکانم لەگەڵ سارکۆزی ئەوەبوو من بەردەوام بم، من ناکشێمەوە، زۆریش پێم وتووە:

واز لەو دەرئەنجامانەی راپرسییەکان بهێنە، باسی ئەو ژمارانە مەکەن ئەوانە ورە بەزێنە، ئەوانە دەترووخێنن!

<u>شۆکەکەی مانشێتی لۆمۆند:</u>

لایەنگیرانی شیراك بە مانشێتێکی رۆژنامەی لۆمۆمدی رۆژی ١٢ ی ینایری ساڵی ١٩٩٥ تووشی شۆك هاتن، لە مانشێتەکەدا نووسرابوو، فەرەنسیەیەکان بردنەوەی بالادور یان لەو هەڵبژاردنەدا مسۆگەرەو یەکلایەن کردۆتەوە. هەموو لایەك لەو بازنەیە دەسوورانەوە، رۆژنامەی لۆمۆندو زۆربەی بوارەکانی تری راگەیاندن پشت و پەنای بالادروبوون، بەلام کێشەی ( شولر ـ ماریشال ) نارەحەتیەکانی هەوادارانی شیراکی رەوەنادەوە. کێشەکەش دکتۆر جۆن بییر ماریشال ئەوەی ئاشکراکردبوو، کەوا پارەیەکی زۆر بۆ سکرتێری گشتی ناوچەکانی سین ( دیدی شولر ) رەوانەکراوە، ئەوەش شێوەی شارل باسکال و ئادوارد بالادوری





شێواند، ئەو هەواڵە ئۆکسجینی بۆ هەناسەی سەرۆکی شارەوانی پاریس سازاندەوە.

کە بییر ماریشال خەریکی ئاودیوکردنی پارەبوو، پۆلیس گرتی، پاش ئەوەی زاواکەی بەهۆی ناسینی قازییەکە نێوانی کردن، ویستی مەسەلەکە رووپۆش بکات، بەلام پارە وەرگرتنە کە یەك ملێون فەرەنگی فەرەنسی بوو، لە دیدیی شولر لە ٢١ ی دیسمبەر گیرا. بەیانی فرانسوا میتران بەدوای میشال شاراسی نادربوو، پێی وتبوو، زۆر دەبێ قازییەکە ناچاربکرێت لەگەڵ ئەو کێشەیە نەرم بێت و دەستبەرداری بێت، نابێ دەست لە کاروباری داد وەربدرێت، دەبێ داد سەروەری خۆی وەرگرێت، پاش چەند سەعاتێك میشال شاراسی پسپۆر لە یاسای دەستووری ئاگاداری سەرۆکی کردووە، کەوا بەزووترین کات فەرمان بدات بۆ ئەو کێشەیە دۆسیەیەك بکرێتەوە، لەسەر ئاستی ئەنجومەنی بالای داد بە سەرۆکایەتی سەفیری پێشوو کریستیان قرایف، چونکە ئەو کێشەیە ترسناکەو هۆشیاری دەوێت، ئامۆژگاریکرد وەزیری یەکەمەکەش ئاگادار بکاتەوە، مۆرەکانیش بپارێزێت.

سەرۆك هەر ئەو ئێوارەیەو سەعات شەش داوای لە بالادورو میهانیری کرد، هەردووکیان کە گەیشتن پێیان ووت، ئێمە قازی هالڤن ناگۆڕین، بۆیە سەرۆك بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەنجومەنی بالای داد، تا سەرەتای ساڵ چاوەروان بوو، سەرۆك وەزیران لە رێگای چوونی بوو بۆ سەرۆکایەتی حکومەت هەواڵی گۆڕینی قازییەکەیان پێووت، کە لە ئاژانسی هەواڵەکانی فەرەنسی لە شێوەی بروسکە بلاوکرابۆوە، لەناو ئوتومبێلەکەیدابوو، کە سەرۆك تەلەفۆنی بۆ کردو پێووت:

من تۆ تاوانیار ناکەم، بەلام هوشیارت دەکەمەوە، تۆ درۆت لەگەڵ سەرۆك کۆمار کردووە! منت خستە ناو رەوشێکی قبوول نەکراو..!

سەرۆك تەلەفۆنەكەی داخست و بە یاریدەرەكانی وتبوو، نامەیەكی توند بۆ سەرۆك وەزیران بالادور بنووسن، هەروەها داوای كردبوو، زوو و بەپەلە ئامادەیی بۆ هوشیاركردنەوەی ئەنجومەنی بالای دادیش بكرێت. ئەگەرچی كێشەی شولر ـ ماریشال قۆناخەكانی یاسایی خۆی وەرگرت، كەسایەتی بەهێزی ناوحكومەت شارل باسكاشی لاوازكرد.

لە ٢٢ی مارسدا یەك مانگ پێش هەڵبژاردنەكان، دووبارە رۆژنامەی لۆمۆند جولەیەكی تری بەرووی سەرۆك شارەوانی پاریس كردەوە، وتارێكی بەناوی ( شیراك و هاوسەرەكەی سوودیان لە فرۆشتنی زەوی لە بەندەری پاریس بینیووە !) بڵاوكردەوە، سەرچاوەكەش بەرژەوەندی باجداری بووە، كە راستەوخۆ لەژێر دەستەڵاتی وەزیری میزانیەبووە، وەزیرەكەش نیكۆلا ساركۆزی بووە. ئەوەی ویسترا بە خوێنەرانی رابگەێنێت، كەوا سەرۆكی شارەوانی ویستوویەتی، بەهۆی پایەو دەستەڵاتەكەی لە شارەوانی سوودمەندبووە، بەڵام ئالان جوبیە بە وتارێك لەژێر ناوی ( خۆیان دەرەقەتی شیراك ناهێن، دەرزێكیان لەناو خێزان و ماڵی باوكی ژنەكەی دۆزییوەتەوەو هێرشی دەكەنە سەر ) بڵاوكردەوە، وتارەكەی ئەوانی بە شێواندن و نادروست ناوهێنا.

هەموو هەنگاوەكانی راگەیاندن و رۆژنامەكانی بالادور بۆ شێواندنی ناوو پۆستی شیراك هەرەسی هێنا، هیچی پێنەكرا.

ئەنجامەكەشی لە دەرگای كۆشكی ئالیزی چووە ژوورەوە، لەوێ فرانسوا میتران پێشوازیكردو بردوویە نووسینگەكەی خۆی. بۆ ئەو سەردانە بریادیت شیراك وتبووی:

فرانسوا میتران مەشخەڵەكەی داوەتە دەست مێردەكەم، چیرۆكەكە زۆر جوان بوو..!

ئیمرۆش شیراك بە هەموو رێزەوە باسی ئەوەی پێش خۆی كردووە، بەردەوام پرسیاری كردووە، تا مردنی هەواڵەكانی





پرسیوەو ئاگاداری بووە. ئەو چەند دێرەش بۆ یادی ئەو نووسراوە:

رەوشەكەمان زۆر تایبەتی بوو، من ململانێی سەرۆك فراسوا میترانم دەكرد، هاوكات سەرۆك وەزیرانیشی بووم، وا من ئیمرۆ لە جێگای ئەوم، هەموو ئەو شتانە پەیوەندییەكی زۆر تایبەتی لە نێوانماندا دروستكرد، پەیوەندییەكەمان لەسەر بناغەی رێزگرتن بوو، من زۆر رێزم بۆ ئەو پیاوەی دەوڵەت هەبوو، ئەو پیاوە خەباتگێربوو، ئازایانە لە رووی نەخۆشییەكەی راوەستا..!

# بەشی پێنجەم

## کێشەی بانکە ژاپۆنیەکەو کوڕە ناشەرعییەکەی.

## بەشی پێنجەم:

### کێشەی بانکە ژاپۆنیەکەو کوڕە ناشەرعییەکەی.

راستی ئەو شەرمەزارییەی بارگەی جاك شیراکی شێواند.

شیراك بە سیاسەتێکی حکیمانە بووە سەرۆك کۆماری فەرەنساو گەیشتە لوتکە، کاری سیاسی لەسەر بەرنامەیەکی چەپەوە بووە، هەشت جاریش لە قۆناخی یەکەمەوە بەبێ ئەوەی بگەڕێنەوە قۆناخی دووەمەوە هەڵبژێردراوەتەوە. کە خاوەن بەرنامەیەکی راسترەویش بووە، دووجار لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی هەڵبژاردنی دۆڕاندووە، پاش ئەوەی بەڵێنی بە فەرەنسییەکان داوە، کە پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری وەرگرتووەو بووینە سەرۆکی هەموو فەرەنسییەکان، دەرزی نێوان کۆمەڵگای فەرەنسی کەمدەکاتەوە. پاش ئەو دەرچوونە حەوت جاری تریش هەڵبژێردراوەتەوە، دەنگەکانی لە دۆستە چەپەکانەوە بووە، بڕوای زۆری بە نەهێشتنی نەژادپەرستی هەبووەو کاری بۆ کردووە، بەڵام ئەو دوو جارەی دوایی مانەوەی لە کۆشکی ئالیزی زۆر کێشەی رووبەروو بوتەوە، کە لە لاپەرەی یەکەمەکانی رۆژنامەکاناو بوارەکانی تری راگەیاندن باسی کراوە.

### بوونی پارە لە بانکی (سوا ):

سەرۆك شیراك کە لە ١٠ ی مایۆی ساڵی ٢٠٠٦ سەرقاڵی دوا قۆناخی کۆتایی هاتنی پەیوەستی هەڵبژاردنەکان بوو، لوکانار ئۆنشینی نووسیبوی:

سەرۆك بەڵگەنامەیەکی بەرێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی دەرەوەی لەلابوو، بەپێی ئەو بەڵگەنامانەیە جاك شیراك، لە





بانکێکی ژاپۆنی بەناوی ( سوا ) حیسابی بە بەهای ٣٠٠ ملێون فەرەنگی فەرەنسی هەیە. رۆژنامەکە سوودی لە کۆنووسێکی گوێگرتنی ژەنرال ( روندۆ ) بینیبوو. بۆ زانینی ئەو هەواڵە، پاش ئەوەی هەردوو قازی
( دۆن ماری هۆی و هنری بۆن ) لە کێشەی
( کلیرستریم ) لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کردبوو، بەپێی کۆنووسەکە ژەنراڵەکە وتویەتی:

لەو بەڵگەنامانەی لە ماڵەکەی من گیراون، نووسراوە، ئەو حیسابە لە بانکی سوا بە بەهای ٣٠٠ ملێون فەرەنگ هەیە، بەپێی زانیاری من ئەو پارەیە لە ساڵی ١٩٩٢ەوە لەو بانکە دانراوە.

رۆژنامەی لوکانار ئونشینی لە ژمارەی رۆژی ٧ی یونیۆیش نووسیبووی، لەو رێنماییانەی لە بەرێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی گشتییەوە دەرچوون، زانراوە کەوا هەواڵگری ئاگاداربووە، کەوا ئەو حیسابە لە ساڵی ١٩٩٦ کراوەتەوە. بەڵام بۆ زۆرترین زانیاری و دەرکەوتنی باشترین راستیش، پێویستە بگەڕێنەوە سەرەتاکانی پەیوەندی سەرۆکی بانکی سوا، بە دەستەڵاتدارانی حکومەتی فەرەنسی. شواشی ئوسادا لەمێژبوو بایەخی بە فەرەنسا دابوو، پەیوەندییەکانیشی کۆنە، هەر لە سەرەتای هەشتاکانەوە، ئەو بانکە ژاپۆنیە بە بیرکردنەوە لە پرۆژە وەبەرهەمهێنەرەکانییەوە هاتووتە ناو ئەو وڵاتە، لە بەرپرسانی لیژنەی وەزاری بۆ سازکردنی هەرێم و راوێژکارانی کۆشکی ئالیزیەوە بووە. کە شیراك سەرۆك شارەوانی پاریس بووە لە ٢٩ ی مایۆی ساڵی ١٩٩٠ بەرێوەبەری بانکە ژاپۆنیەکەی خەڵاتکردووە، لەو رۆژەوە پەیوەندی شیراك بەو بانکەوە هەبووە، یەکەم دیداریان لە کاتژمێری سێ و نیو لە ٢٩ ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩٣ لە هوتێلی ئواشیمابووە، کە دەکەوێتە دوورگەیەکی نازدارو ١٥٠ کم لە

تۆکیۆی پایتەختەوە دوورە. شیراك لەو هوتێلە بەشداری سەکۆیەکی کاری کردووە، ئەو سەکۆیە لەلایەن گەورە خاوەنکارەکانی ژاپۆنی ( ماسایا میوشی ) یەوە سەرپەرشتی کرابوو. ناوەرۆك و بەرنامەی ئەو سەکۆیە، بۆ دۆزینەوەی بوارو چەمکی کار لەو دە ساڵەی رابردووبووە، بەرنامەکەش پەیوەستی ژاپۆن یان فەرەنسابوو، پاش کردنەوەی بەرنامەی سەکۆیەکە، شیراك لە پەیژەکانی ئودیسای هۆڵ وتارێکی پێشکەشکردبوو، لەو ئێوارەیەدا، هەردوو کەسایەتی سەکۆیەکە ( ماسایا میوشی و شواشی ئوسادا ) بەشداربووانی سەکۆیەکیان بە شیراك ناساندبوو.

<u>سەرەتای زانیارییەکان:</u>

تا ساڵی ٢٠٠٠ زانیاری لەسەر بوونی حیسابی شیراك، لەو بانکە ژاپۆنیە بڵاونەکرایەوە، ئەوەش پاش بوونی ناکۆکی و ململانێ نێوان دوو کەسی ئەفسەری عەمیل ( کوکوارت )ەوە بووە، کە ئەفسەری پلەبەرزتر لە خۆی ( جۆن گیل ) لە بەرێوەبەراتی گشتی ئاسایشی دەرەوەی تاوانبارکردبوو بە بوونی مامەڵەی گومانلێکراوی دارایی، زانیارییەکە بۆ دەرەوە خشەی کردبوو. ئەو داوای کردبوو ئەو کێشەیە رەوانە دادگا بکات، هەواڵگریش سەبارەت بە خۆییەوە چاوی لە ناکۆکیەکانی نێوانیانی پۆشیبوو، چونکە ئەو زانیاریەی جۆن گیل باسیان لێوە دەکات، تانە لە کەسایەتی کەسێکی دیاری دەوڵەت دەدات، بۆیە کوکوارتی ئەفسەریان لەبەر نەتوانینی ئامادەکردنی بەڵگەی تاوانبارکردن دەرکردبوو.

<u>لێکۆڵینەوەیەکی قەزایی:</u>

ئەفسەرەکە بۆ وەرگرتنی ئیفادەی کەسانی ئاگادار، لە بوونی





پارەی شیراك لە بانکە ژاپۆنییەکە لە گوێزراگرتن لە ( دۆمینیك دوفیلبان ) ەوە، لە هاوینی ساڵی ٢٠٠١ دەستیپێکردبوو، ئەو دەمە ئەو ئەمینی گشتی سەرۆکایەتی کۆماری بوو، زانیارییەکەش لە ( جیلیبێرت فلام ) ی قازیی پێشوو، لە پاشکۆیەتی بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی، لەسەر بوونی حیسابی پارەیەك لە بانکێکی ژاپۆتی سەرۆکەوە دەستیپێکردبوو، پێشتر ئەو قازییە لە حکومەتەکەی رۆکار لە دیوانی جۆرج ساری راسپێردراوی گەیاندن بووە.

شیراك ئەوەی لە بیرە، کە پەیوەندی بە جۆسپان هەر باش و پتەوبووە، کە یەکێك لەو تووڕە دەبوو، دیارە ئەویش بەئاسانی تووڕە نەدەبوو. لەو دەمانەدا کەسێکی رەسمی سەردانی دۆ فیلبانی کردووەو پێی وتووە کەوا، پلانێك هەیە لەلایەن ئاسایشی کاروباری دەرەوە دانراوەتەوە، بۆ لێکۆڵینەوە لە بوونی حیسابێکی سەرۆك لە بانکێکی ژاپۆنی، بوونی کورێکی ناشەرعیش لە ژاپۆن، دیارە هەمووتان باش ئەوە دەزانن، کەوا شیراك زۆر شەیدای وڵاتی ژاپۆن بووە، ئەو وڵاتەشی خۆشدەویست. ئەو تویەتی:

من لەوە تووڕەبووم، کە زانیارییەکە لە کۆشکی سەرۆکایەتیەوە دەرچووە، من نامەیەکم بۆ جۆسپان نووسیبوو، دوفیلبانم راسپاردبوو نامەکە بگەێنێت .! چۆن ناوەرۆکی ئەو نامەیە ئاشکرابوو.

ئەو نامە وشکە، گەیشتە دەست هەواڵگری و لێکۆڵینەوەی لەسەرکرا، وەك بەڵگەیەك بەکارهات، ئەو رۆژەی لێکۆڵینەوەکە دەستیپێکردبوو، رەوشی شیراك لەبارنەبوو. وەزیری یەکەمەکە بەوشکی وڵامی دابۆوە، کەوا ئەو ئاگاداری وردەکاری ئەو لێکۆڵینەوەیە نییە. لە دیوانی وەزیری بەرگرییەوە ئالان ریشارد لە ٢٠ ی ئوکتربەری ٢٠٠١، راستەوخۆ داوای لە بەرێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی دەرەوە کردبوو، لەناو دەزگاکەیان، لێکۆڵینەوەی

ورد بکەن لەسەر هۆکاری بەدواچوونی هەردوو عمیلەکە، لە کێشەی بانکە ژاپۆنیەکەو گەڕان بەدوای بوونی حیسابی سەرۆك لە ژاپۆن. وەك چۆن ئالان ریشارد رایگەیاندبوو کێشەکە لە ٢١ ی ینایری ساڵی ٢٠٠٢ داخراوە، بەدڵنیاییشەوە دووپاتی ئەوەی کردووە هەرگێز لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو کێشەیە نەبوو، سۆراخی بانکێك لە ژاپۆن نەکراوە بۆ بەدواچوونی حیسابی سەرۆك شیراك. پاش ئەو داخستنە دووبارە پروپاگەندە سەریهەڵدایەوە، هەمووش بۆ ئەوە بوو، تا بزانن پەیوەندی سەرۆکی فەرەنسی جاك شیراك چی یە، بە شواشی ئوسادا، ئەوجارە تایبەت نەبوو، بە بوونی ئەو حیسابە، باسی بوونی کوڕێکی ناشەرعی نەناسراوی شاراوەی شیراکیش لەو وڵاتە کرایەوە.

## گەڕان بە دوای کوڕەکەی شیراك لە ژاپۆن:

رۆژنامەی لۆمۆند لە وتارێك دەگەڕا، تا بوونی کوڕەکەی شیراك بسلمێنێت، هەواڵێکیان پەیداکردبوو، گوایە رۆژنامەی شوکان پۆستی ژاپۆنی لە نێوان ساڵانی ١٩٩٠ تا ١٩٩٢ وتارێکی لەسەر ئەو مەسەلەیە بڵاوکردیتەوە، نوێنەریان چووبوە ژاپۆن و سۆراخی کردبوو، سەرنووسەری رۆژنامەکەی بینیبوو، ئەویش لە وڵامدا وتبووی:

بڕوا ناکەم لە رۆژنامەکەمان لەو ساڵانە وتارێکی بەو بابەتە بڵاوکرابیتەوە..!

( نیکۆلا بو ) لە سۆراخی مەسەلەی پارەکەو بانکەکەش سەردانی ژاپۆنی کردبوو، لەوێ گەیشتبووە بانکی ( سوا )، ئەوەی بە وەرگرتنی پارەو بەرتیل و پارە ناردن بۆ پاریس بۆ کڕینی مولکێك ناوی هاتووە. نیکۆلا لە لێدوانێکی بۆ رۆژنامەی ( لونوفیل ئوبرز ) پشت ئەستوور بە سەرچاوەیەکی تازە کە دەستی کەوتبوو، پارەکەی ناو بانکەکەی لە ٣٠٠ ملێون فەرەنگ کەمتر ناوبردبوو،





بە شێوەیە بۆ رۆژنامەکە قسەی کردبوو:

تا ئێمە دڵنیابین ئەو حیسابە لەو بانکە یەك ملێون فەرەنگی تێدایە، لێکۆڵینەوەمانکردووە بەپێ سەرچاوەیەکیتر، بۆمان دەرکەوت ئەو پارەی باسکراوە ٥٠ جار کەمترە لەو گۆژمەی لە سەرەتاوە باسکراوە. بۆیەش پاش لێکۆڵێنەوەو سۆراخەکەی بۆمان دەرکەوتووە، کێرڤەکەی بەرەو خوار دەروات نەك سەردەکەوێت، وەك لە سەرەتاوە بیری لێکرابۆوە، بۆیە باسی مەسەلەو ناوی تر هاتووتە پێشەوە، وا باشە بەدوای دەزگای تردا بگەڕێین، ئەویش دەزگای

( ساساکاوا ) یە، کە لە وڵاتی ژاپۆن بە دەزگای ( نیبۆن ) ناسراوە، لە ساڵی ١٩٩٠ ەوە لەلایەن

( ریواشی ساساکاوا ) وە دامەزراوە، ئەویش وەك تاوانبارێکی شەڕو پیاوکوژێك ناوی هاتووەو پەیوەندیشی بە بانکەکانی فەرەنسییش هەبووە. زۆربەی ئەندامان و دامەزرێنەرانی ئەو بانکە، دۆستی سەرۆکی فەرەنسی جاك شیراك بووینە، ئەوەش زانیارییەکی تازەبوو، ئەو زانیارییەش هاوشانی ئەو پرۆپاگەندانەن کە بڵاوبوویتەوە، گوایە پارەکە بەناوی ( گاستۆن فلۆس ) لەو بانکە دانراوە.

ئەوەی روون و ئاشکرابوو ئەو کێشەیەی بەناوی کێشەی نیبون ناسرابوو، تەنها لە مێشك و خەیاڵی ( نیکۆلا بو ) و هاوڕێیەکانیدا هەبووە، ئەوانەش شەیدا ئەوەبوو زانیاری ناتەواو کۆبکەنەوە، تا راستییەکان گوم بێت. ئەوانە رقیان لەسەر کۆمار هەبووە، بۆیە بەردەوام بەدوای هەڵبەستانی پرۆپاگەندەی نادروست بووینە، زۆر وێلی ئەو جۆرە هەواڵ و پرۆپاگەندانە بووینە، سوودیان لەو قسەیەی ( بلزاك ) وەرگرتووە کە وتویەتی:

ئەوەی بەگومان و ئەگەری تێدابێت، لەلای رۆژنامەنووسان وەك راستی تەماشاکراوە.

ئـەوەی روون و ئاشـکرابوو، ئـەو سـەردەمـەی سـەرۆك شـیراك سەرۆکی شارەوانـی پاریس بـووە، کۆششی کـردووە تـا سـەرمایـەو بواری کار بدۆزێتـەوە، بـەرنامـەی وابـوو بـەشداری سـەکۆی کـاری ژاپۆنی بکات، تا لـەو مەبـەسـتە نزیك بێتـەوە دیداری بـە خـاوەن کارانی ژاپۆنی کردووە، یەکێك لەوانەش شواشی ئوسادابووە.

بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی دەرەوەش لەلایەن خۆییەوە، بە وردی چاودێری چالاکی و هەڵسوکەوتی ئەو پارەدارە ژاپۆنیەی لە فەرەنساکردووە، مەبەستیش پاراستنی سەرۆك فەرەنسی بووە لە هەر کێشەیەك، کە لەلایەن ژاپۆنیەکانەوە رووبەرووی ببێتەوە، فەرمەنبارایەتی کۆشکی ئالیزیش رۆڵی خۆیان لەو بوارەدا گێراوە، دەستەی سازکاری وەزیرەکانیش، ئاگادارو هوشیاربووینە لەو کێشەیەدا.

سەرۆکی فەرەنسی سەبارەت بەو کێشەی بەناوی کێشەی ژاپۆنیەکە ناسرابوو، بەوردی قسەی بۆ کردم و وتی:

من ناڵێم لە ژاپۆن هیچ حیسابی بانکیم نییە، ئەوەش ناڵێم کورێکیشم لە ژاپۆنا نییە..!

لە رۆژانی کێشەکەو لێکۆلینەوەکان برنادیتی ژنی سەرۆکیش بەشدارو ئاگاداربووە، لەو رۆژانەدا بە

(باتریك کارولیس )ی وتبوو:

لەناخەوە بەشداری رۆژانەی شیراکم کردووە، دەزانم ئەوانەی رووبەرووی کرانەوە دووربوون لە راستی، چونکە ئەو پیاوە هەموو ژیانی خۆی بۆ خزمەتی میللەتەکەو وڵاتەکەی تەرخانکردبوو، بۆ ئەو مەبەستەش زۆریش ماندووبوو، ئەو پیاوە هەرگیز شەیدا پارەو سامان نەبووەو بیریشی لە سامان کۆکردنەوە نەکردیتەوە..!

### لە پێناوی فەرەنسادا:

لە بەرهاری ساڵی ٢٠٠٢ وەك جارانی تریش ٢٥ ملیۆن





هاووڵاتی فەرەنسی دەنگیان بۆ داوە، پاش ئەوەی بەڵێن بۆ یەکێتی فەرەنسای درا، لە خولی دووەمیش دەرچوونی مسۆگەرکردەوە، فەرەنسییەکان بە ژن و پیاوەوە، بە هەموو رەگەزەکانەوە، دەنگیان بە شیراك دا، لەبەرئەوەی ئەو پیاوە بەرنامەی دژ بە دەمارگیری و نەژادپەرستی پیادەکردبوو. ( جان ماری لۆبان ) یش دەرنەچوو، چونکە ئەو هاوشان و هاوبیری فۆبیای ئیسلامی و پەراوێزکردن و نەژادپەرستی بوو. شیراك پاش دەرچوونی لە هەڵبژاردنەکەدا، کاری بۆ بەرنامە کۆمارییەکەی کردووە، بۆ چەسپاندنی سیکۆلاری و دەستەڵاتی باڵای یەکسانی و دژایەتی نەژادپەرستی یاسایی سازکردووە، موژدەی دانانی گەرەکێکی نیشتیمانی راگەیاند ،کە هیمای مێژووی کۆچی تێدابێت، ئەوەش لە ئەپریلی ساڵی ٢٠٠٧ رووناکی بینی.

### بەرگری لە جوولەکە:

شیراك وەك سەرۆکەکانی پێشووتری، وەك دیگۆل و بومبیدۆ و جیسکار دیستان و فرانسوا میتران نەبوو، ئەوان سووربوون لەسەر ئەوەی فەرەنسا، داوای لێبوردن لە کارەسات و رووداوێك ناکات دەوڵەت لێ بەرپرسیار نەبووبێت، چونکە فیشی بەشێکە لە مێژووی وڵاتە کۆلونیلیەکان.

ئیمرۆ شیراك بەشێوەیەکی زۆر قووڵتر گوزارەشتی لەو مەسەلەیە کردیتەوەو وتویەتی:

من لەناخەوە و بەراستی دژ بە هەر کردەوەیەکم دژایەتی سامییەت بکات، من دژایەتی نەژادپەرستی دەکەم، وەك چۆن دژایەتی سامییەت وەرناگرم و قبوولی ناکەم، بەمجۆرەش دژایەتی نەژادپەرستیش دەکەم، ئەو سیاسەتەش وەرناگرم و قبوولی ناکەم..؟ ئەوەی راستییەو رووی داوە جوولەکەکان زۆریان بۆ وڵاتی فەرەنساکردووە، ئەوان بەوە تاوانبار کراون، ئەوەیە کە

ئەوان لە كەسانيتر زيرەكتر بووينە .. ئەگەر بە شێوەيەكى راست كاربكەين، دەبێ دان بەو هەلانەدا دابنێين، ئەو زيانەى بەر جوولەكە كەوتووە لە كاتى شەڕەكە زۆربووە، هاوشێوەى كارەساتەكەى سەر ئەوان نەبووە، بۆيە دەبێ هەموو ساتێك ئەوە بڵێين، نكۆڵى لەوە نەكەين، من بەبێ ئاكارى دوژمنانە ئەو قسەيەم لە ساڵى ١٩٩٥ەوە كردووە، ئەوەش پەيوەندى بە پەشيمانييەوە نييە، هيچ بيانۆيش نييە دان بەو هەلەيەى كردوومانە دانەنێين، ئێمە ئەگەر دان بە هەلەكانمان دابنێين گەورەتر دەبين..!

### كۆيلەتى تاوانێكە دژ بە مرۆڤايەتى:

شيراك هەمان پرۆسەى بۆ كۆيلەتى (سيليڤ) كردووە، يەكەم وڵاتە لە ساڵى ٢٠٠١ دانى بەوە ناوە كەوا سيليڤەتى تاوانێكە، دژ بە مرۆڤايەتى، شيراك لە ينايرى ساڵى ٢٠٠٦ دا بريارى داوە كەوا رۆژى ١٠ ى مايۆ رۆژى ساڵانەى نەهێشتنى سيليڤييە. شيراك بەرپرسيەتى حكومەتى فەرەنسى لە روودانى ئەو تاوانانە دەربڕى، ئەوەشى بە هەنگاوى يەكبوونى ميللەتەكەى زانيبوو، تا يەكێتى پتەو بێت و بەهێزبن، ئەو يەكێتيە يەكێتى وڵات و ميللەتەكەو خۆشەويستى و بڕوابوونى لێ دەكەوێتەوە.

ئەگەرچى شيراك چەند لاپەرەى شەرمەزارى و ڕەشى لە مێژووى فەرەنسا هەڵدايەوە، چەندين لاپەرەى شكۆدارى ( جاك دارك ) و بەرنامەى ژەنرال ديگۆلى لە رۆژى ١٨ يونيو ى ساڵى ١٩٤٠ رۆژى دانانى بەرنامەى بەرگرى و قوربانى بۆ وڵاتەكەى ژياندەوە.

لەو وتارەى شيراك دانى بە تاوانەكەى ( فيشى ) نا، بڕوابوون و سەڵماندنى فەرەنساى بەخشندەو راستى و سەربەرزيى بووە، پەيمانى پابەندبوون بە دابونەريتى باوى نەوەكانى فەرەنسا،





(فەرەنسا هەرگيز مولكى فيشى نەبووە، ئەو فەرەنسايە لە دڵ و هزرى هەموو فەرەنسييەكدا زيندووە، ئەو وڵاتە يەكەمەيە لەناو هەموو نەتەوەكان، بوارى ژيان باشترو ئارامترى بە سێ بەشى جوولەكەكانى داوە).

### شيراك شەڕى حيجابى كردووە:

پەيدابوونى رووپۆش لە چەند خوێندنگايەكى فەرەنسى دووبارە، مەسەلەى سيكۆلارى هێنايەوە مەيدان و باسكردن، لە ٢٢ ى مايۆى ساڵى ٢٠٠٣ دا شيراك لە بۆنەى شەست ساڵەى ئەنجومەنى نوێنەرايەتى دامەزراوەكانى جوولەكە لە فەرەنسادا، لە وتارێكدا وتبووى:

چەمكى سيكۆلارى علمانى، لەسەر بناغەى يەكێتى و هاوشانى فەرەنسييەكانەوە دەبێت، ئەو هەڵوێستەش دانووستان و سازشى لەسەر نييە. بۆيە ياريدەرەكانى ئامادەيى دەكرد، بۆ دەرچوونى ياسايەك بەستنى حيجاب لە دەزگاكانى فێربوونى فەرەنسى قەدەغەبكات. لەبەرئەوەى راوێژكارەكان، دڵنيانەبوون لەسەر رەزامەنديكردنى ياساكە لەلايەن ئەنجومەنى دەستوورى، بۆيە ياساكە بە گۆشەگيرى و ئاڵۆزى ئامادەكرابوو. شيراك نەيويست ئەو ياسايە بە زەبرى هێز بەرێوەبەرێت، بۆيە بريارى دا ليژنەيەكى بەسەرۆكايەتى ( برنارد ستاسى ) بۆ دامەزرێنێت. سەرەتا ئەندامانى ليژنەكە لەگەڵ قەدەغەكردنى رووپۆش نەبوون. هاوشانى ئەو ليژنەيەش سەرۆكى ئەنجومەنى نيشتيمانى ( جۆن لويس دبرى ) يش ليژنەيكى ترى بۆ بەداوچوون و مەبەستەكانى كارى ئەو ليژنەيە دانا. هەردوو ليژنەكە زوو لە ترسناكى مەسەلەكە گەيشتن و زانيان ئەوە چەكێكە كۆمارەكەيان دەيپێكن، بۆيە ليژنەكەى ستاسى برياريدا، هەموو شێوەيەكى رووپۆشينى ئاينى نەمينێت، ليژنەكەى دبرييش بريارى لەسەر

زۆرترین هەڵوێستی رادیکالی کرد، ئەوەی لەلایەن ئیشتراکییەکانەوە زۆرتر سیکۆلارییەکانە بیری دەکردەوە پشتیوانیکرد. ئەو پێشهاتانە سینگی شیراکی ساردکردەوە، بۆیە لە وتارەکەی رۆژی ١٧ ی دیسمبەری ساڵی ٢٠٠٣ دا کە رەزامەندی و بریاری لەسەر یاساکەدا و وتی:

هەموو منالآنی فەرەنسا، بە جیاوازی رەگەزو بروابوون و ئاین و زێدی پێشوویان، کورو کیژی کۆماری فەرەنسیین، بۆیە لەبەرکردنی هەر جلوبەرگێك یان هیمایەك نیشانەی ئاینی پێوەبێت، لە خوێندنگاو ناوەندییەکان و دواناوەندییەکانی گشتی قەدەغەیە.! پاش چوار رۆژ بەسەر وتارەکەی سەرۆك رەوشەکەی وڵات ئاڵۆزبوو، ژنانی رووپۆشی شاری پاریس و ستراسبۆرگ، هاتنە سەر شەقامەکان و نارەزاییان نیشاندا، لە وڵاتانی عەرەبیشەوە دەنگی نارەزایی و توورەییش بەرزبۆوە، لەناو کەرتە زۆرینەی فەرەنسییەکانیش داوای پاشگەزبوونەوە لە بریارەکە کرا، هەموولایەك ترسی روودانی ئاشووبەیان هەبوو، ئەگەری رووداوی ترسناکیش لە هەرێمەکانی پاریس هەبوو. لە ١٥ ی مارسی ٢٠٠٤ دەنگی ئەرێ بۆ بریارەکەدرا، لەبەر رووداوە ترسناك و کارەساتەکەی تەقینەوەکەی مەدریدی ئەسپانیا لە ١١ ی مارس دەنگی نارەزایی لەسەر بریارەکە ساردبۆوە، بۆیە یەکێتی رێکخراوە ئیسلامیە فەرەنسیەکانی نزیك و هاوبیری الاخوان المسلمین و بزاڤی هەرەزیندووی ئیسلامی لە فەرەنسا، هێمن بوونەوەو لافیتەو دروشم و ئەفیشەکانیان پێچایەوەو وازیانهێنا.

## بەرگریکردن لە بەهاکانی کۆماری فەرەنسی:

لەبەر رۆشنایی لۆژیکەکەی خۆی و بەرنامەی شیراك بۆ شەرکردنی هەموو شێوەکانی نەژادپەرستی و دەمارگیری، بەتایبەتی ئەوانەی پابەندییان بە نەژادو ئاین و زێدی ژیانەوە





هەیە، بۆیە دەستەڵاتی باڵای یەکسانی و دژایەتی نەژادپەرستی لە ساڵی ٢٠٠٤ دامەزرا،
( لویس شویتزر )، سەرۆکی پێشووی رێکخراوی
( رونۆ ) کرا بە سەرۆکی ئەو دەستەڵاتە. شیراك لەسەر ئەو مەسەلەیە وتویەتی:

کە داوای یەکێك فرێ دەدرێتە تەنکەی زەبڵەوە لەبەر ناوی، یان لەبەر نەژادی، یان لەبەر ناونیشان و تەمەنی داواکارەکە، کە پاڵێوراوی داواکاری نیشتەجێی داواکەی لەبەر ناوەکەی پشتگوێ دەخرێت، ئەگەر کەسێك لەبەر رەنگی هاتنە ژوورەوەی لێ قەدەغەبکرێت، ئەگەر کەسێکی هۆمۆسیکسوالی لەبەر ئەوەیە پێش ناکەوێت و بەرزبوونەوەکەی رادەگیرێت، ئەگەر ژنێك هەستی کرد رۆژانەکەی لەبەرئەوەی ژنە کەمترە لە پیاو، من لەوانە داوا دەکەم دەستەڵاتی باڵای یەکسانی و دژایەتی نەژادپەرستی دادگایان بکات و وڵامی داواکانیان بداتەوە، ئەو دەستەڵاتە بەرزە بۆ ئەوانەیە، پێویستە ئاگاداریان بکەنەوە. من فەرەنسا بە گەورەیی نابینم ئەگەر بۆ هەموولایەك نەبێت، ئەگەر فەرەنسا بۆ هەموو کەسێك نەبێت.

# بەشی شەشەم

# دانووستان لە جیاتی ململانێی شارستانیەتیەکان

## بەشی شەشەم:

دانووستان لە جیاتی ململانێی شارستانیەتیەکان:

شیراك کۆششی زۆری کرد تا شەڕەکەی سەر عیراق راوەستێت.

بەرنامەی کاری شیراك، سەرچاوەکەی لە زیرەکی و رۆشنبیرییەکەیەوە بووە، ئەوەش کلیلێکی فرەسەرو زۆرکاریگەربووە، داوای دانووستانی کەلتوورەکانی کردووە، خەونی بۆ ئاشتی لەسەرانسەری جیهانی هەبووە. هاوشان و هاوخەمی ئەمریکییەکان بووە، کە لە ١١ی سپتمبەری ٢٠٠١ باڵەخانەی بازرگانی جیهانی تەقێندرایەوە، پێش رووداوەکە وتارێکی لە

( الرين ) پێشکەش دەکرد، کە هەواڵەکەی زانی بەرنامەکەی کورتکردۆتەوەو گەراوەتەوە نووسینگەکەی خۆی لە کۆشکی ئالیزی. هەر کە گەیشتەوە نووسینگەی خۆی، بەپەلە داوای کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی ئاسایش و لیونیل جۆسپان و هوبیر فدرین و ئالان ریتشاردی کردبوو، پاشان پەیوەندی بە کەسە نزیکەکانی وەك جۆرج وولکر بۆش و تونی بلێرو گیرهارد شرویدرکردبوو، پەیوەندی بە سەفیری فەرەنسی لە نەتەوە یەکگرتووەکان جۆن دانییلیش کردبوو، داوای لێکرد لەگەڵ ئەمریکییەکان و هاوپەیمانەکانیان هاوئاهەنگی هەبێت، بۆ دارشتنی پرۆژەیەك بۆ ئەنجومەنی ئاسایش. بۆ بەیانی بڕیاری ژمارە ١٣٦٨ لە ئەنجومەنی ئاسایش دەرچوو، بەپێی ئەو بڕیارە کارەساتەکەی ١١ ی سپتمبەریان بە کردەوەیەکی تیرۆریست ناساندو مافی رەوایان بە ئەمریکا دا بەرگری لە خۆی بکات. شیراك یەکەم سەرۆکی جیهانی بوو، هاوپشتی بۆ ئەو مەسەلەیە دەبڕی و پشتیوانی





هەبوو، بۆ دامەزراندنی بەرەیەکی پتەو، بۆ دژایەتی و وەستان بەرووی تیرۆریزمی جیهانیەوە، بەتایبەتی لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامییدا.

شیراك یەکەم سەرۆك بوو، پاش هەفتەیەك لە کارەساتەکەی نیویۆرك، سەردانی جۆرج بۆشی سەرۆکی ئەمریکی کردبوو. لە ئۆکتۆبەرا رێورەسمە دیگۆلییەکەی شکاندو تیپی سەربازی لە چوارچێوەی پەیمانی ناتۆ رەوانەی وڵاتی ئەفغانستان کرد، ئەوەشی نیشانەی هاوپەیمانیەتی و هاوکارییە بە ئەمریکاو بەشدارییبوونە لە شەڕەکەی دژ بە تیرۆریزم. ئەگەرچی هاوپشتی خۆیان بۆ سیاسەتی ئەمریکاش نوێکردەوە، ئەوەش مانای ئەوە نەبوو ململانێیەکانیان، لە چەند دۆسیەی ناکۆك و نەیار کۆك و هاوبیر بووینە، لەوەتی جۆرج بۆش هاتووتە سەر حکوم سیاسەتی دەرەوەیان ئەمریکای لە ڕەگەوە گۆڕیبوو، ئەمریکا رازی نەبووە رێکەوتنامەی کیوتۆ مۆربکات، رازی نەبوو بەشداری دادگای دادی نێونەتەوەیی بکات، ئەو گۆڕانەش شوێنەواری دیك تشینی جێگری سەرۆك و دۆنالد رامسفێلدی وەزیری بەرگری و بۆل فولفیتزی یاریدەری وەزیری بەرگرییان پێوەبوو، ئەوانە کردەوە تیرۆریستەکەی ١١ی سپتمبەریان بەبیانۆ وەرگرت، بۆ چەسپاندنی ئایدلۆژیاکەی خۆیان لەسەر سیاسەتی سەرۆکی ئەمریکی.

دانوستانی شارستانیەکان بەرووی ململانێی شارستانیەکان:

ئەو ململانێیەی شارستانیەکانی سەمۆئیل هنتینگتۆن بانگێشتەی بۆ کردبوو، شیراکی سەرۆکی فەرەنسی دانوستانی شارستانیەتیەکانی بۆ پێشنیارکردبوو، دیارە کەوا بە شەڕکردنی ئەوانیتر پەراوێزدەکەن، بەوەش مێژوویەکی نوێ بۆ وڵاتی فەرەنسا نووسی، خۆی بە تەواوی لە بەرەکەی بۆش دوورخستەوە. شیراکی سەرۆکی هێزێکی گەورەی جیهان، دوودڵ

نەبوو لەوەی پرسیار بکات، گومانی لە تایبەتمەندی خۆرئاواو بەرپرسیاریەتیە مێژووییەکانی هەبێت کە وتبووی:

پێویستە هەموومان هەرکەسە لەلای خۆیەوە، حەق وایە پرسیار بکات، ئایا ئێمە بەراستی بەوەفاو راستگۆین بەرامبەر بە کەلتوورو بەهاکانمان .؟

ئایا بەراستی خۆرئاوا ویستویەتی، کەلتوورێکی ترمان لەسەر بکاتە ماڵ، کەلتوورێك بەشێکی مادییەو بۆنی دژایەتی و ناکۆکی پێوەیە، رووە زۆر مرۆڤایەتیەکەشی رووکەشەو بۆ ناخی قووڵ شۆرنابێتەوە. ئاسۆو رەهەندی ئەو شارستانیەتیە چەند بەهاو بایەخی دەبێت .؟؟ بۆ وڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە، شیراك پێشنیاری دانوستانی کەلتوورەکانی هەڵبژاردووە، وڵامی ئەو پرسیارەش، لە رۆژانەو دابونەریتمان و لە دڵ و ناوچەکەماندا دانوستانی کەلتووری هەبوو، دانوستانی زۆرترو بەردەوام شتی تر دەدۆزێتەوە، بەڵام دەکرێ پرسیاریش بکرێت پرنسیپەکانی ئەو دانوستانە چین ..؟ پرنسیپی یەکەمی ئەو دانوستانە کەلتوورییەش خۆدەوڵەندکردن و ئاوێتەبوونیەتی بەزۆرترین کەلتووری تر. چارەنووسی ئەندازیاری و شیعرو بیرکاری بێ کەلتووری عەرەبی چی دەبوو، ئەوەی هەموو زانیاریەکانی کۆکردەوەو لە سنووری خۆی دەربازی بوو، گەیشتە هەموو جیهان، ئەو دەمانە ئەوروپا دەرگای لەسەرخۆ داخستبوو ..؟ دەکرێ بپرسین فەلسەفە بێ فەلسەفەی هیندییەکان چی دەبوو ..؟؟! راستە کەلتوورەکان لەسەر یەك ئاست بمێنێتەوە پێش ناکەوێت، کەلتوور چۆن رۆژانی پرشنگداری هەیە، بەو شێوەیەش رۆژانی دارمانیشی بووە. چۆن بەرەو پێشەوە چووە، بەو شێوەیەش رۆژانی کپی و گەڕانەوەشی هەبووە، هەمووشیان لەناو بیری گشتگیرییەوە ماوەتەوە، ناسنامەی تایبەتی هەبووەو هۆکاری سەرەکی مان و بەردەوامیش بووە، ئەو کەلتوورەشە رووناکی و تامی خۆشی و





شیعرو هونەرە جوانەکان و کلیل و گەیشتن بە زانستیمان پێ دەبەخشێت، ئەو کەلتوورەیە لە تاریکی و نامۆیش دوورمان دەخاتەوە، بەیەکەوەو بەهاوبەشی هەموویان قازانج بە مرۆڤایەتی و مۆرالیش دەگەیێنێت.

<u>فرە کەلتووری:</u>

هەڵوێستی دووەمیش لە هەڵوێستەکەی یەکەمەوە دوور نییە، ئەویش ئاوێتەبوونی کەلتوورەکانە، چونکە کەلتوور تەنها بە دانووستانی کەلتوورەکان گەشە ناکات، دەبێ ئەو کەلتوورانە بەیەکەوە هاوکاربن، ئیمرۆ هەست بەوە دەکرێت ئەوە ئاوێتەبوونە نامینێت، کاڵ بوویتەوە، من بیر لە نزیکبوونەوەی پێنج هەزار زمانەکەی ئێستای ئەو جیهانە دەکەمەوە، ئەگەر دەستوبرد نەبین بۆ پارێزگاریکردنیان نیوەیان لەو سەدەیە لەناودەچن، من بیر لە میللەتە سەرەتاییەکان دەکەمەوە، بیر لە هەرێمە لاچەپەکان دەکەمەوە، بێگومان بیر لە نیشتەجێی و نمونەی ژیان و دابونەریت و بەرهەمی هونەری و کەلتووری دەکەمەوە، لەبەر رۆشنایی جیهانگیری چۆن رێزو پایەیان دەپارێزرێت. لەبەر بوونی نارەزایی زۆرەوە لەلایەن جیهانی ئیسلامی و عەرەبی و خوارووی ئەمریکا دژ بە خۆرئاوا، شیراك وتویەتی:

ئەو جیهانگیرییەی ئیمرۆ شێوەیەکی تری ئیستعماری دوێنی بووە، ئەوەش پەیوەندییەکی ترە، بەشێوەیەکی تر نێوان خەڵکەکە دادەمەزرێنێت.! لەو دەمانەدا دەستەکەی نزیك لە جۆرج بۆش، سەرقاڵی دانانی بەرنامەی شەڕی دژ بە تیرۆربوون، ئەوان رووخانی عیراقیان مەبەست بوو، داوایان لە بنتاگۆنیش کردبوو بۆ رووخانی رژێمەکەی عیراق پلان و بەرنامە دابرێژن.

سەرۆکی ئەمریکی جۆرج بۆش لەرۆژی ٢٩ ی ینایری ساڵی

٢٠٠٢ لە پێش کۆنگرێسی ئەمریکی ئاکاری سیاسەتە نوێیەکەی روونکردەوە، جەختی لەسەر شەڕکردنی جەمسەری شەڕکردووە، کە سەرچاوەکەی کۆریای باکوورو عیراق و ئیرانە، بیانۆکەشی بوونی چەکی کۆمەڵکوژییەکەیانە، لە واشنتۆنەوە چەندین پەیام و برۆسکە ئاراستەی زۆر لایەن کران، کەوا ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکی، نیازی پەلاماری سەر عیراقیان هەیەو شەڕی ئەو وڵاتە دەکەن. لە سەرەتاوە سەرۆك شیراك ئەو بۆچوونەو بەرنامەی زۆر بەترسناك وەسفکرد، بڕواشی وابوو ئەو سیاسەتە نوێیە دەرئەنجامی درامی و کوشندەی دەبێت، ئەگەر وڵاتانی ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایش جولەیەك نەکەن، ئەگەر نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر ئاستی دەستەکەیەوە چالاکیان نەبێت.

### سەدام داواکراوە، نەك چەکە کۆمەڵکوژییەکەی:

لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٢ دا، هەواڵ گەیشتە پاریس کەوا سەرۆکی ئەمریکی جۆرج بۆش لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ناوەستێت، تا گورزێکی سەربازی لە عیراق بەوەشێنێت، رژێمەکەی بروخێنێت و سەرکردایەتی سەدام حوسین بگۆڕێت. شیراك ئەو ماوەیە نیوەی کاتی خۆی بۆ ئەوە تەرخانکردبوو، وڵاتانی دۆست و سەرکردەکانی وەك تۆنی بلێرو برلوسکۆنی ئیتالیاو خۆزیە ماریا ئەزناری ئەسپانیا رازی بکات شەڕی عیراق نەکرێت، سوپای ئەمریکی ئەو وڵاتە داگیرنەکات و رژێمەکەی نەگۆڕێت، پەیوەندی بەردەوامی بە کۆفی عنانی سکرتێر نەتەوە یەکگرتووەکان و گیرهارد شرۆیدرو فلادیمیر پۆتین و بە سەرۆك بۆشیش بەردەوام بووە، نۆ مانگ سەرقاڵی ئەو بەرنامەیەبووە.

من زۆر پەرۆشی ئەوەبوم لەگەڵ سەرۆك شیراك سەبارەت، بەو بابەتە قسەی لەگەڵ بکەم، هەر ئەوەش بوو ویستم ئەو ببینم و راستیەکانی لێوەرگرم، ئەوەش هۆکاری نووسینی ئەو کتێبەم





بووە.

چیرۆك ئەو بەو وڵاتە بۆ ساڵانی حەفتاکانەوە دەگەڕێتەوە، ئەو سەدامی سەرۆکی عیراقی لەو دەمەوە ناسیووە، بە قسەی ئەو، ئەو پیاوە پاش تێپەربوونی ئەو کاتە دوورە گۆڕابوو، ئەو دەیزانی رژێمەکەی سەدام بەرەو رووخان و کەوتن دەچێت، چونکە ئەو وڵاتە فرە مەزهەب و فرە نەتەوەیە، یەکێتی خاکی عیراقیش کۆڵەگەی ئارامی و ئاشتی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەراستە، بۆیە ئەو ویستویەتی لەگەڵ ئەو کێشەیە زۆر بەنەرمی و زیرەکانەو بەرپرسانە مامەلە بکات، بەڵام ئەمریکییەکان تەنها بیریان لە گۆڕینی رژێمەکە کردیتەوەو بەس، شیراك بۆچوونی وا بوو، هیچ وڵات و سستەمێك بۆی نەبووە دەستکاری و گۆڕانی وڵاتان بکەن، هەرچی بڕیارو بەرنامەیەك هەبووبێت، دەبێ لەبەر رۆشنایی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بێت، ئەو دەزگایە بەرپرسی یەکەمی ئەو مەسەلانەیە، بۆیە لەبەر رۆشنایی ئەو لۆژیکە وەك خۆی وتبووی، بە سەرۆك بۆشم وت، ئەگەر ئەو کارە بکەیت هەلەیەکی گەورە دەکەیت، من بڕواناکەم ئەو وڵاتە چەکی کۆمەڵکوژی هەبێت، راستە لەو وڵاتەدا چەکی زۆر هەبووە، بەڵام چەکی ناوەکی تێدانەبووە.

### دیدارەکەی بە نیلسۆن ماندیلا کاریگەری لەسەر دانابوو:

لە رۆژی ٢ ی سپتمبەری ٢٠٠٢ لە پایتەختی خوارووی ئەفریقیا، لە کۆبوونەوەی لوتکەیی نێونەتەوەیی وڵاتانی گەشەپێدانی بەردەوام، سەرۆك شیراك دیداری خەباتگێری ئەفریقی نیلسۆن ماندیلای کردبوو، لەو دیدارەدا نیکۆلا هیلۆش ئامادەبوو شاهیدی دیداری ئەو دوو پیاوبووە لەو کاتە ناسکەدا، پیاوە تێکۆشەرە پیرە ئەفریقیەکە چاوی لە چاوی شیراك بڕیبوو و پێ وتبوو:

زۆرت کۆششکرد تا بۆش نەچێتە ناو عیراق!

نیکۆلای هیلۆ لە بیریەتی کەوا شیراك، بەو هەڵویست و ناوەرۆکی دیمانەکەیان لەسەر ئەو مەسەلەیە ژانی هەبوو، چونکە ئەو زۆری کردبوو تا شەڕەکە روونەدات.

لە نیوەرۆی رۆژی شەشی سپتمبەردا تونی بلێر، تەلەفۆنی بۆ جاك شیراك کردووە، لەو تەلەفۆنەدا تۆنی بلێر ویستبووی، پێش ئەوەی سەرۆك ئەمریکی ببینێت و دوا هەڵوێستی فەرەنسیەکان لەمەڕ دەرکردنی بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایش وەربگرێت، بەڵام شیراك نێگەرانی خۆی پێراگەیاندبوو، مەترسی ئەوەشی نیشان دابوون، ئەگەر شەڕەکە ببێت و ئەمریکییەکان هێرش بکەنە سەر عیراق، نارەزایی زۆر دەرحەق بە ئەمریکاو پاشانیش بە رووی هەموو خۆرئاواییەکان زۆرتر دەبێت، بەرەی دژە شەڕەکە فراوانتردەبێت. شیراك بە تۆنی بلێری وتبوو، شەڕەکە بریارێکی بەرپرس نییە، زیانی لە ئاستی سەربازی و نێونەتەوەیی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام بلێر باسی مەترسی بوونی چەکی کیمیایی و بکترۆلۆژی کردبوو، مەترسیشی لە بڵاوبوونەوەی ناوەکی تیشکداری کەم کردبۆوە، شیراك پێشنیاری دووبارە ناردنەوەی پشکێنەرانی نێونەتەوەیی بۆ عیراقی کردبۆوە، بە تۆنی بلێریشی راگەیاندبوو، ئەوان بە هیچ شێوەیەك بەشداری شەڕی دژ بە عیراق ناکەن، چونکە ئەو بەشدارییە شەقامی عیراقی و عەرەبی هارو هاجدەکات، ئەوەیش لە وڵامدا وتبووی: وڵامەکەت وەك جارانی پێشووتر روون و ئاشکرایە..!

پاش تێپەربوونی یەك سەعات بەسەر تەلەفۆنەکەی تۆنی بلێر، تەلەفۆنێك بۆ کۆشکی ئالیزی هاتبوو، داواکاربوون سەرۆك شیراك پەیوەندی بە سەرۆك بۆش بکات، ئەو دەمانەبووە، کە سەرۆك بۆش بەنیازی پێشکەشکردنی وتارەکەی رۆژی ١٢ ی سپتمبەربوو لە پێش رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، تا بە





شێوەیەکی باش خۆی بنوێنێت پەیوەندی بە سەرۆك شیراکیش کردبوو، لەو تەلەفۆنەدا بە برادەر ناوی بردبوو، هەروەها وتبووی سەدام جێگای مەترسییە، ئەویش بەردەوام پێشێلی بریارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی کردووە.

# بەشی حەوتەم

# شیراك هوشیاری دەداتە بۆش كە دیموكراسیەت لەسەر ناوچەی كەنداو نەچەسپێنێت

## بەشی حەوتەم:

<u>شیراك هوشیاری دەداتە بۆش کە دیموکراسیەت لەسەر ناوچەی کەنداو نەچەسپێنێت:</u>

هەموو جیهان چاوەروانی وتارەکەی سەرۆکی ئەمریکی بوون، ئەوەی لە سەر سەکۆی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە پێشهاتی عیراق پێشکەشی دەکرد، سەرۆکی فەرەنسی تا هەڵوێست و بۆچوونی خۆی دیاربکات، لە هەشتی سپتمبەر بەم شێوەیە وڵامی پرسیارەکانی رۆژنامەی نیویۆرك تایمزی داوەتەوە:

سەبارەت بەوەی کەوا عیراق چەکی کۆمەڵکوژی هەیە، لەسەر مەترسییەکانی چەکی عیراقی من بە بەڵگەی بەرجەستە قسەدەکەم، تا ئەو سەعاتەش هیچ بەڵگەی بەرجەستە دیارو بەردەست نییە کەوا عیراق ئەو چەکەی هەیە، بەهەمان شێوەیەش هیچ بەڵگەش نییە، کەوا عیراق پشتیوانی رێکخراوی القاعده دەکات، بەکورتی تا ئێستا شتێك نییە بیسەلمێنێت کەوا حکومەتی عیراقی پێ تاوانبار بکرێت..!

<u>شیراك وتویەتی:</u>

پێویستە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی هوشیاربن، هیچ هێرش و ئەگەری سەربازی بۆ سەر وڵاتی عیراق نەکرێت، ئەگەر هێرشەکەش کرا، دەبێ لەژێر چاودێری کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە بێت، واتە بریاری نەتەوە یەکگرتووەکانی پێوەبێت، ئەوەی روون و ئاشکراشە نەتەوە یەکگرتووەکان سوورە لەسەرئەوەی وڵاتی عیراق نابێ چەکی کۆمەڵکوژی هەبێت، بەڵام بریاری نەبووە کە رژێمی بەغدا بگۆڕێت، بۆیە دەبێ ئێمەش پابەندی بریارەکانی





نەتەوە یەکگرتووەکان بین، واتە چوونەوەی پشکێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق، ئەو چوونەوەیەش ناکرێ هیچ مەرجی لە پێش بێت و راستەوخۆش پشکێنەرەکانی لەلایەن ئەوانیشەوە چاودێری بکرێن، ئەگەر عیراقیش سەرپێچی نواند، ئەوا ئێمە شتێکی ترمان دەبێت بیڵێین، زۆرشت ناکەین تا رازی بێت، لەو کاتەشدا دەستەڵاتەکە دەستەڵاتی ئەنجومەنی ئاسایشە، ئەو بریاردەدات، ئەگەر بژارەکەش سەربازیش بێت، لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە دەبێت.

دوو رۆژیش پێش ئەو دیمانەیە، هەمان قسەشی بۆ تۆنی بلێر کردبوو، پەیدابوونی مەترسی لە دروستبوونی شەپۆلی نارەزایی بەرووی خۆرئاواوە پێ وتبوو، بەتایبەتی لەلایەن وڵاتە هەژارەکانەوە، ئەوەی ئیمرۆ دێتە پێشەوە مەترسی ئەوەی لێدەکەوێتەوە، بەرەی جیهانی دژ بە تیرۆریزم هەرەس بهێنێت، ئەوەش روو دەدا ئەگەر بریاری یەك لایەنە لەسە عیراق دەربچێت.

<u>هەڤاڵبەندی یەك لایەنە:</u>

شیراك پێشنیاری بوونی هەڤاڵبەندیەکی دووەمی کردبوو، شیراك وتبووی:

ئێمە ناتوانین ئەو جیهان فێربکەین و دەرسیان بدەین، رەوشەکە ئەوە دەخوازێت بەرەو هەڤاڵبەندیەکی تر دژ بەبرسیەتی دامەزرێنین، بەرەیەك بۆ پاراستنی ژینگە، بەرەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەو ناکۆکییەکان و تەنگژە هەنووکییەکانی هەموو بستێکی ئەو جیهانە چارەسەربکات، ئەوەش باشترین بوارە بۆ شەڕکردنی تیرۆریزم، رووشمان بەرووی مرۆڤایەتی بەباشە دەردەکەوێت. ئەگەر ئێمە هاوکارو دەستی گۆڕانی دەستەڵاتدارانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەراست بن، کەواتە ئێمە

لە سەردەمێکی ترو شارستانیەتی تردا دەژین، من ئەوەیان بە تێکەڵکردنی زۆر ترسناك دەبینم، وا ئەمریکایەکان ئەو بوارەیان هەڵبژاردووە، نازانم دەگەنە کێندەرێ، دەبێ هەست لە کاردانەوەی میللەتانی راگرین، بۆ نمونە ئەگەر بتەوێ رژێمی پاشایەتی مەغریب یان لە ئوردن بگۆڕیت، ئەوە تۆ لەگەڵ میللەتەکیان رووبەرووی کێشە دەبیتەوە.! ئەگەرچی رامسفێلدو تشینی کاریگەری زۆریان لەسەر جۆرج بۆش دانابوو، بەڵام کۆلن پاول، توانی سەرۆك بەدەنگ و داوای نەتەوە یەکگرتووەکان رازی بکات، تا بڕیارێکی تر لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەربچێت، بۆ گەڕانەوەی پشکێنەرەکان بۆ عێراق، بەبێ ئەوەی سەدام حوسین مەرجی هەبێت.

## <u>ئامۆژگاری بۆ سەدام:</u>

کە شیراك لە مانگی مایۆ لە هەڵبژاردنی سەرکەوت، دەستەیەکی شارەزای لە خۆی کۆکردەوە، لەوانە دۆمینیك دو فیلبان بوو، ئەوی لە جێگەی هوبرت فیدرین کردە وەزیری دەرەوە. بە ئامۆژگاری و ئاگاداری کۆفی عنانی سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان، فەرەنسیەکان نامەیەکیان بۆ سەدام حوسین نارد، لە نامەکەیاندا ئامۆژگاریان کردبوو، تا لە زەبرو هێرشەکەی ئەمریکە خۆی دووراگرێت یارمەتی و نەرمی بنوێنێت. لە ١٦ ی سپتمبەری ساڵی ٢٠٠٢ عیراق وڵامی نامەکەی فەرەنسییەکانی دایەوەو رەزامەندی گەڕانەوەی پشکێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکانی بێ مەرج دەربڕیبوو، بەڵام ئەمریکییەکان پرۆژەی بریارێکان پێشنیارکرد، ئەویش بەشداری تیمێکی سەربازی ئەمریکی لە کاری پشکنینی پشکێنەرانی نێونەتەوەیی بەشداربن، ئەوەش لەلایەن فەرەنسییەکانەوە بەهیچ شێوەیەك بواری قبوولکردن نەبوو. جۆرج بۆش لە ٢٧ ی سپتمبەرا بۆ باسکردنی دوو





کێشەیە، تەلەفۆنی بۆ سەرۆك شیراك کردبوو، یەکەمیان سوپاسی فەرەنسای کردبوو، بۆ رزگارکردنی ئەو چەند خوێندکارە ئەمریکییەی لە بواکی کەناری عاج، ئەوانەی لەبەر ئاڵۆزیی و رووداوە خوێناوییەکەی لەو وڵاتە گیریان خواردبوو، دووەمیش باسی رەوشی عیراقی کردبوو. سەرۆکی ئەمریکی پێشنیاری کردبوو بریارێکی نێونەتەوەیی توندو بە ئەگەری بەکارهێنانی هێزیش دەرحەق عیراق دەربچێت. هەروەها وتبووی پێویستە بەرامبەر عیراق بەهێزبین، ئێمە هاوکاری بریارەکانی نێونەتەوەیی دەبین، بەڵام من لەگەڵ ئەوەم سەدام حوسین باجە گرانەکەی بدات.

لەو تەلەفۆنەدا شیراك دوو پێشنیاری بۆ سەرۆك بۆش کردبوو. یەکەمیان، سەبارەت بە کارو بەرنامەی پشکێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو، داوای کردبوو گوێ لە هانس بلێکسی گەورە پشکێنەران بگرێت، تا تێبگات ئەگەر سەدام حوسین مەرجی هەیە لە کارکردنی ئەوان و رێگرە لە کارەکانیان. دووەمیشیان، سەبارەت بە بەکارهێنانی هێزبووە، بۆ ئەو بڕارەش لەبەر ترسناکی مەسەلەکە، بە دوو هەنگاو بەرنامەی بۆ پێشنیارکردبوو، چونکە ئەو شەرە لە ناوچەیەك بەرپادەبێت، خۆی هەژاوە زووتر پانکراوتەوە. شیراك داواکاربوو بریارێکیتر دەربچێت، بواریتر هەبێت پێش بەکارهێنانی هێز بۆ مامەلەکردن لەگەڵ ئەو پێشهاتە، ئەگەر سەدام گوێرایەلی بریارەکای پەیوەیست نەبوو، ئەوەش یەکێتی ئەنجومەنی ئاسایشی دەوێت. شیراك مەترسی زۆری لەسەر هەڵگیرسانی ئەو شەڕە هەبوو، ئەو وایدەیزانی ئەگەر رەوشەکە لە عیراق بتەقێتەوە، رووداوی ترسناکی لە دوارۆژ لەو وڵاتە لێدەکەوێتەوە چونکە ئەو وڵاتە زۆرینەی شیعەیەو شیعەکانی ئێران و علوییەکانی سوریاش دەکەونە ناو ئەو گێژاوە، ئەگەر بڵێین سەدام حوسین لاریش لە بریاری ئەنجومەنی ئاسایش بکات، دەبێ گەمە بەئاگر نەکرێت، هەموو

هەنگاوەكانی داهاتوو عاقلانەبێت، ناوچەكە لە شەڕێكی دژوار دووربكرێتەوە.

مەبەست ڕۆیشتنی سەدام حوسێن بوو:

بۆش وڵامی بۆچوونەكانی شیراك بەوە دایەوە، من دەزانم ئەو مەبەستیەتی سەدام دووربخرێتەوە، منیش هاوسۆزی ئەوم، بەڵام ئەوە چۆن دەكرێت ..؟؟ منیش وەك تۆ بۆ دوارۆژی عیراق هەراسانم، ئێمەش هاوكاری ئەوە دەبین، پاش نەمانی سەدام عیراق ئارام بمێنێتەوە. من دەزانم پێشنارەكەتان چەكداماڵینی سەدامە، جا ئێمە چەكی بكەین یان خۆی بیكات ... بەڵام ئەو بە هەموولایەك پێكەنی. بەڵام شیراك وڵامی دایەوە، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە گەمەكردنە بە ئاگرە لە ناوچەكە. ئەو ناوچەیە خۆیان هەست بە ململانێ دەكەن لەگەڵ خۆرهەڵات. ئێمە ناتوانین ناوچەكە ئارام راگرین، باجی زۆر لە ناوچەكە دەدەین، دەبێ ئێمە چەكی عیراق داماڵین و مەرجی لەسەر بكەینە ماڵ، ئەگەر بڕیاری شەركردنی بكەین ئەوە ئەو بەهێزدەكەین و پەلاماری هەموو جیهان دەدات.

شیراك دووبارە مەترسی هێرشەكەی سەر عیراقی خستەوە روو، بەبۆچوونی ئەو تەقینەوەكە جەمسەرەی سێلایەنی بەغداو دمشق و تاران بەهێزدەبێت، راستە شەڕەكە بردنەوەی دیارەو شكانەكەش زانراوە، بەڵام دوارۆژو ئەنجامەكەی كارەساتی لێدەكەوێتەوە، رەوشێكی زۆر جیاوازتر لەو رۆژە دێتە ئاراوە. دووبارە لە ٨ ی ئوكتۆبەر سەرۆك بۆش، تەلەفۆنی بۆ سەرۆك شیراك كردەوەو لە قسەكانیدا بیانۆكانی شەڕەكەی بۆ دووباركردیتەوە، بەڵام شیراك دووبارە بڕاری دانوستان و دیداری لا باشتر بووە، لەگەڵ بەكارهێنانی هێزنەبووە. تا دوا ساتەكانی ئەو رۆژانە ململانێی سیاسی زۆر گەرم لە نێوان واشنتۆن و پاریس





هەبوو، پاریس بەو راپۆرتانەی لەبەر رۆشنایی هەواڵگری ئەمریكی لە رۆژنامەكانی ئەمریكی بڵاودەكرانەوە نیگەران دەبوو، ئەو زانیارییانەی بڵاودەبوونەوە بەراستی نەدەزانی، زۆریان لەسەرئەوە نوسی، گوایە فەرەنسا لە ساڵی ١٩٩٨ ەوە چەند فتیلەی تایبەتی بەچەكی ناوەكی بە عیراق داوە، فەرەنسا لە وڵاتانی وەك رووسیاو عیراق و كۆریای باشوور كۆلۆنی زۆری قەدەغەی كردیتەوە.

شیراك توانی الاسد رازی بكات:

تا دەرچوونی بڕیارەكەی ئەنجومەنی ئاسایش، سەرۆك بۆش بەردەوام پەیوەندی بە شیراك هەبووە، دومینیك دو فیلبان و كۆلن پاول، بەیەكەوە كۆكبوون لەسەر پرۆژەی بڕیارێك دەربچێت هێز دەرحەق بە عیراق بەكارنەهێت. شیراك لە دیداری لوتكەیی ئیتالی فەرەنسی گەڕابۆوە، لەو دەمەدا بۆش پەیوەندی پێوەكردبوو، تا بۆ بەیانی كۆدەنگی بڕیارێك دەستەبەر بكات. پاش ئەوەی شیراك توانی سەرۆكی سوری رازی بكات، بڕیاری ژمارە ١٤٤١ بە كۆی دەنگ لە ئەنجومەنی ئاسایش دەرچوو. پاش دەرچوونی بڕیارەكە هانس بلیكس و محمد البرادعی كەوتنەوە كارو پشكێنەران سەردانی بەغدایان كردووە، گەیشتنەوە بەغداو ئاستەنگیان نەهاتە پێش، دەستەڵاتدارانی عیراقی ئاسانكاری زۆریان بۆ تیمەكان نیشاندا. لە ٢١ ی نۆڤمبەری ٢٠٠٢ سەرۆك بۆش و سەرۆك شیراك لە دیمانەی لوتكەیی نائاسایی پەیمانی ئەتلەسی لە براغ دیداریان بوو، لەو دیمانەیەشدا سەرۆك شیراك، بۆشی هوشیاركردەوە لە مەترسی رووداونی ئەو شەڕە چاوەڕوانكراوە، لەو دیدارەدا نەك تەنها بۆشی هوشیاركردەوە، بەتوورەییەوە بە بۆشی وتبوو:

ئەوەی تۆ دەیكەیت، بوار خۆش دەكەیت، تا چەندین تیمی

کۆپیکردن و گچکەکراوی بن لادن پەیدا دەکەن. شیراك رای وابوو کە مۆشکیان لە بەغدا دۆزیوەتەوەو هەڵیانوەشاندیتەوە، ئەو دەیزانی ئەو رژێمە بەرەو رووخان دەچێت، سەدام کەوتۆتە سەرچۆکان، بە تەنها بە ئەمریکاش دەرووخێت.

<u>ژەنراڵێکی فەرەنسی لە واشنتۆن:</u>

لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٢ هەردوو وەزارەتی بەرگری و دەرەوەی فەرەنسی پاڵپشتی سەد لە سەدی ئالیزیی کردبوو ..؟ هەندێکیش لە وەزارەتی دەرەوە، رایان وابوو لێدانەکەی عیراق لەلایەن ئەمریکاوە دەبێت و گەڕانەوەی بۆ نییە، بۆیە هێزەکانی فەرەنسی بەناچاری لە کۆتاییدا بۆ چوونە ناو وڵاتی عیراق بەشداری دەکەن.

بەپێ وتارێکی یاریدەری پێشووی سەرۆك بیل کلنتۆن، جیمس رۆبن فیلبان لە دانیشتنێکی تایبەتدا پێ راگەیاندبوون، ئەگەر دەوڵەتی عیراق ئێمە تووڕە بکات، ئەوە سوپای فەرەنسی بەشداری هەڤاڵبەندی سەربازی دژ بە عیراق دەکات، سەرکردایەتی بە هەموو پێشهاتێك ئامادەیی هەیە بەشداری بکات، ئەگەر رووسیا یان چین بڕیاری دووەمیش راگرن.

ژەنراڵ جۆن جافیار بە نهێنی لە ١٦ ی دیسمبەر سەردانی واشنتۆنی کردبوو، لەو سەردانەدا بەشداری کۆبوونەوەی بنتاگۆنی کردبوو، بۆ باسکردنی ئەگەرەکانی شەڕەکەیان دژ بە عیراق. لە سەرەتای زستانا ئەمریکییەکان ١٠٠ هەزار سەربازیان رەوانەی کەنداو کردبوو، ئەو هێزەش بریتی بوو لە دوو فرۆکە هەڵگرو ٥١ دەزگا و ٦٠٠ فرۆکەی شەرکەرو سەدان هیلیکۆپتەرو ٧٠٠ تانك. لە ٢٤ ی دیسمبەرا بانگکردنی سەربازیەکەشی تەواوکەری پێشهاتەی شەرەکەبوو، لەوانەش هەزارەها سەربازو ئەفسەریشی رەوانەکردبوو.





ئیمرۆش سەرۆکی فەرەنسی دەڵێت، بوونی ئەو هێزە زۆرە لەسەر سنووری عیراق سەرەتای دەستپێکردنی شەرەکەبوو، لە ١٣ ی ینایر مۆریس قوردولت مۆنتانی ناردبووە واشنتۆن، تا دیمانەی کۆندالیسا رایس ئەو دەمانە راوێژکاری سەرۆکی ئەمریکی بوو بکات، رایس بە مۆریسی وتبوو، لابردن و نەمانی سەدام حوسین بەرنامەی ئێمەیە، ئەگەر نەروات، ئێمە لە وڵاتا دەریدەپەرێنینە دەرەوە.

شیراك بەردەوام خەریکی ئەوە بووە، ئەمریکا رازی بکات شەری عیراق نەکات، چونکە ئەو شەرە تەقینەوەی گەورەو ترسناکی لە ناوچەکە لێدەکەوێتەوە.

پێی وتبوون، ئێوە دەتانەوێت دیموکراسی بچەسپێنن ..؟؟ زۆرباشە دیموکراسی بە پرۆسەی هەڵبژاردن دەبێت، ئەگەر بە هەڵبژاردنیش کار بکەن، ئەوە شیعە زۆرینەی وڵاتن، ئەوان دەبەنەوە، بە بردنەوەی هەڵبژاردنیش شیعە دەستەڵاتی وڵات وەردەگرن، دیارە ئەوەش دیموکراسی ناگەێنێت، کەواتە لۆژێکی تۆ بەرهەمی نەبوو.

شیراك ٣٦ جار بە بۆشی وتووە، با پشکێنەرەکان لە عیراق نەگەرێنەوە، بواریان بدە کاری خۆیان بکەن، کارو بەرنامەی ئەوانە سەدام حوسین لاواز دەکات، ئەو رژێمە بە هەر شێوەیەك بێت دەرووخێت. ئەمریکیەکان بڕوایان بە شیراك نەکردبوو، زۆری کۆشش کردبوو سوپاکەی عیراق هەڵنەوەشێنێتەوە، ئەگەر ئەو سوپا نەمینێت، کێ ئەو وڵاتە دەپارێزێت، ئەو سوپایە هەموو شتی بۆ دەکردن، هەردوولا بۆچوونی جیاوازیان هەبووە بۆ جێبەجێکردنی بڕگەکانی بریاری ژمارە ١٤٤١.

## بەشی کۆتایی:

**<u>هەواڵگری پرۆپاگەندەی بڵاوکردەوە گوایە سەدام منی کڕییوە:</u>**

لە رۆژی ١٧ ی ینایردا ئەمریکییەکان هێدی هێدی لە پاریس تووڕەتر دەبوون، بلیکس و البرادعی هەردوو بەرپرسە گەورەکەی پرۆسەی پشکنینی نێونەتەوەیی، بەدوای چەکی ناوەکی عیراقی هاتنە پاریس، سەردانی سەرۆك شیراکیان کرد، لە دیمانە رۆژنامەگەرییەدا سوپاسی سەرۆکیان کرد بۆ دیدارەکەیان. البرادعی لە بەشێکی لێدوانەکەی لەو دیمانەدا، دووپاتیکردەوە کەوا فەرەنسا رۆڵێکی گرنگی بینبووە، چونکە فەرەنسا لە پێشەوەی کاروانی چەکداماڵینی عیراق بووە، لەو چەند هەفتەیەو لە مانگی داهاتووش هەمان رۆڵی سەرەکی دەبینێت. واشنتۆن بەپەیوەندی پتەوی نێوان راوێژکاری ئەلمانی گیرهارد شرۆیدرو سەرۆکی فەرەنسی جاك شیراك دڵگران بوون، لەهاوینی ساڵی ٢٠٠٢ دا شرۆیدر هەڵمەتی هەڵبژاردنی بە نارەزاییبوونی شەڕکردنی عیراق دەستپێکردبوو، وتارەکانی بۆنی دژایەتی ئەمریکای پێوەبوو، کە لە هەڵبژاردنەکەی سەرکەوت، لە سەرۆك شیراك نزیك بۆوە، ئەو زووتر هەر لە ساڵی ١٩٩٨ ەوە پەیوەندییان بەیەکەوە ساردبوو، کێشەی نێوان ئەو دوو وڵاتە لەسەر سیاسەتی کشتوکاڵی بووە، فەرەنسا رامانی لەسەر ئەلمانیا ئەوەبوو، گوایە ئەو وڵاتە پێگەیەکی پایەداری لەنێو دامەزراوەکانی دەزگاکانی ئەوروپی نییە. هەموو لایەك لە ٢٢ ی ینایردا هەستیان بەوەکرد، ئەو دوو وڵاتە بەرەو نزیکبوونەوە دەچن، ئەوەش لە دیداری یادی پەنجا ساڵەی رێکەوتنی ئالیزی هەستی پێکرا، هەزارەها بەرهەمهێنەری فەرەنسی و ئەلمانی





بەیەکەوە کۆبوونەوە. هەردوو سەرکردە بوون و وەرگرتنی هەناسەیەکی نوێیان لە پەیوەندییەکان وەرگرت، ئەو پەیوەندییەش لە ئەنجومەنی وەزیرانی هاوبەشیش ئاماژەی پێدرا، لەو دیدارەش سیماو شێوەیەکی نوێی بە پەیوەندییە هاوبەشەکەدرا.

**<u>تەنگژەی عیراق نزیك دەبێتەوە:</u>**

کێشەی عیراق دووبارە ئەو دوو وڵاتەی نزیك کردەوە، وەك چۆن سەرۆکی فەرەنسی جاك شیراك وتبووی: ئیمڕۆ جیهان بە ناو تەنگژەیەکی زۆر ئاڵۆز رەتدەبێت، ئەو ئاڵۆزییە هەموو کیشوەرەکان دەگرێتەوە، بەراستی عیراق بوویتە کێشەیەکی گەورەو مەترسی زۆری لە پێشە. شەڕەکە مەرج نییە رووبدات، سەرچاوەی یەکەم و چارەسەری شەرعیش بۆ ئەو تەنگژەییە دەبێ لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بێت، فەرەنساو ئەلمانیا لەلایەن خۆیانەوە دانوستانیان بەردەوام بووە، تا مەسەلەکە بەئاشتی و دانوستان چارەسەربکرێت. شرۆیدر لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکاندا ئاماژەی بەو کێشەیە داوەو نووسیویەتی:

پێش هێرشەکەی ئەمریکا بۆ سەر عیراق، لەماوەی شەڕەکەش پەیوەندی ئێمە لەگەڵ جاك شیراك و فلادیمیر پۆتین زۆر قووڵ و پتەوبوو، زۆر لەیەکتری نزیکبووین، فێری ئەوەبووین چۆن بڕوا بەیەکتری بکەین. لەسەردەمی فەرمانرەوایی ئێمەو سەرۆکایەتی بەرلین لە ساڵی ١٩٩٠ لە لوتکەی یەکێتی ئەوروپیدا، پەیوەندی ئێمە بە سەرۆکی فەرەنسی دوورو ساردیش بووە، بەڵام لە راستیدا نزیکبوونەوە لە کەسایەتیەکی وەک سەرۆك شیراك پێویست بووە، دەبووایە زۆرتر لەو کەسە نزیك ببینەوە، تا باش لە ناخی شاراوەی ئەو بزانین، کردنەوەمان بەرووی شیراك بۆ ئەوە بووە، تا بزانین ئازایەتی و قەناعەتەکانی ئەو سەرچاوەکەی چی بووە.

برنادیت شیراکی هاوسەری سەرۆك رۆڵی بینیوە بۆ کردنەوەو ئاشکرابوون لەیەکتری، لەلایەن خۆمانیشەوە ژنەکەم و مناڵەکانم دەستپێشخەربوون، بۆ دروستبوونی پەیوەندی دووقوڵی نێوانمان، شیراك خۆشەویستی و سۆزی زۆری بۆ کیژە رووسیەکەمان هەبوو، ڤیکتۆریا ئەوەی ماوەیەك بوو، ئێمە بەخێومانکردبووو کردبوومانە کیژی خۆمان، زوو زوو بە تەلەفۆن بەیەکەوە قسەیان دەکرد، ئەگەر وەرگێرەکەی نێوانیشیان ئامادە نەبووایەو زۆریش لەیەکتری نەگەیشتبووانە هاوسۆزیان دەنوواند.

## تەنگژەی ئەوروپی:

ئەگەرچی تەنگژەکەی عیراق، فەرەنساو ئەلمانیای لەیەکتر نزیك کردبۆوە، بەڵام لەسەر ئاستی ئەوروپا کێشەیەکی لێکەوتبۆوە، لەسەر ئەو بابەتە ناسکەدا، نامەیەك لە ئوول ستریت ژۆنرالی لە ٣٠ ی ینایر بە ئیمزای تۆنی بیلرو خۆزی ماریا ئەزنارو سیلڤیو برلۆسکۆنی بڵاوکرایەوە، لەگەڵ نامەکەش ناوی سەرۆکی وڵاتان و حکومەتەکانی پرتگال و دانیمارك و چیك و هەنگاریاو پۆلونیاشی پێوەبوو، ناوەرۆکی نامەکە سەلماندنی کۆکردنەوەی هەموو وڵاتەکان بوو لەسەر قەیرانەکە. ئەو وڵاتانە لە برۆکسل لەسەر ئەو یەکێتیە رەزامەندیان لەسەردابوو، دەزگاکانی ئەوروپی و وڵاتانی فەرەنساو ئەلمانیا ئاگاداری ناوەرۆکەکەی نەبوون، چونکە ئەو دوو وڵاتە بەتەواوی لە ماڵی ئەوروپییەوە دوورکەوتبوونەوە. شیراك لە لیبیراسیون رایگەیاندبوو، کەوا ئەو بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ تۆنی بلیرکردووە، لە تەلەفۆنەکەدا بەهیچ ئاماژەیەك باسی ئەو مەسەلەیەی بۆ نەکردبوو، ئەوەش زۆر نامۆیی و سەرسامی پێوەبووە. پاش چەند رۆژێك وڵاتانی سلۆڤینیاو سلۆڤاکیا بوونە ئەندامی یەکێتی ئەوروپی، ئەندامیەتی وڵاتانی رۆمانیاو





بولگاریاش دوا خرابوو، بەئەندامبوونی وڵاتانی کرواتیاو ئەلبانیاو مکدۆنیا رەزامەندییان وەرنەگیرابوو، ئەو بڕیارەش لە راگەیاندنی فیلینیوسدا کرابوو.

وشەی تەنگژە بەشی گەورەیی رووداوەکەی ئەوروپا ناکات، وڵاتانی ئەوروپی لە نێوان نزیکبوونەوە لە ئەمریکاو هاوسۆزییان دووبەش بوون، دەستەیەکیان هاسۆزی بەرنامەکانی بوون، دەستەکەی تریش، هاوسۆزی دامەزراندی یەکێتی ئەوروپایەکی سەربەخۆی دوور لە مەبەست و بەرنامەکانی ولایەتە یەکگرتووەکان بوون.

ئەمریکییەکان گڕیان گرت کە کۆلن پاول لە فبرایری ساڵی ٢٠٠٥ رایگەیاند، کەوا بۆیان روون بوویتەوە، بەوێنەو بەراپۆرتی تایبەتی و بیستنی تەلەفۆنی بۆیان ئاشکرابووە، کەوا عیراق فرۆکەی هەواڵگری بێ فرۆکەوانی شاردۆتەوە، ئەو فرۆکانە ئەوەندە ترسناکن دەتوانن وڵاتانی هاوسێ و هەتا ئەمریکاش بەمیکرۆب و بکتریا برشێنن، هەروەها لۆری بارهەڵگری گۆمانلێکراویشی بۆ هەمان مەبەست بارکردووە. بەکورتی، عیراق بەقسەی ئەو، دەتوانێت دوور لە راستی، پشکێنەرەکان لەناو ئاردا بخنکێنێت.

## گومانەکانی هەواڵگری فەرەنسی:

هەواڵگری فەرەنسی گۆمانیان لە قسەکانی کۆلن پاول هەبوو، بەرێوەبەرایەتی گشتی هەواڵگری زوو کەوتنەخۆ، بۆ بەدواچوونی راستی قسەکانی بەرپرسە ئەمریکییەکە، پاش وردبوونەوەو بەدواداچوون بۆیان روون بۆوە، هیچ نوێکاری و بەڵگەی بەرجەستە عیراقی

پێ تاوانبار بکرێت لەئارادا نییە، بەپێ راپۆرتەکەی هەواڵگری فەرەنسی، ئەو وێنانەی لە ئەستێرە دەستکردەکانی ئاسمان

وەرگیراون، تەنها بۆ شێواندن و چەواشەكردن و بیانۆی هەڵبەستراوان. بەپێی قسەكانی پاول، بوونی پەیوەندی عیراق بە رێكخراوی القاعدە بەهۆی الزرقاوییەوە بووە، ئەوەش چەند كەسێكی زیندانی دانیان بەوە ناوە، بەڵام هەواڵگری فەرەنسی لە دانپێدانانەكانا، وردبوویتەوەو بۆی دەركەوتووە، ناوەرۆكی قسەكانیان ئەوەی تێدا بەدی ناكرێت. هەواڵگری فەرەنسی هاوسۆزی شرۆڤەكانی هەواڵگری ئەمریكابووینە، كە دوودڵ بووینە لەوەی، ئەو لوولانەی عیراق كریویەتی بۆ پیشەسازی ناوەكی بەكاردەهێنرێت.

سەرۆكی ئەمریكی لە شەشی فبرایردا، بەروونی بە سەرۆكی عیراقی راگەیاندبوو، كەوا گەمەكە دیارە، چونكە كۆلن پاول بەبەڵگە بۆی سەلماندین كەوا عیراق چەكی ناوەكی هەیە، بەڵام سەرۆك شیراك بۆ رۆژی دوایی لە حەوتی فبرایردا، لە سەعات پێنجی ئێوارە تەلەفۆنی بۆ سەرۆكی ئەمریكی كردبوو،

پێیوتبوو، پێویستە خۆتان لەو شەڕە دووركەنەوە، چونكە پشكێنەرەكانی وتویانە، هەندێ شتمان دەستكەوتووەو چاوەروان بن، بۆیە پێویستە چاوەروانی ئەوان بكەین باشترە. ئەوەش لە وڵامدا وتبووی:

سوپاس شیراك تۆ پیاوێكی گونجاوی، من رێزی ئەو سۆزو هەستت دەگرم، ئێمەش شەڕ ناخوازین، بەڵام دەبی ئەوە باش بزانیت، كەوا سەدام پیاوێكی ترسناكەو راستەوخۆ مەترسی لەسەر گەلی ئەمریكی هەیە.! پاش ئەو رستە وشكە، شیراك لەوە تێگەیشت كەوا ناتوانێت سەرۆك بۆش راگرێت، بۆیە بەناچاری بیری لە قۆناخی پاش شەڕەكە كردەوەو بە سەرۆك بۆشی وتبوو:

پێویستە لە خودی خۆمان بگەڕێن.! سەرۆك بۆشیش وڵامی دابۆوە:

ببورە ئێمەو ئێوە بە دوو شێوەی جیاواز بیردەكەینەوە، من





سوورم لەسەر جێبەجێكردنی ئەوەی بڕوام پێیەتی.! پاش ئەو وڵامەش سەرۆك شیراك، بیانۆی بۆ راگرتنی شەڕەكەی باسكردبوو، بەڵام تەلەفۆنەكەیان بەو شێوەیە كۆتایی پێهێنابوو:

بە كورتی ... دوو بۆچوونی جیاوازمان هەیە، رێزمان بگرن..!

لەماوەی نۆ هەفتە دووبارە، ئەو دوو سەرۆكە تەلەفۆنیان لە نێواندا نەمابوو، ئەمریكا كۆششی بەردەوام بوو تا بیرو بۆچوونەكانی فەرەنسا بگۆڕێت، تا ١٥ ی ئەپریلی ساڵی ٢٠٠٣ جۆرەها شێوەیان بەكارهێنا. جۆرەها شێوەی پرۆپاگەندەی ئەمریكی بڵاوكرایەوە، بۆ نمونە هەواڵگری ئەمریكی پرۆپاگەندەی وایان بڵاوكردەوە، كەوا سەدام حوسین سەرۆك شیراكی كڕییەوە، ئەوەش هیچ كاری لە هەڵوێستی شیراك نەكردو هیچ گۆڕانی بەسەردا نەهات. بەرووی ئەو فشارانەوە سەرۆك شیراك وتبووی:

ئەمریكا كار بۆ بەرنامەكەی دەكات، عیراق و جیهان هەموو دەتەقێنێتەوە، چونكە شەڕی ناوخۆ كێشەكان چارەسەر ناكات، ئیمرۆ ئەوەشمان بەراستی هاتەپێش. ئەلمانیاو فەرەنسای دابڕاو لە ئەوروپا پشتیوانی زۆریان لە فلادیمیر پۆتینەوە هەبوو، لە رۆژی دووشەممەی ١٠ فبرایردا، سەرۆك شیراك پێشوازی لە سەرۆكی رووسی كردبوو، كە لە سەردانەكەی ئەلمانیاو دیداری راوێژكاری ئەلمانی گیرهارد شرۆیدر گەرابۆوە، ئەمریكا كۆششی زۆری بە رووی هەرسێ هەڤاڵبەندییە ئەوروپییەكان كردبوو، ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە جەختیان زۆر لەسەر كۆفی عنانی سكرتێری نەتەوە یەكگرتووەكان كردبوو، تا بەردەوام بن لەسەر جێبەجێكردنی بڕیاری ژمارە ١٤٤١ بۆ چەك داماڵینی عیراق. ئەو سێ وڵاتە هاوشانی وەكالەتی وزەی ئەتۆمی و پشكێنەرەكان بوون، بۆ بەردەوامبوونیان بۆ دۆزینەوەی رێگاچارەیەكی ئاشتیانەی مەسەلەی چەككردنی عیراق و هەڵنەگیرسانی شەڕەكە، با شەڕەكە دوا بژاربێت. شرۆیدرو پۆتین پشتیوانی تەواوی سەرۆك

شیراکیان کردبوو، رۆلی رووسیا لەبەر ئەندامیەتی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش زۆر گرنگ بوو، چونکە ئەندامیەتی ولاتی ئەلمانیا دائیمی نەبوو، دوو ولاتی تری ئەندامی ئەنجومەنەکەش، برازیل و شیلی پشتیوانیان بۆ شیراك هەبوو. شیراك وتبووی، من شانازی زۆرم بە سەرۆکی ئەو دوو ولاتە هەبوو، چونکە ئەو دوو سەرکردەیە، بەردەوام فشاریان لەسەر سەرۆکی ئەمریکی هەبووە، رۆژانەش بە تەلەفۆن هەرسێکان بەیەکەوە لەگەڵ سەرۆکی شیلی لەسەر ئەو مەسەلەیە قسەیان کردووە.

لە رۆژی ١٤ ی فبرایری ٢٠٠٣ دۆمینیك دوفیلبان وتارێکی گرنگی لە نەتەوە یەکگرتووەکان پێشکەشکردبوو، لەو رۆژەبوو کە چاورەوان دەکرا، پشکێنەرانی نێونەتەوەیی دوا راپۆرتی خۆیان ئاراستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن، دۆمینیك دوفیلبان لە وتارەکەی وتبووی:

لە تەلاری نەتەوە یەکگرتووەکاندا، پێویستە ئەوە بسلمێنین ئێمە پارێزەرانی هۆشی مرۆڤایەتین، گەورەترین ئەرکمان لەسەرشانە، ئەویش بەئاشتی کۆشش بکەین، بۆ چەکداماڵینی عیراق، ئەو ولاتە لە ناخی رەگی قوولی مێژوودا هەیە، ئەوروپاکەی منیش کۆنە، زۆری لە ئیستعمارو بەربەریەت و شەڕ بەسەرداهاتووە، پێتان دەڵێت، ئەو ولاتە

لەبیرناکرێت، زۆریش لە شەڕکەرانی ئەمریکا ئەوە بەکۆشش دەزانن بۆ ئازادی، ئەو ولاتە زۆر بەرووی مێژوو وەستاوە، هاوشانی پیاوان وەستاوە، داواکارە دەست لەناو دەست بن، هاوشانی کۆمەڵەی نێونەتەوەیی بن، بۆ جیهانێکی باشترو هاوکار.

دومینیك لەلایەن ئیدارەکەی خۆییەوە باش هاندراربوو، چونکە بڕوای وابوو، فەرەنسا پاش ١٤ ی مارس وەك خۆی نامینێتەوە، فەرەنسا دەچێتە پاڵ ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکی، هەروەها لەسەر خوانێکی چەند رۆژنامەنووسێك، لە پەراوێزی





کۆبوونەوەیەکی نارەسمی لە ١٧ ی فبرایردا لە برۆکسل، ئەوەشی وتبوو، کەوا ئەو گەمەیە بەردەوام دەبێت. پاش چەند سەعاتێك لە دوای دیدارە ئاساییەکەدا رۆژنامەنووسەکان، بە سەرۆك شیراکیان راگەیاندبوو، کەوا دوفیلبان ئەو جۆرە قسانەی کردووە، ئەوەش تووڕەی کردبوو و وتبووی:

من بەرپەرچتان دەدەمەوە، ئەوانە قسەی ڤالان، ئەوەشی لە پێش چاوی ئێوە پێدەڵێمەوە، ئەو زانیارییەی هیچ سەرچاوەی نییە، پێویست بە ولامدانەوەش ناکات، چونکە هەلەن و دوورن لە راستی و شێواون.

---

لە رۆژانی ٠٣٠٤٢٠٠٧ ەوە تا ١٠٠٤٢٠٠٧ لە رۆژنامەی (القبس) ی کوێتی بلاوبوویتەوە.

وێنەکان:


دیستان ( لە چەپەوە ) لێرە بە ناشیرینی لەگەڵ شیراک جولاوەتەوە، کە کراوە بە سەرۆک وەزیران.







کە شیراک پۆستی سەرۆکی حکومەتی وەرگرتووە.



شیراک لەگەڵ سارکۆزی لە ساڵی ٢٠٠٤ کە وەزیری دارایی بووە.



شیراک الاسدی رازی کرد تا  دەنگ بە بریارەکەی ١٤٤١ بدەن.





شیراک و شرۆیدرو ژنەکانیان.

# سارکۆزی لە نویلیەوە بۆ ئەلیزی

نووسینی : برونو جودی و لودوفیک فیکۆن

سەرکەوتنەکەی ئەو بۆنی تۆڵەشی لێوەدەهات. بەو سەرکەوتنەی رۆژی شەشی مایۆی ٢٠٠٧، ئەو پیاوە تەمەن ٥٢ ساڵییە گەیشتە ناو کۆشکی ئەلیزی. سی ساڵە سەرۆک کۆماری وا گەنج لە فەرەنسا نەگەیشتووتە ئەو پۆستە، ئەو سەرکەوتنە پاش شەڕێکی دژواری دوورودرێژ لەگەڵ جاک شیراک، بەدەست هاتبوو.

سارکۆزی بۆ گەیشتن بەو کۆشکە ژیاو خەباتی کرد، کۆششی زۆری کرد، تا بگاتە پلەیەکی شکۆدار، تا بەشانازی بژیت، چونکە ئەو لە منالّیدا لەبەر بێباوکی زۆر بێنازبووە، لەبەرئەوەی بە رەچەڵەک هەنگاری بووە، بۆیە کۆششی بۆ سەلماندنی هاووڵاتیبوونیشی دەکرد، وەک چۆن خۆی حەزی دەکرد بۆ جاری دووەم نازناوی دوو خوێنیەکەی بلێتەوە.

سارکۆزی دوودڵ نەبوو ژیان و ئەزموونەکەی بخاتە بەرچاوی میدیا، ئەو پرۆسەیەی ئەو هیچ بەرپرس و سیاسەتمداریتر ئەوەی نەکردبوو، بۆیە ژیانی خۆی بەپارچەپارچەیی لەسەر لاپەرە رۆژنامەو گۆڤارەکان دۆزییەوە. ئەو دوو نووسەرە برونو جودی و لودوفیک فیکۆن، ویستوویانە لەو کتێبەدا کە بە زەنجیرە لە رۆژنامەی ( القبس ) بڵاوکراوەتەوە، نەخشەی بەرنامەی گەیشتنی سارکۆزییان بکێشن، کە چۆن گەیشتە ئەو پۆستە، کە دروشمی ئەوەی بەرزکردبووە، کەوا فەرەنسا تەنها بۆ فەرەنسیەکانە ... و بەس.

سارکۆزی کە ٥٣% دەنگی فەرەنسیەکانی لە هەڵبژاردنا وەرگرت، بووە سەرۆکی فەرەنسای ژمارە شەشەم. لەو شەڕە دژوارەی بەرووی کەسایەتیەتی سۆسیالیست سیگۆلین رویال سەرکەوت. ئەستەنگی زۆری هاتە پێش، نائومید دەبووە، سیسیلیا ژنی شەرمەزاری زۆری بۆ پەیداکردن، شکستی سیاسی گەورەی





رووبەروو بوونەوە، بەڵام ئەو بەرگەی هەموویانی گرت، خەونەکەی هاتەدی، گەیشتە ئەو کۆشکە، سیسیلیا ژنیشی گەیاندە ئاستی پلەی خاتوونی یەکەمی فەرەنسا..؟!! بەوەش تۆڵەی خۆی لە زۆر بوارو کەسایەتی و رووداوەکان سەندەوە.

( من فەرەنسییەکی گچکەم، خوێنیشم ئاوێتەیە ). بەو دەستەواژەیە لەبەردەم هەزارەها دۆستە راسترەوەکانی، لە ١٤ ی ینایر وتەکەی دەستپێکرد، ویستی بەو وشانە لاپەرە شاراوەکانی خۆی هەڵداتەوە، نهێنیەکانی ئاشکرا بکات، ئەو کەسەی لە باوکێکی هەنگاریاوە هاتبوو، بەڵام ئاگادارو شارەزاو دەربازی بۆ رێکەوت و بوارەکانی بۆ کرانەوە.

پێنووسی هنری کوینو نازناوی

( منالّەکە ئاوارەکەی ) بۆ دانابوو، بەڵام ئەو ئازایانە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی بە ناوی من فەرەنیسیەکی گچکەم، بە خوینی تێکەڵ هاتە مەیدانەوە، بە شانازیی بە راسترەوەکەیەوە ئەو نازناوی بە خۆی هەڵگرت.

بە بەژنە کورتە ١٦٥ سانتیمەتریەکەی و بە خوێنە سلاڤیەکەی، هاتە پێشەوە، ئەو لە ناخەوە هەموو دەمێ خوێنی خۆی بە بێگانە ناسیووە، وەک بێگانەیەک لە فەرەنسا ژیاوە، بەڵام ئەو تا دوا پەنجەکانی پێیەکانی ئەو وڵاتەی خۆشویستووە، خەونیشی ئەوەبووە رۆژێک سەرۆکایەتیشی بکات، ئەو وڵاتەی ( بوسکا سارکۆزی ) باوکی لە ساڵی ١٩٤٤ وەرگرتبوو، پاش ئەوەی ئیشتراکیەکان لە هەنگاریا ئەوەیان وەک گەورە ئورستقراتێک لە وڵاتا دەرپەراندبوو.

لەسەروبەندی جەژنی لەدایکبوونی ٥٢ ساڵی لەدایکبوونیدا سارکۆزی خۆی ئامادەدەکرد خەونی پیاوە گچکە فەرەنسییە خوێن تێکەڵاوەکە بهێنێتە دی، تۆڵەی خۆی بکاتەوە، کورتی باڵەکەشی ئازاری زۆری داوە، بە منالّیش لەبەر ئەو هۆیە زۆریان

ئەشکەنجەداوە، ئەو پیاوەی بەنیازی تۆڵەکردنەوە هاتووتە میدان، سارکۆزی لە ٢٨ ی ینایری ١٩٥٥ لە پاریس
لەدایکبووە، برایەکی گەورەترو یەکێکی گچکەتری هەبووە، گەورەکەی ناوی گیلۆم
( بەرێوەبەری پێشووی میداف، گچکەشی پزیشکی منداڵان، زانا لە بایولۆژی ).

سارکۆزی لەبنەماڵەیەکی نەجیب زادەی لادێی لەدایکبووە، باوکی لە لایەن سوپای سوور لە ساڵی ١٩٤٤ لە هەنگاریا دەرکراوە، لە تەمەنی ١٩ ساڵییدا سەرەتا هاتووتە وڵاتی نەمسا، باوکی خەونی ئەوەی هەبوو بگاتە ئەمریکا، بەڵام سەربازێکی بۆقی شەرەف بیرۆکەکەی گۆرییەوە، بۆیە پسولەیەکی هاتنە ناو فەرەنسای بۆ پەیدا دەکات.

بال سارکۆزی سێ ساڵ لە تیمی بۆقی سەربازی فەرەنسی لە شاری مرسیلیا دەمینێتەوە، زۆری نەمابوو شەڕەکەی هیندی ــ چینی بەرەو کۆتایی دەرۆیشت، کە سوپای فەرەنسا پێویستی بە کارەکەی ئەو نەما، تەمەنی ئەوەندە گەورە نەبوو کە لە سوپا دووربکەوێتەوەو تەنها بژیت. لە دەرەوەی سوپا ناوی باوکی سارۆزی لە بال ناغی بوسکا سارکۆزی بووە بە بال سارکۆزی. بال سارکۆزی لە یەکی دیسمبەری ساڵی ١٩٤٨ گەیشتووتە پاریس، تەنها یەک فرنگی لە گیرفاندابووە، خێزانەکەی لە بودابست جێهیشتبوو. پاش پەنجا ساڵ بال سارکۆزی ئاشکرای کردووە، ئەو وەک کەسێکی بێلانەو بێپارە گەیشتووتە ئەو شارە، وەک پەناهەندەیەکی پۆلیتک و راکردوویەک لەدەستی جەورەکانی ستالین لەو شارە بەناچاری گیرساوەتەوە، لەو دەمانەدا ئەو ژنە وەریدەگرێتەوە.

بال سارکۆزی بە ئازادی لەو شارەدا دەسورێتەوە، لە بواری پرۆپاگەندە کار دەدۆزێتەوە، لەو بوارە زەوقی کارو چالاکی





دەدۆزێتەوە، هەر لەو شوێن و لە بوارەدا ( ئەندری ) بەهۆی خوشکیەوە دەناسێت، لە یەکەم دیمانەدا شەیدای دەبێت، بەو دیدارە یەکسەر دەکەوێتەوە داوی خۆشەویستی راستەقینە.

ئەندری مالاەی خوێندکاربوو، یاسای دەخوێند، کیژی دکتۆرێکی ناسراوبوو، ماڵیان لە گەرەکە جوانەکەی خۆرهەڵاتی پاریس بوو، ئەو خێزانە لە هوتێلێکی تایبەتی نازداری گچکە لە بازنەی ١٧ دەژیان، وردتر لە گەرەکی فورتونی، ئەو شوێنەش زۆر لە کێلگەی مونسو دوور نەبوو.

ئەو دوو گەنجە لە ساڵی ١٩٥٠پرۆسەی هاوسەرگیریان پێکوەنابوو، لە شوقەکەی ( فلات ) دکتۆر مالاە گەیشتە تەنیشت خۆشەویستەکەی، کیژەکە کە شووی کردووە وازی لە خوێندنەکەی هێناوە، بۆ پشتیگیری ( بۆل ) وەک خۆی حەزی دەکرد بەو ناوە بانگی بال بکات، دەزگایەکی پرۆپاگەندو راگەیاندن دەکاتەوە.

کە ئاژانسەکەی کردووە سارکۆزی باوک دەرگای بە رووداکراوەتەوە، پرۆژە لە دوای پرۆژە بە روویدا دەکرێتەوە، ژیانیان بەرەو ئارامی دەروات، سێ کوریان دەبێت، لەوانە گیلۆم لە ساڵی ١٩٥١، دووەمیان بە ناوی نیکۆلا لە ساڵی ١٩٥٥ بوو، کە باوکی حەزی کردووە بە ناوی ستیڤان بانگی بکات، سێیەمیان لە ساڵی ١٩٧٥ بە ناوی فرانسوا بووە.

بال بەناو باوکی ئەو منالانەبوو، وەک باوک بە ئەرکی خۆی هەڵنەدەستا، بەردەوام ژن و مێردەکە شەڕیان بووە، ئاگایان لە ماڵەوە نەبووە، لەگەڵ بێدەنگی منالەکان و ئاژاوەی بەردەوامی ئەو خێزانە تەلاقی لێ هاتووتە کایەوە.

جیابونەوەکە سارکۆزی کوری داوەشاند:

نیکۆلا تەمەنی نەگەیشتبووە پێنج ساڵیش کە دایک و باوکی لەیەک جیابوونەتەوە، لەو تەمەنەدا ئەو منالە سەرگردانە دووچاری کاردانەوەکەیەکی دەروونی خراپ بوو. بەڵام دایکی وەک

منداڵەکانی باسیان کردووە، گەراوەتەوە سەر خوێندنەکەی خۆی، بەڵام ئەمجارە دایکی سێ منداڵ، لە یاسا دەستی داوەتەوە خوێندن، بەسەرکەوتوویی دبلۆمی لە یاسا وەرگرتووە، لە کتێبی (دەستەڵات شەهوەتی لە دواوەیە) رۆژنامەنووس کاتین نای بە ژنێکی ئازا ناوی دایکی سارکۆزی هێناوە.

نیکۆلا زۆر لە دایکی نزیک بوو، بەڵام دوورکەوتنەوەی باوکیشی کاریگەری زۆری لەسەر هەبوو، چونکە ئەو دەمانە لە فەرەنسای برژاو کاسۆلیک لە سەرەتای شێستەکانی سەدەی رابردوو بێباوکی و دایک تەڵاقدراو شوورەیی بوو. ئەگەرچی ئەو سێ کورەکەی ئارام و باشیش دەژیاند، بەڵام لەناو هاورێیەکانیان لە قوتابخانە بە بێباوک ناویان هاتووە، سەرکۆنەش کروان.

نیکۆلا سارکۆزی جارێکیان ئەو راستیەی بۆ رۆژنامەنووس ئاستیل دۆنیس ئاشکراکردبوو، کەوا لە رۆژانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنا لە کەناڵی ئیم ٦ بڵاوکرایەوە، ئەو لە تەمەنی منداڵی خۆی زۆر نارەحەت بووە، هەرگیز ئازاد نەبووە، خۆشگوزەران نەژیاوە. کە لە کاروانی سیاسی بەرەو پێشەوە رۆیشتووە، پرسیاری ئەو مەسەلەیان لێکردووە، ئەو زۆر بەئاسایی وەڵامی داونەتەوە، کەوا باوکی زۆر پەراوێز ژیاوە، هەستی بەبوونی ئەو نەکردووە، تا رادەیەک پێویستی بەوەش نەبووە، بڵێ من لەو قۆناخەدا هەستم ...... ئەوەش لە نووسینەکانی ئەوانەی ژیاننامەیان تۆمارکردووە، رەنگی داوەتەوە.

ئەگەرچی نیکۆلا باسی رۆژە تاڵەکانی ژیانی کردووە، بەڵام گیلۆمی برای وتوویەتی، لە راستیدا ژیانی نیکۆلای برام وەک زۆلا نەبووە، زۆلاش ئاماژەیە بە رۆماننووس ( ئەمیل زۆلا ) ، لەلایەن خۆشەیەوە دایکیشی ئەوەی بۆ راست کردیتەوەو وتوویەتی:

کەوا ئەو لەگەڵ برایەکانیدا خۆش ژیاوە، لە ژیانیدا کەموکوری نەبووە، ماڵەکەمان لە ناوچەی بازنەی ١٧ گواستەوە ناوچەی





نویلی لەسەر کەناری رووباری سین، لە فلاتێک لە شەقامی دیگۆل دەژیاین، ماوەی پشوودانەکانیشمان لە ( بونتایاک ) بەسەربردووە، ئەو شوێنەش شوێنێکی ئارامی گەشتوگوزاری بووە، بۆیە پێویست ناکات ئەو کورە ئەوەندە بنووزێتەوەو بۆ رابردووی بگرێت.

سارکۆزی باوک، سێ جاریتر ژنی هێناوە، لەدواییدا لە فەرەنسا بەرەو وڵایەتە یەکگرتووەکان کۆچی کردووە، لەوێ دوو منداڵی بە ناوی ( کارولین ) و ( ئولیڤی ) بووە، نیکۆلاش ئەو دووانەشی بە خوشک و برای خۆیانی دەزانی. باڵ، بەهۆی دایکانەوە ئەندری چاودێری قۆناخەکانی خوێندنی منداڵەکانی خۆی لە دوورەوە دەکرد.

## هۆگربوون بە باپیرییەوە:

ئەو کورە هەزرەکارە لەبەر بێباوکی هۆگری باپیری ببوو، باوکی دایکیان، منداڵەکانی گرتووتە باوەش و چاودێری خوێندنی کردووە، بەتایبەتی کورە ناوەندییەکەیان، ( بینیدکت ) ی باپیری لە وتارەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی زۆر لەلایەن سارکۆزییەوە ناوی هاتووە. لە ئاهەنگی سەرەتای ساڵی ٢٠٠٧ لە ( ئیسیل مولینو ) نیکۆلا بۆ ئامادەبوونی ئاهەنگەی گێراوەتەوە، کەوا ئەو لەگەڵ بینیدکتی باپیری بەیەکەوە پلیتێ مترۆیان برییووەو بەجووتە چوونەتە سینەما، لە پارکەکانیش بەیەکەوە پیاسەیان کردووە، لە ساڵۆنە نزیکەکانی ئەو سینەمایانەدا قاوەیان خواردیتەوە، بە سۆزو وەفاوە ناوی هێناوە. ئەو پیرەمێردە لە دڵی ئەو جێگای تایبەتی هەبووە، ئەو کەسێکی دیگۆلی بووە، لەوە خۆشەویستی ژەنراڵی کەوتووتە دڵیەوە، بە واتایەکیتر ئەو یەکەم کەس بووە، دەرسی سیاسی ئەوی داوە.

## ئاژاوەکانی ناو قوتابخانە:

سارکۆزی لەبەرئەوەی خوێندکارێکی ئاژاوەگێرو بەجوولە بووە، بۆیە هاورێشی کەم بووە. هەر بەوە نەوەستاوە کەوا شەڕی بە هاوپۆلەکانی فرۆشتووە، شەڕی بە گیلۆمی برا گەورەکەی، کە بەژنیش لەو درێژتربوو دەفرۆشت. کورتی بالاَکەشی مایەی نیگەرانی بووە بۆ ئەو، لەبەرئەوەش خەمی زۆری خواردووە. لەبەرئەوەی دایک و باوکیان جیابوونەوە، بۆیە لەناو هاورێیە خۆشگوزەرانەکانیدا هەستی بە شەرم و نارەحەتی کردووە. کە ئەو ژنەو مێردە لەیەک جیابوونەتەوە، ژنەکە منداڵەکانی لەگەڵ خۆی بردۆتە نویلی، بەدروستی لە شەقامی ماریشو نیشتەجێیکردوون، لە خوێندنیدا سارکۆزی خوێندکاریکی زۆر دیارو زیرەک نەبوو، ئاستی مامناوەندی بووە، بەڵام بکالۆریای لە زانستەکانی ئابووری بەدەستهێناوە، تا لە ساڵی ١٩٧٣ لە زانکۆی ( نانتیر ) بۆ خوێندنی یاسا وەردەگیرێت. لەو کاتانەدا سارکۆزی لە دوارۆژی خۆی و خوێندنەکەی دڵنیانەبوو، نەیدەزانی ببێتە پارێزەر، یان وەک ژورنالیستێک کاربکات، چونکە ئەو زۆر ئارەزووی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی هەبوو، حەزی لە یاری فوتبۆلیشی کردووە، بەڵام کە کەوتووتە ناو کاری سیاسی وازی لە سپۆرت هێناوە، ژیانی بەیەکجاری بەرەو ئەو ئاراستە رۆیشتووە.

## سەرسامبوون بە دیگۆل:

سارکۆزی ناکۆک بوو لەگەڵ شیوعیەکان. بەڵام سەرسام بوو بە ژەنرال دیگۆل، لەو دەروازەیەوە چووەتە ناو ریزەکانی ( یەکێتی لە پێناوی دیموکراسی و کۆماری )، نیکۆلا لە ساڵی ١٩٧٤ گەنجەو لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی فەرەنسا، بۆ دەرچوونی کاندیدەکەیان جاک شابان دلماس بەرووی جاک شیراکا





کار دەکات، ئەفیشی پرۆپاگەندە دابەش دەکات، لە کۆبونەوەیەکی دلماس لە بولون بیلونکور بەشداری دەکات.

دووبارە نیکۆلا دەگەرێتەوە ناو ئەو هەڵمەتانە، بەڵام ئەمجارە بۆ خەباتگێرانی ( یەکێتی لە پێناوی بزاڤی میللی ) قسەیان بۆ دەکات:

من لە تەمەنی ١٧ ساڵییدا کە لەو پرۆپاگەندانە بەشداردەبووم، وامدەزانی بۆ جەنگ دەچم.!

کە جاک شیراک خیانەتی لە پاڵەوانەکەی ئەو کردبوو، بۆیە هەڵبژاردنەکەی دۆراندبوو. شیراک پشتیوانی ڤالیری جیسکار دیستانی دەکرد، لەبەرامبەر ئەوەی پۆستی سەرۆک وەزیرانی بۆ بهێڵێتەوە، سارکۆزی نائومێدبوو، بەڵام کۆڵی نەداوە، دیابوو ڤایرۆسەکەی سیاسەت تا ئەو سەعاتەش لە جەستەی چەقیبوو، بۆیە لەو کاروانەدا نەوەستاوە.

کە خوێندکاری یاسابوو، لە زانکۆ پشتیوانی و هاوسۆزی گەرمی هزری دیگۆلی پێوە دەبینرا، لەو رۆژانەدا خوێندکارێکی قۆناخی چوارەمی کولێژی بە ناوی رۆجی کاروتشی ناسی، ئەو یەکێک بوو لە خوێندکارە چالاکەکانی یەکێتی لە پێناوی دیموکراسی و کۆماری. ئەو لە زانکۆ خوێندنی تەواوکردو لەیەک دابران، بەڵام ئیمرۆ رۆجی هاورێی سیناتۆرە لەسەر لیستی یەکێتی لە پێناوی بزاڤی میللی بۆ ناوچەکانی سەرووی رووباری ( سین )، لە هەڵمەتەکەی سارکۆزی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی بێووچان کۆشش و خەباتی بۆ کردووە، هەر لەو قۆناخەدا نیکۆلا، ( بریس هۆترفۆ ) ی ناسیووە، ئەو کوری یەکێک لە خاوەن بانکەکانی نویلی بوو، سێ ساڵیش لەو گچکەتربوو.

کۆمەڵەی برادەران:

بریس کە لە کۆبونەوەیەکی سیاسی لە نویلی وتارەکەی سارکۆزی بیست حەزی کردووە ببێبنە هاورێ، ئەو زۆر حەزی لە خوێندن نەدەکرد، بۆیە لە کاروباری سیاسی زۆر گەرم بوو، تا وای لێهات، ئەو گەنجە چوارشانەیە، بووە سێبەری سارکۆزی گچکە لە کاری بەردەوامی سیاسییان.

ئەو دووانە بوونە دوو برادەری گیانی بەگیانی، کەم لەیەک دووردەکەوتنەوە، لە دوارۆژا بووە شاهیدی ژنهێنانەکەی و ناونانی منداڵی یەکەمیان، لە هەموو سەرکەوتن و گیانبازییەکانی بەشداردەبوو، هاوبەشی یەکبوون لەناو خێزانە گچکەو گەورەکاندا، تا بەیەکەوە پۆستی وەزارەتیان وەرگرت، وەزارەتی ناوخۆو وەزارەتی منتدب بۆ کۆمەڵەی هەرێمەکان.

سارکۆزی لە یەکێک لە رەببیەکانی سەربازی لە بالات پاریس، یەکێکی تری ناسی، پاشان بووە وەزیر، ئەویش ناوی ( ئایریک راوول ) بوو، ئەو سێ کەسە ئێواران بەیەکەوە بوون، لە نویلی لە فلاتێکی خێزانی بەیەکەوە کۆدەبوونەوە، تا وای لێهات ئەو فلاتە کرا بە پاشکۆیەکی یەکێتی لە پێناوی دیموکراسی و کۆماری لە پاریس.

یەکەمین بەرپرسیاریەتی:

بۆ ماوەی پێنج ساڵ سارکۆزی پۆستی بەرپرسی ئیدارەی لاوانی یەکێتی لە پێناوی دیموکراسی و کۆماری وەرگرت، ئەو پۆستەی یەکەمین پۆستی سیاسی بوو سارکۆزی لە سەرەتای ژیانی سیاسییدا وەریگرتووە. کاروانەکە بەردەوام دەبێت، لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی جاک شیراک ئەو سێ سەربازە لە وێنەیەکدا دیارن کە لە ( پەیمانگەی نیشتیمانی بینین و بیستن )





پارێزراوە، لەو وێنەیەدا سارکۆزی دیارە بەقژی درێژی بەگڵوازەوە بۆ کامیرایەکی تەلەفزیۆنی لەسەر چەپەکانی میتران و بۆ هەوادارنی جیسکار قسان دەکات. لە تەنیشت ئەویشەوە بریس هۆتفۆرو ئایریک راوول و هەروەها جێگری یەکێتی لە پێناوی بزاڤی میللی ناوچەی فوکلوس، تیری ماریانییش وەستاون.

لە جیاتی ٥ دەقە ئەو ٤٥ دەقە قسەی کردبوو:

شارل باسکای گەورە بارۆنی فیدرالی لە سەرووی سین، روبرت گروسمان سکرتێری سەرپەرشتکاری گەنجان، کە زانیان ئەو گەنجە نەناسراوەی کولێژی یاسا، چاپوکەو لێهاتوو دیارە، پاش ئەوەی سارکۆزی لە کاروانی گەنجان سەرکەوتنی باشی دەست هێنابوو، سارکۆزی گەنج بواردرا لە دانیشتنەکانی نیشتیمانی یەکێتی لە پێناوی دیوکراسی و کۆماری لە مانگی یونیوی ساڵی ١٩٧٥ لە شاری نیس، لەو دانیشتنەدا قسە بکات، کە لە تەلەفزیۆنی ( تی ئیف ١ ) پەخش دەکرا. نیکۆلا تەمەنی ٢٠ ساڵ بوو، لەو تەمەنەدا جاک شیراکی تەمەن ٤٢ ساڵە سکرتێری گشتی بواری بە سارکۆزیدا بۆ ماوەی ٥ دەقە لەسەر سەکۆی ئەو کۆبونەوەیە قسە بکات، بەڵام ئەو کە گەیشتە سەر سەکۆیەکە بۆ ماوەی ٤٥ دەقە بێوەستان قسەی بۆ کردن، ئامادەبووان هەموویان لە بەندی وتەکانی بوون بەتایبەتی کە دروشمی دیگۆلییەکانی وتەوە، کە لە کاروانی خۆییدا بەرزکردیتەوەو برواى پێیەتی، کە وتی: ( کە بویتە کەسێکی دیگۆلی واتە تۆ کەسێکی بەهێزیت ).!

هەڤاڵە خەباتگێرەکانی ناو حزب کە سارکۆزییان لەبەر مایکرفۆن بینی، تێگەیشتن وتاربێژێکی بەتواناو بەکارە. سارکۆزی سەرەتای سەرکەوتنەکانی لە دوو دیمانەی گرنگەوە دەستی پێکردووە، یەکەمیان لەگەڵ ( ئاشیل بیرتی ) سەرۆکی شارەوانی نویلی دیمانەی کردو داوای کردبوو لەناو لیستی هەڵبژاردنەکانی

ناوچەییدا ناوی تۆماربکەن، دووەمیشیان چاک شیراکی بینیبوو، کە شیراک پێشوازی کردبوو، ئەو دیمانەی لە کۆشکی ماتینیون بوو، واتە لە بارەگای سەرۆکایەتی وەزیران، بەڵام بەداخەوە سارکۆزی دەقی ئاخاوتنەکەی ئەو دیمانەی لە بیرنەماوە، بەڵام ئەوەندەی لەبیرە کەوا قاچە درێژەکانی شیراکی کە لە بن مێزەکەدا دەیهەژاندن، کە باش لەو دیاربوون بینیبوو.

<u>شیراک چاکەی زۆری لەسەر ئەو هەبووە:</u>

نیکۆلا سارکۆزی لە کتێبەکەی ( ئازاد ) دا نووسیویەتی:

لەو دەمانەدا شیراکم وەک کەسێکی بەهێزو بەتوانا بینی.!

دیارە ئەو کاتە هەستی نەدەکرد ئەو بەو جولە دەمارگیرییەی خۆی، وەک گەنجێکی تێنوو بێ سەرمایەو کۆنتاکت بگاتە ئەنجامێکی شایستە. دەبووایە چاوەروانی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٧ کردبایە، تا سوپاسی جاک شیراکی کردبایە کە بواری بۆ خۆشکرد، بێتە ئەو مەیدانە، لە ١٤ ی ینایری لە کۆنگرەیەکدا ئەو بۆ ئەو پۆستە کاندیدکرا، لە ١٢ ی مارسدا جاک شیراک لە شەپۆلی رادێوی فەرەنسای نێونەتەوەییدا، وەک کاندیدی یەکێتی لە پێناوی بزاڤی میللی کشانەوەی خۆی راگەیاند. بۆیە سارکۆزی لە پێش کۆبونەوەیەکی دۆستانەدا وتبووی:

ئای کە کات زۆر بەخێرایی دەروات، وەک دوێنێ بوو شیراک سەرسامی خۆی بە من راگەیاند، من دەگەرێمەوە بۆ سۆزەکانی ئەو دەمانە، کە لە شاری نیس یەکەم کۆبوونەوەمان سازکرد.

لە هاوینی ساڵی ١٩٧٥ ەوە ئەو گەنجە ئامادەیە، بریاری دا لە خەباتا بەردەوام بێت، لە کاروانەکە نەوەستێت، تا لە ١٣ ی مارسی ١٩٧٧ دا لە شارەوانی نویلی، بە پشتیوانی ئاشیل بیریتی ئەوەی لە ساڵی ١٩٤٧ەوە سەرۆکایەتی کردبوو، بووە ئەندامی





ئەنجوومەنەکە شارەوانیەکە.

<u>خەبات بۆ مانەوە:</u>

ئەو لیستەی ئاشیل بیریتنی بۆ هەڵبژاردن ئامادەی کردبوو، لە ٣٦ کەس ناوی سارکۆزی لە کلکی خوارەوەی لیستەکەبوو، لەو رۆژەوە ئەو لە خەبات و بەربەرەکانی بەردەوام بووە، شەڕی ئەو کەسانەی کردووە، ئەوانەی بۆ لادانی کاریان دەکرد، بەڵام ئەو کۆڵی نەداوە، لەو شارەوە لە کاروانە سیاسیەکەی دەستی پێکردووە، بە کارکردن و ئامادەیی بەردەوامی لە کاروباری شارەوانیدا وەک کەسێکی پێویست و شایستە خۆی چەسپاند، تا وای لێهات بیریتی بە چالاکییەکانی سەرسام بوو، بۆیە لە لیستی ساڵی ١٩٨٣ لە ژمارە ٣٧ ەوە هاتە پێشەوە بۆ ژمارە ٧ لە لیستی هەڵبژاردنەکەی ئەو ساڵەدا، چاوەرانییەکەی زۆری نەخایاند تا کات و سەعاتی ئەویش هات.

جاک شیراک لە ساڵی ١٩٧٦ دیگۆلیە کۆنەکانی دوورخستەوە، ( یەکێتی لە پێناوی کۆماری ) دامەزراند، هەروەها بۆ سەرۆکایەتیەکانی ساڵی ١٩٨١ بەرووی نەیارەکەی ڤالیری جیسکار دیستانی خۆی سازکرد. شارل باسکوا داوای لە نیکۆلاکرد یەکێتیەکان ساز بکات، لەسەر ئەو داوایەدا ئەو گەنجە چالاکە کەوتەخۆ بۆ بەکارهێنانی گشت وزەکانی بۆ نوێکردنی بوارەکان بە مەرجێک لەگەڵ سروشتی ئامادەبووان بگونجێت، پێشەنگی ناوەکان لە ناودارانی بواری ستران و بواری تر پێکهاتبوو. ئەوەی سارکۆزی کردی زۆربوو، هێشتا ئەو نەببووە سەرۆکی کۆمار، ئەو تەنها لە لیستی هەڵبژاردنی شارەوانی نویلی نوێنەری ژمارە ٧ بوو.

لەو ماوانەدا سارکۆزی کە لە یاسا دبلۆمی وەرگرت، لە ئەنجومەنی قەزای پاریس دامەزراو سوێندی یاسایی خوارد، پێش

هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیەکانی ساڵی ١٩٨١ لەگەڵ ( ماری دومینیک کولیولی ) پرۆسەی هاوسەرگیری پێکوەنا، ئەو خاتوونە گەنجە بە نەژاد کورسیکی بوو، لەو ژنە دوو کوری بە ناوی ( بییر ) و ( جۆن ) بوو.

لە ٣١ ی ینایری ساڵی ٢٠٠٧ دا لەبەردەم مایکرۆفۆنی رادیۆی ئەوروپا ١ دا، سارکۆزی ئەوەی لەدڵی بوو هەڵیرشت، لایەنە تایبەتیەکانی بەرووی بەرهەڵستکارەکەی پاککردەوە، بەئاشکرا بە کاندیدی سەرۆکایەتی سۆسیالیستەکانی سیگۆلین روایالی وتبوو:

من قەرزاری کەس نیم، کەس پێشەوام نەبووە، من لە دواوەی دواوەی هۆڵەوە هاتووم، من لەلای خەڵکیش خۆشەویست نەبووم، پێشتریش ئەمیری کۆمار نەبووم، بۆ ئەو رۆژەو بۆ گەیشتنم بەو پۆستە بە دژواری و بەسەختی شەڕم کردووە، دەبووایە هەموو بەربەستەکانی پێش خۆم دەرباز بکەم، ئێستاش یەک بەربەستم لە پێشدا ماوە، ئەویش دوا هەنگاوە.!

نیکۆلا زۆری لە شارل باسکوا هەڵچنیبوو، لەو شارەزای هونەری دبلۆماتی ببوو، بەڵام شاگردەکە لە مامۆستاکەی زیرەکتر دەرچوو، زۆریش بە پێش ئەو کەوت. ئاشیل بیتیری سەرۆک شارەوانی نویلی پاش ئەوەی ٣٦ ساڵ وەک سەرۆک شارەوانی مایەوە ،کتوپڕ لە ١٤ ی ئەپریلی ١٩٨٣ کۆچی دواییکرد. ئەو پێشهاتە وای لە نیکۆلای تەمەن ٢٨ ساڵانە کرد بێتە مەیدانی ئەو بەربەرەکانێیە، بێتە ناو گەرمەی شەڕەکە، بە هاوپشتی هاورێی بریس هۆرتتۆو باتریک بلکانی کۆششیان کرد زۆربەی راوێژکارەکان دەنگ بۆ بەرپرسی پێشووی بەرژەوەندییەکانی کارگوزاری مەدەنی نەدەن، دەنگ بەدەنە سارکۆزی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی شارەوانی.

ئەو شەڕەو ئەو سەرکەوتنە بۆ سارکۆزی بووە پێگەی یەکەمی سەرکەوتنی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی بەرەو کۆشکی ئالیزی. ئەو





سەرنەکەوت لەبەرئەوەی ئەو وەک گەنجێک کراوە بە سەرۆک شارەوانییەک، کە سەرژمێرییەکی لە ٥٠ هەزار کەس زۆرترە، بەڵکو هەنگاوی نا لەناو رێزەکانی یەکێتیی لە پێناوی کۆمارییدا کارو بەرنامەی زیندوو بباتەوە پێشەوە، بەوەش پلەی پایەداری باشی وەرگرت. زۆریش بووە جێگەی بایەخ و پێزانین.

## دایک دڵشادە:

کە سارکۆزی لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانیدا سەرکەوت، دادۆی دایک کامەران و سەرفرازبوو، یادی سەرکەوتنی بۆ کورەکەی سازکردبوو. بۆ نووسەری بیرەوەرییەکانی لانیتا هۆسر، سارکۆزی لە ساڵی ١٩٩٥ بۆ یەکەمجار کاری لێکراوە، ئەو دیمەنەی بەو شێوەیە گێراوەتەوە: من کە برسیم دەبووە، هەرگیز خواردنم داوا نەکردووە، بەڵکو چوومەتە پێش تا خواردەنم دەست بکەوێت.

## گێرانەوەکەی شیراک:

شیراک کە بابەتی کتێبێکی بۆ ژورنالیست بیار بیۆن گێرایەوە، ئەویش بەناوی کەسە نەناسراوەکەی ئالیزی بڵاویکردەوە، لەو کتێبەدا شیراک ئەوەی ئاشکراکردووە، کەوا ئەو زۆر یارمەتی نیکۆلا سارکۆزی داوە، تا لە کاروانەکەی سەرکەوێت، ئەوەش بەپێچەوانەی سەرکردەی یەکێتی لە پێناوی بزاڤی میللی هاتووە. جاکیش بۆ سەرکەوتنەکەی ئەو لە یەکەمین شەڕیدا لە شارەوانی نویلی، هەموو قسەکانی پێش خۆی راست دەکاتەوەو وتوویەتی: ئەگەر من نەبووام، تەنها من نەبووام هەرگیز سارکۆزی لەسەر کورسییەکەی ئاشیل بیتیری دانەدەنیشت، سەرۆکی فەرەنسی بەدڵنیاییەوە دەگێریتەوە، کەوا سارکۆزی زۆر شەیدای ئەو کورسییەبوو، بەڵام کارەکە وا ئاسان نەبوو. بەڵام سارکۆزی کەسێکی ئازاو ئارەزوومەندبوو، وایدەزانی دەبێ هەموو شتەکان

لە پێناوو خزمەتی ئەودابن، تەنها بۆ بەرژەوەندی ئەوو مەبەستەکانی ئەو بێت و بەس.

دیارە کەوا جاک شیراک لە گێرانەوەی لاپەرە کۆنەکان ترساوە، ئەو وتوویەتی:

من ئەو دەمانە سەرۆکی شارەوانی پاریس بووم، دەبووایە من بریارێک و چارەسەرییەک دابنێم، من بە باسکوام وت، تۆ خۆت بۆ سەرۆکایەتی کاندید مەکە، کارەکە بۆ سارکۆزی چۆڵ بکە، ئەو گەنجەو تاقەتی هەیە، دەبی ئێمە بوار بۆ گەنجان خۆش بکەین.

بەڵام سارکۆزی بەپێچەوانەی ئەو قسانە وتوویەتی: یەکێتی لە پێناوی کۆماریی بەکاریگەری و بەپێناوی ( برنار بۆن ) گوشاری زۆریان لەسەر من کرد، کەوا شوێنەکەم بۆ کەسانی تر چۆل بکەم، من دەست لەو پرۆژەیە هەڵگرم.

پاش ٢٤ ساڵ جاک شیراک ئەوەی درکاندووە کەوا سارکۆزی لەو رۆژەی لە هەڵبژاردنەکانا دەرچووە، بەردەوام دەڵێ من هیچ نەبووم، بەڵام نەوەستام و کۆششم بەردەوام بووە، بەڵام ناڵێت بەردەوام من پشتیوانی ئەوم کردووە، ئەو یارمەتی منی لەو کاروانە داوە.

## میدیا سارکۆزی ئاشکرا دەکات:

لە پایزی ساڵی ١٩٨٣ سەرۆکی شارەوانی پاریس ئەو گەنجەی هێناوەتە لای خۆی.. پرسیارەکە ئەوەیە، بۆ ئەو گەنجەی گرتووتەخۆی، دیارە سارکۆزی گەنجێکی ئازاو چالاک بووە، ئەگەر ئیمرۆش شیراک ئەو هوکارە باسیش نەکات، ئەوەیان راستە، سارکۆزی هێناوەتە لای خۆی، چونکە کاری پێبووە، ئەندامێکی وریاو زیندوو بووە، هیچ شتێک لەسەر لاپەرەکانی میدیا بزر نابێت، نووسیبویان، سارکۆزی جارێک ناوی خۆی بە هەڵە نووسیوە، لەجیاتی بە پیتی ( س ) بنووسێت، بە پیتی ( ز )





نووسیویەتی، ئەوەشی لە کاروانی کارکردنیدا زۆری بەسەرهاتووە.

فرانس سوار، ژنە ژورنالیست وتارێکی درێژی لەسەر سارکۆزی نووسیبوو، لەو وتارەدا وتبووی:

سەرۆک شارەوانی نویلی مەشروب ناخواتەوە، جگەرەش ناکێشێت، لەو کاتەی من ( لۆماتان ) م دەنووسی، بەیانیان سەعات چارەگەیەکی بوویت بۆ حەوت، ئەو دەگەیشتە نووسینگە تایبەتیەکەی خۆی لە شارەوانی، حەزی بە خواردنی شۆکۆلاتەش دەکات. لۆفیگارۆش ئاماژەی بەوە داوە، لەو ماوەی پارێزەری وەرزشوانان هنری لۆکۆنت و لۆرانت فینیۆن بووە، دەرکەتووە کەوا پیاوێکی بەخشندەبوو. سارکۆزی ئەو هەموو قسەو رامانانەی لا گرنگ نییە، ئەوەی ئەو لەلای گرنگ بووە، ئەو لە جەنگەکە سەرکەوت، هەڵبژاردنەکەی بردەوە، ئەو وەک کەسێکی بە نەژاد هەنگاری توانی تۆڵە لە برژوا فەرەنسیەکان بکاتەوە، ئەوانەی هێشتا ئەویان وەک هاوولاتیەکی فەرەنسی قبول نییە، برژواکان بە چاوی بێگانە تەماشای دەکەن. لە نویلی سارکۆزی وەک دبلۆماتێک ناوی دەرکرد، لە ساڵی ١٩٨٥ وەک راوێژکاری گشتی، پاشان وەک راوێژکاری ناوچەیی هاتە دامەزراندن، بەوەش هەموو دەروازەکانی بۆ خرانە سەرپشت. لەو قۆناخەدا سارکۆزی پەیوەندی بە کەلە ناسراوەکانی میدیای فەرەنسی پەیداکرد، وەک پاتریک بوافرو جۆن ماری کافاداو دانیال بلالیان، هەر لەو سەردەمەدا پیاوانی دەسترۆیشتووی پیشەسازی وەک مارتان بویجس و برنار ئارنۆی ناسی، بە چەند ساڵێک سارکۆزی تۆرێکی فراوانی لە برادەران لەناو ولاتا دامەزراند. لەوەوە سارکۆزی هەستی دەکرد ئەو شارە گچکەیە تێنوویەتی ئەو ناشکێنن، چاوی لە وەزارەت و کۆمەڵەی نیشتیمانی بریبوو، خەونی گەورەتری دەبینی. بەڵام شارل باسکوا خەونەکەی پوچەڵکردەوەو ناوی لە لیستی پاڵێوراوانی ناوچەکانی سەرووی سین، کە لەلایەن

یەکێتیی لە پێناوی کۆماری بۆ هەڵبژاردنی یاسادان دادەنرا دەرهێنابوو. شارل باسکوا ئەو جارە نیکۆلا سارکۆزی لە دیوانی تایبەت بە مەترسییەکانی کیمیایی و ناوەکی دانا، تا لە ساڵی ١٩٩٢ پۆستی وەزارەتی ناوخۆی وەرگرت، وەک یەکێک لە بەهێزترین سەرکردەکانی یەکێتی لە پێناوی کۆماری دەرکەوت.

کە یەکەمجار هاتووتە ناو گۆرەپانی بۆفۆ ( ئەو گۆرەپانەی وەزارەتی ناوخۆ تێدایە ) دەوری گچکەو پەراوێزبوو، بەڵام ئەو زیرەکانە جێگەی بۆ خۆی خۆشکردووە، کە لەو بنکەیەدا دامەزرا کاری زۆری کرد، کلۆد گیوی ناسی، ئەو پیاوە یەکێک بوو لە کەسە سامییەکان، پاسەوانی تایبەتی شارل باسکوابوو، پاشان بووە بەرپرسی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیەکانی. لەو دەمانەدا سارکۆزی زۆری مەبەست بوو بگاتە ناو کۆمەڵەی نیشتیمانی فەرەنسی، هەلێکی بۆ هەڵکەوت، ژنە پەرلەمانتار فلۆرنس دارکور لە پەرلەمان دەرچوو، شیراک ئەوی لە شوێنە ڤالاکەی ئەوی دانا، بەوە هەنگاوە سارکۆزی لە ساڵی ١٩٨٨ گەیشتە ناو کۆشکی بۆربۆن، هەر لەو ساڵەشدا سیگۆلین روایال لە هەڵبژاردنەکانی یاسادان بووە پەرلەمانتار، ئەویش بە پشتیوانی فرانسوا میتران بوو.

### لە باوەشی گەرمی جاک شیراکدا:

ئەو دەمانە کۆمەڵەی نیشتیمانی فەرەنسی بۆ راسترەوەکان شیاو نەبوو، پاش ئەوەی دووجار جاک شیراک لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی سەرنەکەوت، نەیتوانی بگاتە کۆشکی ئالیزی. زۆر لە هاورێیەکانی گومانیان لە لێهاتوویی ئەو پەیداکرد، بۆیە (برنادیت) ژنی وتبووی فەرەنسیەکان جاک شیراکی مێردمیان خۆش ناوێت، بەڵام سارکۆزی بڕوای بەو هەبوو. شیراک بۆ هەنگاوێکی تازە خەریکی دانانەوەی ماڵەکەی بوو، بە هەڤاڵیەتی





ئالان جوبیەو نیکۆلا سارکۆزی بەرەو پێشەوە هەنگاوی نا، ئەو پێشهاتە راسترەوە نوێیەکان بە سەرپەرشتی میشال نوارو فیلیب سیگان و دومینیک بودی و شارل میلو نیەگەران کرد، نارەزاییان هەبوو.

رابەری یەکێتی لە پێناوی کۆمارییدا سارکۆزی راسپارد، شانەیەک بۆ سەرپەرشتی هەڵبژاردن دامەزرێنێت، خۆیان بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ساڵی ١٩٩٥ سازبکەن، سارکۆزی بۆ بەرژەوەندی شیراک کەوتە کار، بەردەوام لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن بەرگری لە سەرکردەکەی دەکرد. لە دیوێکی ترەوە، بە ئاستی بەرەواژیش نوێنەری ناوچەکانی سەررووی سین بۆ دوارۆژی سیاسی خۆی کارو کۆششی بەردەوام بوو، بۆ ئەو مەبەستە لە وەزیری پێشووی ئابووری ئەدوارد بالادور نزیک کەوتەوە، بەڵام زۆرینەی دەنگدەرە راسترەوەکان بەرووی هەڵسانەوە، دژی بیردۆزی خۆژیاندنەکەی بەنیازبوو پەیرەوی بکات نارەزاییان نواند. پاشان ئاشکرایکرد کەوا ئەو دووسەرە کاریکردووە، وەک جۆن یاساش ئاماژەی پێداوە، من بەربەرەکانی بەرژەوەندی هەست پێناکەم.

شیراک هەرگیز گومانی لە سارکۆزی نەبوو، تەواوی دەستەڵات و متمانەی پێدابوو، بە ماوەیەکی کەم، بووە کلیلی دەستەکەی ئەو، شیراک زۆر بەویست و چالاکی و بەرنامەکانی رێکخستنی سارکۆزی سەرسام و دڵشادبوو، هێشتا نسکۆکانی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ساڵی ١٩٨١ ی لەبیرنەکردبوو. ئەو دەمانەش دەستە گەنجەکەی لە هەڵبژاردنەکان هاتبوونە پێش، هێشتا کارکەرو چالاک نەبوون، دەستیان لەناو یەکێتیەکە ئەکتیڤ نەبوو، بەڵام دەستەکەی شارەوانی نویلی پێکهاتوو لە بریس هوتفوو روجی کاروتشی و ئیریک راوول و کریستیان ئاستوری و باتریک دیفیجیان، بەبێ ترس بارەگاکەی جیهازی دیگۆلی شەقامی ( لیل

) یان کۆنترۆلکرد. سەرکەوتنەکەی سارکۆزی و پرشنگدانی ئەو لەلایەن جیهازی دیگۆلییەوە زۆر پەسندنەبوو، زۆریان سەرۆکی شارەوانی ( نویلی ) و شێوەی کارو دابڕانی یەکجاری لەگەڵ دیگۆلییە میللیەکان بەراست نەدەزانی.

## پشتیوانی شیراک:

سارکۆزی لەلای گرنگ نەبوو لەناو حزب چی روودەدا، هەڵوێست چۆنە، ئەوەی لەلای ئەو مەبەست بوو شیراک بوو، بۆ ئەو وەک پسوولەیەکی سپی وابوو، نەشیدەویست ئەو پلەیەی بەدەستی کەوتووە، لەگەڵ کەسیتر بەشی بکات.

جێگری سکرتێری گشتی نوێی ( یەکێتی لە پێناوی کۆماری)، لەسەرەتای نۆهەدەکان بەهاوکاری سەرکردەکانی ئەرکانی ئوپوزسیۆنی ( یەکێتی لە پێناوی دیموکراسی فەرەنسی ) و ئالان میدلان، کۆششی بەردەوام کرد تا ئوپوزسیۆن بەرنامەکەی لە تشریعاتی ساڵی ١٩٩٣ سەرکەوت. وەک پیشەی جارانی خۆی سارکۆزی بۆ سەرگرتنی بەرنامەکەی و هاتنەدی خەونەکانی، راستەوخۆ پەیوەندی بە جاک شیراککرد، ئەو گەیشتنەش بەرێنمایی ( کلۆد ) ی کیژی شیراککرا، ئەو کیژە شەرمنە لەتەنیشت باوکییەوە بۆ پلەو پایەک کاری دەکرد، لەبەرامبەر ئەوەش سارکۆزی، بەڵێنی بە کیژەکەدا بۆ خۆپێگەیاندن لە مەیدانی پەیوەندی سیاسی و برواکردن بە کارو بەرنامەکەی هاوکاری بێت. ئەو کیژە لە دیمانەیەکدا لە ساڵی ٢٠٠٤ دا بۆ رۆژنامەی بیاتریس گۆری ئاشکرای کردبوو، کەوا سارکۆزی مامۆستای ئەو بووە لە سیاسەتدا. ئەو دووانە وایان لێهات بەردەوام بەیەکەوەبوون، بۆیە سارکۆزی بە ناوی خوشکە گچکەکەم ناوی دەبرد، نەک تەنها کیژەکەی شیراک دۆستایەتی لەگەڵ سارکۆزی خۆش و بەردەوام بوو، برنادیت شیراکیش





سارکۆزی خۆش دەویست، رێزی زۆری دەگرت، زۆریش بۆ نانخواردنیش بانگی ماڵەوەشی دەکرد، وەک ئەندامێکی خێزانەکەیان لەسەر خوانیان ئامادەدەبوو. کە بووە قوتوی هزرەکانی سەرۆک و یەکێک لە کەسە نزیکەکانی ئەو خێزانە سارکۆزی شۆخی زۆری بەخۆی دەهات، پەیوەندییە باشەکەی کلۆدو سارکۆزی لە پشتەوەی کوالیسەکانی شارەوانی پاریس و بارەگای یەکێتی لە پێناوی کۆمارییدا باس دەکرا.

پەیوەندی ئەو کیژەو سارکۆزی زۆر تەماوی بوو، بۆیە جارێک سارکۆزی پرسی نهێنی ئەو پەیوەندییە بە ژورنالیست نیکۆلا دومیناش وتبوو، کەوا پەیوەندییەکان راستیە، بەڵام کلۆد لە ساڵی ٢٠٠٤ ئەو قسەیەی ئەوی بە درۆ خستبۆوە، کەوا ئەو دۆستی سارکۆزی نەبووە. خاتوونی یەکەمی فەرەنسا وتبووی پەیوەندی سارکۆزی بە خێزانەکەمان پەیوەندییەکەی گەرم و دڵسۆزییە، ئەو لێدوانەی برنادیت تا ماوەیەکی زۆر بابەتی سەرەکی میدیاکان بوو. لە ساڵی ١٩٩٢ کلۆد شیراک شووی بە دبلۆمات فیلیپ هابر کردبوو، لە مەراسیمەکانیش سارکۆزی ئامادەیی هەبوو، ئەو شاهیدی بووکەکەبوو.

بەدرێژایی رۆژگار جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی لە پێناوی کۆمارییدا هێدی هێدی خۆی لە شیراک دوور رادەگرت، دەبێ هیوای بەو نەمابێت ..؟؟ یان دەیەوێت بۆ خۆی ئازاد بێت، تا لە کۆت و پەیوەندەکانی رزگاری بێت..؟ ئەو دوورکەوتنەوەی سارکۆزی لە کتێبەکەی ( ئازاد ) بیانۆی بۆ هێنابۆوە، بەو شێوەیە پێناسەی پەیوەندییەکەی کردبوو:

من هیچ رۆژێک پڕ بە پیستی وشە، خۆم بە برادەری شیراک نەزانیبوو، دیارە لەلای ئەویش بێ گومان وابووە.

دونیس تیلیناکی برادەری سەرۆک شیراک، ئەوەی لە ناوچەی کوریزەوە هاتبوو، بۆ ئەو مەسەلەیە ئەو بۆچوونەی هەبووە:

جاک شیراک رۆژانە هەستی دەکرد نیکۆلا سارکۆزی بەرەو پێشەوە دەچوو، گەشەی دەکرد. بەپێچەوانەی ئالان جوبیەو پاشان دومینیک دو فیلیبانیش کەس لە نوێنەرانی ناوچەکانی سەرووی سین نەبوونە یاریدەرانی ئەو دووانە. پاشان ئەو رستەیەی بەردەوام دووپاتیکردیتەوە، بۆ هێنانەوەی بیانۆ بۆ دوورکەوتنەوەی لە سەرۆکی کۆماری فەرەنسی.

لەبەر هەرچی هۆکارێک بێت سارکۆزی لە هوتێلی شار لە پاریس نەدەبینرا، بە نزیکنوونەوەی کاتی هەڵبژاردنەکانی یاسادانان، سەرۆک شارەوانی نویلی بەپشتیوانی و بڕوای زۆری شیراکەوە خۆی بۆ وەزارەتێک ئامادەکردبوو، کام وەزارەت گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە پۆستێکی وەزاری وەرگرێت. ئێستاش کار بۆ ئەوە دەکات متمانەی ئادوارد بالادور بەدەست بهێنێت، کە بەنیازە سەرۆکایەتی حکومەت وەرگرێت. ئەو پیاوە بەو ناسراوبوو کەوا بەپەلەو بەبەرنامەو عینادە، لە کارکردنیشدا هیچ دەرفەتێکی رزگار نەدەکرد، بە هەموو کۆششەوە لە کاتی هەڵبژاردنەکانی دا بۆ پۆستی سەرۆکایەتی راسترەوەکان کاری کردووە.

لە پایزی ساڵی ١٩٩٣ دا سەرۆک فرانسوا میتران ئادوارد بالادوری کردە وەزیری یەکەم، سارکۆزیش وەک پەیڤداری حکومەت و وەزیری بودجە دانرا، بەڵام زۆری نەخایاند سارکۆزی وەک بەهێزترین پیاوی حکومەتی ناوداربوو. جۆن بوتورال لە رۆژنامەی لوفیگارۆ بەو شێوە پێناسەی سارکۆزی کردبوو:

سارکۆزی ئەگەرچی بە تەمەن گچکەبوو، بەڵام تەمەنی کاری سیاسی زۆرە، لە مارسی ساڵی ١٩٧٧ ەوە دەستی بە سیاسەت کردووە، بەڵام ئەو زۆر سەیر بەرزبۆتەوە، هەموو لایەک بەو دیاردەی ئەو سەرسام بوون. ئەو لە ناو دبلۆماتە ناسراوەکانی کە ژمارەیان لە پەنجەی دەست تێپەڕ ناکات، وەک فرانسوا میتران،





جاک شابان دلماش، ڤالیری جیسکار دیستان، لۆران ڤابیوس، گچکەو نادیار بوو، بەڵام لە هەموویانی بردەوە.

## هەڵکەوتنەکەی چاوەڕانکراوبوو:

با پێش رووداوەکان نەکەوین، سارکۆزی هیچ لە ئیستگەو قۆناخەکانی کاری سیاسی پازی نەداوە، هەموویان بەئاسایی بڕییووە، بە ئیستگەکان گوزەری کردووە بۆ گەیشتن بە پۆستی سەرۆک کۆماری فەرەنسا، لە تەمەنی بیست ساڵییدا راوێژکاری شارەوانی بووە، لە تەمەنی ٢٨ ساڵیدا بوویتە سەرۆک شارەوانی، لە تەمەنی ٣٠ ساڵییدا بوویتە جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی گشتی ناوچەکانی سەرووی سین، لە تەمەنی ٣٣ ساڵییدا پەرلەمانتاربووە، لە تەمەنی ٣٨ ساڵییدا وەزیربووە، لە نێوان ساڵانی ١٩٧٧ و ١٩٩٣ دا بەرێژەیەکی زۆر خێرا سەرکەوتووە، بەڵام هەموو پلەکانی ئاسایی بڕییووە، بەڵام بەخێرایی بوون، بێگومان بەرزبوونەکەی خێرابووە، بەڵام لەناکاو و بەرێکەوت و ریکۆردشکێن نەبووە.

## خیانەتی لە شیراک کردو پشتیوانکردنی بالادوری لا باشتربوو:

ئەستێرە گەشاوەکەمان لە ناوچەیەکی بە ئاژاوەو ناکۆک، هاتووتە ناو یەکێتی لە پێناوی کۆمارییدا، پاش ئەوەی بڕیاری داوە پشتیوانی لە بالادور بکات، کە وازی لە شیراکی کۆنە هاوڕێ بهێنێت، لەو رۆژەوە نازناوی خائینی بەرکەوتووە، بەو ناوە پێناسەکراوە. پاش ١٣ ساڵ نیکۆلا سارکۆزی بیانۆی هاوشانی ئادوارد بالادوری ئاشکراکردووە، بەو شێوەیەی گێراویەتەوە:

من پشتیوانی ئادوارد بالادورم کردووە، سەبارەت بە وەزیری یەکەمی پێشوو وا دەزانم پێویست ناکات داوای لێبووردنی لێبکەم. دیارە ئەو رووداوانە لە مێژووی هاوچەرخی راسترەوەکان

ئاساییە، بۆیە ئەویش بەئاسایی زانیووە، ئەوەی شایانی باسە نیکۆلا سارکۆزی لە لیستی هەڵبژاردنەکەی جاک شیراک دەرچووە، ئەوەش بۆ شیراک پێشهاتێکی بەژان و ناخۆش بوو.

نیکۆلا سارکۆزی کە پۆستی وەزارەتی بودجەی وەرگرتبوو، بەڵێنی دابوو بەپێی یاسا، ئەوەندەی یاسا بواربدات، خزمەتی سەرۆکی یەکێتی لە پێناوی کۆماری و سەرۆک وەزیران بکات. لە راستیدا پاش دە ساڵ لە وەرگرتنی دەستەلات لە ( نویلی )، ئەو لەو رۆژەوە بە دەوری لاوەکی رازی نەبووە، بەڵکو هەر لەو کاتانەدا ئارەزووی بووە ببێتە ( چەقۆی یەکەم ). لەناو ئەو رەوشەدا سارکۆزی ویستوویەتی لەگەڵ هەموولایەک کاربکات، سەرەتا کاری لە پسولەو پلیتەکان دەکرد، ئەوانەی یاریدەرەکانی لە وەزارەتی بودجە بۆیان ناردووە، دانیش بەوە دادەنێت، کەوا لە ژیانیدا پێی لە بارەگەی لیژنەی دارایی کۆمەڵەی نیشتیمانی نەناوە، زانیاریشی لە ژمێریارییە گشتیەکانیش نەبووە. بەڵام سارکۆزی زوو شارەزای کارەکانی خۆی بوو، شەوانە تا درەنگ بەدیار دۆسیەکان دەمایەوەو کاری زۆری لەسەر دەکردن، بەو شەونخونیانە شارەزایی و لێهاتوویی پەیداکردووە.

پۆستی بودجەکە کلیلی بوو بۆ ماتینیون:

کاتی خۆی کە پۆستەکان دابەشکراوە، سارکۆزی بەرێکەوت، وەزارەتی بودجەی هەڵنەبژاردووە، دەستنیشانەکەی بەبەرنامەبووە، زانیوویەتی ئەو شوێنە کلیلی چوونە ژوورەوەیە بۆ ماتینیون

( بارەگای سەرۆکایەتی حکومەتی فەرەنسی )، لەگەڵ ئەو پۆستەشدا پێگەکەی خۆی بە ناوی پەیڤداری رەسمی حکومەت قایمتردەکرد، پەیوەندیکردن جیهانی ویستی ئەوبوو، ئەو پارێزەرە زۆر وریایە لە سازکردنی راپۆرتەکانی حکومەت و چالاکییەکان





شێوەی شیاوو راستەوخۆیان پێوەبوو، لەو کارەدا شارەزایی لە مەیدانی بیستن و دیتندا لا پەیداو کارامەکرد.

یەکەم دیداری بە سیسیلیا:

لەو قۆناخەدا کەسایەتیەکی نوێ لە ژیانی وەزیرە گەنجەکە پەیدابوو، لەو رۆژانەدا سارکۆزی سیسیلیای ناسی، یەکەم جار لە ساڵی ١٩٨٨ دیمانەیان بوو. سیسیلیا سیگانی لەگەڵ جاک مارتانی بێژەر لە تەلەفزیۆنی فەرەنسی دۆستایەتیان هەبوو، بەڵام بە یەکەم دیدار ئەو پیاوەی خۆشویست، بەڵام تا ساڵی ١٩٩٦ بۆ هاوسەری چاوەروان بوون. سیسیلیا لەگەڵ مێردەکەی گەیشتە وەزارەت، لەوێ نووسینگەیەکی بۆ خۆی دامەزراند، کە لەگەڵ میدیاکان ئاشنایەتی پەیداکرد، خوانی ئێوارانی لە وەزارەت سازدەکرد. سیسیلیا تا ئەو دەمانەش کەسێکی نەناسراوبوو، ئەو ژنە جوان و ناسکە نەکەوتبوو بەر تیشکی میدیا. نیکۆلا سارکۆزی لەو رەوشە تازەیەدا چاوی میدیاو ژورنالیستەکانی بۆ خۆی راکێشا، ئەوانەی لە سەفەرەکان هاوشانی دەبوون یارمەتی دەدان، بەڵام هەرگیز نهێنیەکانی تایبەتی خۆی لا نەدەرکاند، بەو شێوەیە ئەو وەک کەسایەتیەکی ناودارو بەبایەخ لە میدیاکان ناوی دەرکرد، رۆژنامەکانی پاریس سۆراخیان دەکردو گرنگیان پێدەدا.

بەو شێوەیە سارکۆزی تۆرێکی بەهێزی لە گۆرەپانی میدیاکانا بۆ لای خۆی راکێشا، لەبەرئەوەی لەو ماوەیەدا، لەو دە ساڵەدا رەخنەشی زۆری لێگیراوە بۆیە زوو بەرهەمی ئەو کۆششەی دەرنەکەوت، کە پەیوەندییەکانی ئاستی نوێ وەرگرت، بۆیە بینینی میدیای لەسەر گۆڕا، ئەوەی بەهۆی دەرکەوتنەکانی لە بواری میدیاوە دەستی کەوتبوو، بووە جێگەی رامان و دەمەتەقی زۆری پیاوانی سیاسەت، بەتایبەتی لە هەڵمەتەکەی

هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ساڵی ٢٠٠٧ .

ڕووداوێکی سەیر:

تازە سارکۆزی ببووە وەزیر، لەو ڕۆژانەدا ڕووداوێکی سەیر ڕوویدا، ئەو ڕووداوە بۆ دوارۆژی سیاسی ئەو کاردانەوەی پۆزەتیڤی زۆری هەبوو، کاروانی ئەو پیاوەی بەرەو سەکەوتن برد، لە ١٣ ی مایۆی ساڵی ١٩٩٣ دا، کابرایەکی بێکارو دەمامکدار، هێرشی بردە سەر مناڵانی باخچەی ساوایانی شارکۆ لە نویلی، ٢١ مناڵی بەدیل گرت، مناڵە تەمەن سێ چوار ساڵییەکان و مامۆستاکەیان ژیانیان کەوتە مەترسی، ئەو پیاوە سەرلێشێواوە نەخۆشە. لەبەرئەوەی کابرایەکی بێکارو بێهوابوو، بۆیە هەموو شتی خراپی لەدەست دەهات، ترسی لە ناوچەکە پەیداکرد، کابرا بۆ ئازادکردنیان داوای ١٠٠ ملیۆن فەرەنگی فەرەنسی دەکرد، بۆیە وەزیرە گەنجەکە بۆ دانووستان گەیشتە لای کابرایەکە، لە گەرمەی تەنکژەکە سارکۆزی لە شوێنە ترسناکە پەیدابوو، چوونی ئەوو ترسناکی ڕووداوەکە هەموو وڵاتی سەرقالکردبوو. بۆ بەیانی وەزیری ناوخۆ شارل باسکوا فەرمانی کوشتنی کابرای دەرکرد، بۆیە پۆلیس تەقەیان لە پیاوەکەکرد، سێ گوللەیان لە کەللەی سەریدا، کابرایان کوشت، ڕووداوەکە دوو ڕۆژی خایاند، ئەو ماوەیە باسی ترسناکی لە ژیانی مناڵەکان و ئازایەتی سارکۆزی دەکرا، لەو ڕۆژەوە سارکۆزی لەسەرانسەری وڵات ناسرا.

سارکۆزی ئەگەرچی لەگەڵ وەزیری یەکەم لەسەر زۆر لایەن و بابەت ناکۆک بوون، بەڵام بەو پیاوە زۆر سەرسام بوو، بۆیە ئاسایی بوو کە بێتە سەر هێڵە سیاسییە ئازادە ئەورووپی میانڕەوەکەی ئادوارد بالادور، ئەویش لەلای خۆیەوە بەهێزو داهێنانەکانی سارکۆزی سەرسام بوو. بە هەمان شێوەی کە لەگەڵ ئاشیل بیریتی لە شارەوانی نویلی و لەگەڵ جاک شیراک لە





یەکێتی لە پێناوی کۆماریی ڕفتاری کرد. ڕۆژانە کەسایەتی سارکۆزی لەسەر ئاستی حکومەت وای لێهات نەکرا دەستبەرداری ئەو بن، لە هەموو بوارەکان کاری بە سارکۆزی دەبوو.

یەکەم دیمانەی لەگەڵ میتران:

وەزیرە گەنجەکە وەک وەزیرەکانی تری حکومەتی بالادور نەبوو، کەسایەتی فرانسوا میتران لا خۆشەویست نەبوو، بۆیە سەرۆکیش پەیڤەکەی حکومەتی ئاراستەی ئەو نەدەکرد. سارکۆزی ئەندامی ئەو وفدە بوو کە بە سەرۆکایەتی میتران لە ساڵی ١٩٩٤ سەردانی ئوزباکستانیان کردبوو، لەو سەفەرەدا بوار سازبوو سارکۆزی و سەرۆک درێژترین دیداریان ببێت، پاش نانخواردنەکەی ئێوارە سەرۆک لە سارکۆزی پرسی بوو، چی لە ئەدەب دەخوێنێتەوە، ئەویش وڵامی دابۆوە، کەوا ئەو حەز دەکات گەشتەکەی سیلین لە درەنگانی شەودا بخوێنێتەوە، هەروەها جوانییەکەی سینییری ئالبریت کۆهینی دەخوێنێتەوە، فراسواش بەوی وتبوو، من ڕۆمانی کولومبای بروسبار میریمیم لا زۆر سەرنجراکێشە. لەو دیمانەیەدا کەسایەتی میتران کاریگەری زۆری لەسەر سارکۆزی کردبوو. بۆیە تەواوی دەمەتەقییەکەی ئەو ئێوارەیەی لە کتێبەکەی خۆی ( ئازاد ) نووسیوەتەوە.

کە میتران ڕۆژانەی بۆ نووسینەوە گێڕاوەتەوە، لەوێ لای نووسەرەکە ئەوەی ئاشکرا کردووە، کەوا لەناو وەزیرە گەنجە ڕاسترەوەکان دووانیان چاوەڕوانی پاشەڕۆژی دیاریان لێ دەکەم، ئەوانیش فرانسوا بایرۆو نیکۆلا سارکۆزییە. ئەو دوو پیاوە دریغیان نەکرد بۆ پشتیوانی ئادوارد بالادور بۆ دەرچوونی لە هەڵبژاردنەکەی سەرۆکایەتی، بەیەکەوە سەیری دوژمنە هاوبەشەکەیان جاک شیراکیان دەکرد.

بالادور تاکەکەس بوو سارکۆزی بەرەو سەرکەوتنی

هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ببات، ئەویش لە ژووری ساڵۆنەکەی دادۆی دایکی وێنەیەکی خۆی و وەزیری ئابووری ئادمۆند الفندیریی و سەرۆکی هەڵواسیبوو.

نیکۆلا: هەرگیز جاک شیراک برادەری من نەبووە:

لە کۆبونەوەیەکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە پێناوی کۆمارییدا، لە ٢٤ ی نۆڤمبەری ساڵی ١٩٩٣ لە پاریس شیراک و سارکۆزی یەکتریان تەڵاقدا، لەو رۆژە ئەو دوو کەسە بەیەکەوەو بەتەنها قسەیان دەکرد، ئەو دەمە نەزانرا ئەو دوو پیاوە ئەو دەمە چیان وتووە، بۆیە لە مانگی ینایریدا سارکۆزی باسی ئەو دیمانەی کردیتەوەو وتوویەتی:

من شێوەی ئاخاوتنەکەی ئەوم بەدڵ نەبوو، بۆ پشتیوانیکردنم لە بالادور بە منی وت، تۆ هەموو هێلکەکانت لە سەبەتی یەک کەسدا دادەنێیت. تا زۆرتر واقیعانەتر بم، چونکە ئەو بەو قسەیە منی دەگرت و منی دەبەستایەوە، شیراک هیچی بۆ دەهێشتەوە بێجگە لەوەی من زۆر بەراشکاوانە بیدوێنم، راستەوخۆ قسەم لەگەڵ کرد، پاش ئەوەی سەرۆکایەتیەکان ئاشتبووینەوە، ئەوە سێ ساڵ و نیو سەرلەنوێ لەیەک جیابوینەوە ... دەبووایە چاوەروان بن تا سەردەمی حکومی سەرۆکایەتی شیراک تەواوبێت.

بۆ راگەیاندنی دەقی بەسەرهاتەکەی کە بۆ بیار بیونی گێراوەتەوە، کە لە کتێبی نەناسراوەکەی ئالیزی نووسراوەتەوە:

دەمەوێ ئەوەت پێ رابگەێنم کەوا من پشتیوانی بالادور دەکەم.

ــ باش گوێ بگرە، تۆ هاتوویت تا ئەوەم پێ بڵێت ..؟

ـــ من سیاسەت دەکەم، من سیاسەتمدارم من دڵنیام ئەو دەردەچێت، بۆیە پشتیوانی دەکەم.

ــ باشە، چیت دەوێ بیکە.!

هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی هەردوو لیستەکەی شیراک و بالادور





بە دژواری بەرێوەدەچوو، کاری توندوتیژیشی تێکەوتبوو .. بەڵام هەموو شتەکان تەواوبوو، ئەگەر شیراک براوە بووایە، ئەوە راسترەوەکان بۆ یەکلاکردنەوەی مەسەلەکەی دەستەگەرییەکەی ناویان دەست بەکاردەبوون. لەو دەمانەدا کەسایەتی سارکۆزی وەک خائینێکی مۆدیل ناسک دیاربوو، ئەو زۆر دڵنیابوو کەوا بالادور دەردەچوو، بەردەوام هاوشانی نیکۆلا بازیری بەرێوەبەری دیوانی بالادورو پاسەوانە نزیکەکانی پالێوراوی سەرۆکایەتیەکان دەردەکەوت.

هەروەها سارکۆزی بێجگە لە وەزیری بودجە. وەزیری گەیاندن و پەیڤداری حکومەتیش بوو، دیارە وەزیرەکە ئالان کارینیون لەبەر ئاشکرابوونی دۆسیەی گەندەڵی دەستی لەکار کێشابۆوە. ئەو دەرکەوتنەوەی ئەو بەو شێوەیەو کەسە دیارەکانی ناو مەیدانی سیاسەت و حکومەت زۆر دڵگران و بێزازبوون، لەپێشەوەی هەموویان شارل باسکوا. میدیای فەرەنسی زوو پێشبینی ئەوەی کردبوو کەوا شیراک بەرەو کۆتایی دەچێت، هەروەها دوورخستنەوەی کاندیدی بەرەی نیشتیمانیش لیونیل جۆسپان باس دەکرا.

سارکۆزی زۆرتر بروای بەوە دەهێنا کەوا کاندیدکراوەکانی لە خولی یەکەم دەردەچێت، پێویستیان بە دەورەی دووەمی هەڵبژاردن نابێت، ئەو بوچوونەشی بەئاشکرا لە بەرنامەیەکی سیاسی تەلەفزیۆنی ( سەعاتی راستی ) دەربڕیبوو. لە راپرسییەکدا کە سەرۆکایەتی حکومەت داوای کردبوو، سارکۆزی داواکاربوو راسترەوەکان بۆ یەک پالێوراو دەنگ بدەن، لە دەورەی یەک کەسدا کۆببنەوە، لەوەشدا هەوادارانی بالادور گوشاری توندیان لەسەر شیراک کرد، بۆیە لە گۆشەیەکی تەنهایی مابۆوە.

نیکولا سارکۆزی بەئامادەبوونی هاورێیەکانی لە ٢٨ ی ینایری ساڵی ١٩٩٥جەژنی چل ساڵەی لەدایکبوونی سازکرد، دبلۆماتە

ئامادەبووەکان ژمارەیان زۆربوو وەک پاتریک بالکانی، پاتریک دیفیجیان، هەردوو پیاوانی کار، مارتان بویگس و برنار ئارنولت، هەروەها چەند ناوێکی دیاری میدیای فەرەنسی وەک میشال دونیسوو بییر لیسکۆر، لەو ئاهەنگەدا ئەوەی پێوە دیاربوو کەوا بالادور هەڵبژاردنەکان دەباتەوە، بۆ بردنەوەکەش تەنها سەد رۆژیان ماوە.

## شەڕەکانی پشت پەردە لە نێوان کاندیدکراوەکان:

شەڕەکانی نێوان پاڵێوراوەکان گەرمبوو، بالادور ٥ ملیۆن فەرنگی تری بە فرۆشتنی سهمەکانی دابین کردبوو، لەو لاشەوە بریادیت شیراک بۆ دابینکردنی بڕێک پارە لە ناوچەی ئایسون، پارچە زەوییەکی ماڵەوەیانی فرۆشتنبوو. هەوادارانی شیراک وەزیری بودجەیان تاوانبارکردبوو، کەوا دەستی هەبووە لە چەواشەکردنی بریادیت شیراک، بەڵام سارکۆزی تا ئیمرۆش ئەو توومەتە رەتدەکاتەوە. بەڵام کێشەکەی شولر ماریشال ئادوارد بالادوری ماندوو و سەرقال کردبوو. چونکە قازی ئێریک هالڤان گومانی لە بونی شێوەیەک لە گەندەلی لە دیوانی نیشتەجێی لە پاریس و ناوچەکانی سەرووی سین دەکرد، کە ئەو لە ماوەیەدا سەرۆکی ئەنجوومەنە گشتیەکەی سەرەتای ئەو پرۆسەیە پشتیوانی بالادوربووە.

لە کۆتایی مانگی فبرایر ئەنجامی راپرسییەک بڵاوکرایەوە، لەو راپرسییەدا بەختی شیراک باشتربوو، سەرکەوتنی بەسەر بالادوری پێوەدیاربوو، ئەوەش یەکەم بەرزبوونەوەی کێرڤەکەی ئەو بوو، کە لەو ماوەیەدا راپرسی کرابێت، لە سەندووقەکانی دەنگدانی ٢٣ ی ئەپریلی ١٩٩٥ دا، شیراک توانی ٢٠،٨ % لە کۆی دەنگەکانی دەستەی دەنگدەرانی بهێنێت، بەڵام بالادور تەنها ١٦،٨% دەنگی هێنابوو، واتە پاش لیونیل جوسپان ئەو دەرچوبوو،





کەواتە پلەی سێیەمی وەرگرتبوو.

## شیراک سەرۆکە:

پاش دوو هەفتە، سەرۆکی شارەوانی پاریس پاش شەڕێکی دژوارو سەخت بە سەرۆکی کۆماری فەرەنسی هەڵبژێردرا، لە دوای ئەو سەرکەوتنەی بۆ برادەرانی ئاشکرای کردبوو، کەوا کەسێکی پیس و ناشیرین نیم، بەڵام شتەکانم لەبیرناچێتەوە. لەو رۆژانەدا نیکۆلا سارکۆزی لە شارەوانی نویلی خۆی ماتکربوو، کەوتە بەرە بەرهەڵستی و خۆراگری. سارکۆزی بەردەوام ئەو قسەیەی (نیتشە) ی لە بیر مابوو کە وتوویەتی:

ئەوەی نەمکوژێت بەهێزم دەکات.

سارکۆزی بەو دروشمە ورەی بەرزکردەوەو کەوتەوە مەیدانی خەبات، لە بارەگای سەرۆکایەتی شارەوانی نویلی بەکارو چالاک بۆوە. لەو رۆژانەدا ئەو پیاوە بەهێزەی سەرپەرشتی هەڵمەتی سەرۆکایەتی بالادوری دەکرد بۆ سەرۆکایەتی لە ٢٤ ی سپتمبەری ١٩٩٥ هەست بە نیگەرانی و نامۆیی دەکات. دووبارە سارکۆزی وەک نوێنەری ناوچەکانی سەرووی سین لە ئەنجومەنی نیشتیمانی هەڵبژێردرایەوە، یەکێکمان لە ئێمەی نووسەرانی ئەو کتێبە خۆی لەو نزیک کردووە تا پرسیاری دوارۆژی سیاسی شیراکی لێ بکات، هەروەها لە رەوشی وەزیری یەکەم ئالان جوبیەی لێ پرسیار بکات، دیاربوو نەک هەر نەیویست وڵامی بداتەوە بە پرسیارەکەش سەری کەوتبووە ژان، بۆیە وای لا باشتر حەلوای شکولاتەکەی پێشی ببرێت، کە لەو کاتەدا قاچ لەسەر قاچ دانیشتبوو. لە رۆژنامەنووسەکە بە دەستەی بە حەلوایەوە نزیک بۆوە، سەربەرزانە وتبووی:

پێیان وتم ٤ ملیۆن فرنگی فەرەنسیت دەدەینێ، دووریش لە چاوی میدیاوە، نەمویست. دەبێ من تۆڵە لە نسکۆکەی بالادور لە

هەڵبژاردنەکە بکەمەوە. باسی زۆر کرا بەڵام ئەو تەنها باسی سیاسەتی کرد، هەر بە سیاسەت وەنووسابوو، دیارە ڕێگاکەی پێشی دوورەو زۆری لە پێشدا ماوە.

## ژانەکانی تەنهایی:

هەفتەکانی پاش نسکۆکەی بالادور، بۆ سارکۆزی زۆر گران و زەحمەت بوون، ئەو ماوەیە درێژبوو هەر تەواو نەدەبوو، سارکۆزی و فرانسوا لیوتار زۆر سەرکۆنە دەکران، زۆریان پێ دەوترا، هەوادارانی شیراک زۆریان رەخنە کردن، بەتایبەتی لەو ماوەیەی دانیشتنەکانی لایەنە راسترەوەکان بە ناوی ئاشتبوونەوە، کە لە نێوان باڵی سارکۆزی و باڵی بالادور ساز دەکران. ئامادەبووانی ئەو دیمانەیە بێ شەرم و بە ئاشکرا دەیانووت:

سارکۆزی خائین، سارکۆزی پیس،

دیارە کەوا سارکۆزی ئەو دروشم و جنێوانەی هەرگیز لەبیرناچێت، بۆیە کە بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیەکان دەستنیشانکرا، لە ١٤ ی ینایری ساڵی ٢٠٠٧ دا ئاماژەی بەو رۆژانە داوە. کە سارکۆزی ئەو ئەسپەی ئەو بەتەمای بردنەوە بوو دۆراندی، لە گۆشەیەکی نووسینگەکەی خۆی لە شارەوانی نویلی گیرسایەوە، هەموو برادەرەکانیشی پشتیان تێکرد، بۆیە تەنها مایەوە. هەر بەیەکجاری زەنگی تەلەفۆنەکەی دەنگی نەما، پاش ئەو رفتارانەی ئەو کردی فامیلی شیراک بەیەکجاری پەیوەندیان بەو پچراند.

کە باسی ئاشتبوونەوەی دوو باڵەکەی ناو راسترەوەکان دەکرا، سەرۆکی فەرەنسی بایەخی بەو قسانە نەدەدا، بۆیە ئەو تەنها پشتیوانی ئەوانەی دەکرد کەوا پشتیوانیان دەکرد. ئەو رۆژانە بۆ سارکۆزی زۆر زەحمەت بوو، نەیدەزانی بۆ چارەنووسی دوارۆژی چی بکات، ئایا واز لە سیاسەت بهێنێت، تا ژیانێکی خۆشر بۆ





خۆی دەستەبەر بکات، یانی چی کۆڵ بدات، یان دووبارە بگەرێتەوە سەر کاری پارێزەرییەکەی، نووسینگەکەی بکاتەوە .. چی بکات .. کام ئەگەر بۆ ئەوە باشە ..؟؟ ئەگەرچی وازیشی لە سیاسەت نەهێنابوو، خۆی لە ئەنجومەنی قەزای پاریس ناونووس کرد.

## کۆشش بۆ لەبیرچوونەوە:

سارکۆزی کۆششی کرد دێوەزەمەکەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیەکان لەبیرخۆی بباتەوە، کۆششی کرد خۆی بە کاری رۆژنامەگەری خەریک بکات، خەونی لەمێژینەی منداڵی بهێنیتەدی. ئەوەش چیرۆکێکی سەیرو نامۆبوو، سۆفی فای لە لۆمۆند لە ساڵی ٢٠٠٤ ئاماژەی پێکردبوو، کە ئەوەیان نسکۆکانی هەڵبژاردنەکەی پێ دەشارێتەوە، چونکە دیارە ئەو نیازمەندە لە ساڵی ٢٠٠٧ بەشداری هەڵبژاردنەکان بکاتەوە.

سارکۆزی زۆر بەنهێنی ٢٤ نامەی خەیالی نووسیبوو، لە نامەکاندا کە هەندێکی بۆ خۆی نووسیبوو، هەندێکی تری وای نووسیووە کەوا ئەو نامەنەی بۆ هاتووە، بە خەیالی خۆی کەوا شیراک سەرۆکی نوێی فەرەنسایە، یەکێک لەو نامانەی بە ناوی مازارین لە رۆژانەی ( لی زیکۆ ) واتە دەنگدانەوەکان، لەژێر ناوی نامەکانی کۆشکەکەم بڵاوکردیتەوە.

نامەکان بریتبوون لە چەند پورتریتێک بۆ کەسە شیراکییەکان، وەک ئالان جوبیەو دومینیک دوفیلیبان و جۆن لویس دوبی، ئەوانە هەموو بە شێوەیەک لە شێوەکان دوژمنایەتیان لەگەڵ سەرۆکی شارەوانی نویلی هەبووە.

بەو شێوەیەی لە ساڵی ١٩٩٥ باسی دومینیک دوفیلیبانی کردووە، کە بیر لەوە دەکەمەوە دبلۆماتێکیان وەک یاریدەری یەکەم لە کۆشکی ئالیزی هەڵبژاردووە، من دەزانم ئەوەیان

هەلەیە، هوشیارت دەکەمەوە دوفیلیبان کەسێکی بە خۆرسک پەرتەوازەیە، ئەوەش زۆرم سەرسام ناکات، چونکە ئەو ماوەیەک جێگری جوبیەبووە.

<u>نامەیەکی نووسیوە بە هزری فرانسوا میتران بۆ جاک شیراک:</u>

چەند بەخێرایی لەگەڵ جوبیە کێشەتان بۆ دروست بوو، ئەو زیرەکە، زۆر بە رەقەوە ئاراستە توندەکەی منیان پێکاوە.

لەسەر فرانسوا فیونیش بەو شێوەیە نووسیبوی:

فیونی هاوڕێت لەسەر هیچ بابەتێک، کەمترین شارەزایی نییە.

لەسەر میشال بارینییش نووسیویەتی:

ئەو بەشاراوەیی لەناو وەزارەتەکان دەسورێتەوە، کە تێدا چەندین لێپرسراوەتی و دەستەڵاتیانی تێدا هەیە.

نامەی بە هزری پاتریک برویل بۆ فیلیب دوست نووسیوە، کە تێدا نووسیبوی:

چیت کرد تا لە بالادورەوە بچیتە پاڵ شیراک ..؟ بەراستی مایەی سەرسامییە، من کە تۆم جێهشت، تۆ یەکێک بوویت لە هاوڕێیەکانی بالادور، ئەو کە سەفەری ئەمریکای کرد تۆ باتدایەوە سەر شیراک، بوویتە یەک لە هەوادارانی شیراک، بەڵام دیارە ئەوە بۆ تۆ زەحمەت نییە، بەڵام من بە ئازایەتیەکەت سەرسامم.

شیراکیش خائین بوو:

سارکۆزی کەسێکی ترسناک بوو، کۆپیەکی رۆژنامەگەری لەسەر خۆی بڵاوکردبۆوە، تێدا وتبووی:

جێگەی سەرسورمانە کە ئەوە روو دەدات، من هەرگیز پشتی شیراک بەرنادەم، ئەو دەکەمە نمونەیەک بۆ ژیانی خۆم، دیارە کەوا ئەو رامانێکی تێدایە کەوا هەست دەکات، من خیانەتم لەو





کردووە، من بەوە تاوانباردەکات، چونکە تۆ بەردەوام لەناو بنەماڵەکەی دیگۆلییەکان بوویت، تۆ لەبەر چاوی ڤالیری جستان دیستان خیانەتت لە جاک شابان دلماس کردووە، دەبووایە تۆ خیانەتت لە جیسکار کردبووایە، کە پۆستی وەزیری یەکەمی بۆ تۆ دانابوو هیچ دوودڵ بویت ..؟

کە وەرزی هاوین تەواوبوو، سارکۆزی هاتەوە ناو کۆری سیاسەت، ئەو هاوینە پیشەی رۆژنامەگەری هەڵبژاردبوو، بەڵام کە گەرابووە ئەو بوارە لە راپرسییەکەدا ناوی ئەو لە پشتی پشتەوە کەسایەتیە سیاسییەکانی ناو وڵاتدا بووە. ویستی لە ئەنجومەتی نیشتیمانیش دەرنەکەوێت، بەڵام هەفتانە لەسەرمێزی نانخواردنەکانی بەیانی لەسەر مێزی دەستەکەی بالادور دادەنیشت.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٦ سارکۆزی بۆ گەرانەوەی خەریکی سازکردنی سیناریۆێک بوو، دەیویست هێدی هێدی بگەرێتەوە، لەگەڵ ئالان جوبیە پەیوەندی خۆشکرد، بەڵام هەردوولا متمانەیەیان بەیەکتری نەبوو. سارکۆزی ویستی گوشار بکاتە سەر ئالانی برادەری تا واز لە پۆستی سەرۆکایەتی کۆنەبد لە پێناوی کۆمارییدا بهێنێت، بەڵام ئەو داواکانی هەوادارانی بالادوری قبوول نەکرد.

لە پایزی ساڵی ١٩٩٦ وەزیری یەکەم ویستی کابینەی وەزارەتەکەی دەستکاری بکات، ئەوەش پاش ئەوەی لە ئاکامی بەرنامەی دەستکاری یاسای فەرمانبەران ئاژاوە هاتە کایەوە، نارەزایی سەری هەڵدا، بۆیە ئالان جوبیە لە کەسانی تکنۆکرات دەگەرا، لە وەزیری شارەزا دەگەرا تا کابینەکەی پێ دەوڵەمەند بکات. لەو رۆژانەدا دەنگۆی ئەوە پەیدابوو کەوا بەنیازە چەند کەسێکی دەستەکەی بالادور بگێرێنەوە وەزارەت بەتایبەتی نیکۆلا سارکۆزی و فرانسوا لیوتار، بەڵام ئەوەش دەبووایە کۆشکی ئالیزی

رازی بێت. دومینیک دوفیلیبان کە سکرتێری گشتی بوو، بۆیە نارەزای بوو، هەروەها وەزیری ناوخۆ جۆن لویس داربییش رازی نەبوو، دیارە کەوا شیراک ئەوەیانی لا باش نەبوو، بۆیە پێشنیارەکەی ئالان جوبیەی لا پەسند نەبوو.

ئەو دەمانە سەرۆک کۆمار سیناریۆی تری هەبوو، ئەو دەیویست تا بزاڤێکی تر دروست بکات، خۆشی زۆرینەی رەهای تێدا بێت، کۆمەڵەی نیشتیمانی هەڵبەوەشێنێتەوە. ئەگەرچی شیراک پێش هەڵبژاردنەکەی پایزی ساڵی ١٩٩٧ بەڵێنیشی دابوو، بەڵام پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە. کاتەکەی چاوەروان نەکراوبوو، کەس مەزندەی ئەوەی نەدەکرد، راسترەوەکان لە هەڵبژاردنەکەی یاسادانانی پێشوەخت بدۆرێنن.

ئەو دەرهاتە تازەیەی کۆمەڵەی نیشتیمانی هەموو لایەکی تووشی شۆککرد، کەس رەچاوی ئەو ئەنجامەی لە کورسییەکانی ناو کۆمەڵەی نیشتیمانی نەدەکرد، بۆیە بەناچاری جاک شیراک بەرووی جوسپان بۆ ماوەی ٥ ساڵ رەوشی بەیەکەوە ژیانی راگەیاند، ئەویش سارکۆزی لەو دۆزەخەی تێیکەوتبوو دەربازکرد، کۆتایی بە ململانێیەکە هێنا.

### گەرانەوە بەڵام لە دەرگایەکی گچکەوە:

پاش ئەوەی راسترەوەکانی فەرەنسی نسکۆیەکی گەورەیان لە هەڵبژاردنەکەی پایزی ١٩٩٧ بەسەرداهات، فیلیب سیگانی سەرۆکی پێشووی کۆمەڵەی نیشتیمانی فەرەنسی، کە یەکێک بوو لە هاوبیرەکانی جاک شیراک دەستی یارمەتی بۆ درێژکرد. ئالان جوبیە بە دڵشکان و بە رووخانیکی گەورە لە هەڵبژاردەکانی یاسادانان کۆشکی سەرۆکایەتی حکومەتی جێهێشت، گەرایەوە گۆشە لاچەپەکەی شارەوانی (بوردوو) لە نووسینگەکەی خۆی دەرنەدەکەوت، لەو رۆژانەش تەنها سەرۆک کۆمار ئەوەی لە





پێشدابوو بەرپرسیەتی بەرێوەبردنی بزاڤی دیگۆلییەکانی بداتە دەست. هەموو ئەو ساتانەی تەنگژەکەیان لەبیرماوە، بە سارکۆزییەشەوە کە دانیشتنەکانی گۆرانەکانی لێپرسراوەیەتیان ناو یەکێتی لە پێناوی کۆمارییدا ئەنجامدا.

دوو ساڵ پاش کۆبوونەوەکەی باگاتال، سارکۆزی ویستی توورەیی خەباتگێرەکان لە بیرەوەرییەکاندا سووک بکاتەوە، لەو دەمانەدا سیسیلیاشی لەگەڵدابوو، کە بەڵێنیدا ئەوەندە توند دەستی کوشی شوێنەواری ئەنگوستیلەی پەنجەکەی لەناو دەستی دەرچوو. بەیەکەوە هاوشان ژن و مێردەکە خۆیان بۆ رووبەرووبونەوە سازکرد، تازە لە ٢٨ ی ئەپریلی ساڵی ١٩٩٧ لویسی کوریان لەدایکببوو، نوێنەری ناوچەکانی سەرووی سین لەگەڵ ژنەکەی لە تەنیشت ئەندری روسینو دانیشت، لەو دانیشتنەدا چەند لە هەڤاڵانی ئامادەبوو دروشمی وەک (سارکۆزی پیس) و (سارکۆزی خائین) یان بەرزکردبۆوە، هەروەها دەنگی هاوارو فیکەلێدانیش لەناو هۆڵەکەدا دەهات.

جۆن لویس لەسەر سەکۆبوو بەرگری لە ئالان جوبیە دەکرد، لەو دەمانەشدا شەقامی فەرەنسی لە کارو بەرنامەکەشی رازی نەبوون، بەتایبەتی سەرۆکی حکومەتەکە، لەلایەکی تریش هەڤاڵانی شیراک لەگەڵ ئەوە نەبوون حزبەکەیان تەسلیم بە فیلیب سیگان بکەن، لەوە دەترسان کۆنە سەرۆکەکەی کۆمەڵەی نیشتیمانی بهێنێتەوە مەیدانەکە، سارکۆزی بهێنێتەوە پێشەوە، چونکە ئەو لە تیمی کارەکەی ئەودا پەیدا دەبێتەوە. میدیای فەرەنسی لە پێشبینیەکانی هەلەنەبوو، بۆیە سەرۆکە نوێیەکە پاش هاوینەکە کەسی ژمارە دووی خۆی دانایەوە، سارکۆزی وەک یاریدەر بۆ قۆناخی گواستنەوە ئەوی دامەزراند، لە ینایری ساڵی ١٩٩٨ سارکۆزیی وەک سکرتێری گشتی بزاڤەکە دانا. لە کۆتایی کەسە پیسە گچکەکە، وەک نەیارەکانی ئەو ناوەیان لێنابوو،

هاتەوە پێشەوە، بییر مازوی دڵسۆزی شیراک وتبووی:

ئەگەرچی تۆ سەری کەرت پێوەیە، بەڵام پێویستمان بە تۆ هەیە.

بەو شێوەیەو پاش ٧١٥ رۆژ پاش ئەوەی ئادوارد بالادور هەڵبژاردنەکەی سەرۆکایەتیەکانی دۆراند، سارکۆزی پیاوە بەپەلەکە هاتەوە رووی پێشەوەی سیاسەتی فەرەنسی.

نیکۆلا سارکۆزی وەک بەرێوەبەری حزب دانرا، دیارە ئەو پۆستەشی لەبەرئەوە بۆ دانرا چونکە ئەو زووتر پێش هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیەکانی ساڵی ١٩٩٥ کارامەیی و چالاکی زۆری لێ بینرابوو، ئەگەرچی ناکۆکی و بەربەرەکانی نێوان سارکۆزی و فیلیب سیگال زۆر دژواریش بوو، بەڵام بەیەکەوە کەوتنە بواری کارکردن، زیرەکانە بەرنامەی کاریان دارشت، ئەو تاکە هۆکارەی ئەو دوو کەسەی بەیەکەوە باش و گونجاو گرێدابوو، هەردووکیان شەیداو هەواداری سپۆرت بوون. کارو بەرنامەکانی ئەو دوو کەسە جێگای سەرسوورمان بوو، سەرکەوتنەکانیان دەنگی دایەوە، هەموو دبلۆماتەکان، چاودێرە سیاسیەکان بەو هاوکارییە سەرسام بوون. ئەوەی زۆر سەیریش بوو سارکۆزی زۆرتر بۆ هاوکاری و بەیەکەوە کارکردنەکەیان بەسۆزترو گەرموگوورتر بوو، هەتا ئیمرۆش سەرۆکی یەکێتی لە پێناوی بزاڤی میللی لەهەموو بۆنەیەک ناوی سیگان دەهێنێت، یەکجاریش ئەو لەبیرناکات، کە لە ساڵی ٢٠٠٤ بووە سەرۆکی ئەنجومەنی ژمێریارییەکەی، سارکۆزی هیوای زۆربوو ئەگەر لە ساڵی ٢٠٠٢ ببێتە سەرۆکی حکومەتی فەرەنسی، ئەوا پۆستی وەزارەتی پەروەردەی نیشتیمانی دەداتێ. دیارە ئەو ماوەیەی بەیەکەوە کاریان دەکرد سیگان بواری بۆ سەرۆک شارەوانی نویلی سازاند بۆ سەرۆکایەتی یەکێتی لە پێناوی کۆماری.





## گوتارێک بۆ گێرانەوەی دەنگی راسترەوەکان:

سارکۆزی لە ١١ ی سپتمبەری ساڵی ١٩٩٧ لە ئاینبیال رەوشی یەکێتی لە پیناوی کۆمارییدا شرۆڤەکردو وتی:

ئەگەر راسترەوی لە پێگەی راسترەوی خۆی نەبێت، ئەوا سەرووی راسترەوی جێگەی دەگرێتەوە. لە هەمان ساڵدا لە یەکی ئەکتۆبەردا لە ستراسبۆرگ وتبووی:

ئێمە ٤،٣ ملیۆن دەنگمان لە نێوان خولی دووەمی ساڵی ١٩٩٥ و خولی دووەمی ساڵی ١٩٩٧ لە دەستداوە، بۆیە پێویستە بوارێک بۆ نۆژەنکردنەوەی حزب بدۆزینەوەو راستی بکەینەوە. لەو دەمانەدا سارکۆزی رای وابوو دەنگدەرانی راسترەوەکان پێویستیان بە گوتارێکی بنەڕەتی هەیە، دەبێ حزب دەنگدەرانی بەرەی نیشتیمانی بۆ بنیاتنانەوەی سیاسەتێکی راستەقینە لەناو راسترەوەکان بگێرێتەوە، لەو دەمانەش بیری نزیکبوونەوەیان لەگەڵ حزبی جۆن ماری لۆبانی بە خەیالدا نەهاتبوو. ئێمە هیچ هەڤاڵبەندییەک لەگەڵ بەرەی نیشتیمانی ناکەین دەبێ ئێمە روون و کراوەبین، لەبەر رۆشنایی ئەو سیاسەتە بڕۆین کە جاک شیراک لە ساڵانی رابردوو بۆی دارشتووین، ئەوەش ئازایانە پەیرەو بکەین.

## درەنگ دەخەوێت و زوو بەئاگا دێت:

سارکۆزی تا درەنگانی شەوان نەدەنووست، بەیانیانیش زوو بەئاگادەهات، زۆری خۆماندوو دەکرد، خەڵکی زۆری دەبینی، لە پێشوازیکردن ماندوو نەدەبوو، ئامادەبوو بچێتە هەموو شوێنێک، کارکەربوو ناکۆکی و دەستەگەرییەکانی هەڵوەشانەوەکانی ساڵی ١٩٩٥و نسکۆیەکەی ١٩٩٧ سارێژو ئامادە بکاتەوە، بیانۆشی لە پشتیوانی بالادور بۆ کۆکردنەوەی خەباتگێرانی حزب دەگێرایەوە،

بۆ پتەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان باس دەکرد. لەو دیمانەدا سارکۆزی خۆی وا نیشاندا کەوا ئەو بەتەنها خۆی پێگەیاندووە، بۆیە وتبووی:

یەکێتی لە کۆمەڵەیەک کەسانی جەستە گچکە پێکنەهاتووە، بەڵکو لە چەندین مەزاجی هەمەجۆر لە دایکبووە، منیش یەکێکم لەوانە. کاری سیاسی من لە سەرەوە نەهاتووە، من پلە بەپلە هاتووم، پایەپایە سەرکەوتووم، سەرەتا نوێنەری لاوان بووم، سکرتێری هەرێمێکی هەڵبژاردن بووم، سکرتێری دائیرەیەکی وەزاریش بووم ... ئەو جۆرە قسانەمان زۆر لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی ٢٠٠٧ گوێ لێ دەبێت.

<u>خیانەتێکە لێبووردنی بۆ نییە:</u>

ئەگەرچی ئەو زۆر بەراشکاوانە شتەکانی دەخستەروو، بەڵام خەباتگێڕانی حزبەکە ئامادە نەبوون لەسەر خیانەتەکەی لەگەڵ جاک شیراک لێی خۆش بن. هەر ئەوەندە گوێیان لەو قسانەی ئەو دەگرت، کە باسی خۆی وەک کەسێکی ئازادو پارێزگارو چاکساز دەناساند. بۆ زۆرترو باشتر خۆپێگەیاند لە گۆرەپانی سیاسی فەرەنسی سارکۆزی لە پایزی ساڵی ١٩٩٧ رایگەیاند، کەوا ئەو بۆ بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆی کاردەکات.

هێدی هێدی کەسایەتی سارکۆزی لە هزری دیگۆلییەکان جوانترو باشتردەبوو، لەیەکێک لە دانیشتنەکاندا سارکۆزی بە نووسەرێکی راگەیاندبوو، کەوا نەیارەکانی کارەکانی ئەو نابینن، وا دەزانن من لە حزب دوورم، بەڵام ئەوە نازانن من لە ژێرەوە کاردەکەم، بێگومان پاش دوو ساڵیتر بەرهەمی کۆششەکانم دەردەکەوێت، ئەنجامی دەبێت. سارکۆزی بەرنامەی کاری ئاستێکی تری وەرگرت، لەسەر بنچینەیی باشکردنی پەیوەندی بە کۆشکی ئالیزی کاریکرد، ئەوانەی لەو نزیکبوون، کار ئاسانیان بۆ





ئەو مەبەستەکرد، هەردوولایان بۆ یەکتری نزیکدەکردەوە.

<u>یەکەم دیمانەی بە شیراک:</u>

بەبۆچوونی هەردوو ژورنالیست ماری بینیدیکت ئالارو فیلیب گولیو، کەسی کارکەر لە نزیککردنەوەی شیراک و سارکۆزی بەرێوەبەری دیوانی کۆشکی ئالیزی برتراند لوندریوبوو، ئەگەر کۆششی ئەو نەبووایە ئەو دیمانەیە سازنەدەبوو، بێجگە لەویش جۆن لویس دبری دەوری هەبوو کار لە دومینیک دوفیلیبان بکات، بۆ سازکردن و ئاسانکردنی ئەو دیمانەیە لێهاتوویی و چەڵەنگی خۆی بەکاربهێنێت، لە کۆتاییی سارکۆزی بەو مەبەستە گەیشت.

سارکۆزی کە لە ساڵی ٢٠٠٤ بووە وەزیری ناوخۆ، هەفتانە لە رۆژی دووشەممەوان دیمانەی شیراکی دەکرد، لەو دیمانە بەردەوامانەدا هیچ نووچەیەک نەدەهاتەدەر، هەر ئەوەندە دەگووترا ئەگەر سارکۆزی خۆی پەیڤێکی هەبووایە، ئەگەرنا لە سەرەتاوە کۆشکی ئالیزی بەجۆش نەبوو هیچ هەواڵێک لەسەر ئەو دیمانانە بدرکێنێت. کە لە ٨ ی سپتمبەردا شیراک دەرگای نووسینگەی سەرۆکایەتی بۆ کردەوە، سارکۆزی هاتەوە ناو مەیدانی سیاسی. کەسی دووەمیش کە لەناو یەکێتی لە پێناوی کۆمارییدا ناوی دەرکرد، ئەویش دومینیک دوفیلیبان بوو، زۆرجاریش ئەوەی دووپاتکردیتەوە، کەوا ئەو پیاوە تیشکی لەسەرەوە دیارە.

سارکۆزی کەسێکی زۆر ئاگاداربوو، لە رۆژانی زانکۆی هاوینەی حزبدا لە شاری تۆلۆز، گەنجە دیگۆلییەکان داوایانکرد، شوێن و پۆستی کەسە ماندووەکانی ناو حزب پڕبکەنەوە، ئەوانەی وزەو هێزی بەرگری و شەڕیان نەماوە با دووربکەوەنەوە، با گەنجەکان لە کارنامەکانی سەبارەت بە ئەوروپا بێنە پێشەوە، ئەوانەی شەڕە دژوارەکانیان پی ناکرێت با دەست لەکاربکێشنەوە، دیارە

لەوانە مەبەستیان کەسی وەک شارل باسکوا بوو، ململانێیەکە لە نێوان ئەو برایە دوژمنە، کە هەردووکیان لە ناوچەکانی سەرووی سین هاتبوون گەرم بوو.

وەزیری ناوخۆ فیلیب سیگانی هاورێی شەڕی دژ بە ئەورووپای برۆکسل بۆ پەسندکردنی پەیمانی ئەمستردامی ئەورووپی هەڵگیرساند، پاشان دژ بە هەڵبژاردنەکانی ئەورووپی لە یونیوی ساڵی ١٩٩٩ یشی کرد، بۆیە سارکۆزی بە گەنجانی حزبی وت، ڕێگاکەمان دوورەو ئێشی زۆری دەوێت، من و فیلیب ئەوەمان لە پێشە. سارکۆزی زۆر لە خۆشی دڵنیا نەبوو، بەڵام ئەوانەی پاشان هاتە پێشیان زۆر گران و سەخت بوو.

## هەژانێک لەناو شوورەکانی حزب:

پاش نۆ هەفتە هەڵمەتەکەی هەڵبژاردنەکە بۆ هەڵبژاردنەکەی ئەورووپی لەلایەن ڕاسترەوەکان کۆتایی هات، لە ٢٢ ی ئەپریلی ساڵی ١٩٩٩ فیلیب سیگان، بە بوچوون و زێدەڕۆییەکانی هەوادارانی شیراک تووڕەکرا، لەناکاو خاولیەکەی دەستی فڕێدا، بۆیە لەناو لیستی یەکێتی لە پێناوی کۆماری و سەرۆکایەتی حزبیشی جێهێشت، ئەوەش هەژانێکی مەزنی لەناو شوورەکان حزب و لەناو سەرۆکایەتیش بەرپاکرد. سارکۆزی ئاگای لەو دەست لەکارکێشانەوەیە نەبوو، بۆیە لەناکاو پاش هەفتەیەک لە مشتومڕو دەمەتەقی سەرۆکایەتی حزبی وەرگرت، پاش ئەوەش سەرۆکایەتی لیستەکەشی یەکێتی لە پێناوی کۆماری بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەورووپیش وەرگرت. سارکۆزی بۆ ڕەوشتە سەرکەش و سەرچڵەکانی بەوەفابوو، دوودڵ نەبوو لە وەرگرتنی ئەو پۆستانەو گیانبازییەکان، یەکەم دەرفەتی قۆزتەوە، وردەکاری و لێکۆڵینەوەی پێویست نەبوو.

شەش هەفتە مابوو بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی ئەورووپی،





پێشەنگی لیستی یەکێتی لە پێناوی کۆمارییدا لە ناو ئەستەنگەکانی ناو حزبەکەی خۆییەوە کەوتەکار، دەیویست بۆ هەموو لایەک روون بکاتەوە کەوا سەرکەوتنی ئەو مسۆگەرە، ڕاسترەوەکان بە دوو کەسایەتی ناوداری دژایەتی ئەویان ڕاگەیاند، یەکەمیان شارل باسکوابوو، ئەو وەک لادەرێک لە یەکێتی دەستبەکاربوو، دووەمیان کەسایەتی میانرەو فرانسوا بایروبوو، سەبارەت بە کەسی یەکەم کە تەمەنی ٧٢ ساڵ بوو، ئەویش تەمەنی ٤٤ ساڵ بوو، وایدەزانی ئەو ناگاتە ئەو، چونکە ئەو توانای هەیە زۆرتر ڕێ بکات، بۆیە لەو مەترسی نەبوو. کەسی دووەمیش پێشەوای بەرەی دیموکراسی یەکگرتووبوو، بۆ ئەو دەیووت:

کەللە سەرە گەورەکەی فش دەکەمەوە، بۆ ئەو دوو کەسەش وتبووی:

ئەو دوو کەسە نیازیانە بگەنە من، کۆشش دەکەن دەستەمۆم بکەن، بەڵام من خێراتر لە باسکواو بایرو ڕەودەکەم، هەردووکیان ناگەنە من.!

## نسکۆی دووەم لە هەڵبژاردنەکانی ئەورووپی:

ئەگەرچی ئەنجامی ڕاپرسییەکان هیمای ئەوەیان کردبوو، کەوا سارکۆزی لەو بەرنامەی تووشی نسکۆدەبێت سەرناکەوێت، بەڵام ئەو سووربوو لەسەرئەوەی سەردەکەوێت نادۆڕێت. لەولاشەوە شیراک لەسەر چارەنووسی ڕاسترەوی نیگەرانبوو، زۆر ترسی هەبوو، بە ژورنالیست فرانز ئۆلیڤیی جیسبرتی وتبوو:

فەرەنسا تەنها بریتی نییە لە ئۆنتوی و نویلی و باسی.

پاش چەند ڕۆژێک سارکۆزی لە کورسیکا بەو شێوەیە باسی دوارۆژی خۆی کردبوو:

ئەگەر پاش ١٣ ی یونیو لە گۆڕەپانی سیاسی مامەوە، من

تیمێکی نوێ دادەمەزرێنم، پێویستە یەکێتی لە پێناوی کۆماری گەشە بکات، دەبێ وەک بەرهەمێکی تازەو تەڕبین، هەفتانە ئێمە پێویستمان بە شتی نوێ دەبێت.

لە ١٣ ی یونیو ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکان راگەیاندرا، لیستەکەی سارکۆزی تەنها ١٢،٨٢ % دەنگەکانی بەدەست هێنابوو، لەولاشەوە لیستی ئیشتراکییەکان ٢١،٩٥ % دەنگیان هێنابوو، کە ئاشکراش بوو لیستەکەی شارل باسکواش ١٣،٠٥ % هێنابوو، لیستەکەی سارکۆزی ئەنجامی شکان و نسکۆیەکی زۆری لە دەست نرا، بەوەش یەکێتی لە پێناوی کۆماری شکستی مەزنی بەرکەوت. جێگری سەرۆکی یەکێتی لە پێناوی کۆماری ئەو نسکۆی وەرگرت، هیچی لە دەست نەما خۆی و ژنەکەی و کورەکانی لە نووسینگەکەی خۆی لە شەقامی لیل گیری خواردو خۆی ماتکرد، بە وتەیەکی کورتیش بۆ ئامادەبووان ئەنجامەکەی بڕاندەوە.

دڵدانەوەی برادەرێک:

پێش ئەوەی سارکۆزی بەرەو ستودیۆیەکانی کەنالی تەلەڤزیۆنی تی ڤی ١ بچێت، بریس هۆتفۆ کۆششیکرد، ژانی نسکۆیەکەی سووک بکاتەوە، لەبەردەم ژمارەیەکی کەمی ژورنالیستاندا وتی:

ئێمە زوو دەمانزانی سەرکەوتن لەو پرۆسەیە ئەستەمە، کێ لە مێژووی کۆماری پێنجەمی فەرەنسی زانیوویەتی کاری وا کرابێت.

سارکۆزی لە رۆژی هەینی سەرۆکایەتی حزبی وەرگرتووە، پاش هەفتەیەک ببێتە پێشەنگی لیستی هەڵبژاردنەکانی ئەوروپی، ئەوە کەی کراوە ... لە ناخەوە دیاربوو گەمەکە دۆراوە.

دوو ساڵ پاش ئەوەی سارکۆزی هاتەوە ریزی یەکەم، هەموو شتەکان سەرلەنوێ دارمان، سارکۆزی بەسەربەرزی و بەشکۆوە هاتە پێشەوە، بەڵام شکانەکەو رووخانەکە گەورەبوو، کە ئالاکەی بەتەنها گرتبوو دەست، دەیزانی دەبێ خۆی باجەکەش بدات.





## ئامۆژگاری شیراک:

شیراک ئامۆژگاری سارکۆزی کرد، لەو شەڕەی سەرۆکایەتی یەکێتی لە پێناوی کۆماری دوورکەێتەوە، هەرچەند لەو گێژاوە نەبێت باشترە، پاش چەند هەفتەیەک لە بیرکردنەوەو شرۆڤەکردنی ناو خۆی، بریاری خۆی دا گۆرەپانەکە بۆ دیگۆلییەکان ڤاڵا بکات، ئەوانەی لەسەر میراتەکەی ئەستوولی شیراک شەڕیان بوو.

کە سارکۆزی گەرایەوە نویلی، شەڕەکە لە نێوان کەسایەتیە دیارەکانی یەکێتیەکە، جۆن بۆل دیلوفوی و میشال ئالیوت ماری و فرانسوا فیو و پاتریک دیفنجیان و جۆن فرانسوا کوبی و کوبی رونو موسیلیی گەرم بوو.

## ئازادە لەوەی هەرچی بڵێت:

سارکۆزی ویستی پەردە لەسەر لاپەرەکانی ئەو کتێبە هەڵداتەوە، کەوا بەنیازە بڵاویبکاتەوە، ئەو کتێبەی باس لە رۆژانەی دانیشتنەکانی پەرلەمان دەکات لە مرسیلیا، هەروەها بە ژورنالیستانیە ئامادەبووەکانیشی راگەیاند، کەوا رەوشی سێ مانگی پاش نسکۆکەی دۆراندنیان لە هەڵبژاردنەکەی ئەوروپیشی تێدایە. سارکۆزی جێگری سەرۆکی یەکێتی لە پێناوی کۆماری بە بەرنامەیەکی هەمەرەنگی کەنالی تی ڤی ١ کە جۆن بییر فوکو بەرێوەی دەبرد، راگەیاندبوو کەوا ئەو هەموو راستیەکانی ئەو چەند ساڵەی رابردوو ئاشکرادەکات.

سارکۆزی لە نویلی دەرگای لەسەرخۆی داخست، لە ژوورەکەی خۆی بە قەلەم خەریکی نووسینی کتێبەکەی بوو، ئەویش وەک زۆربەی دبلۆماتە فەرەنسیەکانی تر زۆر شەیدای کۆمپیەتەرنین، دۆستایەتیان لەگەڵ تەکنەلۆژیا کەمە، وەزیرەکەی بودجەی

جاران حەزی دەکرد نووسین بە مەرەکەبە کۆنەکەی جاران لەسەر تابلۆی کلیلەکان بنووسێت. بەردەوام ژورنالیستان لە هوتێلی شارا سۆراخیان دەکرد، هەموو پەرۆشی ئەوەبوون شتێ لە کتێبەکەی بزانن، بەڵام ئەوەندەی دەیووت، کتێبەکە بیرەوەری ناگێرێتەوە، کتێبەکە ناوەرۆکی جیاوازە، ئەو دەیەوێ شتێکی نوێ بڵێت، بابەتی نوێی پێیە.

لەو رۆژانە سارکۆزی لە ئەنجومەنی نیشتیمانی نەدەبینرا، حەزی لەتەنهایی دەکرد، تەنها چوار کەس لە چواردەورەی دەبینرا، ئەوانیس سیسلیای ژنی و بریس هۆتفۆی پەرلەمانتار لە پەرلەمانی ئەوروپی و دوو راوێژکارەکەی فریدیریک لۆفوبفر ئەوەی دۆستایەتی بە پەرلەمانتاران زۆربوو، هەروەها فرانک لوتفریی مولحەقی رۆژنامەگەری پێشوو لە یەکێتی لە پێناوی کۆماری و بەرێوەبەری نووسینگەکەی لە شارەوانی نویلی.

لە ینایری ساڵی ٢٠٠١ پاش ١٨ مانگ لە نسکۆکەیان لە هەڵبژاردنەکەی ئەوروپی، سارکۆزی دانپێدانانەکانی خۆی چاپکرد، هەر ناوی کتێبەکەی کارەساتێک بوو لە فەرەنسا، ناوی لە کتێبەکە نابوو ( ئازاد )، باسی شکانەکانی کردووە، چەندین نسکۆی بەسەرهاتووە، سەرەرای ئەو هەموو شکان و رووچوونانە ئەو دەڵێ من سەرم لە پێش شیراک شۆرنەکردووە، هەر لە کتێبەکەدا باسی خیانەتەکی خۆی لە ساڵی ١٩٩٥کردووە. کتێبەکە بریتی نەبوو لە چەند بیرەوەری و یاداشتێک، ئەو لە کتێبە خۆی ناساندووە. باسی ئایدلۆژیای خۆی کردووە، سەربەخۆیی و جیاوازییەکانیشی باسکردووە.

پێنج مانگ پێش وادەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی فەرەنسی. سارکۆزی لە نویلی پێشوازی لە ژمارەیەک ژورنالیست کردبوو، باسی بەرنامەو کارنامەی خۆی لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی بۆیان کردبوو، ناوی ئەندامانی





حکومەتە پێشنیارکراوەکەی بۆیان ئاشکراکرد، بە دڵنیاییشەوە وتبووی:

من زۆر باشترم لە کەسانیتر بۆ ناو کۆشکی ماتینیون ( بارەگای سەرۆکایەتی حکومەتی فەرەنسی )، بۆیە هەموو کۆشش و خەباتیک دەکەم بۆ گەیشتن بەو پۆستە، ناوی وەک دوست بلازییان بۆ پێشنیار کردبووم، ئێستا ناوی فرانسوا فیورافاران دێتە گۆرێ، گەرانەوەو ناوهێنانی ئالان جوبیەش بە دوور نازانم، لەو کاتانەش وەک راهاتووم کەس هیچم وەک دیاری پێشکەش ناکات. سارکۆزی ژمارەیەک نەیارو دوژمنی بۆ خۆی زیادکرد، ئەوانە بە بیری کەسدا نەهاتبوو.

سارکۆزی بردنەوەکەی بۆ خۆی مسۆگەرکردبوو، وایدەزانی میانرەوەکان دوورن لە سەرکەوتن، بۆیە سەرکەوتن بۆ ئەو قورخکراوە، بۆیە ئەگەر راسترەوەکان کارکەر نەبن، ئەوا راسترەوە توندەکان بواریان بۆ هاتنە پێشەوە خۆش دەکرێت ... بەڵام ئەوەی هاتە پێشەوە زۆر ئاڵۆزبوو، چاوەروان نەکراوبوو، سارکۆزی لە سازکردنەکانی هەڵمەتی چوارەمی هەڵبژاردن بەشداری جاک شیراکی پێ نەکرد، ئەو بە شێوەیەکی تەواو پشتی بە دەستەکەی خۆی بەست، بەڵام برنادیتی ژنی و کلۆدی کیژەکەی شیراک دەستی باڵایان لە پرۆپاگەندەو راگەیاندن هەبوو، سکرتێرە گشتیەکەی و پیاوە باوەرپێکراوەکەی دومینیک دوفیلیبان لێزان بوو لەو بوارانەدا.

<u>شیراک سارکۆزی دووردەخاتەوە:</u>

لە راستیشدا شیراک مەبەستی بوو لە گوتارەکەی سارکۆزی دووربکەوێتەوە، چونکە ئەو زۆرتر لە پێویست کەسێکی لیبرال و زۆریش راسترەوبوو، ئەویش وەک زۆربەی زۆری سەرە گەورەکانی راسترەوەکان بوو. کاندیدی ناوچەکانی سەرووی سین ناوی

شیراکی وەک کاندید بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیەکان لە شاشەی تەلەڤزیۆنەوە زانی، ناوەکە لە کۆشکی بافینیون لە گەرەکی باباوات راگەیاندرا. سارکۆزی لە سەرەتاوە هەستیکرد هەڵمەتی هەڵبژادنەکە بە ساردی بەرێوەدەچێت، کە لە کلارمونفیرۆن سەردانی سەرۆکی پێشوو جیسکار دیستان کرد، لەوێ ئەوەی نەشاردەوە کەوا ئەو ماوەیەک هەواداری بالادوربووە، بە سەرۆکی پێشووشی راگەیاند کەوا ئەو لە هەڵمەتەکە رازی نییە، بەرنامەکە بە شێواو دەزانێت، بۆیە ئامادەنەبوو بەشداری بکات، مەترسی خۆی لە رەوشی هەڵمەتەکە نیشان دا.

لەو رۆژانە راپرسی زۆر دەکرا، ئەنجامەکانی رەشبینییان پێوەدیاربوو، بۆیە سارکۆزی بەناچاری هاتە پرسیار، ئەو پەلاندەرانەی کۆشکی ئالیزی لە ماوەی ئەو پێنج ساڵە خەریکی چی بووینە، بۆیە لە کۆتایی بریاری دا لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکە دوور بکەوێتەوە.

سارکۆزی زۆریش لە کاندیدەکانی راسترەوەکان وایان دەزانی سەرۆکی رابردوو لەو خولەدا دەرناچێتەوە. ئەوەی سارکۆزی لە گەرمکردنی هەڵمەتەکە دەیکرد، هەموو لایەک دەیانزانی بۆ بەرژەوەندی خۆیەتی نەک بۆ سەرکەوتنی سەرۆکەکەی، دیارە ئەو دوو کەسە بە هەمان زمان قسەیان نەدەکرد، بۆیە ئاکاری دوو بەرنامەیەیی و دوو هەڵویستیان لێوە بەدی دەکرا.

سارکۆزی دوودڵ نەبوو لەوەی بچێتە شارەوانی ( لوزیر )، بۆیە بۆ پشتیوانی سەرۆک شارەوانیەکەی فرانسیس سانت لیجی لە هەڵبژاردنەکانی یاسادانان بۆ لیستی یەکێتی لە پێناوی کۆمارییدا، لە ٢٦ ی فبرایرا ئەو سەفەرەی کرد. لە کێڵگەی فیلیبی مانگا بەخێوکردندا، سارکۆزی دەستی بەسەری مانگایەکدا داهێناوەو وتوویەتی:

من پێتان دەڵێم، من کە ئەو مانگایانە دەبینیم، ئەوەم بەبیردا





هاتووە، بەرووی ئەوانە دەموچاوی هەندێک کەسی پاریسییم دێنێتەوە بیر. بەپێکەنینەوە ئەو رستەیەی وتووتەوە. لەو شارۆچکەیەدا بۆ یەکەم جار سارکۆزی لەگەڵ لادێییەکان دیمانەی بووە، بە زاراوەیەکی راسترەوانە قسەی بۆ کردبوون، بەڵام رەچاوی ئارامی رەوشەکەی کردبوو، ئامادەبووان لە دووری چاوەروانی مەزندەوە چەپلەو هاوسۆزیان نیشان دابوو.

لە رێگای گەرانەوەییدا سارکۆزی بە نووسەرێکی راگەیاندبوو، من لە ساڵی ٢٠٠٧ دا لە کات و شوێنەکان دەردەکەوم، من ئەو جارە دوو کێشکە بەیەک بەرد دەپێکم، لەلایەک پرۆپاگەندە بۆ بەرژەوەندی شیراک دەکەم، لە لایەکی تریش بۆ خۆم، بۆ ئایندەی خۆم پرۆڤەدەکەم. ئەو سەردانەی سارکۆزی لە هزرو بەرنامەی جێگای کردبۆوە، کاریگەری زۆری دانابوو، بۆیە لە هەڵمەتەکەی هەڵبژاردنەکەی بۆ سەرۆکایەتی ساڵی ٢٠٠٧ سارکۆزی بەیادی جاران هاتەوە هەمان شارۆچکە، وەزیری ناوخۆ بەسەردان سەری لە هەمان کێڵگەی مانگاکانی جاران دایەوە.

سستی و لاوازی هەڵمەتەکەی هەڵبژاردنی کاندیدی توندرەوەکان جۆن ماری لۆبان لە پاریس بواری خۆشکرد سەرۆکی کاندیدکراو کاری خۆی بکات، ئەوەش لە ئەنجامی راپرسییەکان دەرکەوتووە، شیراکیش لەلایەن خۆییەوە باش هەستی پێکردبوو، بۆیە ململانێی کێ دەبیتە سەرۆک وەزیرانی نوێ وڵات هاتە ئارایەوە. ناوی سارکۆزی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران نەدەهات، ناوی کەسەکەش لە لایەن شیراک وەک هەواڵێکی لەناکاو بۆ ١٥ رۆژ پێش خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکان هەڵگرتبوو. سکرتێری تایبەتی برنادیت شیراک، بە نوێنەری ناوچەکانی سەروو سینی وتبووی کەوا خێزانی سەرۆکی کاندیدکراو، هیواخوازە لە کۆبوونەوەکەی شاری تۆلۆز بە هەمان فرۆکە لەگەڵ تۆدا بگەرێتەوە، ئەوەش بۆ سارکۆزی ئامازەیەکی بەهێزبوو، چونکە

زووتر ئاشکرابببوو کەوا برنادیت هەرگیز ئامادەنەبوو لە خیانەتەکەی سارکۆزی بەرامبەر ئەوان خۆش بێت، بەڵام ئەو داوایە دیارە بۆ ئاشتبوونەوەیە، سیاسەتێکی ئاشتەوایە.

بەیەکەوە هاتنەوە، سەفەرەکەی خۆشکردبوو، پەیوەندی نێوان سارکۆزی و برنادیت شیراک بەرەو بوارێکی تازە کرانەوەیەکی لێ بەدیکرا. لەپاش ئەو دیمانەدا برنادیت ئاشکرای کردبوو، کەوا ئەو لەناو کۆشکی ئالیزی پشتیوانی بۆ وەزیری ناوخۆ کردووە، بەردەوامیش هاوکاربووە لە کاندیدی شارەوانی نویلی، لەوەدەمانە لەناو کۆشکدا، کەم بوون ئەوانەی پشتیوانیان لە سارکۆزی وەزیری ناوخۆ دەکرد.

کە لیونیل جۆسپان لە خولی یەکەمدا بۆ سەرۆکایەتی کۆمار دەرنەچوو، دەرچوونی شیراک بووە راستیەک، سەبارەت بە گەیشتنی جۆن ماری لۆبان بۆ خولی دووەم مەترسی لەسەر نەبوو، دەبووایە شیراک بۆ حکومەتەکەی وەزیری یەکەم دەستنیشان بکات.

<u>سەرسامبوونی سارکۆزی:</u>

سارکۆزی وەک براوەیەک بەسەربەرزی هەڵسوکەوتی دەکرد، لێرەولەوی لە ناو پاریسا قسەی لەو جۆرەی دەکرا، کەوا شیراک سکرتێری پێشووی دەوڵەت جۆن بییار رافاران دادەمەزرێنێت، بەڵام بەو قسانە بروای نەدەکرد، بە پرۆپاگەندەی دەزانی. هەرگیز بروای نەدەکرد ئەو وەک سەرۆک حکومەت دانامەزرێت، بروای نەدەکرد. لەناو ترێنە خێراکە لەگەڵ چەندین کۆنە خەباتگێر بەرەو شاری لیل دەرۆیشتن، لەپێش ئەوانەوە وتی:

کە ئەنجامەکانی خولی یەکەم دەرچوون، دەرکەوت فەرەنسا لە جاران زۆرتر بەرەو راسترەوی رۆیشتووە، ئەوەش لە ئەنجامەکەی هەڵبژاردنەکەی سەرۆکایەتی دەرچووە، من تووشی





شۆک دەبم، ئەگەر من یەکێک نەبم لە ٧٠ کەسەکە.

سارکۆزی وەک کاری پێشووتری بە ئارەزووی خۆی بەبەژنی خۆی دادەدوری، لە هەموو شوێنێک دەردەکەوت، لە زۆربەی کەنالەکانی تەلەڤزیۆن دەردەچوو، لەسەر شەپۆلەکانی رادیۆ دەنگی بەردەوام دەهات، کۆبوونەوەکانی گەرمبوو، لەو دیمانەدا بەرنامەی حکومەتەکەی دادەرشت، سەبارەت بە دیمانەیەکی لە رۆژنامەی لوفیگارۆ کلۆد شیراکیش تەلەفۆنی بۆ کردبوو. هەفتەیەک پێش خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی فەرەنسی، سارکۆزی لەگەڵ بەرپرسی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی جاک شیراک ئەنتۆن روفناشت بەیەکەوە نانی نیوەرۆیان خواردبوو، ئەنتۆن کە لە دەرگا دەرچووبوو ئەوەی بروا نەکردبوو، کاروانەکەی وەک کەسێکە لە پۆستی وەزیری یەکەم بێت. سارکۆزی سەرۆکی شارەوانی نویلی بەو شێوەیە دیبوو، ئەو بە پاسەوانەکانی خۆی وتبوو، زۆرتان نەماوە دەگەنە ناو کۆشکی ماتینیون، لەوێ خۆمان دەدۆزینەوە، ئەو نمونەیەک بوو کەوا سارکۆزی بۆ کۆشکی حکومەت ئامادەبوو، بەڵام زۆری نەخایاند خەونەکەی نەهاتەدی، بە هەموو هێزیکەوە بە شکستێک وڵام درایەوە.

شیراک لە ٥ ی مایوی ساڵی ٢٠٠٢ بووە سەرۆک کۆماری فەرەنسا، لە ٦ ی هەمان مانگدا سارکۆزی پۆستی وەزارەتی ناوخۆی بەرکەوت، ئەوەش دووەم پۆستە لەناو کۆشکی حکومەت، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٥ جاک شیراک لە ساڵی ١٩٩٥ بۆ ئەو پۆستە جان بییار رافارانی دانابوو، دیارە کەوا سارکۆزی خۆی بۆ تۆلەکردنەوە ماتکردبوو، وەک پۆلیسی فەرەنسای یەکەم چاوەروان بوو بچێتە ناو کۆشکی ماتینیون.

سارکۆزی بەتەواوی نەگەیشتبووە مەرامەکەی، بەڵام کرا بە وەزیری ناوخۆ، بەرپرسی ئازادییە ناوخۆییەکان، لە هەڵمەتی

هەڵبژاردنەکانا بانگهێشتی چەسپاندنی ئاسایش و ئارامی کردبوو، کارەکە گران نەبوو، بە هێنانە خوارەوەی کێرڤی لادان دەکرا، چونکە لەو دەمانەدا کێرڤی لادان بۆ سەرەوە هەڵکشابوو، بەتایبەتی لەو سێ ساڵەی دوایی. ئەو پیاوە لە دوورەوە هاتبوو، لە پەیڤداری بالادورەوە هاتبوو، لەوێ شکابوو، بۆیە بەپەلەبوو، بەڵام ئەو خەونی زۆری هەبوو، بە هەموو شەنگەوە کەوتەوە کاری سیاسییەوە، بۆ جێبەجێکردنی بەرنامە کۆنەکەی هاتەوە مەیدان، بەڵام بە رەوشێکی تازەو بە هەموو هێزەوە.

### لە گۆرەپانی بوفودا:

سارکۆزی بەتەنها نەگەیشتە ناو گۆرەپانی بوفو، لەگەڵ وەزیری منتدبی ئازادییەکانی ناوخۆییەکان پاتریک دوفیجیانی هاوڕێی هاتنە ناو بارەگای وەزارەتی ناوخۆی فەرەنسی لە گۆرەپانی بوفودا، سارکۆزی بەرنامەی هەبوو ( سکرتێری دەولەت ) و ( بەرژەوەندی سازکردنی هەرێم ) یش لەگەڵ خۆی بباتە ئەو گۆرەپانەکە، بەڵام شیراک بۆ ئەو دووانەی پاشەوە رازی نەبوو. کەواتە ئەمجارە گۆرەپانی بوفو بە دوو پارێزەر پارێزراوە، ئەوەش بۆ ئەو ئیدارەیە کە ٣٠٠ هەزار فەرمانبەری تێدایە رووی نەداوەو نەکراوە، نیشانەی لاوازی فەرمانبەرانی برسی ( وەزارەتی ئابووری فەرەنسی ) بوو.

پاش ٢٤ سەعات لە دامەزراندنی نیکۆلا سارکۆزی بەسەردان و بۆ پشکنینی بنکەکانی پۆلیسی ساونتاوین، گەیشتە ناوچەکانی باکووری پاریس، لەو سەردانەدا بینایەکانی ئەو بنکانەی بەسەرکردەوە. هەر ئەو شەوە لەگەڵ پۆلیسەکانی کۆمپانیای قەلاچۆکردنی تاوانەکان سەردانی گەرەکەکانی سین سانت دونیسی کرد، لەیەکەم دیمانەدا کاروانەکەی سارکۆزی وەزیری ناوخۆی تازە بەردبارانکرا، تێر جنێوکرا، لە رێگای گەرانەوەیاندا





لە مونفرمیل ئۆتومبێلێکی سووتاویان کەوتە پێش.

سارکۆزی کە دوو رووداوەی هاتەپێش، لە بارەگادا بریاریدا وەک ئەمریکییەکان بەرنامەی ( لێبووردن زیرۆ ) پەیرەوبکات، لەکەس نەبوورێت، دەست نەپارێزێت، دیارە ئەو لەو جۆرە بەرنامانەدا شارەزایی هەبوو، بۆ ئەو ئاسایی بوو. سارکۆزی لە کتێبەکەی بە ناوی ( ئازاد ) نووسیویەتی، کەوا لێبووردن زیرۆ، واتە گرانترین سزا بۆ یەکەم سەرپێچی، بۆ یەکەمین دەستدرێژی، بەو بەرنامەیە رێژەی تاوان دادەبەزێنیت، بواری هیچ لادانێک نادەین، بەوەش باری نائاسایی ناهێتە گۆڕێ، لەگەڵ بەردەوامی ئەو بەرنامەیە یاسا سەروەردەبێت.

سارکۆزی بەردەوام لە مەیدانابوو، رۆژانە ٢٠ سەعات کاری دەکرد، وای لێهات وەزارەتەکەیان رووداوی دروست دەکرد، بەو پێشهاتە چەپەکان نیگەرانبوون، کەسی دووەم لە حکومەتەکە گوێ بە قسەی کەس نەدەدا، بەردەوام بوو، بە رەخنەکان سارد نەدەبۆوە. بۆیە بە ژورنالیستەکانی وتبوو:

ئێمە لەناو حکومەت کێشەو گرفتمان زۆرە، بۆیە تا سەرکەوین، دەبێ بەهەمان زۆری و خێرایی کێشەکان رابکەین، نەوەستین.!

تا ئەو دەمانەش فەرەنسیەکان وایان دەزانی ئەو وەزیرە کەسێکی تکنۆقرات و لیبرالە، دۆستی دەوڵەمەندەکانە، بەڵام بۆیان دەرکەوت ئەو پیاوێکی جەربەزەو کۆڵنەدەرە، گیانبازی توندی تێدایە، بۆیە لە ئینستویتی فەرەنسی بۆ پێوانەی رای گشتی بەپێی پێوەری ئاینسوس ٢٠ خالی بەرکەتبوو، کە ئەنجامەکەی لە هەفتانامەی ( لوبوان ) لە هەفتەی یەکەمی دەستبەکاربوونی لە حکومەتەکەی ( رافاران ) بڵاوکرابووە. لە راپرسیەکی تر کە لە ( باری ماتش ) بڵاوکرابۆوە بەپێی پێوەری (بی فی ئای) یش ١٤ خالی بەرکەوتبوو، لە ماوەیەکی کەمدا ئەو کەسە ناپەسندەی فەرەنسیەکان بووە کەسێکی خۆشەویست و

جەماوەری زۆری پەیداکرد.

سارکۆزی دەیویست خۆی وا نیشان بدات، کەوا ئەو پەیوەندی بە ئەندامانی حکومەت باشە، بەتایبەتی لەگەڵ وەزیری یەکەم، دەیووت، ئەگەر بەیەکەوە هاوکار نەبین دەشکێین، سەرکەوتمان بە کارکردنی هاوشانمان دەبێت، من رۆژانە یەک دوو جار قسە لەگەڵ جان بییار رافارانی وەزیری یەکەم دەکەم، بەڵام ئەو زۆر لەو پەیوەندییە دەترسا، گومانی لە سارکۆزی هەر هەبوو، دواجار جۆرو شێوەی پەیوەندییەکەی لە کتێبەکەی بەناوی ( دوا کاروانم ) کە لە دەزگای گرسیت چاپی کردبوو، وتبووی:

پەیوەندییەکەمان لە سەرەتا زۆر گران دیاربوو. لەو دەمانەدا سارکۆزی ئالان جوبیەی بە دوژمنی سەرسەخت دەزانی، کاری بۆ ئەوە کردووە دەرگا بۆ هاتنی سەرۆک شارەوانی بوردو بۆ ماتینیون نەکەوێتە سەرپشت.

نیکۆلا سارکۆزی کۆششی نەدەکرد پەیوەندی بە جاک شیراک خۆش بکات، بواریشی ئاسان نەدەکرد سەرۆکایەتی ئەو حزبە وەرگرێت، کە لە پایزی ساڵی ٢٠٠٢ دا بە ناوی ( یەکێتی لە پێناوی بزاڤی میللی ) ی دامەزرابوو. دیارە لەگەڵ ئەوەشدا نەبوو دووبارە شیراک پۆستەکە وەرگرێتەوە.

لە کۆبونەوەیەکی گەورەدا سارکۆزی لە یەکەم هاوینی کارکردنی لە گۆرەپانی بوفو لە کارو پیشەی دوو هەزار پارێزگاری پۆلیسی کۆلیەوە، لەسەردەستی ئەو یاسایەکی نوێ لەسەر ئاسایشی ناوخۆ دەرچوو، سەرۆکایەتی هەرێمەکانی کردە ناوچەکان، چەندین پرۆژەی تازەی بەکارخست، وەک ریکخراوی ئیسلام لە فەرەنسا. کاری تایبەتیەکەی کە ئەوی پێ دەناسرێتەوە، سەردانی کورسیکای کرد، ئەو دۆسیەیە زۆر هەستیاربوو، حکومەتەکەی لیونیل جوسپان تێدا سەرنەکەوتبوو، دیارە ئەو دوورەگەکەی باش دەناسی، بۆیە لەگەڵ ولاتپاریزەکانا





هاوبیربوو، دیالۆگی سیاسی گەرمیان لەگەڵ ساز بکات.

رۆژنامەی لوباریزیان دوژودوی ( پاریسی ئیمرۆ ) ی رۆژی ٢٧ ی یولیو، لە لاپەرەی یەکەمیداو بە مانشێتیکی پان نووسیبووی:

سارکۆزی پیاوی هاوینە ! لە هەموو شوینک دەبینرا، لە رۆژانی پشوودانیش کاری کردووە، لەگەڵ پیاوانی پۆلیس هاوشان بووە، لەگەڵ درکی فەرەنسی بینرابوو، لە کەنارەکاندا لەگەڵ یەکەکانی پشکنینی ئاسایشی بوون و هاوکاری هەبوو، هاوشانی ئەو کارانە سارکۆزی بیری لە بەرنامەیەکی چری بۆ میدیاش کردبۆوە، هەموو چالاکییەکانی گۆرەپانی بوفویان دەگەیاند.

### سارکۆزی و میدیای فەرەنسی:

نیکۆلا سارکۆزی دۆستایەتی لەگەڵ رۆژنامەکان باش بوو، وێنەی خۆی یان ژنەکەی زۆر لە لاپەرەکانی پێشەوە دەبینرا، فرۆشتنی رۆژنامەکان بە رێژەی ٣٠ تا ٤٠% زۆرترو گەرمتربىوو.

لەو هاوینەدا رۆژنامەی باری ماتش دوو بەرگ و دوو ریپۆرتاژیان لەسەر ئەو دابەزاندبوو. لە یەکەم وێنەدا دیارە کەوا وێنەی رۆژی وەرگرتنی پۆستەکەی دەستی لەناو دەستی ژنەکەی ناوە بڵاوکردیتەوە، لە بەرگێکی تردا دووبارە دیسان سارکۆزی دەستی لەناو دەستی سیسلیادایە، بەڵام ئەمجارە لەسەر کەنارەکانی کورسیکا. وێنەکەیان لە شێوەی فامیلی کنیدی گرتووە، لویسی کوریان لە بن مێزەکە شاردۆتەوە، بەوەش دەرکەوتبوو ئەو خێزانەی زۆر تێنووی سیاسەتن، خۆیان زۆر دەردەهێنن، ئەوانە بریاریان داوە لە دەروازەی میدیاوە بە دەرەوە بناسرێن، لەسەر ئاستی رەسمیشەوە ناوی سیسلیا لە هەیکەلی وەزارەتەکە هەبوو، لە تەنیشت نووسینگەی وەزیریش شوینی تایبەتی بۆ خۆی چێکردبوو، لە کۆبونەوەکانی دیوانیش بەشداردەبوو، موعیدە سیاسییەکانی سازدەکردو بە وردیش چاوی

لە زۆر شتەکان دەکرد، کارنامەی مێوان و پێشوازییەکانی دادەنا، بۆیە هەموو رایان وابوو لە دوارۆژا ئەو ژنە وەزیرە دەبێتە سەرۆکی شارەوانی ناوچەکانی سەرووی سین.

نیکۆلا سارکۆزیش بە کەنالی تەلەفزیۆنی فرانس ٢ راگەیاندبوو، دوور نییە سیسلیای ژنم لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی ناوچەکان بەشداری بکات. هەر ئەو ئێوارەیە بە گۆڤاری ( ئونفوایی سبیسیال ) نمایندەی تایبەت، بۆ ئەو ژن و میردە زورابی سووریان لەژێرپێیان راخستبوو، ریپۆرتاژێکی درێژی لەسەریان بڵاوکردبۆوە، تێدا ئاماژەی بەوە دابوو کەوا ژنی وەزیری ناوخۆ سپۆرتی رۆیشتن دەکات، لە کۆبوونەوەکانی ناو گۆرەپانی بوفو ئامادە دەبێت، لە دانیشنەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانیش بەشدارە.

جارێک شارل باسکوا سەبارەت بە سیسیلیا وتبووی:

ئەو ژنە زۆر کارگێرەو سارکۆزیش ئاراستە دەکات، ئەوەی جوان و چاک ئەزبەر کردووە. لە دیوانی وەزارەتەکە کەسیکی تری بەهێزیش هەبوو، ناوی کلود گییوبوو، بەرێوەبەری دیوانی سارکۆزیی بوو. فەرمانبەرێکی سامیی بوو، ئاگاداری هەموو وردەکارییەکان بوو، ئەو پلەبەپلە لە وەزیفەکان سەرکەوتووە. کلود زووتر یاریدەری شارل باسکوابووە، لەسەردەمی ئەو ناوبانگی باشی هەبوو، بۆیە سارکۆزی پێشنیاری بۆ کرد لەلای ئەویش بمینێتەوە، ئەویش بێ دوودڵی و یەکسەر قبوولی کردبوو.

لە ساڵی ٢٠٠٣ وەزارەتی ناوخۆ بە چالاکیەکانی وەزیرەکەیان سەرقال بوو. گۆڕانی زۆری لەناو رێزەکانی پۆلیساکرد، زۆریش سەردانی کورسیکای دەکرد. ساڵی دووەمی کارکردنیدا سووربوو لەسەرئەوەی رای گشتی بۆ خۆی راکێشێت، وەک کەسی یەکەم لە گۆرەپانی بوفو، کە وەزارەتەکەی تێدابوو، کردبووە رووانگەی هەموو نیگایەک، لەولاشەوە ئەنجومەنی نیشتیمانیش بە کێشەی





ئاوارەو کۆچ سەرقالبوو، کە بەرنامەیان بۆ مەرجەکانی هاتنە ناو وڵات دادەنا، خەریکی نەهێشتنی پرۆسەی هێنانی هاوسەری بە پسولەیەکی ئیمزاکراو رابگرن، کە تەنها بۆ وەرگرتنی ئیقامەو مانەوە دەکران، هەروەها ماوەی زیندانی ئیداریش لە ١٢ رۆژ درێژ بکەن بۆ ٦٠ رۆژ، کاریش بۆ ئەوە دەکرا مافەکانی پەناهەندەیی هەموار بکرێت، کە داوایەکی کۆنی کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤ بوون، چەپەکان ئەو دەمانەی دەستیان بەسەر دەستەڵاتدا دەرۆیشت، بۆیە ئەو داوایان راگرتبوو، هەروەها پرۆژەی یاساکەش سزادانی دوولایەنی راگرتبوو، ئەوەی شایانی باسە کەنیسەش لەگەڵ گۆڕان نەبوو، قەشەکان وایاندەزانی ئەو یاسایە بە رێنماییەکانی رێکەوتنامەی جنێف دانراوە. ئەو کاردانەوەیە یەکەم ئەستەنگ بوو بەرووی سارکۆزی وەستا.

هاوشانی ئەوانەش سارکۆزی لە دیمانەکانی لەگەڵ موسلمانەکانی فەرەنسا لە دیالۆگدا بوو، سەرکەوتنی باشی بەدەست هێنابوو، لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٢ دا سارکۆزی لەگەڵ هەموو نوێنەرەکانی موسلمانەکان کۆک بوو، تا ئەنجومەنی رەوەندی موسلمانەکانی لێکەوتەوە.

لەو دەمانەدا کەسایەتی جان بییار رافاران لە ئەنجامی راپرسیەکان بەرەو هاتنە خوارەوە دەچوو، کێرڤەکەی دادەبەزی، ئەوەش بەپێچەوانەی سارکۆزی بوو، لە کێرڤەکەدا سەرکەوتنی زۆر بەدی دەکرا، بۆیە هیوای ئەوەی ئەو ببێتە جەمسەرێکی سەرەکی لەناو راسترەوەکان بەرەو بەرجەستەیی دەرۆیشت. سارکۆزی بریاریدا سنووری دەستەڵاتەکەی فراوانتر بکات، لێهاتوویی پێوە دەرکەوت، سەفەری دەرەوەی زۆر دەکرد، دارو دەستەکەی کاریان بۆ پرۆپاگەندەی زۆرتردەکرد، زۆرتر بایەخیان بە میدیاکان دەدا، بەتایبەتی لە سەفەرەکەی بۆ جزائیر لە کۆتایی ئەکتۆبەرا، ئەو سەفەرەی لە میدیاکان رەنگدانەوەی زۆری

دایەوە. لەو سەردانەیدا بۆ ماوەی چوار سەعات لەگەڵ سەرۆکی جزائیری عبدالعزیر بوتفلیقە دیمانەیان بوو.

## سارکۆزی تەحدای شیراک دەکات:

کە بەرنامەی ( سەد دەقە بۆ ئیقناعکردن )، بۆ شەش ملیۆن بینەر، ئەو ژمارەیە ژمارەیەکی ریکۆردشکاندن بوو، کە تێدا تەحدای ژمارەی کەسی دووەمی لە حکومەتەکەی شیراککرد، بەوەش ئالەتی سارکۆزی بەراستی لە رۆژی ٢٠ ی نۆڤمبەری ساڵی ٢٠٠٣ بەرجەستەبوو، لەو رۆژانەشدا شیراک ٧١ ساڵی تەمەنی تەواوکردبوو، هێشتا نیوەی ماوەی هەڵبژاردنەکەی دووەمی تەواو نەکردبوو.

سارکۆزی بەیانیەکیان خەریکی ریش تاشین بوو، کە رۆژنامەنووسێک پرسی هەڵبژاردنەکەی داهاتووی سەرۆکایەتی ساڵی ٢٠٠٧ لێکردبوو، ئەویش بەو بەیانیە گەردەلوولەیەک نارەزایی لەناو دۆستانی جاک شیراک پەیداکرد، کە وتبووی بیر لەو هەڵبژاردنە دەکەمەوە. بەتایبەتی بەرووی ئەوانەی خۆیان بۆ ئەو شەڕە ئامادەکردووە.

سارکۆزی ئەو قسەی سەرپێی نەکردبوو، بۆیە پەشیمان نەبوو لەوی وتبووی، بۆ جاری دووەم بەیانیەک نانی بەیانی لەگەڵ ژمارەیەک ژورنالیست دەخوارد، لەوێش وتبووی ئەگەر بێزارم بکەن، من دەست لەکاردەکێشمەوە، دەرۆم، ئەوەیان ئاسانە، ئەوەم پێ دەکرێت. ئەو سووربوو لەسەر بۆچوونەکەی خۆی کەوا نابێ ماوەی سەرۆکایەتی لە دووجار زۆرتر بکرێت، ئەوەش راستەوخۆ نامەیەکی ئیستیفزازی بوو بەرووی جاک شیراک دەکرایەوە.

بە بەرنامەو بۆ پێگەیاندن و هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان سارکۆزی کاری دەکرد، لەسەر ئاستی گۆرەپانی بوفوو لەسەر





ئاستی میدیاکانەوە، بوونی بەردەوامی هەبوو، یاریدەرەکانی کاریان دەکرد لە پەخشی هەواڵەکان ناوی هەبێت، لە دەنگوباسی تەلەفزیۆنەکان ناوی هەبێت، لە بەرنامە تایبەتیەکەی مارک ئولیفی لە کەنالی فرانس ٣ دا ناوی دەهات، لە لاپەرەکانی یەکەمی رۆژنامەکانی فەرەنسی، لە دیمانەکان لە پێشەوەی بابەتەکان بوو. بەڵام لەناو کۆشکی ئالیزی بە ئاستێکیتر دەرۆیشت، جۆن لویس دبری بە جاک شیراکی وتبوو، لەوەی روو دەدات دەستەوەسنان مەبە، بەخێرایی بەرووی ئەو پێشهاتانە بەوەستە.!

لە کۆتایی مانگی ئوکتۆبەر لە ئاهەنگی دابەشکردنی میدالیا بەسەر دەرچووە باشەکانی دەستەی کۆماری ئاسایش، سارکۆزی بانگ نەکرابوو، بۆیە ئەو لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٤ دووبارە هێرشی کردەوە سەر کۆشکی ئالیزی، بەڵام چۆن دەستی پێکرد، سەرەتا چۆن ئەو کرا ..؟

سارکۆزی سەردانی وڵاتی چینی کرد، لەوێ دیمانەی سەرۆک (هو جینتاو) کردبوو، کە بەیەکەوە بەرەو کۆشکی میللەت دەرۆیشتن، بە پرسیارێک سنووری دبلۆماسیەتی بەزاندبوو، پرسیاری لە سەرۆکی چین کردبوو، من کە ماوەی دە ساڵ کەسی دووەم بوم، وا بوومەتە کەسی یەکەم لە حکومەت، تۆ هەست بە گۆرانی بنەڕەتی لە حکومەت دەکەیت، دیارە ئەو پرسیارە جێگەی خۆی نەبووە، ئەو رستەیە لەناو پاریسا سەدایەکی زۆری دابۆوە، رۆژنامەکان پەیوەندی نێوان وەزیری ناوخۆو سەرۆک کۆماریان شرۆڤەکردبوو. کەسی ژمارە دوو لە حکومەت بەوە نەوەستاوە لە سەفەرەکانی بۆ ئاسیا، بابەتی ترو گرفتی تری هێنابووە ئاراوە، لەوێ ئارەزووە تایبەتیەکانی سەرۆک شیراکی لەسەر خوانی ئێوارەیەک لەگەڵ رۆژنامەنووسان بە ناشیرینی ناوبردبوو، بەئاشکرا تانەی لێگرتبوو. سارکۆزی لە کەرامەتی سەرۆک

شیراکی دابوو، کە باسی وەرزشی سۆمۆی ژاپۆنی کردبوو، وتبووی ئەوانەی حەز بەو سپۆرتە دەکەن، کەسانی ورگ زلن و قژیان وەک ژاپۆنیەکان دادەهێنن، ئەو سپۆرتە هەرگیز سپۆرتێکی فیکری نەبوو، بەوەش زۆر بە زەقی لە کەرامەتی ئەوی دابوو. ئەوانە هەمووی نیشانەی لادان بوون، بەڵام ئەو زۆر بەئاسایی دەزانی، کردەوەکانی بە پەسندیش دەزانی.

## رافاران تۆڵە بۆ شیراک دەکاتەوە:

لە ئاسمانەوە لەناو ئەو فرۆکەی بەرەو پاریسی دەگەراندەوە، سارکۆزی وتبووی:

من ٢٠ ساڵە هەلەیەکم نەکردووە، ئەوان هەموو شتێک دەکەن، موستحیل دەکەن، تا من خۆم بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی ٢٠٠٧ خۆم کاندید نەکەن، منیش جاری نازانم خۆم کاندید دەکەم، یان ناء، من دەمەوێ کەس رێگام پێنەگرێت، من ئازادم دەمەوێ چۆنم دەوێ ئەوە بکەم. بۆیە دەبێ هوشیارو ئاگاداربم. بەو وتە تازانە کۆشکی ئالیزی و یەکێتی لە پێناوی بزاڤی میللی زۆر توورەببوون.

هەفتەنامەی ( باری ماتش ) سەبارەت ئەو بارە تازەیە، هەواڵێکی بڵاوکردەوە، تێدا ئاماژەی بە هەلەکەی وەزیری ناخۆ سارکۆزی دابوو، بە پێناسەکردنی سپۆرتی سومو، چونکە ئەوەیان کێشەیەکی دبلۆماسیشی لەگەڵ ژاپۆن هێنابوو ئاراوە، بەڵام ئەمجارە سارکۆزی زۆر توورەببوو. کۆشکی ئالیزی سارکۆزی لەسەر ئەو هەلانەی دەکرد، خۆی بێئاگا دەکرد، بە کێشەیەکی ناو کۆشکی ماتینیونی سەرۆکایەتی حکومەتی دەزانی، بۆیە سەرۆکی حکومەت هەلەکەی سارکۆزی بە ناشیرینکردن و گاڵتەکردن بە پیرۆزییەکانی سەرۆک شیراک دەزانی، بۆیە بێدەنگ نەدەبوو.

سارکۆزی لە ئیستفزازکردنی کۆشکی ئالیزی بەردەوامبوو،





شەڕەکە لە گۆرەپانی بوفووە بەردەوامبوو، بەڵام ئەمجارە لە دەروازەی میدیاوە هاتە ژورەوە، کۆرێکی بۆ رۆژنامەنووسان کرد، وەک ئەو کۆرانەی جاران ژەنرال دیگۆل دەیکردن. بۆ ئەو کۆرە نزیکەی ٢٠٠ ژورنالیست گەیشتنە ناو بارەگای وەزارەتی ناوخۆ لە گۆرەپانی بوفو، کە شوێنەکی زۆریش لە کۆشکی سەرۆکایەتیش دوور نییە، لەو ساتانەدا راوێژکارەکانی شیراک توورەیی و نارەزاییان لێدەباری، سارکۆزییان وایان پێناسەکردبوو، کەوا ئەو بە دەستەکانی رۆژنامەگەری دەخوات.

سارکۆزی زۆر ژمارەکانی ئامارەکانی ئەزبەر کردبوو، زوو ئاماژەی پێ دەدان، دەیووت:

لەو سەردەمەی ئێمە لە وەزارەتی ناوخۆ دەستبەکاربووین، رێژەی لادان کەم بویتەوە، رێژەکەی زۆر بەبیردەهێنانەوە، کەوا رێژەکەش ٣،٣٨ % دەبێت، ژمارەی زۆری وەک ئەو ژمارەیە دووپات دەکردەوە، ئەگەرچی وەزارەت سنووری بۆ کۆنگرە رۆژنامەگەرییەکان دانابوو، بەڵام ژمارەیەکەی بەرچاو بە زۆری لە سالۆنەکانی وەزارەت دەبینران، سیاسیەکانیان دەهاتن، کە پرسیاریان ئەوەیان لە پۆلیسی یەکەمەکەی فەرەنسا دەکرد، لەگەڵ شیراک لەسەری چی ئێوەن ناکۆکن، لە پێش چەندین کامیراش بووایە، ئەو بەو پرسیارانە نیگەران و هەراسان نەدەبوو.

سارکۆزی زوو تێگەیشت کەوا حزبی ( یەکێتی لە پێناوی بزاڤی میللی ) بۆ ئەو نابێت، چونکە حزبەکە لەلایەن ئالان مونوو ئالان جوبیە لەسەروبەندی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ساڵی ٢٠٠٢ دایانمەزراندووە، ئەو حزبە بە هەڤاڵبەندی یەکێتی لە پێناوی کۆماری و حزبی دیموکراسی لیبرالی و بەشێکی یەکێتی لە پێناوی دیموکراسی فەرەنسی دامەزراوە.

یەکێتی لە پێناوی کۆماری لە نۆڤمبەری ساڵی ٢٠٠٢ راگەیاندراوە، سارکۆزی لە رێزەکانی پێشەوەیان دابوو، بەڵام

لەوێ بۆی نەبوو وتەیەک پێشکەش بکات، دیاربوو هەمو لایەک کۆکبوون لەسەرئەوەی کۆشش بکەن سارکۆزی لەو حزبە پێگەیەکی بەرنەکەوێت.

زۆرینەکەی ناو دەستەلات لە فەرەنسا لە ساڵی ٢٠٠٤ دا، وەک هێزیک کۆک دەبینران، ناکۆکی و بەربەرەکانیش بۆ سەرۆکایەتی یەکێتی لە پێناوی بزاڤی میللی گەرم بوو، شەڕەکە لە نێوان ئالان جوبیەو وەزیری ناوخۆبوو. ئەوەی لە دوو ساڵەی دواییدا بەرەو ناوداری گەشەی کردبوو. ئەو ناکۆکییە لە نێوان ئەو دوو پیاوە نەما، پاش ئەوەی لە ٣٠ ی ینایر لە سەعات دووو نیو دادگای ئیستئناف بریاریدا سەرۆکی پێشووی یەکێتی لە پێناوی کۆماری بە ١٨ مانگ زیندانی بکرێت، لە هەمان بریاریش بۆ ماوەی دە ساڵ لە کاندیدکردنیشی راگیرا، بەوەش هەوادارانی شیراک تووشی شۆک هاتبوون، کە کەسە لەپێشەکەیان بۆ پێشبڕکێی سەرۆکایەتی کۆمار ئەو مافەی نەما.

کە دادگا لە کێسەکەی ئاکان جوبیەی دەکۆلیەوە، سارکۆزی لەگەڵ سیسیلیای ژنی لە بالکۆنی رێستورانێک لە شەقامی ئاجاکسیو نانیان دەخوارد، لەوێ وتبووی:

کە ئالان جوبیە کلیلەکانیشی لەدەستبوو، کەسێکی میللی نەبوو، بەڵام من لەوەتی هەم مۆرالی میللیم پێوەیە، نەک بەو شتانەی خەڵکی حەزی لێناکەن. کەسی ژمارە دووی ناو حکومەتی فەرەنسی لە رێگاوە بوو بەرەو فرۆکەخانە، کە بەرێوەبەری دیوانەکەی کلۆد گیو هەواڵە قورسەکەی چەسپاندنی دادگای بەسەر ئالان جوبیەی پێراگەیاندبوو. سارکۆزی لە شێوەیەکی نایاسایی بەتەنها بە فرۆکەکەی فری و دەستە رۆژنامەنووسەکانی بە فرۆکەیەکی تر رەوانەکردو فرۆکەکەی خستە ژێر دەستەڵاتیان. تا خۆشییەکەی دەرنەبرێت، تا هیچ لە رووی ئەو شکانەی نەیارەکەی دەرنەبرێت، بێدەنگی هەڵبژارد. دیارە کەوا شکانی





کەسانێکی زۆر، بۆ کەسانیتر بەخێر دەگەرێتەوە، بەڵام بەو بریارەو بە شکانی نەیارەکەی بواری بۆ سەرۆکایەتی حزبەکەیان حزبی یەکێتی لە پێناوی بزاڤی میللی و کاندیدکردنی بۆ سەرۆکایەتی کۆماری ساڵی ٢٠٠٧ ئاسان و خۆش بوو.

## هەموو کەس تەنها سارکۆزی نەبێت:

لە رۆژی ٨ ی فبرایر رۆژی کۆنفراسی پێشوەختی حزب بوو، کۆنگرەکە بۆ ماڵئاواییکردنی نەیارەکەی سارکۆزی ئالان جوبیەبوو، لەناو هۆلەکەی کۆنفراسەکە دەنگی ئەوە بەرزکرایەوە، کەوا هەمووکەس تەنها سارکۆزی نەبێت، ئەو دروشمە بنکە فراوانەکی ناو هۆلەکەبوو. پریس هۆترفۆ سووربوو ئەو دروشمە لەناو هۆلەکە یەک بە دەنگی خۆی بە مایکرفۆن بڵێتەوە. سارکۆزیش لەوێ بوو، بەڵام بەکەمی لەسەر شاشەکە دەردەکەوت، گەنجانی هەوادارانی ئالان جوبیە ناو یەکێتی لە پێناوی بزاڤی میللی گەمارۆیان دابوو، ماوەماوەش بە دروشم وتنەوە پشتیوانیان لە ئالان جوبیەش دەوترایەوە. لەناو ئەو رەوشەدا بەتوورەیی سارکۆزی هۆلەکەی جێهێشتبوو. برادەرەکانیشی بە دەزگاکانی راگەیاندیان راگەیاندبوو، کەوا ئەو کەسە بۆ سەرۆکایەتی یەکێتی لە پێناوی بزاڤی میللی دەست نادات، لەو پۆستەش ناوەشێتەوە.

سەرۆکی حکومەت رافاران کە زانی رەوشەکە بەرەو تەنگژە دەچێت، پێشنیاریکرد سارکۆزی پۆستی سەرۆکی منتدبی حزبەکە بۆ کاروباری رۆژانە وەرگرێت، خۆشی لەبەرئەوەی سەرۆکی حکومەتە سەرۆکی حزبەکە وەرگێرێت، سارکۆزی بەو پێشنیارە نەرمی نوواند، بەڵام سەرۆک کاغەزی سیناریۆیەکەی دڕاندبوو، بەبێ ئەوەی بەکەسیش بڵێت بریارەکەی لە بنەرەتەوە هەڵوەشاندبۆوە، ئەوەش لە کتێبەکەی رافاران بەناوی ( دوا

کاروانەکەم ) ئاشکرای کردبوو، لەو کتێبەدا نووسیویەتی من تەنها ئەو جارە توانیم بە سەرۆک بڵێم ناء ..

لەو دانپێدانەدا رافاران، دومینیک دوفیلیبانی تاوانبارکردووە، کەوا ئەو باندۆری لەسەر سەرۆک هەبووە تا پێشنیارەکەی قبوول نەکات، بەڵام هەوادارانی شیراک وایاندەزانی وەزیری یەکەم رافاران ناتوانێ لە خراپەکانی سارکۆزی خۆی بپارێزێت، زۆریش بروایان بە کەسێکی وەک سەرۆکی حکومەت نەبوو، چونکە ئەو لەناو ئەو ئەندامە کۆنەکانی یەکێتی لە پێناوی کۆماریش نەبوو.

ئەگەرچی هەوادارانی شیراک لە هەڵبژاردنە ناوخۆیەکاندا زۆریان دۆراوبوون، بەڵام سووربون لەسەرئەوەی هێرشەکەیان رانەگرن، لەو دەمانەدا لەلایەن سەرۆکەوە سارکۆزی دەکرێتە وەزیری ئابووری. بەو گۆڕانە دوفیلیبانی هێنایە ناو گۆڕەپانی بوفو، کرا بە وەزیری ناوخۆ، بۆیە سارکۆزی لەو گۆڕەپانە دوورکەتەوە، لەسەر تاجی بەردەوامی دەزگاکانی پەخش نەما، لەو سەکۆیە دەگیرا، بەوەش لەبەر چاوان کەمتر دەبینرا، ئەوەش بواری خۆشکرد هێزو تەوژمە گرانەکەی لەسەر نامینێت، لەو دەمانەدا جۆن لویس بورلو وەکالەتی وەزارەتی کاریشی بەرکەوت، هەروەها دوست بلازی پۆستی وەزارەتی تەندروستی وەرگرت.

نیکۆلا سارکۆزی ئەگەرچی لە ( برسی ) بارەگای وەزارەتی ئابووریش بوو، بەڵام ستراتیژییەکەی هەرمابوو، لەوێ سێ بواری دۆزییەوە بۆ کارکردن تا بگاتە کۆشکی ئالیزی. دەروازەی یەکەمی ئەوەبوو نرخ دابەزێنێت، پاشان هەیکەلی سستەمەکە هەنگاو بە هەنگاو بگۆڕێت، سێیەمیش رزگارکردنی دامەزراوی ستووم بوو، ئەوەش کۆمەڵگەی ئی دی ئێف و یاسای کارەبای فەرەنسی تایبەت بە ژێرخانی پەیوەست بە وزەو گواستنەوەن.

سارکۆزی گوشاری کردە سەر شیراک، تا ئەو ریفراندۆمەی بۆ دەستووری ئەوروپی کە لەلایەن ڤالیری جیسکار دیستان





پێشنیارکرابوو بێتە واری جێبەجێکردنەوە، هەروەها ئەوەشی راگەیاند کەوا ئەو دژی هاتنی تورکیایە بۆ ناو یەکێتی ئەوروپی، هەر لەو پێشهاتانەدا سەردانی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای کردبوو.

لە ١٤ ی یولیودا لە دیمانەیەکی دوورودرێژ بۆ رۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسی بە شێوەیەکی ئیستفزازی قسەی کردبوو، بۆیە بۆ بەیانی شیراک هەرەشەی لێکردو پێی وتبوو، سەرۆک بریارەکان دەردەکات، ئەوەی لەسەر تۆیە تەنها جێبەجێکردنی بریارەکانە، بەوەش پەیوەندیان بەیەکەوە بەیەکجاری نەما.

هەرچەندە ناکۆکییەکانی نێوان سەرۆک و وەزیری ئابووری زۆرتر دەبوو، مەسەلەی کێ ببێتە سەرۆکی حزبەکەیان ئاڵۆزتردەبوو، ئەوەی بۆ پریس هۆترفۆ مسۆگەربوو کەوا سارکۆزی دەست بەسەر یەکێتی لە پێناوی بزاڤی میللی دادەگرێت، دیارە ئەوەشی بۆ ئەوەبوو کەوا بۆ هەڵبژاردنەکەی سەرۆکایەتی داهاتوو لە ساڵی ٢٠٠٧ کەسی لەپێشدا نەمینێت، چونکە بەشدارکردنی وەک کاندید بۆ سەرۆکایەتی کۆمار بەناوی سەرۆکی حزبیشەوە بێت، دەرچوونی ئاسانترە. سارکۆزی ئەوەی لە بیرمابوو کەوا لە ساڵی ١٩٩٥ شیراک لەبەرامبەر بالادور لە هەڵبژاردنەکە دەرنەدەچوو ئەگەر سەرۆکی یەکێتی لە پێناوی کۆماری نەبووایە، ئەوەی ماوە ئاماژەشی پێبدرێت، سەرۆکی یەکێتی لە پێناوی بزاڤی میللی واتە بودجەیەکی ساڵانەی زۆری وەک ٣٣ ملیۆن یورۆ لەبن دەست دەبێت، لەو هەنگاوەش سیسیلیا کۆک نەبوو لەگەڵ سارکۆزی مێردی. ئەو بە ئارامی کاری دەکرد، بەرنامەی کۆششەکانی بەنهێنی دەهێشتەوە، تا لە ١٥ ی یونیودا ٢٣٧ نوێنەرو سیناتۆری بانگهێشتی کۆبونەوەیەک کرد لە دیوانی وەزارەتی ئابووری، لەپێش ئەو ژمارە زۆرەی ئامادەبووان، لەوێ لەپێش ئەوانەدا وتارێکی بەراستی شیاو بە سەرۆکی حزبی

پێشکەشکردن، شیاو بۆ کاندیدی سەرۆکایەتی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی داهاتوو. لەولاشەوە هەوادارنی شیراک نەیانتوانی جەماوەرێکی شیاوو بەرچاو کۆبکەنەوە، کۆک نەبوو لەسەر کاندیدکردنی کەسێک بۆ ئەو پۆستە، دیاربوو کەوا رافاران لەو پێگەو دەستەڵاتە نەبوو بۆ ئەو پۆستە بێتە پێشەوە، تاقەتی ئەو ململانێیەی نەبوو، گەنجەکانی وەک فرانسوا باروا و هرفی گایماریش دڵنیابوون ئەگەر خۆیان لە قەرەی کارێکی وا بدەن، سەرنەکەوتنەکەیان دیارو روونە، بۆیە کەسی بەروودا نەما.

## دوا کارتەکانی شیراک:

شیراک ئەو راستیەی باش دەزانی ئەگەر سارکۆزی دەست بەسەر یەکێتی لە پێناوی بزاڤی میللیدا بگرێت، ئەوە گرەوەکان دەباتەوە، یەک کارتی لەدەست مابوو، پۆستەکەی لێ وەربگرێتەوە، ئەگەر سەرۆکایەتی حزب وەرگرێت، ئەوا شیراک لە دەستەڵات دووردەخاتەوە. ئەو هاوینە بۆ زۆرینەی دەستەڵاتدارەکان لە فەرەنسا ئاژاوەو ململانێ گەرم بوو، هەوادارانی سارکۆزی هەستیان بە رەوشتی ناپەسنددەکرد، لەولاشەوە سارکۆزی کۆششی دەکرد هەردوو دەستەڵاتەکە لەیەک نزیک بکاتەوە، بەڵام بەراستی یەکێتیەکەی دەویست، ئەگەر لە نێوان حزب و حکومەت سەرپشک کرابووایە ئەو حزبەکەی هەڵدەبژارد، سارکۆزی لە پۆستەکەی نەمابوو، بەڵام شیراک پێی وتبوو، دەتوانی لە پۆستەکەت بمینێتەوە تا سەرۆکایەتی حزبەکە بەرەسمی وەردەگریت، بۆیە لە ٢٨ ی نۆڤمبەرکە رێژەی ٨٥ % دەنگەکانی وەرگرت ئەوە کرا بە سەرۆک، نمایشەکەش بە شێوازی ئەمریکی بەرێوەچووبوو. ئەو بەرنامەیە ٥ ملیۆن یوروی تێچووبوو، ئەوەش پارەیەکی زۆر بوو بۆ بودجەی حزبەکە، ئەوەش یەکەمجارە ئەو پارە زۆرە سەرف بکرێت، بۆیە قسەو





پێداچوونەوەی زۆری لەسەرکرابوو.

بوونی سارکۆزی بە سەرۆکی حزب وەرچەرخانێکی گەورەبوو بۆ دەستەکەی ناو دەستەڵات لەناو حزبەکە، بەڵام سارکۆزی وتبووی، بەو گۆڕانە لەبەرامبەر فەرەنسیەکان هیچ نەگۆڕاوم، بۆ من گرنگ نییە، چە سەرۆکی حزب بم، یان لە پۆستی وەزارەت دابم. بەڵام هەوادارانی شیراک ئەو پێشهاتەیان بە شکانێکی مەزن وەسفکردبوو، پێنج سەرەکەی شیراک وتبوویان، ئەوەیان لە ئەنجامی نەزانینەکانی شیراکەوە تووشمان هاتووە.

سارکۆزی لە ٣٠ ی سپتمبەری ساڵی ٢٠٠٥ دا بەرەو کۆبونەوەی وەزارەتەکەی دەبۆوە، لە رێگادا هەستی بە ژانێکی زۆر کرد، زانی ناتوانی لەسەرپێیان بوەستێت، ناتوانێ بە رووی ژورنالیستەکانەوە قسە بکات، بۆیە گەرایەوە بریاری دابوو پشوودانەکەی هەفتانەی خۆی وەرگرێت، بچێتە دەرەوە نانی ئێوارەکە دوور لە چاوی میدیاو ئاپوورەکەیان و وینەگرەکان فەزوولیەکان ( بابارازی ) بخوات.

بەدەنگێکی بەرزەوە لەگەڵ خودی خۆی قسەی دەکرد، ئەگەر لەو هەڵبژاردنەی سەرۆکایەتی دەرنەچووم، چی دەکەم. لە دیمانەیەکی بە نووسەرێکی وتبووی:

ئەگەر ئەو پرۆسەیەم دۆراند، بەدروستی ئەو پرسیارە لە خۆم دەکەم، چی بکەم .. دەبێ چیترم لە پێشدا مابێت.. چی بکەم ..؟؟؟ ببمە بالوێزی ولاتەکەم و بچمە دەرەوە ...؟؟! بگەرێمەوە شارەوانیەک وەک سەرۆکی شارەوانی .. نا نا نا .. من بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ سەرۆکی شارەوانی نویلی بووم .. تازە کاری ترم پێناکرێت، من لە لوتکەی دەستەڵاتی سیاسی کارم کردووە، لە ئەنجومەنی گشتی دابم ... ناکرێ ..!!؟؟

لە بەنداوی مرسیلیای فەرەنسی کرێکارانی بەنداوەکە مانیان گرت، شپرزەییان خولقاند، سەرۆک وەزیران دومینیک دوفیلیبان،

فەرمانی بە سوپا دابوو مانگرتنەکەی کرێکارانی کۆمپانیای نیشتیمانی کورسیکی ناوەراستی چارەسەربکات، لەو دەمانەدا سارکۆزی بە میدیاکانی راگەیاندبوو، ئەگەر ئەو لەو شوێنەدا بووایە، بە بەرنامەو بواری تر ئەو کێشەیەی چارەسەردەکرد، بەڵام کەس داوای لێنەکردم، ئەوەش ئاشووبەیەکی زۆری لەناو پاریسا خولقاند. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە سارکۆزی گەیشتە کێندەرێ ..؟

سارکۆزی وەک سەرۆکی یەکێتی لە پێناوی بزاڤی میللی، هەفتەیەک پێش دەستپێکردنی ریفراندۆمەکە، بریاربوو ئێوارەی یەکشەممە لە تەلەڤزیۆنی تی ئێف ١ لەسەعات هەشتی ئێوارە لەسەر دەستووری ئەوروپی دیمانەیەکی هەبێت. بەیانیەکەی سارکۆزی لەگەڵ پریس هۆترفۆ زۆریان قسەکردبوو، هەرگیز بەیەکەوە ئەوەندە دانوستانیان نەکردبوو.

ئێوارەکەی سارکۆزی تەلەفۆنی بۆ رافاران کردبوو، کەوا ئەو ناتوانێت بەشداری لە بەرنامەکەی تی ئێف ١ بەشداری بکات، هەست دەکات تەندروستی باش نییە، ژانەسەری هەیە، چەند رۆژێکە سیسیلیای خێزانیشی بە کارێکی فەرمی لە ماڵەوە دوورە.

وەک بروسکە ئاسا هەواڵی جیابوونەوەی سارکۆزی و سیسلیا بڵاوبۆوە، هەواڵەکە بۆ هەوادارانی شیراک باش بوو، بەخێرایی قۆستیانەوە، بەیەکەوە دەیانووت:

ئەو پیاوەی ژنەکەی خۆی پێ نەپارێزرێت، وڵاتی فەرەنسا چۆن دەپارێزێت، ئەو وڵاتە چۆن بەرێوە دەبات. لە کۆشکی ئالیزی و کۆشکی ماتینیونی سەرۆکایەتیی حکومەتیش هەواڵەکە بڵاوبۆوە، دەنگۆی زۆری دایەوە. چەندین پرۆپاگەندەو پەلارو توانجیان بۆ هەڵبەستن. هەمووش پەیوەستبوون بە سارکۆزی.

سارکۆزی چەند رۆژێک لەناو ئەو گێژاوە مایەوە، لەناو خەمەکانی دەتلایەوە، بەڵام لە رۆژی ٢٦ ی مایۆو لەسەر شاشەی





کەنالی فرانس ٣ دا، کێشەکانی تەقاندەوە، لەسەر تەلەڤزیۆنەوە کێشە خێزانیەکانی خۆی ئاشکراکرد، سەرۆکی یەکێتی لە پێناوی بزاڤی میللی، وتی:

ئێمەش وەک ملیۆنەها خێزانی تری فەرەنسی کێشەی خێزانیمان هەیە، بەیەکەوە کار بۆ چارەسەری کێشەکانمان دەکەین، کۆششمان بەردەوامە. ئەو پێشهاتەی سارکۆزی لە مێژووی سیاسی فەرەنسی رووی نەدابوو، دبلۆماتێک خۆی بێتە سەر تەلەڤزیۆن و بەئاشکرا بونی کێشە خێزانیەکان ئاشکرا بکات.

ئەو ژنەو مێردەی چاویان لە گەیشتن بوو بە کۆشکی ئالیزی چییان دەکرد ..؟ لە دوا جارا لە ٣ ی یونیو بەیەکەوە دەرکەتبوون، لەو رۆژەدا سیسلیا بەبایەخەوە لە کۆشکی ریازات لە پاریس لە کۆبونەوەیەکی گەورەی یەکێتی لە پێناوی بزاڤی میللی دانیشتبوو، ئەویش سەرنجی دانووستانەکانی دەستووری ئەوروپی دەدا. دانیشتنەکە درێژبوو، زۆر ماندوو ببوون، لە کۆتایی سارکۆزی سوپاسی بێپایانی ئاراستەی ئامادەبووان کرد، بۆ ژنەکەشی سوپاس و پێزانینی تایبەتی نارد، چونکە ئەو هەر شتێک لەناو هۆڵەکەو لە دانیشتنەکە رووی دەدا، ئەو بە کورتە نامەی تەلەفۆنی ئاگاداری ئەوی دەکردەوە. چەند هەفتەیەک دەبوو، سیسلیا چەند رستەیەکی دەربریبوو، لە هەموولایەک لێکدانەوەیان بۆ دەکرد، کەوا ژنەکەی لەو قسانە مەبەستی مێردەکەیەتی، ئەو لە ٧ ی مایۆ بە تیلی ستاری راگەیاندبوو، کەسایەتی ئەوو زەوقی ئەو لە کەسایەتی خاتوونی یەکەمی وڵات ناوەشێتەوە، من ئەو مەراسیمە بێزارم دەکات، ئەوە سیاسەتێکی راست و دروستە، ئەوەیان بە من ناکرێت، من بەردەوام پانتۆلی جنزم پێ خۆشە، حەز بە جلی خاڵخاڵی وەک بەرگی سەربازەکەم، بە پشدێنمەوە کەمەرێک شۆربێتەوە، من ناتوانم خۆم لەناو شتە گرمۆلەدەراوەکان ببەستمەوە، ئەوەیان بە من

ناکرێت.!

سیسلیا لای کەس ئەوەی نەدرکاندبوو، کەوا قسەی لەو جۆرەی کردووە، کە دیمانەکە بڵاوکرایەوە، دیمانەیەکی تری لە بەرنامەی ( نهێنیە وردەکانی نێوان برادەران ) کردبوو، لەوێش لە وڵامی ئەو پرسیارە، پاش دە ساڵی تر خۆتان لەکوێ دەدۆزنەوە، ژنی سەرۆکی یەکێتی لە پێناوی بزاڤی میللی بە ئاریان ماسینی وتبوو:

لەناو تەوێلە ناوەندییەکەدا، من سپۆرتی رۆیشتن دەکەم.

ئەو وڵامەی سیسلیا هەموو لایەکی سەرسام کردبوو. لە راستیدا ئەو ژنە ئەو ژیانە تازەیەی لا خۆش نەبوو، لەسەرئەوەیان لەگەڵ مێردەکەی ناکۆکبوون، ئەو حەزی دەکرد مێردەکەی وەک وەزیر بمینێتەوە، نەک سەرۆکایەتی حزب. بۆ یەکەمجاریش سیسلیا لەناو حزبدا پلەیەکی دەستکەوت، بە سەرۆکی دیوانی سەرۆکی حزب دامەزرا.

سیسلیا لەگەڵ دەستە کاندیدکراوەکانی ناو حزب، ئەوانەی لەگەڵ لیستی مێردەکەی بوون کۆک نەبوو، بەکارکردن لەگەڵ بەرێوەبەرەکانی یەکێتی لە پێناوی بزاڤی میللی دڵخۆش نەبوو، بەتایبەتی برادەرە نزیکەکەی سارکۆزی پریس هۆترفۆ، کە بارەگەکەشی گواسترایەوە نهۆمی حەوتەمی باڵەخانەکە زۆر هەستی بە تەنگەنەفسی دەکرد، ئەو نووسینگەکەی خۆی لە وەزارەتی ئابووری کۆشکی برسی لا خۆشتربوو، بەڵام دەستەڵاتی نەبوو، میردەکەی وا حزبی هەڵبژاردووە، دیارە چاوەرانی ئەوە بوو ئەگەر لە کۆشکی ئالیزی نەوایەکی خۆشی دەستکەوێت، بەڵام ئەو لەو سەفەرانەی لەگەڵ مێردەکەی بەرەو ئیسرائیل و چین و ئەمریکا کردبوو نارەحەت ببوو.





<u>پرۆپاگەندەیەکی تر:</u>

پێش ئەوەی دەنگۆی جیابوونەوەی ئەو ژنەو مێردە بڵاوبکرێتەوە، پرۆپاگەندەیەکی تر لەناو پاریسا لەسەر ئەو ژن و مێردە بڵاوکرایەوە، گوایە لە یەکێک لە دەرمانخانەکاندا وێنەیەکی سارکۆزی لەناو دەستەیەک ژندا بۆ سیسلیای ژنی رەوانەکراوە، ئەوەش رەوشی تایبەتی ئەو دووانەی شێواندووە، نێوانیانی بەرەو تەقینەوە بردووە.

بەئاشکرا لە رۆژی ٢٨ ی نۆڤمبەری ساڵی ٢٠٠٤ سیسلیا لەگەڵ کەسایەتی دەوڵەمەند ریتشارد ئاتیاس لە شاری پترای ئوردنی و لە نیویورکی ئەمریکی و لە پایتەختی فەرەنسیش دەبینرا، بەوەش زەنجیرەیەکی درێژی ژیانی تایبەتی نێوان سارکۆزی و سیسلیا دەستی پێکرد. رۆژنامەکان بەتایبەتی رۆژنامە میللیەکان زۆریان لەسەر ئەو کێشە نووسی، بەتایبەتی هەفتەنامەی ( باری ماتش ) وێنەی دووقوڵی سیسلیاو ریتشارد ئاتیاس لە ژمارەی رۆژی ٢٨ ی ئۆگسستی بڵاوکردەوە، لە لاپەرەکانی ناوەوەش ریپۆرتاژێکی چاوەروان نەکراو بە ناوی ( سەعاتە بژارەکان ) بڵاوکردبۆوە. ئەو بڵاوکراوەیە دەروازەیەکی کردەوە، هیچ لە بڵاوکراوەیەکی تری فەرەنسی ئەوەیان نەکردبوو، چونکە خاوەنی هەفتەنامەکە ئارنۆ لاگاردیر برادەری سارکۆزیش بوو، وەک برایەکی وابوو، دیارە ئەو برادەرە نزیکەی خیانەتی لێکردووە، دەکرا ئەو وێنەیە بڵاونەکاتەوە، ئەنجامەکەی ئەوەی لێکەوەتەوە سەرنووسەرەکەی باری ماتش، ئالان جینیستار لە کارەکەی دوور خرایەوە.

ئاژاوەکەی ئیکسپرێس:

نیکۆلا سارکۆزی لە ١٤ ی یولیوی ساڵی ٢٠٠٥ ئاشکرای کرد کەوا لەگەڵ سیسلیا ریکەوتن، باسی مەسەلەکەی جیابوونەوەی خۆیان نەکەن، ئەگەر پێشهاتی نوێیش هاتە پێشەوە، ئەوە هەردوولا باسی دەکەن. بەڵام سارکۆزی لەو وێنەی کە لە رۆژنامەی ئێکسپرێس بڵاوکرایەوە زۆر تووڕەبوو، وێنەیەکی ئەویان بڵاوکردبۆوە، گوایە ئەو ئەنگوستیلەی هاوسەرگێری لە پەنجەدا نییە، لەگەرمە تووڕەییەکەیدا وتبووی:

لە پەنجە دەکەم و لە پەنجە ناکەم و لە پەنجە دەکەمەوە .. ناکەمەوە .. من رقم لەوانەیە.!

من بە شێوەیەک مامەلەم لەگەڵدا دەکرێت، کەسی تر مامەلەی لەو جۆرەی لەگەڵدا نەکراوە، من هیچم پێناکرێ، من ناتوانم لەگەڵ کەس بچمە رێستورانێک، بۆ بەیانی وێنەکەم لە لاپەرەی یەکەمی رۆژنامەکان بڵاودەبێتەوە، لە ژێرەوە دەنووسن، دۆستە نوێیەکەی سارکۆزی، بەڵام ئەوەی قسەم وام بۆ هەڵبەستێت، کەوا ژنی وەزیرەکەمان کریستیان ئاستوری دۆستی منە، بواری دەربازی نادەم، لە کۆڵی نابمەوە. ئەو ماوەیە من هەر خەریکی ئەوەم لە مێردی ئەو ژنانە داوای لێبووردنیان لێ بکەم، کە من هەر نایانناسم، نەمدیبوون، بەراستی ئەو کارانە زۆر بێزارو تووڕەم دەکات.!

زۆربەی کارمەندانی وەزارەتی ناوخۆ، بەوەی رۆژانە پۆلیسەکەی یەکەم فەرەنسا تووشی هاتووە بێزاردەبوون، چونکە زۆربەیان حەزیان لە سیسلیا نەدەکرد، دیارە ئەویش زۆربەیانی خۆشنەدەویست، هەمووش پرسی ئەوەیان هەبوو، ئەو چۆن ئەو کێشانە چارەسەر دەکات، بەتایبەتی ئەو کەم لە وەزارەت دەبینرێت، کەم دەردەکەوێت.





نیکۆلا سارکۆزی لە دوورکەوتنەوەی زۆری لویسی کورەکەی نیگەران بوو، بەتایبەتی کە سەفەری نیویورکی کردووبوو تا لەگەڵ دایکی لەوێ بژیت. لەو رۆژانەش توندی لەسەر پاسەوانە تایبەتیەکەی کردبوو، کەوا چاوکراوەبێت، بوار نەدات، هیچ رۆژنامەنووسێ پەیوەندی و کۆنتاکتی بە دۆستە رۆژنامەنووسەکەی نەزانێت. ئەو ماوەیە ئەو ترسی زۆری لەسەر میدیا هەبوو، چونکە ئەو دەروازەکەی بۆ دژایەتی و بەرەبەرەکانی کردبۆوە، لە گۆرەپانی بوفو، زۆر لە دەزگاکانی پەخشی کۆکردبوونەوە، تا ژیاننامەی سیسلیا لەلایەن ڤالیری دۆمان لە گۆڤاری گالای فەرەنسی بڵاونەکەوە.

کەس نەیدەزانی دوارۆژی سارکۆزی بە کێندەرێ دەگات، قسەی وا هەبوو گوایە بە نیازە ژنێکیتر بدۆزێتەوە، تا بیکاتە هاسەری نوێی خۆی، بەڵام لە لایەکی ترەوە سەرۆک شارەوانی کۆنی نویلی کۆششی بەردەوامی دەکرد تا سیسلیای ژنی بگێرێتەوە، رۆژانە بە تەلەفۆنەوە کورتەی نامەی بۆ دەنارد.

لە ینایرەوە خەریکی ئاشتبونەوەبوون، تا لە مایۆی ساڵی ٢٠٠٦ کۆششەکەی بەرهەمی بوو، گەیشتنەوەیەک، لە ٢٦ ی یونیو مێردەکەی کۆبوونەوەیەکی لە ( ئاگان ) هەبوو، لەو دیمانەیەدا بەدیارکەوت، هەر لەو هەفتەیەدا لەگەڵ مێردەکی لە ( گویان ) یش بەیەکەوە بینیران. بەردەوام رۆژنامەو گۆڤارەکان دیمانەو گەشتەکانی ئەو ژن و مێردەیان بە وێنەوە بڵاودەکردەوە، گۆڤاری باری ماتش وردەکاری گەشتەکەیانی، بە ریپۆرتاژی بە وێنەی، لە پشووی هاوینەیان لە لەندەن بڵاوکردەوە. بەڵام سیسلیا تا دەرچوونی مێردەکەی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی فەرەنسا کەم دەردەکەت، خۆی نەدەدایە بەر چاوی میدیا.

لە بڵاوکراوەکەی بە ناوی ( شەهادە ) لە ١٧ ی یولیوی ساڵی ٢٠٠٦ دا نووسیبووی سیسلیا خێزانم بەشێکە لە من، ئەگەرچی

ماوەیەک نێوانمان باش نەبوو، بەڵام بەردەوام و هەموو رۆژێ بەیەکەوە قسەمان کردووە، فێڵمان لەیەک نەکردووە، یەکترمان فریو نەداوە، بەبێ یەک ناژین، بروام ناکەم کێشەو گرفتی وامان بێتە پێش نەتوانین چیتر بەیەکەوە نەژین، ژیانمان ئاڵۆز بکات، لە ئیمرۆوە تا ماوین لەگەڵ سیسلیا بەیەکەوە دەبین.

شەڕ لەگەڵ دومینیک دوفیلیبان:

شکستێکی مەزن بوو بۆ سەرۆکی فەرەنسی جاک شیراک کە لە ٢٩ ی مایۆی ساڵی ٢٠٠٥ کە ریفراندۆمەکەی دەستووری ئەوروپی سەرنەکەوت، بەو شکستە خەونی خۆ کاندیدکردنی جاری پێنجەمی نەما، کە ئالان جوبیەش بە زۆری بۆ کەندا دوورخرایەوە، بەیەکجاری هیوای بۆ سەرۆکایەتی نەما. بەو پێشهاتە تازانەش هێشتا رێی بۆ گەیشتنی سارکۆزی بە کۆشکی ئالیزیا ئاسان و ساز نەبوو، چونکە بۆ ئەو پۆستە کەسێکی تر ئامادەکاری دەکرد تا بەربەرەکانی ئەو بکات، دەکرێ پرسیش بکرێت، ئەو کەسە کێیە ..؟؟

دومینیک دوفیلیبان لە ٣٠ ی مایۆدا پۆستەکەی رافارانی وەرگرت، دومینیک سکرتێری گشتی کۆشکی ئالیزی و لە ماوەی سەرۆکایەتی شیراکیش وەک پیاوی سێبەری ئەو ناسرابوو، لە ماوەی حکومییدا هەڵەیەکی دیاری لەسەر تۆمارنەبووە، ماوەی نۆ مانگ وەک وەزیری ناوخۆ مایەوە، لەو ماوەیەدا جێ پەنجەی لە کیدورسی دیاربوو، لە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش وتارێکی دژ بە شەڕەکەی سەر عیراقی لە ساڵی ٢٠٠٣ دا، فەرەنساو هەموو جیهان سوپاسی هەڵوێستەکەیان کرد.

ئەو پیاوە بە کەسێکی رۆشنبیر ناسرابوو، بەپێچەوانەی سارکۆزی حەزی لە شیعر دەکرد، ئەگەرچی بە بەژن و بالاش جیاوازیان هەبوو، لە زۆر شتدا لەیەک نەدەچوون، دوفیلیبان ٣٠ سم لە سارکۆزی درێژتربوو. یەکێکیان هەواداری بالادوربوو، ئەوەی





تریان دۆستی زۆر نزیک و هاوبیری شیراک بوو، ئارەزووەکانیان لە یەک دووربوو. یەکێکیان بە هەڵبژاردن ٢٠ ساڵ سەرۆکی حزب بووە، کەسێکی لەبەر دڵانیش بوو، بەڵام ئەوەی دووەمیان بۆ هیچ لە سەرۆکایەتیەکان خۆی کاندید نەکردبوو، لەناو خەڵکیش بە پێچەوانەی ئەوی تر خۆشەویست نەبوو، بە کورتی ئەو دوو پیاوە برادەر نەبوون، بەڵام زۆرینەی کەسە دبلۆماتە فەرەنسییەکان بێ رەسمیات قسەیان کردووە، هەردووکیان بە شێوەیەکی زۆر رێزپەڕانە هاتوونەتە پێشەوەو مامەڵەیان لەگەڵ دبلۆماسیەت کردووە.

دومینیک دوفیلیبان چاکی دەزانی چارەنووسەکەی لەبن دەستی ئەوە، بۆیە بەردەوام هاوشانی نەیارەکەی سارکۆزی بووە، کە دوفیلیبان لەلایەن سەرۆکەوە دامەزرا سەرەتای شەڕەکە دەستی پێکرد، دیارە ئەویش چاوی لەوەبوو وەک خاوەنی کۆشکی ماتینیون بێتە ناو کۆشک نەک وەک پاسەوان.

ئەوەی هەموو لایەکی سەرسامکرد کە سارکۆزی توانی بێتەوە ناو گۆرەپانی بوفو، وەک وەزیری ناوخۆ، دیارە دەستی لەسەرۆکایەتی حزبیش نەکێشاوەتەوە، بۆیە تا گەرایەوەش هاورێیەکانیشی ئەوەیان بەگاڵتە دەزانی.

لە رەوشی نالەباری ئاسایش و بێکاری لە وڵات، میدیاکان نەدەپرژانە سەر سارکۆزی، فەرەنسیەکان ئاگایان لەو ململانێیە نەبوو. رەوشەکە لەناو وەزارەتی ناوخۆ بۆ دومینیک باش نەبوو، لەناو وەزارەتا کاندیدەکانی یەکێتی لە پێناوی بزاڤی میللی بەربەرەکانێیان دەکرد، بۆیە دومینیک بە دەستەواژەی ناشیرین ناوی دەهێنان.

نیکۆلا سارکۆزی کۆششیکرد بەربەستەکان دەربازبکات، سەرکەوتنی بەرچاویشی تۆمار دەکرد، سارکۆزی لە هوتێلێکی گەورەی پاریس لە ١١ ی یونیو بۆ سنوورەکانی یەکێتی لە پێناوی

بزاڤی میللی وتبووی:

فیلیپانیش وەک شیراکە، لەو کاتەشدا ( بنانتیر ) وتبووی، فەرەنسیەکان پێویستیەکان بە بریارێکی یەک لاکەرەوە هەیە، نەک دەستنیشانکردنی بژارەکان. ئەو دەمانە بۆ دوفیلیبان زەحمەت بوو، ئەو ململانێ لەگەڵ کات دەکرد، دەبووایە خێرا بروات، کات بەفیرۆ نەدات، سەرکەوتنی زۆر لە کارەکانی بواری بۆ خۆش دەکات تا بگاتە کۆشکی ئالیزی، بەو بەرنامەیە جێگیری شیراک دەبێت، بەڵام لەو لاوە راپرسیەکان سەرکەوتنی سارکۆزیان نیشان دەدا، ئەو لە پێشەوە بوو بۆ خەونی نوێی سەرۆکایەتی فەرەنسا.

مناڵێکی تەمەن ١١ ساڵان لە گەرەکی چوار هەزارەکە کوژرا، پاش ئەو کارەساتە بە دوو رۆژ، لە ٢٠ یونیو سارکۆزی بەڵێنی دا ناوچەکە لەو کەسە لادەرو بکوژانە پاک بکاتەوە، کە ژنێکێش لە سان ئای مارن کوژراو قازییش بریاری دابوو بکوژەوکان بە سزای رەوای خۆیان بگەن، ئەو رووداوانەو پەیڤەکانی سارکۆزی بۆ تۆڵەکردنە ناوی دەرکرد.

بەهەلەبوو، یان وەک ئیستفزازکردن بوو، بەراستیش ئەوە هەڵوێستی سارکۆزی بوو، ئەوە دەیویست لە ناو خاکی راسترەوە توندەرەوەکان راوی خۆی بکات. مەبەستی بوو لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیەکان ئەنجامی باش بدورێتەوە، رۆژێک لە رۆژان ئەوەی نەدەشاردەوە کەوا دەنگدەرانی بەرەی نیشتیمانی بە سەرۆکایەتی جان ماری لوبان بگێرێتەوە ناو بازنەی دیموکراسی.

ئەو پەیڤی تەنها ئاراستەی کەسە دڵسۆزەکانی خۆی لەناو حکومەت دەکرد، ئەوانیش هەردوو وەزیری منتدب پریس هۆترفۆو کریستیان ئاستوری بوون، لە کۆبوونەوەکانی پێش بەستنی کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بەشدار نەدەبوو. لە دیدارێکی





ئاساییدا ئامادەبووانی بە بووچونێک سەرسامکرد، بە وەزیرە ئامادەبووەکانی وتبوو، لەگەرمەی ئاهەنگەکانی جەژنی نیشتیمانی فەرەنسی، کە هیچ پێشهاتێکی شیاوی باس نییە، کە خەڵکی تەنها سەرقالی ئاهەنگ و پشوودانە، ئێمە بۆ دانیشین.

وەزیری ناوخۆ هێلە زەردەکەی بەزاند کە ئاهەنگی جەژنی نیشتیمانی لە گۆرەپانی بوفو سازکرد، لەوێ شیراکی بە لویسی شازدەهەم ناساندبوو، لەوێ وتبووی:

ئەوەیان بەهرەی من نییە، کە دەروازەکانی کۆشکی فرسای بە هێمنی بکەمەوە، لە کاتێکدا فەرەنسا دەناڵێنێت. لە گەرانەوەیدا جۆن لویس دبری بەوەی تاوانباری کردبوو، کەوا کاروباری حکومەت دەخنکێنێت. ئەو هاوێنە بۆ پێشەوای یەکێتی لە پێناوی بزاڤی میللی لەناو کێشە خێزانیەکان و هەلە سیاسییەکان و شەرە قسەکانی دەخنکا، دیدی زۆریش لەسەر کەسایەتیەکانی وەک پیاوێکی دەولەت هەبوون.

دوفیلیبان بەرنامەیەکی نمونەیی بۆ هاوچەرخەیی کۆمەڵگەی فەرەنسی پێشنیارکردبوو، بۆ چاکسازیی سستەمی باجیش لە دیمانەیەکی رۆژنامەگەری راگەیاندبوو، بەوەش مەزندەی بردنەوەشی دەبینی. لە زانکۆی هاوینەیی کە یەکێتی لە پێناوی بزاڤی میللی لەسەر کەناری دەریا سازیکردبوو، لەوێ دوفیلیبان هەیبەتی بەشکۆیی دەبینرا، کە وەک گوێگر بەشداربوو، لەولاشەوە سارکۆزی زۆر بەتوورەیی پەیڤی بوو، بەهەرەشەوە وتبووی، هیچ کەس ناتوانێ من بۆ گەیشتن بەکۆتایی راگرێت. لە ماوەی سەرۆک شیراک بۆ چارەسەری لە نەخۆشخانەبوو دومینیک وەک جێگری ئەو کارو بەرنامەی بۆ خۆچەسپاندنی و بە چاکە ناوهاتنی کاری کردبوو، لە ماوەیەشدا وتاری فەرەنسای لە کۆبونەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویورک پێشکەشکردبوو، ئەو لە راستیدا وەک سەرۆکێکی دووبارەکراو دەبینرا.

ساركۆزی بۆ یەكەمجارو بە پێوەری نیوە تووشی ژانە سەری (تی ئێن ئێس) هات، بۆیە چوار رۆژیش پاشتر، بۆی نەكرا لە كۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ئامادەبێت. لەگەرمی بەربەرەكان لە ساڵی ٢٠٠١ ساركۆزی نەیتوانی بوو، لە راپرسی وەك راپرسییەكەی یەكی ئەكتۆبەر سەركەوتنی بەرچاو بەدەست بهێنێت.

هەفتانەمەی ماریان لەناكاوو لە لاپەرەی یەكەمیدا، لە رۆژی ٨ ی ئەكتۆبەر بە مانشێتی ( سەرەتای كەوتنی ساركۆزی ) نووسینێكی بڵاوكردەوە، گۆڤاری جۆن فرانسوا ٦ لاپەرەی بە پۆترێتی وێنەی نیوەیی لەسەر كەسایەتی سەرۆكی یەكێتی لە پێناوی بزاڤی میللی دەركردبوو.

زۆری نەبرد ململانێیەكە دژوارتربوو، ئەمجارە شیراك و دوفیلیبان بەیەكەوە بەرووی ساركۆزی راوەستان، سەرۆك گچكەترین بواری دەرباز نەدەكرد، تا لە كەسایەتی ساركۆزی گچكە كەم بكاتەوە، داوای لە ( تۆنی بلێر ) كردبوو لە هاتنەكەی بۆ لەندەن پێشوازی ساركۆزی وەزیری ناوخۆ نەكات. لە بۆچوونەكانیدا یەك ئەگەری لەبەرچاوبوو، ئەویش تاكەكەس بۆ سەرۆكایەتی دەربچێت، دومینیك دوفیلیبانەو بەس. تاكە كارت لە دەست ساركۆزی مابۆوە بۆ بردنەوەی كارتی حزب بوو، تەنها ئەو كارتەی بە دەستەوەبوو، لە هیچ بەرنامەو كارنامەی حكومەت هاوسۆزیان نەبوو، لەولاشەوە دوفیلیبان داواكاربوو ببێتە پێشەوای زۆرینەكەی دەستەڵات. ئەو دوو كەسە لە هەڵوێستەكانی خۆیان هەرگیز پاشگەز نەدەبوونەوە، بەردەوام بەربەرەكانێیەكان توندو سەختتردەبوو. ساركۆزی داواكاربوو بێگانەكان بتوانن لە هەڵبژاردنەكانی ناوچەیی دەنگ بدەن، یەكسەر دوفیلیبان پێشنیارەكەی بەرپەرچدایەوە. تا شەوی ٢٦ / ٢٧ ئوكتۆبەری ساڵی ٢٠٠٥ وڵاتی فەرەنسا لە ئەنجامی مردنی دوو هەرزەكارەكە بە





تەوژمی كارەبا، كە لە دەست پۆلیس رایان كردبوو، پەنایان بردبووە بەر چەند محویلەیەكە كارەبایی، تووشی رەوشێكی نائاسایی هاتبوو، ئەوەش لە گەرەكەكاندا خۆپیشاندانی مەزنی لێكەوتەوە، بڵێسەی شۆرشی لەو گەرەكانەوە تێدا بەرپابوو.

چەند رۆژێك پاش ئەو رووداوانە، كە ساركۆزی لە (ئارجونتوی) لە ( فالدواز ) دەسورایەوە، بەڵێنی دا گەرەكی (نەفرەتلێكراوەكان) هەڵگرێت، ئەوەش ماتینیون و ئالیزی تووڕەكردبوو. لە پەناكانیشەوە ساركۆزییان بەوەش تاوانباردەكرد، كەوا ئەو دەستی هەبوو لە ئاگركەوتنەوەكانی گەرەكەكان. بۆ پشتگیری سەرۆك و حكومەتیش ( عزوز بقاق ) ی وەزیری مونتدب بۆ كاروباری بوار دۆزینەوەو گونجاندن و كەسی نزیك لە وەزیری یەكەمیش سەركۆنەی كردو نارەزایی دەربری، كە پەیڤەكانی ئەو ژمارەی دووی بۆ دانراوە لەناو حكومەت.

لەناو كۆمەڵەی نیشتیمانی بۆ سووككردنی بارە گرانەكەی سەر ساركۆزی كاندیدكراوەكانی ئەو پشتیوانیان بۆی راگەیاند، فشاریان لەسەر دوفیلیبان زۆرتر كردبوو. لەو كاتانەشدا هەر چەند ژمارەی ئوتومبێلە سوتاوەكانی ناو گەرەكەكانی پاریس زۆرتر دەبوو، پەنجەی تاوانباركردنیش زۆرتر بەرووی حكومەت دەكرانەوە.

پاش ئەو تەنگژەیەی كە بۆ یەكەمجار دووچاری فەرەنسا هاتبوو، ساركۆزی وەك كەسێكی بەهێز تێدا دەرچوو. ئەو خۆپیشاندانانە ١٥ رۆژی خایاند، لە هەموو رووداوەكان كەس لە دەستەكانی پاراستنی ئاسایش زیانیان بەرنەكەوت.

چەند رۆژێك پاش سەرنەگرتنی یاساكەی بۆندەكانی كار، كێشەی ( كلیرستریم ) كە مێژووەكەی بۆ ساڵی ٢٠٠٤ دەگەرێتەوە هاتە پێشەوە، لەو كێشەیەدا ناوی چەند كەسێك هاتبوو كەوا بە شێوەیەكی گەندەل لە دامەزراوەكانی كلیرستریمی دارایی لە

لۆکسمبۆرگ لە چوارچیوەی فرۆشتنی چەک پارەیان وەرگرتووە، بۆ رەزامەندی وەرگرتنی فرۆشتنی چەند فرقاتەیەک بە تایوان، ناوی سارکۆزی و ئالان میدلان و دومینیک ستروٚس خان، کە ناوی ئەویش هات سارکۆزی وەزیری ناوخۆ لە یەنایری ساڵی ٢٠٠٦ دا داوایەکی لە دادگا تۆمارکرد، بە مەزندەی خۆی وەزیری یەکەم دەستی لەو داوا هەڵبەستانە هەبووە. لە شەش لایەنیەکی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٦ وەزیری یەکەم وەک شاهیدێک لەسەر ئەو کێشەیە گوێی لێراگیرا، ئەو دەمانەش بیر لەوە کرایەوە تازە ئەو پیاوە خۆی بۆ سەرۆکایەتیەکانی فەرەنسی کاندید ناکات. لە کۆمەڵەی نیشتیمانی کاندیدکراوەکانی سەرۆکی یەکێتی لە پێناوی بزاڤی میللی، قسەی وایان بە دومینیک دوفیلیبانی سەرۆکی وەزیرەکانی زۆرینە لەناو حکومەت وت، کە قسەی لەو شێوەیە هەرگیز پێ نەگووترابوو. دومینیک دوفیلیبیان لە رۆژانی کۆنگرەی راگەیاندنی کاندیدی یەکێتی لە پێناوی زۆرینەی میللی، دوا فیشەکی خۆی تەقاند کە وتی:

بەرنامەی سارکۆزی وەک ئوتومبێلێکی بێ سوتەمەنییە، ئەگەر ئێوە پشت بە فرانسوا فیوو بارینی و باشلو دەبەستن، بێگومان دەدۆرێن. سارکۆزی کارێکی گێلانە دەکات کە هەڵبژاردنەکان بۆ سەرۆکایەتی دەکاتە ریفراندۆمیکی تایبەت بە خۆی.

لەو دەمانەدا لە چاو کاندیدەکانیتر، ساکۆزی خۆی وەک تاکە کەسی بەهێز دەبینی. ئەو وایدەزانی ئەو لە حکومەت دەمینێتەوە، ئەگەر بەناوی خۆشی خۆی کاندیدبکات، تا دەرچوونی ئەنجامەکانی خولی دووەمی هەڵبژاردنەکان.

دومینیک دوفیلیبیان کۆششی زۆری کرد، بەڵام نەیتوانی نەیارەکەی لە سەرکەوتنەکەی راگرێت، ئەو گەیشتە مەبەستەکەی. دوو رۆژ پێش دەرچوونی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە ماڵئاوایی لە هاوکارەکانی لە شارەوانی نویلی کرد، ئەوانەی





یارمەتیان دابوو، پێش ٣٠ ساڵ ئەو کەسە گچکە لەو شارەوە بەرەو ئەو کاروانە بەرێکەوتبوو. لە پێش ئامادەبووەکان وتی:

ئەوانەی ئیمرۆ هاتوونەتە دی، نەدەهاتە دی، بە هاوکاری ئێوە نەبووایە نەدەبوو، هەمووی لەوە سەرچاوەی گرت، کە ئێوە برواتان بەو گەنجە تەمەن ٢٨ ساڵانەکرد. پاش شکانەکانی ساڵانی ٢٠٠٢ و ٢٠٠٣ و ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ من چاوەروانی ساڵی ٢٠٠٧ م دەکرد، لەو رۆژەدا ٩٩ رۆژمان ماوە بۆ ئەو هەڵبژاردنەکە، ئەوەتان لێوەدیارە کەوا من هاوشانی دەبم. لە وتارەکەیدا دەرکەوت ئەو پیاوە چەند تێنووی دەستەڵاتبوو، هەر لە رۆژانی گەنجیەوە چاوی لەو رۆژە بووە، هیوای زۆر بوو فەرەنسییەکان رۆژو دەمژمێرو چرکەکانیش بژمێرن تا دەگەنە رۆژی ٦ ی مایۆ، رۆژی هەڵبژاردەکانی سەرۆکایەتی، ئەوەش دەرکەوت، لەو رۆژەدا سارکۆزی سەمای شادی کردو گوڵی باراندو مافووری سووریشی لە بن پێیان دایەو وەک پاڵەوانێکی زەمانەکە بەرەو کۆشکی ئالیزی رێ دەکات.

---

لە رۆژانی ١٨ ٠٨ ٢٠٠٧ تا ٢٥ ٠٨ ٢٠٠٧ لە رۆژنامەی القبسی کۆیتی بڵاوکراوەتەوە.

سارکۆزی و سیسیلیا



ڕێو ڕەسمی سەرۆکایەتی سارکۆزی.







سارکۆزی و بالادور.



# نهێنیەکانی بەزینی روایال.

نووسینی کریستین کۆرکۆف و تیری مازۆر
وەرگێران و ئامادەکردنی: حسن الحسینی





روایال ژنە سپیپۆشەکە.



کتێبی سیگۆلین روایال ( نهێنیەکانی نسکۆ ) لە لایەن هەردوو رۆژنامەوان کریستین کۆرکۆف و تیری مازۆر، لە دەرزگای لارشیپیل دەرچووە، ئەو کتێبە لە هەڵکەوتەی ئەستێرەی سیاسی روایال و هەڵمەتەکەی بۆ سەرۆکایەتی فەرەنسی دەدوێت، بەرنامەو ستراتیژییەکەی لە خۆکاندیدکردنی بۆ ساڵی ٢٠١٢ دەکات. کتێبەکە ٣٠٠ لاپەرەیە.

# بەشی یەکەم

## بەشی یەکەم:

ئەو چاوەروانی رەنگەکانی کۆڵکەزێرینەبوو، بەڵام رەنگی شینەکەی ئاڵای فەرەنسی، کە رەنگی چەپرەوەکانە بەدەرکەوت. لە ١٧ یونیۆی ئەو ساڵدا، فەرەنسییەکان زۆرینەی دەنگیان بۆ سەرۆکایەتی کۆمارو سەرۆکایەتی حکومەت بە نیکۆلا سارکۆزی و فرانسوا فییون دا. لە شەشی مایۆدا بۆ هەڵبژاردنەکانی یاسادانان، بە ساردی روویان لە سەندوقەکان کرد، لە خولی یەکەمیدا بەدیارکەوت کەوا کەسکە چەپەکان و چەپە توندرەوەکان رێژەی ٣٩% یان بەدەستهێناوە، لە بەرامبەر رێژەی ٤٦% بۆ راسترەوەکان.

سۆسیالیستەکان و هاوپەیمانە رادیکالیەکان، بە دەرکەوتەی دەنگەکانیان کە بە دەستیان هێنا باش و دڵخۆشکەربوون، توانیان رێژەی ٢٧% لە بەرامبەر رێژەی ٤٦% بۆ راسترەوەکانیان بەدەست بهێنن، ئەوەش لە ئەنجامەکەی دەنگدانەکانی ساڵی ٢٠٠٢ باشتربوو، پاش ئەوەی لیونیل جۆسپان لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی شکستی هێنا.

لە مێژووی کۆماری پێنجەمی فەرەنسیدا رووی نەداوە، کەوا لە خۆلی یەکەمی دەنگدانا بۆ هەڵبژاردنی یاسادانان، ٤٠% خەڵک بەشداری نەکردبێت، ئەوەش رووی نەداوە. لە کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتی حزبی سۆسیالیستدا، کە لە بارەگەکایان لە شەقامی

( سیلفیرینۆ )، بەئامادەنەبوونی کاندیدکراوەکەیان بۆ سەرۆک کۆماری و سەرۆکی داهاتووی حزبەکەیان رویال، بانگەوازیکیان بۆ بەشداری زۆرتر لە خولی دووەمی هەڵبژاردنەکانا بۆ هاندانی





جەماوەرەکان راگەیاند،.

لە سەعات هەشت و چارەگی ئێوارەکە، سکرتێری یەکەمی حزبی سۆسیالیست ( فرانسوا هۆلند )، ئەویش بۆ راگرتنی تەرازووی هاوکێشەکە، بانگەوازی بۆ هەوادارانی هەبوو، تا

بەگەرمی و بەجۆشەوە بەشداری خولی دووەم بکەن. یەک چارەگە سەعات پاشان

( سیگۆلین رویال ) لە شەقامی سیلفیرینۆ هاتە سەر سەکۆی قسەکردن، لە خەڵکەکە پارایەوە لە خولی دووەم زۆرتر بەشداری بکەن، تا رەوتی چەپەکان بواری نوێ بدۆزێتەوە، بۆ گۆرینەوەی دەستەڵاتیش، داوای لەو گەنجانەکرد، ئەوانەی لە کاروانی حزبی سۆسیالیست دوورکەوتنەوە، هاوکاری تازەبکەنەوە. سەرۆک وەزیرانی ئیشتراکی پێشووش لۆران فابیوس، ئەو قۆناخەی بە قۆناخی کۆتایی نەزانیووە، ئیشتراکییەکان هیوایان زۆربووە، کەوا دەتوانن لەو کاروانەدا هیچی تر زەررمەند نەبن، ئەوەش بەوە دەکرێت، ئەگەر ژمارەی زۆرترین کەس بەشداربن.

لە سەعات هەشت و نیوی ئێوارەدا کەنالەکانی تەلەڤزێون و سەنتەرەکانی ریفراندۆم،

بەمەترسی و بەگەورەیی کارەساتەکەیان لە پرۆسەکە ئاشکراکرد، دیارە سەرکردایەتی حزبی سۆسیالیست نەیتوانیبوو هەوادارانی خۆیان هوشیاربکەنەوە، بۆ بەهانا هاتنیان لەو پرۆسەیەدا، کە لە رۆژی ٦ ی مایۆ لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکەی سەرۆکایەتیدا دووچاری ئەو شکانە هاتبوون، بارەکەیان راست بکەنەوە. بەو کۆششە نەیانتوانی سەرکەوتنەکانی حزبەکەی بەرامبەریان ( یەکێتی لە پێناوی بزاڤی میللی ) سارد بکەنەوە.

رویال و چەندین کەس لە سەرکردایەتی ئیشتراکییەکان، بانگەوازیان بە زۆرترین بەشداریان راگەیاند، بەڵام دەرکەوت جەماوەرەکەیان لە ماڵەوە نەهاتبوونەتە دەرەوە. دیارە نیکۆلا

سارکۆزی بۆ رووبەرووبونەوەی جەماوەری ئیشتراکییەکان کاری زۆری کردبوو.

ئەو بزاڤە وەستان و رووبەرووبونەوەیەکی سەخت و دژواربوو. کە کاندیدی ئیشتراکی فەرەنسی لە شەشی مایۆ بە فەرەنسیەکانی وتبوو:

لەو کاروانەدا شتێک روو دەدات و وەستانی نییە!

## لە خانووەکەی ( ئەمریکای لاتینی ) دا:

ئێستا بەرنامەکە چی بێت؟ بەردەوام هێرش بکەین! لەگەڵ روایال سیگولین پشوودان نییە. دیارە ناوەستێت تا بەسەر نەیارەکەی سەرنەکەوێت.! پاش ئەوەی لە خانووەکەی لە ( ئەمریکای لاتینی ) بەدەرکەوت، لەگەڵ هاوەڵەکانی لە شەقامی سیلفیرینۆی نزیکی خۆیان، کە بارەگەی حزبی ئیشتراکیشی لێوەیە. دووانێکی بۆ ئامادەبووان داو وتی:

بەیەکەوە لەو کاروانەدا بەرێ دەکەوینەوە. بەرووی سکرتێری یەکەمی حزب ( فرانسوا هۆلند ) دەستی رادەوەشاند، رێگاکەی بەراستی لەناو ئاپوورەکەدا دەبڕی. کامیراکان

بەبێ ئەوەی بزانن چی لە نێوان روایال و هۆلند هەیە، وێنەیان دەگرت.

ئای بۆ ئازایەتی!

شکان؟! شکان؟! کە وتارەکەی بۆ جەماوەرەکەی تەواوکرد، خەڵکەکە وەک سەرکردەیەکی گەورەی دوارۆژ، چەپەکانی لەسەر شانیان بەرزیان کردەوە. ( جولیان دری ) کە یەکێکە لە بەرپرسانی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی ئەو وتبووی:

لەگەڵ بوونی ١٧ ملیۆن دەنگدەر سیگۆلین روایال بووە کەسیکی بەهێزی ئۆپوزسیۆن لەو وڵاتەدا.! شەش رۆژ پاش نسکۆکەی لەو هەڵبژاردنەدا، لە میهرجانێکی وتار خوێندنەوەدا،





بەئامادەبوونی بەشداری کۆنگرەی حزبی سۆسیالیستی راگەیاند، کەوا پێویستە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی ٢٠١٢ ، کاندیدەکانیان دیاری بکەن، دیارە مەبەستی خۆیەتی، دووبارە خۆی لەسەر سکەی شەڕی سەرۆکایەتی داهاتوو دادەنێتەوە، ئەوەش نیشانەی ئازایەتیە.

## هاوپەیمانیەتی نوێ:

پاش پشوودانێکی باش، کە چەند رۆژێکی خایاند، بەشکۆوە سارکۆزی هاتە ناو کۆشکی ئالیزی، هەروەها روایالیش هاتەوە ناو مەیدانی خەباتە سیاسییەکەی، بەرنامەی تازەیەی لەپێشە، بۆ هاوپەیمانی تازە، گۆرینی بەرنامەکانی پێشووی، کە تەمەنی بۆ زۆرتر لە ٣٥ ساڵ دەگەرێتەوە. ئەو پەیمانانەی لەسەر دەستی فرانسوا میترانەوە دامەزرابوون. دیارە بەرنامەکە وایە، لە بەر رۆشنایی خاڵی هاوبەشی لەیەکگەیشتین لەگەڵ سەنتەرەکان و چەپە سەنتەرەکان و لەگەڵ فرانسوا بایرۆ هاوپەیمانی بکات. ئەو ماوەیەکی زۆر لەبەر کاریگەری زۆری فرانسوا هۆلند کاریکردووە، وا ئەمجارە ئازادە، ئەو ژنە سپیپۆشە لە شەڕی هەڵبژاردنەکەی یاسادانانە لە وەزن و پارسنگی خۆی گەیشت، تێگەیشت جەماوەری چەندە، دیارە شکانی لە هەڵبژاردنەکەی سەرۆکایەتیدا کاری تێنەکردووە، ئەو شکاوە نەشکاوە، گرنگ ئەوەیە، هیوای بە هەڤاڵبەندی چەپەکان هەیە، بەتەنیا ئەو قۆناخە بەرجەستە دەکات.

## پێگەی هۆلند:

سێ رۆژ پیش هەڵبژاردنەکەی یاسادانان، دوور لە چاوی میدیاکان و میکرۆفۆنی رادیۆکان، بە ترێنێکی خێرا بەرەو شاری (لیل) بەرێکەوت، بەپەلە پرۆژەیەکی بۆ کۆنگرەی داهاتووی حزبی

سۆسیالیست پێبوو. ئەوەش روون و ئاشکرایە دەیەوێت، جێگەی فرانسوا هۆلند بگرێتەوە. ئەو بەئاشکرا دەیەوێت پێی بڵێت، یان هاوشانم دەبیت، یان دژم بە. ئەو ژنە سیاسەتمەدارێکی لێزانە. دیارە کەوا سکرتێری یەکەمی حزب، بۆ کۆنگرەی داهاتووی حزب لە ساڵی ٢٠٠٨ خۆی کاندید ناکاتەوە، ئەویش ئەستەنگ نابێت، تا ئەو کاتانە وەک سکرتێری یەکەم بمینێتەوە، ماوەکەی خۆی تەواو بکات. یەکێک لە سەرکردەکانی حزبی سۆسیالیست رای وایە، ئەو ژنە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی ناو حزب پشت بە فرانسوا هۆلند وەک هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی دەبەستێت، جورئەت ناکات رووبەرووی ببێتەوە.

<u>لە دوا ساتەکانیدا:</u>

ئەو چیرۆکە سیاسییە سایکلۆژیە، بە هەواڵ و رۆژنامەی هەڵمەتەکانی ئاگرەکەی خۆش دەکرێت، دیارە پیاوێک و ژنێک رووبەرووی یەکتردەبنەوە، پیاوەکە پشتی بەبەرنامە کۆنەکانی حزبەو ژنەکەش مەبەستی گۆڕانەو دژایەتی دەکات. یەکێک لە سەرکردەکانی ناو ئەو حزبە، داواکارە پێش ئەوەی ناوەرۆکی بەرنامەکە ئاشکراو زانیار بکرێت، رای وایە پێش ئەوەی بەرنامە سیاسییەکانیان بزانرێت، پێویستە پەیوەندی نێوانیان وەک کەسایەتی بزانرێت.!

ئەو مەسەلەیە یەکلاکرایەوە، چەند سەعاتێک پێش نووسینی دوا دێری ئەو کتێبە، هەردوو نووسەرەکە لە سیگۆلین روایالەوە تەلەفۆنێکیان بۆ کرا، داواکاربوو میدیاکان باسی پەیوەندی ئەوو هۆلند وەک هاوسەر نەکەن ... پاش گاڤێک بێدەنگی وتبووی:

من چیتر هاوسەری ئەو نیم.

پاش ئەو پێشهاتە، چەند هەفتەیەک دەبێت، داواکاربوو تا زۆرتر بریندارنەکرێت، هەستی زامدارنەکرێت، تا مناڵەکانی





هەراسان نەبن، میدیاکان نەچنە ناو بازنەی باری خیزانیان، لە ناوهێنانی خۆی و هاوسەرکەی جارانی دووربکەونەوە. دەبێ ئەو شتە باش لەیەک جیابکرێتەوە، دەبێ جیاوازی هەبێت، لە نێوان ژیانی تایبەتی و ژیانی سیاسی.!

کەی ئەو ژن و میردە لەیەک جیابوونەوە ..؟ روایال نایەوێت وڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، بەڵام دەڵێت:

من داوام لە فرانسوا هۆلندکرد لە ماڵەکە دەربچێت، داوام لێکرد با ژیانی سۆزداری تایبەتی خۆی بژیت، لە رۆژنامەکان و لە لاپەرەکانی کتێبەکاندا باسی بوونی پەیوەندی سۆزداری ئەو دەکەن، من داواکاری خۆشگوزەرانیم بۆی کردووە.

ئەو وشەیەی دەربڕی بەبێ ئەوەی هەست بە سووتان و بێزاربوون بکات، بەنەرمی هەستی خۆی بەرامبەر هۆلند دەربڕی. دووبارە وتی:

ئێمە پەیوەندیمان باشە، رێزی یەکتری دەگرین.!

لە کۆتاییدا ئەو رستەی هۆلند وتەوە، کە زۆرجار دەیووتەوە:

ئێمە بەراستی هاوسەریین، بەڵام لە ناو دوو ئوتومبێلداین.

کە چاوی بە قسەکانی هاوسەرەکەی پێشووی کەوتەوە، هۆلند وتبووی:

من باسی باری تایبەتی خۆمان ناکەم، هیچ رۆژێک ئارەزووی ئەو باسەم نییە.

سێ مانگ پێش ئێستا لە کتێبەکەی ( ئێستاش ) باسی ئەوی کردووە، کە چون ژیانیان بەرێ کردووە، بەڵام لەبەر دژواری کارەکەی بۆ هەڵبژاردنەکەی سەرۆکایەتی بە پچرپچری بەیەکەوەبوون، کەم یەکتریان بینیووە، بەداخەوە نەمانتوانی ببینە هاوسەر، هاوینی رابردوو سەرۆکی هەرێمی بۆلینیزیای فەرەنسی ( ئۆسکار تیمارۆ ) داوەتی کردبووین، بەڵام ئێمە پێویستمان بە پرۆسەی هاوسەری نییە، ئەوەندەمان بەسە کە


یەکترمان خۆشدەوێت.

که لەیەکتری جیابوونەوە روایال داواکاربوو، وەک هاوولاتیەک ئازادبێت، سەربەست بێ لە رۆژانەی تایبەتی خۆی. ئەوەش کۆتایهێنان بوو، بە هاوسەریەتیەکی تەمەن ٣٠ ساڵی هاوسەری و بوونی ٤ مناڵیش لە نێواندا، هەر کەسەو رێگای خۆی دەگرێت، لە بەرنامەو کاری سیاسیش هاودەنگ دەبن، وەک ملێونەها کەسی فەرەنسی تر لەم وڵاتەدا، بەڵام روایال سوورە لەسەرئەوەی هاوکاری یەکتردەبن لە کاری سیاسیاندا.





روایال و هۆلند.



# بەشی دووەم

## بەشی دووەم:

سیگۆلین روایال ئەو هاوڕێیەی ماوەیەکی زۆر هاوشانی بووە، بەتەنیا جێنەهێشت، کاروانەکەی ئەوی رانەگرت. بریاریشیدا ئەو ئایدلۆژیەی کۆنگرە لە دوای کۆنگرە حزبەکە رایدەکێشێت، بگۆڕێت. کارنامەکەی ( شایستەیی بۆ کارکردن ) و ( سستەمی دادپەروەر ) بوو، ئەوەش رێزگرتنی دەستەڵاتی باشتر بەرجەستەکردبوو، کە بە ئایدلۆژیای شۆڕشەکەی خۆێندکاران لە ساڵی ١٩٦٨ شێوێندرابوو. دیارە ئەو ماوەیەکی زۆرە بیری لەو پرنسیپانە کردیتەوە، زۆریش لە ناوەرۆکی نووسینەکانی پێشوویدا رەنگی داوەتەوە.

بەڵام ئیمرۆ جەماوەرەکەی ئەو حزبە سزای حزبەکەیاندا، لەبەرئەوەی بەرنامەکەی لە سەدەی بیست و یەکدا زۆر دواکەوتووە، کاتی ئەوە هاتووە، ئەو حزبە چارەسەری خۆی بکات. فرانسوا هۆلند دەیان ساڵە بەرنامەی چەندین رەوت و دەستەگەری دارشتووە، بەرنامەو کۆدەنگیان لاوازە، بۆیە بەرنامەی یەکلاکردنەوەو چارەسەری دەوێت، پرۆژەی چاکسازی پێویستە، ئەوەش بەرنامەی روایال بووە لە هەڵبژاردنەکەی بۆ سەرۆکایەتی وڵات، بەرنامەشی وایە خۆی بۆ سەرۆکایەتی حزبەکەش کاندیدبکات.

<u>شەڕێکی ترسناک:</u>

ئەو ژنە لە کارنامەی ناو حزبدا رێچکەی شکاند، کەوتنە ناو ملمڵانێ و شەڕێکی ناوخۆی حزبیەوە، ئەو شەڕەش مەترسی سەرکەوتنی هەبووە، دیارە روایال وەک خۆی وتویەتی:





( بژاری ترمان لە پێشدا نەبوو )، ئەو ئازایانە هاتە ناو مەیدان تا سستی ناو حزبەکە نەهێڵێت. ئەو پرۆژەیە هەموو لایەنەکانی ناو حزبی گرتیتەوە، لەسەر ئاستی خوارەوە تا لوتکەی هەرەمەکە، لە نووسینگەی نیشتیمانیەوە تا تیمەکان و لەوێشەوە بۆ بەرپرسی هەرێمەکان.

ئەو مەبەستی گۆڕانە، چاکسازی پەیرەوپرۆگرامی حزبە، لێکترازاندنی بژاری تاکە کەسی و هەڵوێستەکان بکرێت، پەیرەوی دیموکراسی هاوبەش و بەشداری کردبوو، ئەوەش دروشمی سەرەکی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی بوو، ئەوانەشی بۆ ئەوە بوو تا ئەندامانی حزب تامی بەشدارو چالاکی ببینن، کە پێشتر وەک ئالەتێک بۆ دەنگدان و کاندیدکردنی پاڵێوراوان بەکارهاتوون، بۆیە زوو زوو وازیان هێناوەو دەستیان لە کاری حزبایەتی کێشاوەتەوە. ئەو بەرنامەی کە حزبەکەی وەک حزبە سۆسیالیستەکانی وڵاتانی ئەسپانیاو ئەلمانیاو وڵاتانی ئەسکندنافیە لێ بێت، ژمارەی ئەندامەکانی لەنێوان ٤٠٠ و ٥٠٠ هەزار ئەندام بێت. بەوەش حزبەکە ببێتە حزبێکی میللی جەماوەری و بەرنامەی هاوچەرخیەتی بۆ دابرێژێت. بوونە ئەندام لە حزب بە ئابوونەی ٢٠ یۆرووی ساڵانە لە ساڵی ٢٠٠٦ زۆرتر بکرێت. ئەندامە گەنجەکانی ناو حزب هاوبیرن بۆ گۆڕینی هەیکەلی حزب، هەر هیچ نەبێت ئەوان هاوبیرن بۆ گەیشتنی گەنجەکان بە سەرکردایەتی حزبەکە.

ئایا روایال سیگۆلین دەتوانێت مەرامەکانی جێبەجێ بکات ..؟ بێگومان ئەگەر ئەو ئەندامانەی ساڵی پار هاتبوونەتە ناو حزبەکە لە حزب دوورنەکەونەوە، کە ژمارەیان دەگاتە ٨٠ هەزار کەس، بەتایبەتی کە کاتی هاتنی ئابونەی ساڵانەی حزب دێت، ئەگەری ئەوەش هەیە ئابونەکە لە ٢٠ یۆرو زۆرتر بێت. پاش ئەوەی لە هەڵبژاردنەکەی سەرۆکایەتیدا روایال سەرکەوتنی

بەدەست نەهێنا، لە ئەنجامی راپرسییەکدا، لەناو لایەنگیرانی حزبی سۆسیالیستدا بۆیان ئاشکرابووە، هەر ئەو ژنە دەتوانێت حزبەکەیان نوێ بکاتەوە، لەو راپرسیەدا ئەو زۆر لە پێش دۆمینیک سترۆسەوەبوو، لەبەرئەوەی رەچاوی ململانێ دژوار دەکرێت، بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە لەگەڵ ئەوو کەسانی ترا هاوپەیمانیش بکات.

تێبینی نەیارەکانی:

یەکێک لە سەرکردەکانی حزبی سۆسیالیست، وادەزانێ ئەو ململانێیەی لە دوارۆژا

روودەدات، زۆر دژواردەبێت. ئەوانەی بەرگری لە کەلتوورە سۆسیالیستەکەی حزبەکەیان دەکەن، کەلتووری هاوکاری. لە سیاسەتەکەی ژنە سپیپۆشەکە نیگەرانن. ئەوان داواکارن کارکردن بە بیرکردنەوەی دەستەجەم بێت، تاکەکەس بریارنەدات، دژی هێرشن لە شێوەی سەربازەکانی کۆماری و شێوەکەی پۆناپارت. لەگەڵ ئەو نین روایال دەزگاکانی راگەیاندن بەتەنیاو بۆ مەرامە تایبەتەکان بەکاربهێنێت، دژی ئەوەش بوون گوشار لەسەر ئەندامانی حزب پەیرەوبکرێت، ناکرێ کارەکان بێپرس و دانوستان بەرێوەبروات، ناکرێ وەک مێگەڵ بە گۆپاڵ رابهێنرێن.

ئەوانەی لەگەڵ روایال کۆک نەبوو، رایان وابوو ئەو ژنە لەنێوان ماوەی هەردوو خولەکانی هەڵبژاردندا، ئامادەنییە بۆچوونی رۆژنامەیەک بەهەند وەرگرێت و بیانخوێنیتەوە، یان لە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی سوومەندبێت. نایەوێت سەردانی بارەگای شەرگەکانی هەڵبژاردنەکانیش بکات، ئەگەر تەنها ٢٠٠ مەترێکیش لە بارەگای حزبی سۆسیالیسیش دووربێت، ئەزیەت ناخوات سەردانێکیان بکات. بەلام پاش گفتوگۆیەکی زۆر بەئامادەبوونی ئەندامانی حزب، پرۆسەی دەنگدانەکە





رەچاودەکات. سێ هەفتە پاش کۆتایی هاتنی قۆناخی دووەمی دەنگدانی هەڵبژاردنەکەی سەرۆکایەتی روایال وتبووی:

ئەگەر فرانسوا بابرۆ نیو بەقەد من لەو ئاراستەی من بۆی چووم، ئازایەتی هەبووایە ئێستا ئەو لەناو کۆشکی ماتینیۆن ( بارەگای سەرۆکایەتی حکومەت ) بوو.

دەرئەنجامەکە دیارو روونە، پاش ئەوەی حزبی سۆسیالیست لە هەڵبژاردنەکانی یاسادانانا شکستی خوارد، چارەنووسی فرانسوا هۆلند خەریکە با دەیبات. ئەو دوارۆژەش لە لایەن دۆستەکانی دۆمینیک سترۆس داواو پێشنیاربوون.

گورگە گەنجەکانی ناو حزب، وەک ماینۆل ڤالس و ڤانسان بییۆن، بەرژەوەندیان لەودابوو فرانسۆا هۆلند نەمینیت و دووبارە لەو کەوتنەی هەڵنەستێتەوە، لە بەرامبەر ئەوانیش کەسانی وەک لیونیل جۆسپان و لۆران فابیۆس و هەتا ( سترۆس ) یش بۆ رووخان و کەوتنەکەی داواکاربوون بەرژەوەندی لەوەدایە چاوەروان بن. بەرپرسەکەی حزبی هەرێمی لیە بۆش، خاتوو دۆن رۆف ئوجین کازیلی، ئەویش دەستەواژەی فیلەکانی ناو حزبی بەکارهێناوەو وتویەتی:

پێویستە فیلەکانی ناو حزب بزانن، بەرژەوەندیان لەوەدایە فرانسوا هۆلند کۆتایی بە راژەکەی لە پۆستەکەی بهێنێت، ئەوەشیان بۆ ئەوەیە تا کۆتایی هاتنی دیاردەکەی روایال ببینن.

چەند هەفتەیەک پێش هەڵبژاردنەکەی سەرۆکایەتی زوو روایال وتبووی:

هەڵبژاردنەکەی سەرۆکایەتی هەموو شتەکانی لەسەر من راوەستاوە.

دیارە ئەو قسەیەشی لەبەرئەوە کردووە، چونکە زۆر بروای بە سەرکەوتنی خۆی لەو هەڵبژاردنەدا هەبووە، بەلام کەس و دەزگا نزیکەکانی گومانیان لەو گەشبینیەی ئەو هەبووە.

لە ساڵی ١٩٧٤ ەوە گۆڕینی دەسەڵات بووە بنەماو پەیرەو کرابوو، چونکە زۆرینەی ناو پەرلەمان قەت زۆرینەیان بەدەست نەهێناوە لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا. بەڵام لە ٢٢ ی مانگی ئەپریلەوە کاتی خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی بوو، سەرەتاکان بەدیارکەوتن، دەرکەوت ئەوان تەنیا ڕێژەی ٣٦،٥% یان بەدەست هێنابوو، ئەو ڕێژەیەش هەموو هێزو وزەکەی ئەوانی تێدابوو، چونکە هەموو دەنگە ئیحتیاتەکانیشیان بەکارهێنابوو. ڕێژی دەنگەکانیان کەمتربوو چونکە سارکۆزی بەشێکی زۆری دەنگی چەپەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو، زۆربوون ئەوانەی سەنگەری چەپیان بۆ ڕاسترەوی گۆری بوو، لە لایەکی تریشەوە ڕوایالی پاڵێوراوی چەپەکان نەیتوانیبوو پشتیوانی زۆرینە میللیەکە وەرگرێت.

بۆچی سەرنەکەوتن..؟

لەو کاتانەی حزبی سۆسیالیست خۆی بۆ خولی دووەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی

ئامادەدەکرد، هەڵبژاردنەکانی یاسادانان کە ماوەکەی زۆری نەمابوو، بێئومێدیان لەسەرکەوتن پێوە دیاربوو، هەموو نسکۆو سەرنەکەوتنەکانیشیان خستبووە ئەستۆی ڕوایال.

ئەو مەسەلەیەش ڕاستە، چونکە حزبی سۆسیالیست لە نۆڤمبەری ٢٠٠٦ دا، بەزۆری دەنگی ئەندامان و بەشێکی سەرکردایەتیش سەرکەوتنی ڕوایالیان بەسەر سارکۆزی

بەمسۆگەر دەزانی. لەناو حزبیشدا، ئیمرۆ دوو شرۆڤەی دژوار بۆ نسکۆکەی ڕوایال هەیە.

سەبارەت بەرەوتی کۆمەڵایەتی دیموکراسی، کە ڕوایال و ستروس پێشەنگیان دەکرد، ئەوان دەبینن کەوا هێڵی ئیشیراکی ڕاستەقینە ناو حزب باش نەزانراوە. تا ڕادەیەک دەنگدەرەکان بروایان بەوە نەبووە، کەوا ڕوایال گۆڕانی پێ ئەنجام دەدرێت.





شەش ڕۆژ پاش نسکۆکەی لە هەڵبژاردنا ڕوایال وتبووی:

ئەو ماوەی بۆ گۆڕان لەبەردەمم دابوو، ماوەیەکی زۆر بەرتەسک و کورتبوو، کاندیدکردنی ژنیکی وەک منیش وەک شۆڕشێک وابوو لە کاندیدکردنەکەدا، بەرپاکردنی شۆڕشێک لە ئایدلۆژیای ناو حزبەکە، دواییش گۆڕین لە کاروباری سیاسی لە شێوەی بەشداری دیموکراسییدا. کارێکی ئاسان نەبوو. ئەگەرچی ڕاسترەوەکان بەهێزبوون، ئەویش ئاریشەی زۆری لەپێشدابوو، بەڵام ئەو وایدەزانی ئەنجامەکەی بێ وێنەبووە. بۆیە ڕوایال دۆڕانەکەی بەدەستەڵاتی ئەو نەبوو، بەناچاری بووە. لەبەر ئاڵۆزی دۆسیەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان بووە، چاوی لە هەموویان پۆشیوەو خۆی لە قەرەیان نەداوە. بۆیە داواکاربووە ئاستی موچە بۆ ١٥٠٠ یۆرو بەرزبکاتەوە، پێشنیارەکەش حزب لەسەری فەرزکردبوو.

توێژەر لە زانستە سیاسیەکان ( ئالکسیس دالیم ) وتویەتی:

کە ڕوایال داوای هاوپەیمانی بۆ هەڵبژاردنەکانی فەرەنسی لەگەڵ ( بایرو ) کرد، زیانی زۆری لێکەوتەوەو هەوادارانی چەپەکانی دارماند، ئەویش نەیتوانی دەنگەکانی دۆستەکانی خۆیان و ئەوانی تریشی مسۆگەربکات.

ئەو لە ڕاستیدا گەمەی ئۆکۆردیون کردووە، چونکە جاریک بەلای چەپدا بووە، جارێکێش بەلای ڕاستا کەوتووە.

ڕوایال تا بەرگری لە خۆی بکات و بیانۆی سەرنەکەوتنەکانی بهێنیتەوە، حزبەکەی بەوە تاوانبارکرد، کەوا وەک پێویست پشتیوانی نەکردووە، دیارە ئەوەش ئاسان نەبووە. ئەو کە لە لایەن حزبەوە کاندیدکرابوو، ئەو زوو وتبووی ئەگەر بزانم ڕێژەی ٦٠% دەنگەکان مسۆگەر بکەم، لەگەڵ نەیارەکانی دانووستان ناکەم. ڕوایال گلەیی لە هۆڵندکردبوو کە لە هەڵمەتەکەی هەڵبژاردنەکانا کۆمەکی نەکردبوو، بیانۆکەشی ئەوەبووە تا

مەسەلەکە نەبێتە مەسەلەیەکی تایبەتی، بۆیە هاوکاری نەبووە.

هەروەها لە تەمبەڵی سترۆسیش گلەیی هەبووە، بەڵام ئەوەی لە بیرچۆتەوە کە چەند رۆژی ویست تا وڵامی تەلەفۆنەکەی ئەوی داوەتەوە، یان چەند هەفتەیەک لۆران فالیۆس چاوەروانبوو، بۆ وەرگرتنەوەی وڵامی ئەوەی ئەگەر ئەو یارمەتی و پشتیوانی دەوێت، یان نا ... بەڵام روایال زۆر لە فیلەکانی ناو حزبی سۆسیالیست ترساوە، بۆیە وتبووی:

ئەوان وایان دەزانی من دەروخێم.

بەڵام روایال شەڕەکەی دۆراند لەبەرئەوەی ویستی بەتەنیاو شکۆدارانە کاربکات.

# بەشی سێیەم





وێنەی روایال و هۆلندی ژن و مێرد.



## بەشی سێیەم

روایال سیگۆلین لەگەڵ خۆشەویستەکەی گیوم، لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا لە بازنەی پێنجەمی پاریسا چووەتە ناو ریزەکانی حزبی سۆسیالیستی فەرەنسیەوە، ئەودەمە لەگەڵ گیوم لە ژوورێکی بچووک بەیەکەوە دەژیان، پاشان بروانامەی لە زانستە سیاسیەکان وەرگرتووە. ساڵێک پاش تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ، لە ئامۆژگەی باڵای بەرێوەبردن وەرگیراوە، بەڵام لە ئەزموونی وەرگیرانا جاری یەکەم دەرنەچووە. کە لەو ئامۆژگایە وەرگیراوە، تا شێوە تەقلیدییەکە ناوەکەی لە کۆڵ خۆی بکاتەوە، زوو ناوی ( ماری ) لە پێش ( سیگۆلین ) ەکە لابردووە.

لەگەڵ ئەودا لە خولی ڤۆلتێر، فرانسوا هۆلندو دۆمینیک دۆفیلبان ( سەرۆک وەزیرانی پێشوو ) و رینۆ دوندیو دو فابر ( وەزیری رۆشنبیری پێشوو ) و فریدریک بریدان ( وەزیری سپۆرت لە سەردەمی میتران ) و میشال سابان ( وەزیری بودجەدانانی پێشوو ) ش لەو خولەدا خوێندکاربوون.

### باری خێزانی:

سیگۆلین سەبارەت بە خوێندنەکەی وتوویەتی:

لەبەر رەوشی تایبەتی ناو خێزانەکەم و باری کۆمەڵایەتی ئەوان، بوارم نەبوو سەرکەوتن بەدەست بهێنم، بەڵام من کۆڵم نەدا، بەردەوام کارمکردووە. سەبارەت بەو هاورێیانی لەگەڵ ئەودا لەو ئامۆژگایە خوێندیان وتوویەتی:

ئەوان لە هەمان قالب دەرنەچوون.





### دیدارە نامۆکە:

فرانسواو سیگۆلین دوو کەسی جیاوازبوون، بەڵام زوو لەیەک نزیک بونەوە. ئەو کیژێکی جوانی ناسکی شەرمنی پارێزگاربوو، بە رۆشنبیرییەکی گشتی و برژاوزیانەوە هاتووتە ناو بازنەکانی دەستەڵات و بریار، ئەو بوارە جێگای ئەو نەبوو، بۆ ئەو بوارەش نەخولقابوو، هێزی بەرگری و توانای تێدا بەدی نەدەکرا. کە بە زمانی ئینگلیزی قسەیکردووە، زمانی تێکئاڵاوە، برادەرەکانیشی بە زمانی شکسپیری پاراو قسەیان کردووە.

ئەو کیژی کۆلۆنێلێک بووە، دایکی بۆ شووکردن وازی لە ئەندازیاری کشتوکاڵ هێناوە. فرانسوا هۆلندیش بە تەمەن شەش مانگ لەو گچکەتربووە، باوکی دکتۆربووەو دایکیشی یاریدەری کۆمەڵایەتی بووە، ئەو کورە لەو ئامۆژگایە وەک ماسییەک لەناو ئاودا ژیاوە، لە تەمەنی گچکەیەوە شەهادەی یاساو زانستە سیاسییەکانی وەرگرتووە، لە باڵاترین ئامۆژگەی بازرگانی ئەوروپیش خوێندوویەتی، شەیدای کاری سیاسی بووە، کورێکی قۆشمەو خۆش بووە، توانای کارو بەردەوامی بێ سنووری هەبووە.

### کە دڵ بۆی لێدرا:

بزێوی و گیانی بەجولەی وایکردووە بچێتە ئامۆژگەی باڵای ئیدارە، بەو قەناعەتەوە کاری بۆ ئەوە کردووە تۆڵە لە رۆژانی رابردوو و منالّییەکەی خۆی بکاتەوە، باوکی بەتوندی و بەرەقی پەروەردەی کردووە، باری دارایی ئەو خێزانە بە هەشت منالّەوە سنووردار بوو.

فرانسوا و سیگۆلین دووانە ( مێرد ) پرۆسەی هاوسەرییان نەکردووە. ئەو پرۆسەیە دڵسۆزی تێدا بەدی ناکرێت، جیابوونەوەش بەردەوام کارێکی زەحمەتە.

مێردەکە تا رادەیەک لووسکراوبوو .؟ کەسیکی گوێرایەلبوو، لە زۆر رووەوە لەیەک دەگەیشتن، بەڵام رووشی داوە لەیەکترنەگەیشتوون. لە ساڵی ١٩٨٠ فرانسوا هۆلند لە ئامۆژگا دەرچووە، پایەی ١١ بەرکەوتوە. پێش دومینیک دو فیلبان لە دیوانی ژمێریاری وەرگیراوە. بەڵام روایال لە پایەی ٨٥ لە کۆی ١٦٠ خوێندکار وەرگیراوە، لە دادگای ئیداری پاریس جێگای کراوەتەوە.

## مانەوەی لە پایتەخت:

تا لەناو جەرگەی سیاسەتدا بمینێتەوە، لە پایتەخت مایەوە، جاک ئاتالی راوێژکاری تایبەتی پاڵێوراو بۆ سەرۆکایەتی کۆمار فرانسوا میتران، بواری بۆ سازاند تا لە سیاسەت نزیکبێتەوە. چونکە ئەو لە گەنجی بەتوانا دەگەرا بۆ ئەوەی میتران پشتیان پێببەستێت، یەکێک لەوانەی بۆ ئەو بەرنامەیە هاتە پێشەوە فرانسوا هۆلندبوو، ئەویش مەرجی دانا سیگۆلین روایال ئەندامی ئەو تیمەبێت.

## دەروازەی سیاسەت:

بەیەکەوە بوونەتە ئەندامی ئەو تیمەی هاوکاری کاندیدکراوی سەرۆکایەتی بوون، روایال دانرا ئاگاداری دۆسیەکان بێت و توێژینەوەیان لەسەربکات. کە دۆسیەیەکی لەسەر ژنان بۆ میتران ئامادەکردبوو، سەرنجی راکێشابوو. دیارە سەرۆکی پێشوو ئاگاداری ئەو بابەتانە نەبووە. فرانسوا هۆلندیش چاودێری دۆسیەکانی ئابووری بۆ دەکرد.

روایال وتویەتی:

کە لە کارەکانم شارەزابووم، هێشتا هیچ گرێبەستێکم لەگەڵ مورنەکرابوو، من دەستەڵاتم بە سەر ئیشەکاندا شکا، جێگەی خۆم





کردەوە. کە میتران وەک سەرۆک دەرچوو، جاک ئاتالی وەک راوێژکاری سەرۆک دامەزرا، ئەویش داوای لە روایال و هۆلندکرد، هاوشانی بن، بێنە ناو کۆشکی ئالیزی، ئەو دووانە بۆ کارکردن کەوتنە بندەستی ( جان لویس بیاکۆ ) ئەوەی ماوەی چارەگە سەدەیەک ئیدارەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکانی وڵاتی کردووە.

روایال وتویەتی:

پێش دەرچوونی میتران لە هەڵبژاردنەکان من لە نێوان ساڵانی ١٩٨٢ تا ١٩٨٨ کارم لە ئەمانەتی سەرۆکایەتی کۆمارکردبوو، دۆسیەکانی تەندروستی و ژینگەو گەنجان و بەساڵاچووانم وەرگرتبوو.

ئەو کاری سیاسی لە بەردی بناغەکەیەوە دەستپێکردووە، لە ساڵی ١٩٨٣ خۆی بۆ ئەنجوومەنی شارەوانی شاری ( ترۆفیل ) کاندیدکردبوو، سوودی لە پلەکەی ناو کۆشکی ئالیزی وەک راوێژکاری تەکنیکی وەرگرتبوو. کە لە ساڵی ١٩٨٦ خۆی بۆ هەڵبژاردنەکەی نوێنەران کاندیدکردبوو، بەرپرسەکەی حزبی سۆسیالیست داواکەی روایالی رەتکردبۆوە، لەبەرئەوەی ئەو لە پایتەختەوە هاتبووە نورماندی، وەک راوێژکار ناسرابوو، پێی وتبوو، تۆ راوێژکارو دایکی مناڵێکی و تەمەنت ٣٢ ساڵە، کورەکەی و فرانسوا میترانی لە ژیان لەناو دڵیدا لا گەورەتربوو.

لە ساڵی ١٩٨٦ داوای لە ئاماکی کردبوو، سەرۆک رازی بکات خۆی بۆ هەڵبژاردنەکەی یاسادانان کاندیدبکات، سەرۆکیش رازی ببوو لە شوێنێکی لادێی راسترەوەکان بەختی خۆی تاقیبەکاتەوە، کە لە هەڵبژاردنەکە دەرچوو، بووە مایەی سەرسورمانی هەموولایەک، بۆیە بەردەوام لەو ناوچەیە وەک نوێنەر دەردەچوو. لەبەرئەوەی لە کۆشکی ئالیزی کاری کردووە، بۆیە بۆ ناوچەو بازنە هەڵبژاردنەکەی کۆمەک و یارمەتی وەرگرتووە.

فرانسوا هۆلند لە ساڵانی ١٩٨٢ تا ١٩٨٤ لە هەڵبژاردنەکانی یاسادانان بەشداربووە، رۆلی کاریگەری بینیوە لە کپکردن و

کوژاندنەوەی ئاگری نێو حزبەکەیان، ئەو ئاگرەی حزبی خستبووە مەترسی لەتبوونەوە، کە لە نێوان لیونیل جۆسپان و لۆران فابیوس بەرپابووبوو، ئەو کۆششی زۆری کردووە، بەدروشمی ( بۆ ئەوەی ببینە تاکی هاوچەرخ، دەبێ کەسی دیموکراسیخوازبین )، داواکاربوو حزبەکەیان بەراستی و باش ئاوێتەی واقیع بێت، پشت بە ئەفسانەو ئایدلۆژیا نەبەستێت.

ئەوەی هۆلند لەو رۆژانە بانگهێشتەی بۆ دەرکرد، ئەو جۆرە دیموکراسییە نیە کە کراوە بە دروشمی سەرەکی هەڵبژادنەکانی سیگۆلین روایال، وەک کاندیدی حزبی سوسیالیست، ئەویش دیموکراسی بەشداربوونە.

لایرین بیسۆن، سکرتێری نیشتیمانی پێشووی حزبی سوسیالیست، ئەوەی لە حزبەکەی وازهێناو سەنگەری بۆ ناو حزبەکەی سارکۆزی گواستەوە، رای وابوو، ئەو ژنە ئەگەرچی دروشمی ئەو جۆرە دیموکراسیەشی هەڵگرتبوو، بەڵام ئەو پرسی بە کەس نەدەکرد، بریارەکانی لەئەنجامی دانوستانی لەگەڵ راوێژکارەکانی دەرکردووە. لەبەرئەوەی بریارەکانی تاکەکەسی بووە، بۆیە سەرکردایەتی حزب و جەماوەرکەشی نارەزاییان هەبووە.

تا سەرەتای هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی سیگۆلین لە ساڵی ٢٠٠٦ ئاشکرا نەبوو، دوارۆژی هۆلند پاش سەرکەوتنی چی دەبێت.؟ ئایا لە کۆشکی ئالیزی لەگەڵی دەمینێتەوە ..؟

یان وەک سەرۆکی شارەوانی شاری ( توول ) دەمینێتەوە ..؟

یان واز لەو پۆستە دەهێنێت و دەکرێتە وەزیرێک ..؟

ئایا واز لە سەرۆکایەتی حزب دەهێنێت ..؟!

دیارە وڵامی ئەو هەموو پرسیارانە ئەگەری بە نەرێ وەردەگیرایەوە. ئەوانەی لە نهێنیەکانی سیاسەتیش پسپۆربون، لەناو ئەو تێراونین و بینەوبەردەیەدا سەرسامبوون، بەڵام وڵامی دوایی شکان و نسکۆکەش، دەبێ لەوماڵە دەربچێت.

# بەشی چوارەم





هۆلند.



## بەشی چوارەم

کە لە مانگی مارسداو لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمەکان سەرکەوتنێ رەهای وەرگرت، کە لە کۆی ٢٢ هەرێم حزبی سۆسیالیست لە ٢٠ هەرێم سەرکەوت، ئەوەش لە مێژووی فەرەنسادا رووی نەدابوو، لە بەهاری ٢٠٠٤ بیری لەوە کردووە، خۆی بۆ سەرۆکایەتی کاندیدبکات. پاش ئەو سەرکەوتنە سکرتێری حزب فرانسوا هۆلند بەشکۆو شانازییەوە دەرکەوت، بە چاوی ترەوە نیگای دوارۆژی کردەوە. ئەو رۆژە تا ئێستاش لە لای لۆران فابیوس باندۆری مەزنی داناوە.

### شەڕی فیلەکان:

ئەو دەستەواژەیە لە سەرەتای ئۆگستی پەیدابوو، ئەوەش بە شەڕو ململانێ نێوان سەرکردەکانی ناو حزبی سۆسیالیست وتراوە، هۆلند وتویەتی:

پۆستی سکرتێری حزب، باشترین راهێنانە بۆ فێربوون لە وەرگرتنی بەرپرسیاریەتی ( دیارە ئەو مەبەستی ئەوەیە حزبی سۆسیالیست بەرەو سەرکەوتن ببات لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی و یاسادانانی ساڵی ٢٠٠٧ ).

ئەو پشتیوانی دەستووری ئەورووپی کردبوو، بەتێپەربوونی ساڵێک ئەو مەسەلەیە حزبی بە توانایەکی بەهێزەوە کردبووە دوو بەش، بۆیەش بۆ را وەرگرتنی خەباتگێرانی ناو حزب، داواکاربوو لەناو رێزەکانی حزب ریفراندۆم ئەنجام بدرێت. ئەو بۆچوونەش ڤابیۆسی کەسی دووەمی ناو حزبی نیگەران کردبوو، بیانۆکەشی ئەوەبوو گوایە هۆلند ئەو دەخاتە گۆشەیەکی تەسک و ناچاری





دەکات رازی بێت. بۆیە دژایەتی دەستووری ئەورووپی راگەیاند، دەزگاکانی راگەیاندنیش ئاماژەیان بەوەدا، کەوا دەستوورەکە وەک کارتێک بۆ خەونەکانی بۆ سەرۆکایەتی بەکارهێناوە، لەو دەمەدا بۆ پشتیوانی لە هۆلند دۆمینیک سترۆس هاتووتە سەر خەتەکە، ئەویش پشتیوانی لە دەستوورەکە کردبوو.

لە هەڵبژاردنێکی ناوخۆی حزبدا ٥٨% دەنگدەران هاوبیری دەستوورەکەبوون، بەوەش ڤابیوس زەبرێکی کوشندەی بەرکەوت، ئەوەش بواری بۆ هۆلند خۆشکردووە، پلەیەک بۆ سەرۆکایەتی کۆمار بچێتە پێشەوە، وەک کەسی یەکەم زۆری لەو پۆستە بەرەوا بینیووە. کە ئەندامانی حزبی سۆسیالیست دەنگیان بۆ دەستووری ئەورووپیدا بوارسازبوو، هەموو فەرەنسیەکانیش ئەو ئەزموونەی دەنگدان تاقی بکەنەوە.

### زەبری هاورێیەک؛

حکومەتەکەی ( راڤاران ) لاوازو بێدەستەڵات بوو، چەپە توندرەوەکانی هاوبیری لیبرالیەکانیش توانیان هاووڵاتیان جۆش بدەن دەنگ بۆ دەستوورەکەی ئەورووپی نەدەن، هاوشانی ئەوانەش هەڵگەراوەکانی ناو سۆسیالیستەکانیش بە سەرۆکایەتی ڤابیۆسیش دژ بە دەستوورەکە دەنگیاندا، بۆیە رێژەکە کە بە نەرێ لە ٢٩ ی مایۆی ٢٠٠٥ دەنگیان دا، گەیشتبووە ٥٥%. بەوەش هۆلند زەبریکی کوشندەی بەرکەوت، بەوەش لە کاندیدکردنی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری ساڵی ٢٠٠٧ وەک کاندیدی حزبی سۆسیالیست دوورکەوتەوە. بەو پێشهاتەش ڤابیۆس لە سەرکردایەتی حزب دەرکرا.

بۆچی نەخێر بۆ من .؟

سیگۆلین روایال لەناو گێژاوەکەدا، خۆی پێرانەدەگیرا، بۆیە خۆی دووراگرت، بێزاربوو لەو دەستەیەی ناو حزبەکەی،

بریاریشی دابوو ئەگەر فەرەنسیەکان بە نەخێر دەنگ بۆ دەستوورەکەی ئەوروپی بدەن، لەو هێنان و بردنەی کاندیدکردنەکەی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی واز بهێنێت، ئەو وتبووی:

ئەگەر فەرەنسیەکان بلێن نەخێر، ئەوە دوکانەکانی حزب پۆلین دەکەمەوە.

واتە حزبەکە هەڵدەوەشێنێتەوە. دووبارە ڤابیۆس هاتەوە مەیدانەکەو داوای دەست لەکارکێشانەوەی هۆلند لە پۆستی سکرتێری یەکەمی حزبکرد، بەڵام لە دوا ساتەکانیدا بە سەفقەیەک لەو کێشەیە دەربازیکرد. سەفقەکەشیان مانەوەی هۆلندبوو لە پۆستەکەی بەرامبەر دانانی ئەو لە کاندیدی حزبەکەیان بۆ پۆستی سەرۆکایەتی فەرەنسا.

لەو رەوشەدا حزب کەوتە ناو قەیرانێکی دژوار، ناکۆکی کەوتە ناو سەرکردەکانی، بەتایبەتی ئەوانەی چاویان لە پۆستەکان بوو، سیگۆلین رویال ئەگەرچی ناوبانگیەکی باشی لەناو فەرەنسیەکاندا هەبوو رایگەیاند، ئەو خۆی کاندید ناکات. بەڵام بە شێوەیەکی تایبەتی، بە بەرنامەی خۆی کار بۆ پەیداکردنی پێگەیەکی شیاو لە ناو حزب دەکات، تا ئەو بۆ سەرۆکایەتی کۆمار کاندید بکەن.

رویال گەیشتبووە ئەو راستیەی حزبەکەیان رەزامەندی لەسەر کاندیدکردنی ئەو بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری نادات. بۆیە لە کۆبوونەوەی نوێنەرە سۆسیالیستەکان لە ٢٢ ی سپتمبەری ٢٠٠٥ ئامادە نەبوو، بەڵام لەهەمان رۆژ وێنەیەکی لە گۆڤاری ( باری ماتش ) لەگەڵ فلۆرای کیژی بڵاوکرابۆوە، لەوێ وڵامی پرسیاریک سەبارەت بە بەشداریکردنی لە هەڵبژاتدنەکانی سەرۆکایەتیدا وتبووی:

ئەگەر حزب منیان بە شیاوو بە کەسی یەکەم زانی بۆ ئەو پۆستە، ئەوە منیش ئامادەم و دەتوانم سەرکەوتنیش بەدەست





بهێنم.

لە رۆژانی نزیکبونەوەی لە یادی ٥٢ ساڵەی لە دایکبوونییدا، هاتە ناو مەیدانەکە، بەڵام زووتر وتبووی:

من بەبێ هەڵکردنی چرای کەسکی سکرتێری یەکەمی حزب (کە هۆلندی هاوسەریەتی)، خۆم کاندیدناکەم، من هاوکاری و پشتیوانی ئەوم دەوێت.

بەڵام ئەو پابەندی بەڵێنەکانی نەبوو، بۆیەش وا هاوسەرەکەی تاڵی ئەوە دەنۆشێت. کە پرسیاری ئەوەی لێدەکرا، ئەو دەتوانێت، لەو پرۆسەیەدا سارکۆزی ببەزێنیت، دەیووت:

بەڵێ هەستدەکەم، ئەوەم پێدەکرێت، دەتوانم بەسەر ئەوو کەسانی تریش زاڵ بم. هۆلندیش وتبووی:

سیگۆلین بۆ خۆکاندیدکردنەکەی پرسی پێ کردبووم، منیش لە وڵامدا پێم وتبوو؛

تۆ وەک پاڵێوراوەکانی تر، تا کۆتایی ساڵی٢٠٠٦ چاوەروان بکە.

کە نوێنەرانی حزبی سۆسیالیست دیمانەکەی سیگۆلینیان لە گۆڤاری باری ماتش خوێندەوە، هەستیان بە نیگەرانی کرد، سەرۆکی فراکسیونی حزبی سۆسیالیست لە ئەنجومەنی نیشتیمانی ( جاک مارک ئایسرۆ ) وتبووی:

کە زۆرتر شێتایەتی دەمانگرێت، زۆرتر پێکەنینمان دێت.

بەڵام پەرلەمانتار میشال شاراس بە شێوەیەکی تر هەستی دەربریبوو، ئەو وتبووی:

با شەقێکی لە پشترا تێهەڵدەین.

بەڵام لۆران ڤابیوس بە زەردەخەنەوە وتبووی:

ئەوە چارەسەریەکی باشە.

دیارە کەوا پۆستی سەرۆک کۆماری بووە بە نۆرە، بەڵام کێ منداڵەکان پەروەردە دەکات. !

جاک لۆنگ، لە لایەن خۆیەوە رەخنەی لەسەرئەوە هەبوو کەوا، ئەو دیدارە گشتیانە دەکەنە باسی تاکەکەسی و تایبەتی، بۆ مەسەلەی سیگۆلینیش وتبووی:

تکایە کۆنگرەی حزب مەکەنە پرۆسەی هەڵبژاردنی شاژنی جوانی.!

لە کۆنگرەیەک بۆ پاراستنی یەکریزی حزب، کێشەی نێوان هۆلندو ڤابیوسیان چارەسەر کرا، لەو دیدارەدا سیگولین یەک وشەی لە زار دەرنەهاتبوو، بەڵام لەکۆتاییدا پرشنگەکانی سەرکەوتنەکەی هۆلندی مێردی سست وکز کردبۆوە، چونکە کامیراکان زۆرتر روویان لەو بووە. ئەگەرچی دەرئەنجامی راپرسیەکان دەردەکەوت، ئەو ژنە ناوداری لەناو میللەت پەیداکردبوو، بەرەو دەروشانەوە دەچوو، بەڵام لەناو سەرکردایەتی حزبدا تەنیا جاک ئاتال، سیگۆلینی بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری بە شیاو دەبینی، ئەو وایدەزانی ئەو ژنە بینینی شایستەی بۆ وڵات هەیە، وەک کەسایەتی چاوی لە زۆرترین دەستکەوتە، ئەگەر یەک هەبێت دەستبەرداری کاری سیاسی بێت، ئەوە هۆلندە.

<u>روایال و ژن:</u>

کە روایال قۆناخی ئامادەیی تەواوکردووە، بریاری داوە لە زانستە سیاسیەکان بخوێنت، لەبەر ئەوەی راسترەوەکان، هەموو پیاوی چوارشانەو ماسولکە بەهێزبوون، بۆیە بیری بۆ لای ئەوان نەچوو، ئەوانەش باوکیان بەبیردەهێنایەوە. چونکە ئەو باوکە تەقلیدیانە بیر لەوە دەکەنەوە، کیژەکانیان کە خوێندنی ئامادەییان تەواوکرد بەشوویان بدەن.

سیگۆلین دەیزانی ئەو ژنانەی بەو شێوە شوودەکەن، دەبنە کۆیلەی پیاوەکانیان و کەسی بێدەستەڵاتیان لێدەردەچێت، بۆیە





ملی لە خۆێندنی زانکۆ نا، لەو نەریتە باوەکانی ئەوسای کۆمەڵ یاخیبوو. لەبەرئەوەی ئەو کەسێکی مێینەبوو، بۆیە دووسەرە لەناو مەیدانی سیاسەتدا دەچەوسایەوە، وەک ژنێک و وەک ژنێکی قوربانیدەر بۆ وڵاتەکەی کۆششیکردووەو کۆڵی نەداوە. ئەو پێش ئەوەی وەک خەباتگێرێکی سۆسیالیست لەبواری سیاسەت بێتە مەیدان، وەک داواکارێکی مافەکان ژنان کۆششی کردووە، کۆڵنەدانی بوو لەو بوارە، ئەو ژنەی گەیاندە سەرکردایەتی حزبی سۆسیالیست.

لە سەرەتای هەفتاکاندا لەبەرئەوەی تاقە ژن بوو لەناو حزب، بۆیە نەیتوانیووە بۆ کێشەی رەوای ژنان و یەکسانی خەبات بکات. ئەو خەباتی دژی دابونەریتە باوەکان، بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵەکەو خێزان خەباتی بەردەوام بووە. لەو بوارەدا سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو، توانی بەو خەباتەی لە کۆتی کۆمەڵەکەو ماڵەوەیان دەربازی ببێت. هێدی هێدی کەسایەتی پتەوو بەهێزی بۆ کەسایەتیەکەی چەسپاند، ئەویش وەک نمونەیەکی پێشرەو بۆ ژنان هاتە مەیدانەکە. لە دوا کتێبیدا، کە لە ماوەی ململانێیەکەی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی لە وەرزی بەهاردا بڵاویکردبۆوە، نووسیبوی:

کە بۆ مافی رەوای ژنان تێدەکۆشیت، مانای ئەوە نییە تۆ دژایەتی پیاوان دەکەیت. ئەو دژی دەستەڵاتی نێرینەبوو لەسەر ژنان، سەرکەوتنی خەبات و هاتنەدی مافەکانیان، پاڵپشتی و ئازادی پیاوانیش دەگەێنێت.

<u>روایال و دابونەریتەکان و خێزان:</u>

روایال وەک یاخییەک لە دابونەریتە کۆنەکانی فەرەنسی هاتە ناو کۆمەڵ، بێ ئەوەی پرۆسەی هاوسەری لەگەڵ هۆلند پێکەوەبنێت، چوار منداڵیان بوو، زوو پێشناوی ماری لە پێش

نـاوەکـەی لابـردووە، لـە رووی ئـەو باوکـەی لـە رۆژانـی پەروەردەکردنیدا زۆر توندبووە، نارەزایی هەبوو تا باوکیشی مرد، ئەوەی لە بیری مابوو، چۆن لەلایەن باوکە کۆلۆنیلەکەیەوە لەناو خێزانەکەیدا هەڵسوکەوتی لەگەڵ کراوە. کە دایکی لە باوکی جیابۆوەو لە ماڵی مێردەکەی دەرچووە، هاوشانی راوەستاوەو پشتیوانی تەواوی کردووە. کە باوکی مردووە، دیارە بە چاکە ناوی هێناوە، وتوویەتی؛

من لە باوکم زۆر شت فێربووم وەک، کۆڵنەدان و کارکردن و شەرەف و هەستکردن بەوەی ئەو هەموو کاتێ لەسەر حەقە.

ئەو لەگەڵ مناڵەکانی رووی خۆش بووە، ئەوەشی بۆ بەرژەوەندی ئەوان بووە، هەمو کەسێک وزەو دەرس لە سەردەمی مناڵی و هەرزەکارییەوە وەردەگرێت.

سەردانی داکارو مارتینیکی کردیتەوە، زێدی لەدایکبوون و گەورەبوونەکەی، لە تەمەنی دە ساڵییدا لەگەڵ خێزانەکەی لە گوندی شامانی پارێزگای فۆجی لادێی ژیاوە، ئەو شوێنەی هەوارگەی راوو شکاری دۆق لۆرین بووە، لەو شوێنەدا تا تەمەنی ١٥ ساڵی لەگەڵ ماڵەوە ماوەتەوە. کە بۆ خوێندن چوەتە قوتابخانەی دواناوەندی ( خاتوونە کاسۆلیکیە ) کە لە ئاییبسنال، لە ماڵەوە دووركەوتیتەوەو لە بەشی ناوەخۆ ماوەتەوە. گوندنشینەکان پێیان وتبوو، تۆ پێویستە بۆ وەرگرتنی هێزو وزەی مناڵیت سەردانی ئەو گوندە بکەیتەوە. ئەوانیش بۆ پاڵپشتی هاووڵاتیە گوندییەکەیان لەسەر تۆری ئەنتەرنێت ماڵپەرێکیان بۆ سازکردبوو، تێدا بەرنامەی کاری سیاسی ئەویان پێناسەکردبوو، لەو ماڵپەرەشدا گفتۆگۆشی تێداکرابوو. لەسەر ماڵپەرەکەدا دوو نامەی ئەنتۆن و بۆل روایالی برای روایالیش بەدی دەکرا، لە نامەکەیاندا پاڵپشتی بەرنامەی سیاسی ئەویان کردووە، لەبەرئەوەی خوشکی ئەوانەو وەک هاووڵاتیەکی ئەو خێزانەو





ناوچەکەش شانازی پێوە دەکەن. جاک روایال ئەو وەک کاندێدیکی راسترەوی توندرەو خۆی ناساندبوو، هەروەها بە دژایەتی ژەنرال دیگۆل ناسرابوو، لەگەڵ مانەوەی فەرەنساش بوو لە وڵاتی جەزائیر.

# بەشی پێنجەم

## بەشی پێنجەم:

گۆڤاری لۆنۆفیلی چەپخواز بەرگی گۆڤارەکەی بە وێنەو بە پەیڤێکی روایال رازاندبووە، کە وتبووی:

ئێستا من بەتەواوی ئامادەم.

هەر لەو گۆڤارەدا وتبووی:

دیارە جەماوەرەکەم بەرەو زۆربوون دەچێت، منیش وامکردووە، کە جەماوەرە چەپخوازەکەم داوایان لێکردم خۆم کاندیدبکەم. منیش داواکەم هێنایەدی. من بە شێوەیەکی سروشتی هاتوومەتە پێشەوە، بوومە کەسی پێشنیارکراو بۆ هەڵبژاردنەکە، ئەوانیتر هیچ بژاریان لەبەردەم نەماوە تەنها ئەوە نەبێت، بەدوام بکەون.

کە پرسیاری ئەوەیان کردبوو، هەستت چی دەبوو، ئەگەر تۆ لەو پرۆسەیەدا سەرکەوتوو نەبووایت، ئەو لە وڵامدا وتبووی:

ئەگەرچی لە ژیاندا دەمام، بەڵام لە گۆڕەپانەکە دووردەکەوتمەوە. دیارە ئەوەش چاوەروان نەدەکرا، چونکە ئەو لەو راپرسییەی کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥ لەناو دەنگدەرە چەپەکان کرابوو، ئەنجامەکەی رێژەی ٢٩% هێنابوو، بەڵام بەرامبەرەکەی تەنها رێژەی ١٣% بەدەستهێنابوو.

<u>دیاردەیەکی پرۆپاگەندەیی:</u>

لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦ سەرکردایەتی حزبی سۆسیالیست گەیشتبوونە ئەو راستیەی کەوا دیاردەکەی سیگۆلین، تەنها دیاردەیەکی پرۆپاگەندەیی بووەو بەس، بۆیە ئەو ناتوانێت لە کۆتایی لە شەڕەکەدا سەرکەوێت. لە بەهاری ئەو ساڵەدا روایال بەرەسمی هاتبووە ناو مەیدانەکەو کاری بۆ کاندیدکردنی خۆی





کردووە، ئەوەشی بۆ ئەوەبوو ناوی زۆرتر ئاشکرا بکات، یان بەرەسمی ئەو راستیەکان بدرکێنێت، ئەوانەی مەبەستی پۆستی سەرۆکی وڵاتیان هەبوو.

<u>پشیلە بە رەنگ نییە:</u>

هەر چەندە ئەستێرەی ناوبانگی روایال زۆرتر دەدرەوشایەوە، کەسایەتیەکانی ناو حزبی سۆسیالیستی فەرەنسی لەناو هەرێمەکان بروایان بە سەرکەوتنی زۆرتری دەهێنا، وایان چاوەران دەکرد، ئەو تاکەکەسە لەناو ئەو حزبەدا بتوانێت حزبەکەیان بەرەو سەرکەوتن ببات.

کە سەرۆکی هەرێمی ( ئاردیش ) باسکال بتراس، پشتیوانی بۆ ئەو ژنەی راگەیاند، جەماوەرەکەی زۆر گەشەی کرد، باسکال ئەو پەیڤە ناودارەی سەرۆکی شیوعی چینی

( هیسار بینگ ) ی کردبووە دروشم، کە وتبووی:

گرنگ نییە پشیلەکە کام رەنگە، گرنگ ئەوەیە مشکی پێ بگیرێت. ئەو رای وابوو روایال سیگۆلین دەکارێت، حزب بەرەو کۆشکی ئالیزی ببات.

لە ١١ ی ئەپریل کە لە سەماکەی لەگەڵ ئەکتەری کۆمیدی ناوداری فەرەنسی جمال دبوز تەواوبوو، لەسەر شاشەی تەلەڤزێۆنەوە وتبووی، ئەگەری زۆر هەیە من کاندیدی سەرۆکایەتی حزب بم بۆ سەرۆکایەتی کۆمار، بەڵام تا ٢٩ ی سپتمبەر دەبێ چاوەروان بم، کە دوا ماوەی رەسمی پێشکەشکردنی خۆکاندیدکردنی حزب بۆ شەڕی سەرۆکایەتی.

پێبەپێ دەردەکەوت، روایال لە وتاری سیاسی تەقلیدی حزب دووردەکەویتەوە، لەو لێدوانانەدا دیارە کە وتوویەتی:

پێویستە شکۆداری بۆ کارو بەهاکانی بگێرینەوە. تۆنی بلێر توانی رووبەرووی کێشەی بێکاری بێتەوەو چارەسەریشیکرد. دەڵێم

بەداخەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی خزمەتی سەربازی. کەمکردنەوەی ماوەی کارکردنی رۆژانە بۆ ٣٥ دەمژمێر، بۆ هۆشیاری لە دەزگاکانی ئابووری هیچ ئەنجامی باش و سوودی نەبوو، پێویستە چیتر فشاری تری نەخرێتە سەر. ئەو خێزانانەی منداڵەکانیان تاوانێک دەکەن، تا ئەوانە بێنەوە ناو بازنەی کۆمەڵ، بە شێوەیەکی کاتی رەزامەندی لەسەر لۆژیکی پەروەردەیی ئەو خێزانانە بکرێت. ئەو هەرزەکارانەی تاوانێک دەکەن، بخرێنە ژێر چاودێری کەسانی سەربازی و کاری مەدەنیان پێبکەن، تا دووبارە لە رێزگرتنی پەروەردەی مەدەنی و یاساکان رادێنەوە.

<u>یەک سارکۆزی:</u>

پاش ئەوەی ئەو لێداونانەی روایال دەنگی دایەوە، نارەزاییەکی ئەستوور لەناو ریزەکانی چەپ و سەندیکاکان و کۆمەڵەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەرچوو. بەڵام سەرکردایەتی حزب لەناو رێزەکانیدا بۆیان نەبوو لە کۆبونەوە داخراوەکاندا ئەو بابەتە باس بکەن، ستروس لەو بارەوە وتبووی:

لەو وڵاتەدا جێگەی یەک سارکۆزی دەبێتەوە، پێویستمان بە دوو نییە.!

ڤابیۆس و ستروس بروایان نەدەکرد، روایال لە هەڵبژاردنە ناوخۆییەکاندا بەسەریاندا زاڵ بێت. ڤابیۆس لە ژێر دروشمی (یەکێتی رەوتەکە) شەڕیکرد، دووەمیشان، بە دروشمی ( نۆژەنکردنەوەی چەپ ) و لەبەر رۆشنایی گۆڕان بەرەو چەپی کۆمەڵایەتی دیموکراسی هاتبووە مەیدان. بەڵام دەرکەوت کەس گوێی لێرانەدەگرتن، لە هەموو راپرسیەکاندا، بۆ زانینی کێ دەکەوێتە بەرامبەر سارکۆزی لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆماردا، روایال بەردەوام لە پێشەوەدابوو. فرانسوا هۆلندیش لەو ئازادیەی بۆ سەرەتاکان و هەڵوێستەکانی سۆسیالیستەکان سازی





کردبوون دڵشادو سەربەرز نەبوو، زۆریس ئاگاداری لێداونەکان و گرفتەکانی نەبوو.

<u>قسەکردن بە وەکالەت:</u>

لە کۆبونەوەی سەرکردایەتی حزب لە ستراسبۆرگ نێوان ئەو ژن و مێردە دەرکەوت. هۆلند داوای لە هنری ئایمانیولی یەکێک لە سەرکردەکانی رەوتە چەپەکانی حزب و سەرۆکی پێشوی کۆمەڵەی نیشتیمانی کردبوو، روایال رازی بکات، واز لە بیرۆکەی چارەسەری کێشەی هەرزەکاران بەدەستی سوپا بهێنێت، چونکە ئەوە کێشەیەکی گەورە لە پێش رێکخستنەکانی حزبی سۆسیالیست دەکاتەوە. لەسەر داوای هۆلند سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی نیشتیمانی، ئەوەی بەبیر روایالی کیژی کۆلۆنیل هێنایەوە، کەوا لە سەرەتای سەدەی بیستەم سوپا تەقە لە کرێکارانی فورمییە کردبوو.

کە لیونیل جۆسپان ویستی لە بریارەکەی پەشیمان بێتەوەو دووبارە بێتەوە ناو کاری سیاسی، وەک کاندیدی سۆسیالیستەکان بەشداری شەڕەکەی سەرۆکایەتی بکات، ئەو هەواڵە رەوشەکەی ئاڵۆزکرد.

( جوسپان، پاش سەرکەوتنی چەپەکان لە هەڵبژاردنەکانی یاسادانانی ساڵی ١٩٩٧، ئەو فرانسوا هۆلندی بۆ سکرتێری یەکەمی حزب هەڵبژاردبوو ).

کە جولیان دریی قسەکەرەکەی روایال هاتە پاڵ سیگۆلین و هۆلند، لە پشووی هاویندا، لە ماڵەکەی ئەو لە شارۆچکەی موجانی سەر کەناری دەریای ناوەراست، ئەنجومەنی جەنگ کۆبوونەوە. لەو کۆبونەوەیەدا جولیان لە هۆلندی پرسی، ئایا بروات بەو هێناوە هاوکاری ژنەکەت بکەیت، لە پاڵاوتنی ئەو بۆ سەرۆکایەتی کۆمار. لەبەرئەوەی هێشتا خۆی ساخ نەکردبۆوە، بۆیە نە بە بەڵێ

و نە بە نەخێر وڵامی نەدایەوە. بۆیە یەكێك لە سەركردەكانی ناو حزب، لەوانەی لەگەڵ گەرانەوەی جوسپان بوون، لە هۆلندی پرسی، تۆ ئەو ئازایەتیەت تێدایە بە هاوسەرەكەت بڵێت، كەوا من لەناو حزبدا بریاردەرم نەك تۆ!

پاش چەند رۆژێك لە كۆبونەوە سێ قۆلییەكەی ( دری ـ هۆلند ـ روایال ) لە مۆجان، زانكۆی هاوینەی حزبی سۆسیالیست، دیدارێكی هەبوو، لەو دیدارەدا روایالی نیازمەندی پێشنیاركراوی حزبی سۆسیالیست بۆ سەرۆكایەتی، رازی نەبوو لە بازنەیەكی گفتوگۆدا لە لەگەڵ گەنجادا بەشداربێت، بۆیە ئێوارەكەی هەمان رۆژ گەنجەكان دروشمی دژی ئەویان بەرزكردەوە، جۆسپانیش پێش ئەوەی بێتە ناو كۆبونەوەكە لە پێشبركێیەكە كشایەوە. كیژە خوێندكارێكی دەرچووی خولی ٢١ ی نیسان ـ ئەپریلی ٢٠٠٢، كە جۆسپان لە گۆرەپانەكەو لە ژیانی سیاسی كشایەوەو سۆسیالیستەكان لە هەڵبژاردنەكانی سەرۆكایەتی و یاسادان سەرنەكەوتن، ئەو كیژە لێی پرسیبوو:

تۆ زانیووتە ژەنرالێكی شكاو، دووبارە بەشكاوی بەشداری شەرێك بكاتەوە،

بەزارێكی وشكەوە، وڵامی دابۆوە، من بۆیە كشامەوە تا یارمەتی سۆسیالیستەكان بدەم. كە نیكۆلا ساركۆزی زانی جۆسپان لە مەیدانەكە دەرچووە، وتبووی:

من زۆرم لا سەیرە چۆن حزبی سۆسیالیست دەتوانێت، دەست لە ئەزمونی كابرایەكی وەك جۆسپان بشوات!

لەناو حزبیش هۆلند زۆرینەی دەنگەكانی ناو نووسینگەی نیشتیمانی لەدەستدا، كە هاوپەیمانیەتی مەوزوعی نیوان گابونیەكان و ستروسەكان و جوسپانەكان راگەیاندرا. بۆ دەستنیشانكردنی پاڵێوراوی حزب بۆ سەرۆكایەتی كۆمار، سكرتێری یەكەمی حزب ناچاركرا، سێ دیمانەی رووبەروو بكرێت.





وەك چۆن جۆسپان چاوەرانی هۆلندبوو، هۆلندیش چاوەرێی سەرۆك وەزیرانی پێشووبوو، تا خۆی بۆ هەڵبژاردنەكانی ناوخۆ هەڵبژێرێت، بەڵام ئیشارەتەكە بە دوو ئاراستە دەرچوون، هەردووكیان لە پرۆسەكە دەرچوون.

<u>زێدی لەدایكبوونی روایال:</u>

لەو دەمانەدا روایال بەسەردان لە سینگال بوو، ئەو وڵاتەی باوكی تێدا ئەفسەربووە، لەو وڵاتە لەگەڵ كۆمەڵێك رۆژنامەنووس سەردانی ئەو خانووەی كرد كە لەناویدا لەدایكبووە. بەرێوەبەری قوتابخانەكەی بەدڵشادییەوە رایگەیاندبوو، كەوا ئەوان زۆر حەزدەكەن، ئەو ببێتە سەرۆك كۆماری فەرەنسا. ئەو بە رۆژنامەنووسانی راگەیاندبوو، كەوا ئەو لە هەڵێكی رێزپەردا لەو شوێنە دوورە لەدایكبووە، ئەو تەنیا ماوەی دوو ساڵ لە داكار ژیاوە، بەو شێوەیە روایال رووبەرێكی فراوانی لە میدیاكان داگیركردبوو. بۆ دیمانەكە رازی نەدەبوو لەسەر هامان ئاستدا لەگەڵ ڤابیۆس و ستروس دابەزێت، ئەو دەیویست گفتوگۆكان لەسەر بنچینەی بۆچوونەكانی ئەو بێت و بەس.

بیرۆكەی هەڵوێستە تەقلیدییەكانی سۆسیالیستەكانی وەك مەسەلەی نەخشەی پەروەردەی پێگەیاندنی مناڵان، ئەو نەخشەیەی بواردەدات شیرازەی ئاوێتەبوون و بەیەكەوەبوونی كۆمەڵایەتی بەرجەستەبێت. بەپێی یاسای پەروەردەیی فەرەنسی لە قوتابخانە حكومییەكان، هاووڵاتیان ناچارن تەنها مناڵەكانیان لە قوتابخانە نزیكەكانی ماڵەكانیان ناونووس بكەن، كە نەخشەی پەروەردەییش نەما، واتە هاووڵاتیان دەكارن، مناڵەكانیان لە هەموو قوتابخانە حكومییەكان بخوێنن، حزبی سۆسیالیستیش ئەوەی بە هەنگاوێكی ترسناك دەزانێت، بەتایبەتی لە گەرەكە هەژارنشینەكان.

لە ناوەندی مانگی ئوکتۆبەردا، سەرکردایەتی حزبی تووڕەکردبوو، کە نەیویستبوو هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپی بەئاشکرا دەرببڕێت. هەر ئەوەندەی وتبوو، ئەو مەسەلەیە پابەندە بە هەڵوێستی میللەتی فەرەنسی، ئەوان دوابڕیار لەسەر ئەو مەسەلانە دەدەن، ئەوەش پەراوێزکردنی دەوری حزب دەگەێنێت.

ئەو مەسەلەیە لەناو لایەن چەپەکان و راستڕەوەکان گفتوگۆیەکی زۆری دروستکرد، بۆیە بۆ بەیانیەکەی لیونیل جۆسپان بەو شێوەیە هوشیاری کردەوەو وتبووی:

دەوری بەرپرسی سیاسی نابێ بۆ رای گشتی ملکەچ بێت.!

بەهەمان شێوەش ڤاییۆس و سترۆس ئاگاداریان کردەوە. هەرچەند حزب روایالی بە لادانی شعوبی ئاگادارکردەوە، بەڵام ئەو نەرمی لەو جۆرە هەڵوێستانە نەنواند، ئەو وتبووی:

من دوورتر دەڕوانم، لایەنە کۆمەڵایەتیەکان و نەتەوەییەکان هاوتەریب دەڕۆن. ئەو قسانەش چەندین رووداوی ناخۆش بەبیر فەرەنسیەکان دەهێنێتەوە. ئەوەش بۆچوونی نازییەکان و راستڕەوە توندڕەوەکان لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهاندا. هەرچەندی رەخنەو نارەزایی رووبەرووی دەکرانەوە، ئەو هیچ لە هەڵوێستەکانی نەدەگۆڕی.

لە مانگی نۆڤمبەردا، کە وتی من پێشنیاردەکەم، هاووڵاتیان چاودێری میللی لەسەر ئەو کەسانە بکەن، کە لەلایەن میللەتەوە دەنگ وەردەگرن، ئەوەش خۆڵ پێداکردن بوو بە چاوان، نوێنەرەکان و ئەندامانی شارەوانیەکانی لە حزبی سۆسیالیستی زۆر تووڕەکرد، ئەوانەی لەلایەن میللەتەوە دەنگیان وەرگرتبوو. بۆیە جولیان دری وتبووی:

پاس ئەو قسەیە قبوولکردن و لێخۆشبوون لە روایال ئاسان نییە.





روایال و جاک دارک:

ژنە قەدیس جان دارک، وەک بەناوبانگترین پاڵەوانی مێژوویی لە فەرەنسا ناسراوە، هەر لەناو شاری پاریس سێ پەیکەری رێزلێنانی بۆ دانراوە، لە هەموو شارەکانی تری فەرەنساش پەیکەری هەیە، روایال لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانا، دەیویست بە وێنەکانی خۆی، وێنەکانی ئەو ژنە پاڵەوانە بشکێنێت. لە یەکیک لە فیستیڤالەکانی وتارخوێندنەوەدا وتبووی:

جان دارک پاڵەوانی هەموو فەرەنسییەکانا.!

راستڕەوە توندڕەوەکان ــ بەرەی نیشتیمانی، جەژنی جاک دارک کە ساڵانە لە ٨ ی مانگی ئەیار یادی دەکرێتەوە، بە جەژنی خۆیانی دەزانن، پێشەوای بەرەکە جان ماری لۆبان چەپکە گوڵی رێزگرتن لەسەر پەیکەرەکەی دادەنێت، وەک ژنێکی نمونەو میسالی سەردانی دەکەن. ئەو ژنە وەک پیاوان شەڕی کردووە، نمونەی بەجەرگی و کۆڵنەدان بووە، لەلایەکی تریش نمونەی ژنی بەوەفاو بەسۆزو ناسکی بووە، فەرەنسیەکان پێویستیان بە ژنی ئاوا بەهێزو زیرەک و وریایە. سیاسەت پێویستی بە ژنێکی وا قەڵب و بەخشندەو داواکارە لە رەوشت و هەموو شتێک بکات بۆ وڵاتەکەو ئەویش نمونەی قوربانیدانە.

سیگۆلین کە باسی جان دارکی کردووە، مەبەستی وتارە هەڵبژاردنەکەی بووە، مەبەستی بووە ئەو بەرگەی گەڕانەوەی و گەشەپێدانی فەرەنسا دەگرێت. وەک دارک لە رووانگەی ئەخلاقەوە فەرەنسا بەرەو ئاسۆی راست و بروابوون بە وڵات دەبات. چۆن دەنگێ لە ئاسمانەوە بۆ جاک دارک هات، داواکاربوو فەرەنسای کاسۆلیک لە ئەنگلیزەکان بپارێزێت. لە ماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانیدا وەک سەربازێکی ئامادەباش دەوەستا، خۆی بە

جلوبەرگێک دەپۆشی لە جلی سەربازی دەچوو، بەڵام نەخش و شکۆی پێوە دیاربوو.

# بەشی شەشەم

## بەشی شەشەم

هەر جارێک روایال لێداوانێکی دابایە، قسەکانی دژ بە دروشم و پرنسیپەکانی سۆسیالیست بوون، کەسایەتی لەناو حزبدا بەرەو بەهێزی دەچوو، لە ململانێیەکەی کاندیدکردن ناو حزبی سۆسیالیست بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری لەسەر بناغەی جەماوەری سەری گرت. ئەگەر لە دیمانە تەلەفزیۆنەکان و لەپێش ملیۆنەها فەرەنسیەکانیش زۆر پرشنگدار نەبووبێت، ئەوە سەرکەوتنی بەسەر ڤابیۆس و ستروس لە ١٦ ی نۆڤمبەردا ئەنجامێکی زۆر باشی لێکەوتۆتەوە، زەبرێکی دژواریش بەو دوو سەرکردەیە کەوتبوو. لە کۆی دەنگدەرەکانی ناو حزب ئەو ٦٠،٦٥% دەنگەکانی وەرگرتبوو.

روایال ئەو ژنەی بە پارێزگارو نەرم و سارد ناسرابوو، کە ئەنجامی دەنگدانەکەی پالێوراوی حزبی سۆسیالیست بۆ سەرۆکایەتی کۆمار راگەیاندرا، بەرووی کەنالەکانی راگەیاندن کە لە پێشوازییدا وەستابوون، هاتە قسە، بەروونی پێیراگەیاندن، کەوا ئەو بەباشی و بە هەموو پێویستیەکانەوە بەرووی شەڕەکەی هەڵبژاردنەکەی پۆستی سەرۆکایەتی دەبێتەوە، بەپێی ئەو ئەنجامی دەستی کەوتووە، پێویستی بە هەڤاڵبەندی و دانوستان بە هیچ کەسێک نییە، جا ئەو کەسە هەر کەسێک بێت. ئەو ئەنجامەکەی وا دەبینی، کە لە بێ پشتیوانی بووەو دەستی کەسی تێدا نەبووە، ئیتر ئەو پێویستی بە هاوکاری جیهازی حزب نەماوە.

لەناو کۆشکی حزبدا، یەکێکی نزیک لە هۆلند، وتبووی:

هەر کەسێک لەناو حزب، دەیتوانی لەو پرۆسەیە سەرکەوێت، ببێتە کاندید حزب، تەنها ئەندامە فیلەکانی ناو حزب نەبێت.!





بۆ بەیانی روایال وتبووی:

سیاسەت دەبێ بەراستی لەناو ژیانی راستەقینەی هاووڵاتیانەوە هەڵقوڵابێت، گوێ لەو دەرسانە وەرگرێت، کە لەلایەن ئەوانەوە پێشکەش دەکرێن، دەکرێ ئەو باش بزانرێت، هاووڵاتیان خۆیان باشتر لە ژیانی دەگەن، ئەوانیش بە چەپەکان دەڵێن بجولێنەوە، کە میللەتیش هەستایەوە، ئەوە فەرەنسا بۆ بنیاتی نوێکاری پێشدەکەوێت، ئەوەش وەک جاک دارکە.

بەڵام فرانسوا هۆلند رای وابوو، سەرکەوتنەکەی بەبێ هێزی دەستەیی حزبی سۆسیالیست نەبووە. ئەگەرنا ئەو وەک کاندید حزب دەردەچوو، سەرکەوتنی روایالیشی بە بژار نەزانیووە، دەرچوونی کەسانیتر لە بیرو بژاری ئەودا بوون. سەرکەوتن لە بواری سیاسی تەنها بۆ کاندیدی سەرۆکایەتی کۆمار نییە، بواری سەرکەوتن لەو مەیدانە زۆرە تا کەسی سیاسی تێدا، هەڵبژاردن و کاندیدکردن بباتەوە، رەنگە ئەو لە پرۆسەکە سەرنەکەوێت، بنچینەی هەڵمەتەکەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە دوا بریاری دەگەرێتەوە بۆ حزبی سۆسیالیست. پرۆژەو بەرنامەی هەڵبژاردنەکەی تەنها بەرنامەو کارنامەی سۆسیالیستیە. بەڵام کاندیدکراوە سۆسیالیستەکان ئامادە نەبوو گوێ لەو جۆرە قسانە راگرێت. ئەگەرچی ستروس و ڤابیۆس کۆششیانکرد ببینن، بەڵام ئەو ئامادەیی تێدا نەبوو، ئەوان بۆ گەیشتنی ئەو بە کۆشکی ئالیزی یارمەتی و هاوکارییان دەکرد، تا لەو پێشبرکێیەدا سەرکەوێت. لە جیاتی ئەوەی بێتە ناو کارو بەرنامەی حزب، لەو شەڕەدا، ئەو بەتەنها کاری کرد، لەسەر هەرێمەکاندا گەڕا، سەردانی یەکە یەکەی هەرێمەکانی کرد، لە گرفت و کێشەکانی هەموو هەریمەکانی وەک حالەتی جیاواز تەماشادەکردو بەرنامەی چارەسەری بۆ دادەرشتن، لە کۆی ئەوانەوە، چاوی لە ئاریشەکانی وڵات دەبڕی. لەو دەمانەدا ڤابیۆس وتبووی، کێشەی

ولاتێک بە پارچەپارچەیی چارەسەر نابێت.

## سیاسەت و مێینەیی:

لەو وتارەی بەبۆنەی کاندیدکردنی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی، دووبارە رەگەزی مێینەی کەسایەتی خۆی دیارکردبوو، پابەندبوونی بەرنامەی سیاسی حزبی بە کێشەی ژنان باسکردبوو. لەو بۆنەیەدا وتبووی:

دەستنیشانکردنیان تاکێکی ژن بۆ ئەو پۆستە، بوونی هیوا دەگەیێنێت. دوو سەدە پاش ( ئولیمپ دۆ گۆج )، ئەو ژنەی سەرکردایەتی شۆرشی فەرەنسی بەوە تاوانباری کردبوو، گوایە بەهاکانی مێینەی خۆی داماڵیوە، کە بردیانە بەر پەتی سێدارە وتبووی، ( ئەو ژنەی دەچێتە بەر پەتی سێدارە، دەگاتە پێش بلندگۆش )، ئەوەشیان بەراستی شۆرشێکی راستەقینەیە.

بۆ بەیانی فەیلەسوف ماکس گالۆ، کە لەسەردەمی یەکەمین حکومەتی فرانسوا میترانی سۆسیالیستی قسەکەری حکومەت بووە، ولامی داوەتەوە، کەوا پاریزگارە بریتانیەکان مارگرێت تاتشریان کردبووە سەرۆکی حکومەتەکایان. کە جولیان دری پشتیوانی سارکۆزی کرد، ناکۆکی لەگەڵ گالۆ پەیدابوو. لە دوا پەیڤەکانیدا روایال وتبووی:

ئەگەر ئێوە هەمووتان، بەدروستی قسەکانی رۆژانەی فەرەنسیەکانم بۆ بگێرنەوە، بە وردی پێشنیارەکانیشم جێبەجێ بکەن، بێگومان بەرەو سەرکەوتنتان دەبەم.

## شاژنە شەرمنەکە:

لەگەرمەی خۆشیەکەی روایال بەبۆنەی سەرکەوتنەکەی بۆ هەڵبژاردنەکەی سەرۆکایەتی، فرانسوا هۆلند وتبووی:

ناکرێ پێش سەرکەوتنەکە، ئاهەنگی شادومانی بۆ بگێردرێت،





پێویستە ئەو لەو دیاردەیە خۆی دووررابگرێت، یەکەم نیشانەو هەنگاوی سەرکەوتنەکە لە یەکبوونی کاندیدکراوەکەو حزبەکەوە دەبێت. ململانێ و شەرەکە بۆ بردنەوەی ئەو هەڵبژاردنە سەرچلیەکی تاکەکەسی نییە، حزبی سۆسیالیست بۆ ئەو پرۆسەیە کەرەستەی زۆری دەوێت، مەرجی دووەمیش دەبێ دروشمەکانی پرۆپاگەندەی هەڵبژاردنەکە لە هێزو پتەوی چەپەکانەوە سەرچاوە بگرێت، وەک مەسەلەکانی کۆمەلایەتی پەروەدەیی و کەرتی گشتی و زانیاری.

ئایا دەترسا لەوەی سیگۆلین لە شەرەکەی پاشگەزبێتەوە؟

کە سکرتێری یەکەمی حزب وتارەکەی خوێندەوە، بەدەستی ئیشارەتی بۆ کاندیدکراوی حزبی کرد بێتە تەنیشتی، وەک هیمای پشتگیری و هاوکاریکردن، بەلام سیگۆلین بە شێوەیەکی نامۆو سەیر جولایەوەو رازی نەبوو بچێتە تەنیشتیەوە. بەلام ئەو سووربوو لەسەر داواکەی ... بەناچاری لەسەر سەکۆکە دابەزیووە خوارەوە، ئەویش بەنەرمی پالێکی پیوەناو بەتەنها بەرووی جەماوەرەکەی وەک شاژنیکی شەرمن مایەوە.

## زەبرەکان لە خۆرهەلاتی ناوەراستەوە:

بۆ بەیانی روایال بەدەستەی تیمی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی خۆی راگەیاند، کە پێکهاتبوو لە دوو کۆنە ترۆتسکی وەک جولیان دری و سۆفی بوشیە بیترسۆن، یان دەرچووی ئامۆژگەی نیشتیمانی ئیدارەی وەک جان لویس بیونکۆو دوو بەرێوەبەریشی بۆ هەڵمەتەکەی و سێ یاریدەریشی دانابوو. پاش دامەزراندنی ئەو دەستەیە رووی لە خۆرهەلاتی ناوەراستکرد، جولیان دری ئامۆژگاری کرد، ئەو باش ئیسرائیل دەناسێت، بۆیە وا باشە ئەو سەفەرە دوا بخەیت. بە روایالی وتبوو:

لەو سەفەرت بۆ خۆرهەلاتی ناوەراست هیچت دەست ناکەوێت،

تەنها چەند زەبرێکت پێدەکەوێت و دەگەڕێیتەوە. ئەو ژنە سۆسیالیستە دیارە حەز بە رووبەرووبونەوەو سەرکێشی دەکات، بۆیە گوێی لێرانەگرتبوو.

قسەکەرەکەی رایگەیاندبوو، کەوا ئەو سەفەرەکانی لە ئێستگە ئاڵۆزەکانەوە دەست پێدەکات. چونکە بوونی ئەو لە کۆشکی ئالیزی، باش دەکەوێتەوەو سوودی تەنها بۆ فەرەنسا نابێت، بۆ ئاشتی هەموو جیهان کاریگەری دەنوێنێت.

مەبەست لەو سەفەرەش دانان و پڕکردنەوەی کەلێنەکان بوون، لە گرفت و دۆسیە دبلۆماسیەکان، ئەوانەی لە دەستەڵاتی سەرۆکی دەولەتن. هەفتەیەک پێش راگەیاندنی ئەو سەفەرە لە ئەنجامی راپرسیەکاندا دەرکەوتبوو، کەوا رێژەی ٥٨% ی فەرەنسیەکان وا دەزانن کەوا سارکۆزی سازگارە بۆ رووبەرووبونەوەی قەیرانەکان، بەڵام روایال لەو راپرسیەدا رێژەی ٢٦% بەرکەوتبوو.

یەکێک لە کەسە نزیکەکانی وتبوویان، کەوا ئەو چوار هەفتە پێش ئێستا، داوەتنامەیەکی لە سەرۆکی پێشووی لوبنان ( ئەمین الجمیل )، ئەوەی لەو دواییانەدا کورێکی کوژرا پێگەیشتبوو. لە بەیروت وتبووی:

رەوشی ناو لوبنان زۆر شپرزەیە، لەبەر رۆشنایی بروابوونم بە پرۆسەی دیموکراسی و بۆ نارەزایی دەربڕینی خۆم سەبارەت بەو کوشتنە سیاسیانە هاتووم.

رەوشەکەی ناو لوبنان ئاڵۆزبوو، ١٥ رۆژبوو لوبنانیەکان دەیانزانی، لەو رۆژانەدا حزب اللەی بەرهەڵستکارو داردەستی سوریاو هەوادارنی ژەنرال میشال عۆن، خۆپیشاندانێکی گەورە بۆ دەست لەکارکێشانەوەی حکومەتەکەی فوءاد السنیورە سازدەکەن. ئەو لەناو فرۆکەبوو بەرەو لوبنان دەچوو، کە خۆپیشاندانەکەکرا، کە گەیشتبووە بەیروت، بالوێزی فەرەنسی لە لوبنان و وەلید





جونبلاتی هاوپەیمانی السنیورەی سەرۆک وەزیران، ئامۆژگاری روایالیان کردبوو، لە بەیروت نەمینێت و بچێتە عومان، بەڵام ئەو لە وڵامدا وتبووی:

ئەگەر من بەیروتم بەجێهێشت، وێنەو ناوبانگی بەیروت لەکەداردەکەم، من هاتوومەتە بەیروت، ئەو دیمانانەی لە بەرنامەمم دایە دەیانکەم. دەرچوونم لە بەیروت نارەزایی و ناشایستەیی شەرعیەتی حکومەت دەگەیێنێت، خۆپیشاندانیش شێوەیەکە لە شێوەکانی ئازادی و رادەربرین. پاش ١١ رۆژ جولیان دری چالاکیەکانی حزب اللە و عۆنی بە کودەتا وەسفکردبوو. !

لەو سەفەریدا روایال سەردانی هێزە فەرەنسیەکەی ناو (یونیفیل) کردبوو، لەوێ ژەنرالە فەرەنسیەکە فیلیب ستولتز، پێوتبوو بەردەوام فرۆکەکانی ئیسرائیلی ئاسمانی لوبنانی پێشێل دەکەن، بۆیە ئەو داواکاربوو ئیسرائیلەکان بۆ ئاسانکاری کارەکانی یونیفیل و بەردەوامی مەسداقیەتیان ئەو پێشێلکردنانە راگیرێت. بۆ چارەسەری کێشەکانی سیاسی ناوخۆی لوبنان، بەڵێنی دابوو، بەزووترین کات کۆبونەوەیەکی نێونەتەوەیی ببەسترێت، ئەوەش بوار خۆش و ئاسان دەکات کۆنگرەی کۆمەکی لوبنان کە بریارە لە سەرەتا ساڵی دادێ بگیریت، سەرکەوێت.

پاش چەند سەعاتێک پێشنیارەکە بۆ کۆنگرەیەکی نێونەتەوەیی گۆڕا بە کۆبونەوەیەکی نارەسمی بۆ بەرنامەرێژی و رێکخستنی هەڵوێستەکان لەگەڵ وڵاتانی کۆمەک بەخش بە لوبنان، هەر لەو دیدارەدا پشتیوانی لە حکومەتی لوبنانی کرا بۆ دامەزراندنی دادگایەکی نێونەتەوەیی بۆ دادگاکردنی بکوژانی سەرۆک وەزیرانی پێشووی لوبنان رەفیق الحریری.

کە روایال ویستی نێوانێک بۆ سیاسەتی حکومەتی ئێستای فەرەنسی دەرحەق بە رەوشی لوبنان دابنێت، چەند هەڵوێست و گێژاو بەرپابوو. کە روایال لەگەڵ لیژنەی کاروباری دەرەوەی

ئەنجومەنی نوێنەرانی لوبنانی گەمارۆدراو بە سەدان هەزار لوبنانی کۆبۆوە، رەوشەکەی لوبنانی بەئالۆزی و شێواوی بەرجەستەکرد. ئەوەی لەو دانیشتن و دیدارەدا بێزاری و ناشیرینی تێدا روویدا، فەرەنسیەکانی تووڕەکردبوو، کە رۆژنامەنووسە فەرەنسیەکان لە وەرگێڕەکەیان بیست، کە عمار داگیرکەرانی ئیسرائیلی بە نازیە فەرەنسیەکان شوبهاندبوو، بەڵام روایال و سەفیرەکەی فەرەنساش وڵامیان نەدانەوە. ئەوەش سەرە داوێکی باش بوو کەوتە بەردەستی راسترەوەکان، کەوا روایال کەسێکی شیاو نییە بۆ وەرگرتنی بەرپرسیاریەتی.

راوێژکاری سارکۆزی کاندیدی راسترەوەکان، فرانسوا فییون وتبووی:

دانیشتن لەگەڵ ئەندامێکی حزب الله، ئەو حزبەی کۆشش وخەبات دەکات بۆ رووخاندنی دەولەتی ئیسرائیل هەلەیە، کە وڵامی جنێوەکانیشیان نەداوەتەوە، ئەوەش هەلەیەکی گەورەترە.

شیراک داواکاربوو کەوا حزب الله لە ژیانی سیاسی لوبنانیدا دەوری تەواوی خۆی ببنێت، دیارە کەوا کاندیدی راسترەوەکان لە ئیسرائیلیەکان نزیکترە، نەک لایەنگیری عەرەب بکات. سێ رۆژان بەبەردەوامی بەرپرسانی راسترەوەکان لە دەزگاکانی راگەیاندن هێرشێکی توندیان کردە سەر روایال، ئەویش لە وڵامدا وتبووی:

من لەو رۆژنامەنووسانە تووڕەم، ئەوانە راستی قسەکانیان بۆ عمار گۆڕیبوو، ئەوانیش هۆکاری ئەو بوون، من نەکارم دیدار لەگەڵ هەموو لایەنەکانی لوبنانی سازبکەم، کەسیش ناتوانێت من لە دیداری نوێنەران میللەت راگرێت، ئەوەشی لە لوبنان بۆ دیداری نوێنەرانی حماس وتبوو، بەڵام پاشان نەکرا. لە عومان سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوەی ئوردنی و راوێژکاری پاشا عبداللەی دووەمی بینیبوو. لە غزە لەگەڵ محمود عباس دانیشت و بەیەکەوە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیان سازکردبوو، تا لای





ئوتومبێلەکەشی هاوشانی رۆیشتبوو.

بیونکۆ یەکێکە لە بەرێوەبەرەکانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکەی روایال وتبووی:

بەرپرسانی خۆرهەڵاتی ناوەراست دەرچوونی روایالیان لە هەڵبژاردنەکەی سەرۆکایەتی بەجدی وەرگرتبوو، لە قودس ئێوارە خوانێکیان لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل خواردبوو، بۆ بەیانیەکەشی لەگەڵ سەرۆک وەزیران و وەزیری بەرگری ئیسرائیلیش کۆببۆوە. پێش دەرکەوتنی ئەو لە قودس، کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی کردبوو، لەوێ بەبێ هیچ پارێزگارێک پاڵپشتی تەواوی لە سیاسەتی ئیسرائیل کردبوو. دیارە وتاری سیاسی ئەو ژنە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆرێت، لە ئیسرائیل بیانۆی فرینی فرۆکەکانی ئیسرائیلی لە ئاسمانی لوبنانی بە پاراستنی پێویست ناوبردبوو، بەڵام پێش سێ رۆژ بەئاشکرا دژی ئەو فرینە قسەی کردبوو. بوونی دیوارەکەی ئیسرائیلی بەپێویست زانیبوو، ئەگەرچی فەرەنسا لەگەڵ ئەو دیوارەدا کۆکنەبوو. بۆیە وتبووی، ئەوانە هەمووی کەرەستەی دابینکردنی ئاسایشن بۆ وڵاتەکەیان.


بۆ مەسەلە ناوەکیەکەی ئیران ئەو زۆر لە ئیسرائیلەکان توندتربوو، دژایەتی بۆ بوونی بەرنامەی ناوەکی ئاشتی بۆ ئیران راگەیاندبوو، چونکە ئەوە بوار سازدەکات ببنە خودانی بۆمبی ناوەکی. بۆیە یهود براک رایگەیاند، هەڵوێستەکانی روایال جێگەی شایستەو ستایشن. دیارە بەو شێوەیەش فەرەنسا دەستەڵاتی باشتر لە گۆرەپانی دەولی ناچەسپێت.

---

لە ٢٠٠٧/٠٦/٢٢ تا ٢٧ ٠٦ ٢٠٠٧ لە رۆژنامەی ( القبس ) ی کوێتی بڵاوکراوەتەوە.

پێناسەیەکی وەرگێر:

لە ١٩٥٥ لە شاری دێرینی ( هەولێر ) لەدایکبویمە. ئامۆژگای تەکنلۆژیای بەغدام تەواوکردووە. تا لە ولات دەرچووم فەرمانبەری شارەوانی هەولێر بووم. لە ساڵی ١٩٩٨ ەوە لە ولاتی سوید دەژیم.







چاپکراوەکانم ...

لە یادی سەد ساڵەی شارەوانیدا، ١٩٨٥ کتێبی ( هەولێر ) م بە قەبارەی ٣٦٥لاپەرە ئامادەو چاپکرد.
هەر لە شارەوانیدا لە ساڵی ١٩٩٤ دا، ١٢ ژمارەی رۆژنامەی" هەولێر " م دەرکرد.
کەلاوە .. ١٩٩١ ریپۆرتاژ / بۆ ئۆردوگاکانی دەڤەری هەولێر.
دیوەخانی فلێن ... رۆژانەو ریپۆرتاژە /لە ١٩٩٩ لە رۆژنامەی " ئالای ئازادی " زەحمەتکێشان لە دە ئەلقەی درێژ بڵاوکرایەوە.
هەولێر .. تا دبلن ! .. ٢٠٠٠ ریپۆرتاژ / زانکۆی ئازادی بەرلین.
بەغدا.. بۆ هەولێر ! .. ٢٠٠٠ ریپۆرتاژ / سویدو سلێمانی.
مەملەکەتی فارگۆنەکان ... ٢٠٠١ ریپۆرتاژ / سلێمانی.
بەسەرهاتی دەریاوانێکی خنکاو .. ٢٠٠١/ رۆمانی گابریل مارکیز، لە ژمارە ٢٥ی گۆڤاری " ئایندە "ی سلێمانی بڵاوکرایەوە، وەك نامیلکەش بڵاوکرایەوە.
دە رۆژەکەی هەولێرم .. ( ١١) وتارو ریپۆرتاژبوو /لە گۆڤاری (گوڵان) ی هەولێرو رۆژنامەی ( کورد ) لە ئوسترالیا بڵاودەکرێتەوە.
رێگای دوورم بۆ ئازادی، نیلسۆن ماندیلا/ وەرگێران. لە هەولێر لە دەزگای موکریانی بڵاوکرایەوە.
سارد، یان گەرم .. ( ١٢) ریپۆرتاژبوو /لە رۆژنامەی ( هەواڵ ) ی سلێمانی لە یولیو ٢٠٠١ - ینایری ٢٠٠٢ بڵاوکرایەوەو وەك نامیلکەش بڵاوکرایەوە.
فارگۆنەکان ..... ریپۆرتاژو بیرەوەرییە لە دەزگای بدرخان لە هەولێر بڵاوکرایەوە.
مەملەکەتی کەلاوە ... وتارو پێناسەی بیناسازی کوردییە وەك نامیلکە لە وەزارەتی رۆشنبیری لە هەولێر بڵاوکرایەوە.
کۆریا پێناسەی کۆریار باشوورەخانەی وەرگێران هەولێر ٢٠٠٧

ئامادەی چاپە:

هەتان، چەند وتارێکە لەسەر بیناسازی کوردەواری، لە ساڵی ١٩٨٨ ەوە ئامادەیە.

بەبیر نەوەکانتانیان بهێنەوە. وەرگێڕان. لەسەر قرکردنی جولەکەکانە لە ڕۆژانی شەری دووەمی جیهانیدا، مەجبوور. .......... سوید ٢٠٠٢

تەها حوسین .. نابینایەکی بینا ....... سوید ٢٠٠٥

مارتن لۆسەر و: سوید ٢٠٠٦

ئەنجیلا میرکل و: سوید ٢٠٠٧

مێزەرو گوڵ دیدی سەفیری فەرەنسابووە لە ئێران و: سوید ٢٠٠٧

سێکس و پۆلیتیک و: سوید ٢٠٠٧

پرێنسیس ماساکۆو دیانا و: سوید ٢٠٠٧

ترێنە خێراکە خۆرهەڵات و: سوید ٢٠٠٧

بەهەشتی زیندان .. وتارو ریپۆرتاژە لە ١٩٩٦ەوەو بەبەردەوامی دەمنووسی، ئێستاش گۆشەی ( برێف ) لە چەندین گۆڤارو ڕۆژنامەو ماڵپەرەکانا لەوڵات و دەرەوەی وڵات بڵاودەکەمەوە.

# بەرهەمەکانی خانەی وەرگێڕان

| ژ | ناوی کتێب | نووسەر | وەرگێڕ |
|---|---|---|---|
| ١ | سەرەتایەك لەزانستی ڕۆژنامەوانی | د. فاروق محەمەد | فەرەیدون ڕەئوف عارف |
| ٢ | نیوتایمز | تانیا ڕیکۆبا | محەمەد مستەفا |
| ٣ | کارما | ن. لازیرین | جەلال دەباغ |
| ٤ | کوردناسی | قەناتی کلاشوڤیچ | ڕەئوف حەسەن |
| ٥ | ئەفسانەی ئەرمەنی | چارلز داونینگ | عەزیز گەردی |
| ٦ | سروشتو پەرەسەندنی هزر | د. نوری جەعفەر | سابیر بۆکانی |
| ٧ | گرنگی کورد و کوردستان | مەنسور مەخدوم | ڕەفعەت موراری |
| ٨ | گەندەڵی لەسربیا | کۆمەڵێك نووسەر | محەمەد مستەفا |
| ٩ | فیمینزم | جیەن فریدمەن | فەرشید شەریفی |
| ١٠ | زانستی کیمیا بۆ هەموان | جی. بی. شۆلیین | د. بایەزید حەسەن |
| ١١ | کۆمەڵناسی جەنگ | گاستۆن بۆتۆل | مەنسووری تەیفوری |
| ١٢ | ناوی من سورەیە | بورهان پاموك | زریان ڕۆژهەڵاتی |
| ١٣ | ماڵی بووکە شووشە | هێنریك ئیبسن | تەیمور تاهیر |
| ١٤ | چەردەیەکی کۆمەڵایەتیانە لە مێژووی نوێی عێراق- بەرگی (٣) | عەلی وەردی | غەفوور سالح |
| ١٥ | سیناریۆ | سید فیلد | ئاوات دەوڵەت |
| ١٦ | توێژینەوەیەك دەربارەی سروشتی کۆمەڵی ئێراق | د. عەلی وەردی | خەبات مەحمود فەتاح |
| ١٧ | ئیسلامو ئەوروپا پێکەوە ژیان یان ڕووبەڕووبوونەوە | ئینگمار کالسۆن | بورهان عەبدوڵلا تۆفیق |
| ١٨ | ئەنتی ماکیاڤیل | فرێدریکی دووەم | موحسین ئەدیب |
| ١٩ | ژنی سەردەم | ئەلکسەندەر کولونتای | تەیب عارف |



| ژ | ناوی کتێب | نووسەر | وەرگێڕ |
|---|---|---|---|
| ٢٠ | چەپکە گوڵێك | کۆمەڵەێ چیرۆك | جەلال مەحمود عەلی |
| ٢١ | چەند ئەفسانەیەك لە کاریبییەوە | ئەدەبی گەلان | محەمەد کەساس |
| ٢٢ | کولتور چەمکو پێناسە | داریوش ئاشووری | کۆسار فەتاحی |
| ٢٣ | شێوازی هاوڕێیەتی | ئەندرێ ماتیۆس | ناسر سەلاحی |
| ٢٤ | ڕای گشتی و ڕاگەیاندن و بانگەشەکردن | د. هانی ئەلرەزا - د. رامز عەممار | ئەحمەد سەلام |
| ٢٥ | شانۆی هاوچەرخی سوید | د. فازڵ جاف | دلێر میرزا |
| ٢٦ | سەد ژنی کاریگەر لەمێژوودا | شێبلی ئێلێری | یووسف فەقیهی |
| ٢٧ | دووژن لە ژنێکدا | نەوال سەعداوی | دڵنیا عەبدوڵلا |
| ٢٨ | یانەی بکوژان | مایکل ئوبرسکالسکی | سوارە قەلادزێی |
| ٢٩ | پاڵنەرەکانی جەنگ | ئانشتاینو فرۆید | مەریوان هەڵەبجەیی |
| ٣٠ | سۆزانییە بەڕێزەکە | ژان پۆل سارتر | فەرهاد پیرباڵ |
| ٣١ | زمـــان | بێرنارد کەمرێ ، جێرید دایەمەند، دەوگ واڵن ك.دەیفید هاریسن | کامل محەمەد قەرەداخی |
| ٢٢ | قەناعەتپێکردنی سیاسی | چەنگیز ئانك | زریان ڕۆژهەڵاتی |
| ٢٣ | کورد لەعیراق | کەریم یەڵدز | شاهۆ بورهان |
| ٢٤ | سایکۆلۆژیی ژیانی هاوسەرێتی | د. عەبدولحەلیم سەمعان | سۆزان جەمال |
| ٢٥ | فەلسەفەی مارکسیزم | پودوسیتنیك و یاخوت | جەلال دەباغ |
| ٢٦ | جیهانێتیو جیهانگیری | ئەلسەید یاسین | ئەحمەد قادر سەعید |
| ٢٧ | فەلسەفەی هێگل | کۆمەڵێ نووسەر | ڕێبین رەسوڵ |
| ٢٨ | بەجیهانێتیو جیهانگیری | سەید یاسین | ئەحمەد قادر |
| ٢٩ | فەلسەفەی هیگل | کۆمەڵێ نوسەر | ڕێبین رەسول |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٠ | فەلسەفەی مارکیسزم | ڤ. پودوسیتنیك و یاخوت | جەلال دەباغ |
| ٣١ | قەڵای پەری | بەهرام ئەفراسیابی | سامان عەبدوڵڵا |
| ٣٢ | سەردەشت لەئاوێنەی بەڵگەنامە مێژووییەکاندا | فەرەیدون حەکیم زادە | حەمە رەسول حەسەنپور |
| ٣٣ | دامەزراندنی ئەمەریکاو دەستوورەکەی | لیدیا بجورنلوند | ئەبوبەکر خۆشناو |
| ٣٤ | چارەسەری کێشەی کۆلیسترۆل | زانکۆی کەنەدا | کەیومەرس عەبدولغەفور |
| ٣٥ | چەردەی کۆمەڵایەتی بەرگی ٤ | عەلی وەردی | غەفور ساڵح |
| ٣٦ | وانەکانی مێژوو | ویل و ئارێل دۆرانت | پێشڕەو حسێن و سۆران عەبدوڵڵا |
| ٣٧ | شیعر چییە؟ | لۆرەنس پیرین | ئەبوبەکر خۆشناو |
| ٣٨ | حاڵەتی جەنگ | جیمس ریزن | حەسەن عەبدولکەریم |
| ٣٩ | مووخۆرکە | عەزیز نەسین | غەریب پشدەری |
| ٤٠ | یانزە دەقی شانۆنامی بیانی | کۆمەڵێ نووسەر | نوری سەعید |
| ٤١ | ڕێگای ئازادی | هواد فاست | جەلال دەباغ |
| ٤٢ | سایکۆلۆجیای منالْ | د. حابس ئەلعەواملە | ئیسماعیل مەعروف |
| ٤٣ | دنکە هەنار | کۆمەڵێك نووسەر | عەزیز گەردی |
| ٤٤ | دیدەنییەکی نوێی مێژوو | محەمەد حەسەنێن هەیکەل | محەمەدمستەفا |
| ٤٥ | خۆراکی سروشتیو رازی تەندروستی | ئارشای ورئاواشیان | ناسر سەلاحی |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٦ | مردنی بەڕێز وەزیری پێشوو | د. نەوال ئەلسەعداوی | جیڤارا کەمال |
| ٤٧ | سەرمایەی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەی مەدەنی | فۆکۆیاما | کامیل قەرەداغی |
| ٤٨ | ئەم شارە دزی تێدا نییە! | گابریل گارسیا | دلاوەر عەبدوڵڵا |
| ٤٩ | جینۆسایدی ئەرمەنییان | ئارنۆڵد توینبی | ئەبوبەکر خۆشناو |
| ٥٠ | مەغۆل لەمێژوودا | د. فوئاد عەبدول | نهاد جەلال |
| ٥١ | گوڵبژێرێك لەبێماناترین حیکمەتەکان | کۆمەڵێك نووسەر | قوباد رەسول گورون |
| ٥٢ | تیۆری کۆمەڵایەتی لە پارسۆنز بۆ هابرماس | ئایان کریپ | ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل |
| ٥٣ | نواندن لە سینەمادا | مایکل کین | سەروەر قەرەداغی |
| ٥٤ | پەروەردە لەنێوان نازو تەندوتیژیدا | فەرید حەسەن | هەڵوێست عەبدوڵڵا |
| ٥٥ | موسادی ئیسرائیلی | چەند نووسەرێك | هێرش هەورامی |
| ٥٦ | ئـــەلف بێـــی کـــارکردن لەکەناڵەکانی راگەیاندن | جف پریدمور | مەجید ساڵح |
| ٥٧ | ئەرشـیفکردنی وێنــە لــەبواری ڕاگەیاندنو ڕۆژنامەگەری | عامر ئیبراهیم | نەوزاد عەلی |
| ٥٨ | ئیشکالیەتی مێژوو و ناسنامە | نامەی ماستەر | نەوزاد جەمال |
| ٥٩ | ئەفلاتونو ئافرەت | ئیمـــام عەبـــدول فتاح | ئەژین عەبدول خلق |
| ٦٠ | کۆتایی مێژوو | فرانسیس فۆکۆیاما | ئیسماعیل کوردە |
| ٦١ | لەمۆدێرنەوە بۆ جیهانگەرایی | ج.تیمـــــونز روبیرتـس، ئـەیمی هایت | محەمەد حسێن |
| ٦٢ | تورکیـــا لەئەتاتورکـــەوە بـــۆ ئەردۆغان | مەنال لوتفی | مەجیـــد ســـاڵح _ موحسین ئەدیب |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٦٣ | زارۆکستان | کۆمەڵێ نووسەر | حەمەکەریم عارف |
| ٦٤ | من هەم، من شەڕانگێزم | کۆمەڵێ نووسەر | سۆزان جەمال |
| ٦٥ | لەکۆشکی ئالیزییەوە | بیار بیون | شێرزاد هەینی |
| ٦٦ | مێژووە نهێنییەکەی نەوت | ژاك دی لـــــۆنی و ژان میــــــــــشێل شارلێیە | ڕەوف زوهدی |